# ڕستەسازی زمانی کوردی

# ڕستەسازی
# زمانی کوردی

**لکۆڵینەوەیەکی بینشی و کردەییە (تیۆری و پراکتیکی)**



## پ.د. رفیق شوانی





## 2023

## کەرکوك

**ناوی کتێب:** ڕستەسازی زمانی کوردی

**بابەت:لێکۆڵینەوە**

**ناوی نووسەر: پ.د. رفیق شوانی**

**تیراژ:** 100 **دانە**

**چاپی یەکەم –کەرکوك** 2023

**رؤى للطباعة والنشر**

**E:Alnator2000@yahoo.com**

**Mob:07725197116**

**بإدارة: د. جليل ابراهيم الزهيري**

**رقم الايداع لدى دار الكتب والوثائق الوطنية ( ) لسنة 2023**

# زمانناسی

به پێی ئەوەی کەرەسە پێکهاتەکانی زمـان، لە زمانناسـیدا دەرەکەون و دەکرێت و زانستییە لە هەموویـان بکۆڵـدرێتەوە. لە ئاسـتی دەنـگ، وشـە و ڕستە، پێویستە لە دانانی بابەتی ڕستەسازییا، لە زمانناسێوە دەسـپێکەین. دواتـر بچیـنە باسـکردنی بـڕگە و یەکەکـانی ڕستەسـازی، کە ئەم کـارەی دەستمان داوەتێ لەبارەی ڕستەسازی زمانی کوردیەوەیە.

تـا ئێـستا بە تەواوی و شـێوەیەکی گـشگیر لە بابەتێکـا بـاس لە ڕستەسازی زمانی کوردی وەکـو زانـستێکی بینـشی سـەربەخۆ باسـنەکراوە. زۆر سەرچاوە هەیيە بە کوردی بە ناونیـشانی ڕستەسـازی، بەڵام بـاس ئەم زانستەی کە کراوە چەند لایەکی زانستەکەی گرتۆتەوە، کە بەتەواوی هەموو بڕگە و یەکە و کەرەسە و باسـەکانی ئەم زانـستەی بەشـێوەی بینـشی و بە نمونەوە نەخراوەتە ڕو، یان هەیە وەرگێڕانە لەزمانناسی زمانیترەوەیە.

ئەم کـارە بەو شـێوەیەی باسـمکرد نـاتەواو و نەشـیاوە بـۆ ئـێمەی زمانناسـانی کـورد لە کوردسـتانا. لەنـاو چەنـدەها بەشـی زمـان و ئەدەبـی کوردی زانکۆکانی کوردستانا. باس و بابەتێکی سەربەخۆ وەکو زانستێک بۆ زمانی کوردی باسی ڕستەسازی کوردی نییە. بۆیە من وەکو چۆن هەروەک لەمڕووەوە (وشەسازی زمانی کـوردی)یـم لە کتێبێکدا باسـکردو ئـاوا لێـرەدا باسی زانستی ڕستەسازی (النحو – syntax) زمانی کوردی دەکەم.

لێرەدا پـێش ئەوەی پێناسـەی زمانناسـی بکەیـن پێویستە دوو شـت لە یەکتر جیابکەینەوە، لە لێکۆڵینەوەکانا جیاوازی لە نێوان ئاسـتەکانی زمـان و ئاسـتەکانی زمانناسـیا نەکـراوە ئەگەر بـابەتێکن بەڵام سـنوری زانـستی

جیاکردنەوەیان هەیە و نابێت بۆ ئەکادیمیانی زماننناسی کورد ئەم دوو لایەنە تێکەڵبکرێن و جیانەکرێنەوە.

**بابەتەکەش ئەوەیە:**

ئاستەکانی زمان واتە ئەو کەرەسانەی کە زمانێک پێکدەهێنن لە بچوکەوە بۆ گەورە لە: دەنگ، وشە، ڕستە، واتە کەرەسە خاو و ڕوتەکانی زمان. وەکو چۆن: ئاو، چەمەنتۆ، بلۆک، دیوار خانو|خانە پێکدەهێنن لە زمانیشا وایە.

**لە دار و دەوەنیشا لە:** تۆو، شەتڵ، نەمام و دار پێکدێنیٚ.

ئەوەی دێت لەم بوەر و شت و کەرەسانە دەکۆڵێتەوە یا باسدەکات و لە دروستکردن و پەروەردەکردن و پێگەیاندن و چۆنیەتی پێکهاتنیان دەزانێت. ئەوە کەسە زاناکەیە کە شارەزای پێکهاتن و پێگەیاندن و سیستەمەکەیانە. لە زماننناسیا پێیدەوترێت:

زماننناس، لە عەرەبییا (عالم اللغة) لە ئینگلیزییا (linguist) زماننناس، زانای زمان (linguistic) زماننناس،ئەوەی پەیوەندی بە زمانەوەیە، یا کەسی پەیوەندار بە زانستی زمانەوە (١) لە بواری ڕوەکی و کشتوکاڵیدا ڕوەکناس، ئەندازیاری کشتوکاڵی، جوتیار...هتد

**هەرچی لایەکەی تریەتی وەک:**

دەنگناسی (دەنگسازی) وشەسازی و ڕستەسازی ئەمانە ئاستی زانستکەن نەک زمانەکە واتە زانستی یا زانای بواری دەنگ، وشەسازی (وشەناس) زانای بواری وشە، زانستی ڕستە واتە زانستی بواری ڕستە، ڕستەساز زانا و شارەزای بواری ڕێزمان و ڕستەسازی.


بۆیە دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازی زانستی سەر بە زماننناسین، نەک ئاست کە زمان پێکدەهێنن و پێیاندەوترێت لقەکانی زماننناسی، یا جۆرەکانی. لە عەرەبیدا علم التلفظ (علم الالفاظ– علم الاصوات) الصرفي،

---

**١ – محمد علی الخولی، عجم علم اللغه النظری،** 155

النحــوی. له زمــانی ئینگلیــزی (phonematics) علــم الفونیمــات یــا (phonemics) به عارەبی

البنیة الفونیمیة (للغة) به لێکۆڵەرەکەی دەوترێ دەنگناس زانای بواری دەنگ (phonemicist) شیکەرەوەی دەنگەکانن زمان وەکو یەکە دەنگیە ئەرکیەکــان ئەمەش جیــاوازە له زانــای دەنگــی، که له ڕوی چــۆنیەتی و دەربــڕین و گواســتنەوە و هەســتپێکردنیان دەکــۆڵێتەوە١ به وشەســازیش دەوترێـــــت مۆرفۆلۆجیـــــست (morphologist) به ڕستەســـــــازیش (grammatical) کەسی پەیوەندار به ڕێزمانەوە (٢) لێـرەدا بەم هێڵکـاریە دیاری دەکەین.




---

١ – محمد علی الخولی ، هـ. س. ٢١٠-٢١١

٢ - هـ. س: واتە هەمان سەرچاوە، هـ. ل: واتە هەمان لاپەڕە.

## پێناسەی زماننناسی

دوای ئەم ڕونکردنەوەیە پێناسەی زماننناسی (زانستی زمان- علم اللغە- linguistic) دەکەین.

" زانستێکە بە شێوەیەکی گشتی لە زمان دەکۆڵێتەوە، لە هەموو بوار و دیاردە جیاوازەکانی، ئەو یاسایانەی پێڕەوی دەکات لە پێکهاتن و پەیدابوون و جێبەجێکردنی ئەرک و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی تری و برەو سەندنیان... لەم ڕووەوە" (١)

ئەمە پێناسەیەکی فراوانە بۆ زماننناسی و هەموو لایەن و بواری زانستەکە دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی باسیکردوە. پێناسەکە ئەگەر کەمێ وردتر و چڕتربوایە بە دیاریکردنی ئەوبوارانەی زانستەکە چاکتربوو.

هەشە دەڵێت زماننناسی گشتی بریتییە " لە لێکۆڵینەوەی مەرجە گشتیەکانی بزوتنە و لەپەرەسەندن لە زمانا" (٢) بەزۆری زماننناسی "جەخت لە خودی زمان دەکات، بە زۆری بایەخی داوەتە زمانی قسەکردن. ئەگەرچی تۆزێک بایەخیش بە زمانی نوسراو دەدات" (٣).

پێناسەکەی دکتۆر عبدالصبور شاهینی دیسان پێناسەیەکی بێ سنورە بۆ زماننناسی. بەوەی تەنیا هەر ئەوەنییە باسی مەرج و پەرەسەندنی زمان و زمانی قسەکردنبێت، بۆیە پێناسەکەی ڕون و تایبەت نییە بۆ زماننناسی.

دکتۆر محمد علی خولی بەم جۆرە پێناسەی زماننناسی دەکات " زانستێکە لە زمان دەکۆڵێتەوە لە هەموو لایەنەکانی دەنگیو وشەسازی و ڕستەسازی و زاراوەو واتا و دەرونی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و

---

١ – د. محمد احمد أبو الخزح، مقدمة لدراسة فقه اللغة، ط ١، دار النهضة العربية، بيروت ١٩٦٦. ٦٠

٢ – د. عبدالصبور شاهين، فى علم اللغة العام، مؤسسة الرسالة، ط ٢، بيروت ١٩٨٠، ٧

٣ - عبدالصبور شاهين، فى علم اللغة العام، ٨

پراکتیکیەوە" (٤) زمانناس ناوی جۆراوجۆریان بۆ داناوە وەک: فیلۆلۆژی زمان، زانستی زمان، زانستە زمانییەکان. "زانستی زمانیش دابەش دەبێتە سەر (زانستی تیۆری زمان، زانستی پراکتیکی زمان) لقەکانی زانستی تیۆری زمانیش دەنگسازیە و زانستی مێژووی زمان و واتاناسی، ڕێزمانەکە وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە، بەڵام زانستی پراکتیکی زمان لقەکانی دانانی فەرهەنگ و زانستی ئامێری زمان و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و فێربوونی زمان و شیکردنەوەی هەڵەکانە" (٥)

ئەم پێناسەیەی علی الخولی پێناسەیەکی زانستی و سنورداره، بەپێی ڕادەی زانستەکەیە. ئەگەرچی فەرهەنگ دانان و زاراوەسازی دەکەوێتە ناو بابەتی وشەسازیەوە، نەدەبوو جیایان بکاتەوە لە خودی بابەتی وشەسازیدا.

تا کۆتای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، وەکو زاراوە و زانستەکە بە زمانناسی دەوترا فیلۆلۆژیای زمان، واتە (linguistic) لێکۆڵینەوە و بەشەکانیشی هەر هەمان بەشەکانی ئێستای زمانناسی بوو، لە دەنگ، وشە و ڕستەو واتا، واتە زمانناسی گشتی (علم اللغه العام) تەنانەت لە ناو لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا زاراوەی فیلۆلۆژیای (٦) زمانی بۆ بەکاردەهێندرا.

دوای ئەوەی پێناسەی زمانناسی خرایە ڕو، پێویستە وەکو ئەوەی زمانناسی باسی زمان دەکات، پێناسەیەکی زمانیش بکەین.

---


٤ – د. محمد علی الخولی، علم اللغة النظری، مکتبة لبنان، ١٩٨٠، ١٥٧

٥ - د. محمد علی الخولی، علم اللغة النظری، ١٥٧

٦ – محمد ئەمین هەورامانی، فیلۆلۆژیای زمانی کوردی، بەغدا ١٩٧٣

## پێناسەی زمان و ئاستەکانی

مادام ئێمە باسی ڕستەسازی دەکەین، وەکو باسێک لە زمان دەکۆڵێتەوە " زمانیش بە شێوەیەکی گشتی هۆیەکە بۆ تێگەیشتن و دەبێتە هۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی" (١) لە پێناسەیەکی تردا " زمان دەنگ و واتا و دەستورە" (٢) زمان کە دەنگ و واتا و دەستورە لە چەند ئاستێک وەکو دەنگ، وشە و رستە پێکدێت. ئەوەی لەم ئاستانە دەکۆڵێتەوە دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازییە. لە ڕستەسازیا هەمو ئاست و کەرەسە پێکهێنەکانی زمانی تیایە. یەکێک لەو زانستانەی کە لە ئاستی ڕستە دەکۆڵێتەوە، ڕستەسازییە واتە ( النحو – ڕێزمان، بە ئینگلیزیش (syntax




---

١ – د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چ٢، دەزگای داودی، کەرکوک، ٢٠١٤، ١٤

٢ – غازی فاتیح وەیس، فاضل مجید، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی کولیەکانی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٧، ٩

## ڕونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی ئاستەکان

زمـــان لە ئەنجـــامی بەکارهێنـــان و کـــارکردنی هەمـــو ئاســـتە پێکهێنەرەکانیەوە کـار دەکـات و پێکدێت. لە ئەنجـامی ئەو بەکارهێنـانەدا، پەیوەندی لە نێوانیان پەیدا دەبێت. پەیوەندییەکە لە بچوکترین کەرەسەوە، کە دەنـگە تـا گەورەترینیـان کە ڕسـتەیە پێکـدێت. بەو پێکهـاتنە دەوترێـت زمان، کە لە ڕاستی و بنەڕەتـا ئەوە کـردەی قـسە کـردنە لە زانـستی زمانـا ناونراوە ڕستە.

خودی ڕستەش ڕستە واتە شتێکی پێکەوە گرێدراو، لە ئەنجاما شـتێکی لێوە پێکدێت. وەکو ڕستە بامیە یا باینجان یـا هەنجیـرە وشـکە کە لە نـاو کوردەواریدا، بۆ وشککردنەوە هەڵدەگیرێت. ئەو شتە پـێکەوە گرێـدراوانا لە زمانا بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستەیە لە دەنگ، وشە، گـرێ و ڕسـتە. بە هەر بەشێکیان دەوترێت ئاست (level) ([1])

## چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی زمان

زمـان بە هـۆی کـارپێکردنی کەرەسـە جیاوازیەکـانیەوە پێکـدێت. بەم هۆیەوە دەچنە پاڵیەکتر و پەیوەندی لە نێوانیانـدا، لە بچـوکترین ئاسـتەوە کە دەنـــگە تـــا گەورەتـــرین ئاســـت، کە ڕســـتەیە پەیـــدا دەبێـــت و لەم پەیوەندییەوە زمان دێتە کایەوە.

چۆنیەتی کارکردنی ئەم ئاستە جیاوازانەی زمان لە بچوکەوە بـۆ گەورە، سیستەمی زمانەکە دیـاری دەکـات، کە پێیـدەوترێت ڕێزمـان، یـا دەسـتوری زمان واتە زماننـاسی.

---

[1]- **د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی،**14

کاتێک کەرەسەکانی زمان بە کاردەهێنرێت، کردەی قسەکردن پێکدێت. لەم کردەیەدا پەیوەندی لە نێوانیانا پەیدادەبێت. چۆنیەتی پەیوەندی و کارکردنەکە پەیوەندیەکی ئاڵۆز و تێکچرژاو دەهێنێتەکایەوە، چونکە کەرەسەی هەمەچەشن و لە یەکتر جیاواز پێکەوە لە ناو ڕستەی زمانەکەدا کۆدەبنەوە. لەو بەکارهێنان و کارکردنەیاندا گۆڕانکاری لە کەرەسەکانی پێکهاتەی زمانەکەدا ڕوودەدات.

گۆڕانەکە هەمو کەرەسەی زمانەکە لە ئەنجامی کارکردنیانا دەگرێتەوە. دیاریکردن و جیاکردنەوەیان لە ناو یەک و لە ڕستەدا، کارەکی االۆزە و ئاسان نییە. بە شارەزای زمانناسی نەبێت ناسینەوەی ئەم ئاستانە زەحمەت دەبێت.

بۆ ئەم دەسنیشانکردنەی ئاستەکانی زمان، پێویستە و زانستیشە یەکەمجار بە دابەشکردنی ئاستە گەورەکانەوە دەستپێبکەین دواتر بە هۆیانەوە ئاستە بچوکەکان دیاریبکەین، تا دەگەینە شیکردنەوەیەکی دروستی ئاستەکانی زمان. ئەو کاتە دەتوانرێت چۆنیەتی پێکهاتنی زمان و چۆنیەتی کارکردنیان دیاریبکرێت.(١)

لە دیاریکردنی ئاستەکانی زمان، پێویستە ئەوە بزانرێت هیچ ئاستێک بە تەنیا لە ناو خودی ئاستەکەی خۆیدا، ئەرکە زمانیەکەی دەرناکەوێت، بەبێ چونە ناو ئاستەکانی تری زمانەوە.(٢)

بۆ نمونە دەنگ کە سەر بە ئاستی دەنگسازییە لە ناو وشەسازیدا، ئەرکەکەی دەرەکەوێت، یا هێز (stress) لە وشەسازییا قورسایی بەسەر وشەوە هەستپێدەکرێت و تۆن و ئاوازیش لە رستەسازیدا. ئەرکی وشە و گرێش کە سەر بە وشەسازی ئەرکین، ئەرکیان لە ڕستەدا دەرەکەوێت. بۆیە

---

١ - **بۆ ئاستەکان و چۆنیەتی پەیوەندییان، بڕوانە: د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چ٢، کەرکوک، ٢٠١٤، ١٤**

٢ - **د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ١٢**

دەبێت لە کاتی دیاریکردنی ئاستەکاندا، ئەم حاڵەتە زمانییە بزانرێت. هەر ئەمەشە وایکردوە ئاست لە ناو ئاستی تردا کۆبێتەوە و ئەو ئالۆزی و تێکچرژاوییەی ئاستەکان لەناو زمانا پەیدابیێت.

## نمونە بۆ چۆنیەتی گۆڕانی کەرەسەی ناو ئاستەکان

گۆڕانی دەنگی وەکو: هەژدە ⟵ هەشت+ دە. دەنگی (ش)ی کپ لە وشەی هەشت کە بۆتە (هەژدە) لە ئەنجامی لێکدانیان گۆراوە بۆ (ژ)ی ئاوازەدار

تێچونی دەنگ و گۆڕانی بە دەنگێکی تر. وەک: سفت و سۆڵ

لە وشەی (سفت و سەهۆڵ) هاتوە و گۆڕاوە بە تێچونی دەنگ (ە)، (ە) بزوێنی (ە)ی کورت دوا تێچونی دەنگی (ە) لەبەرامبەر بزوێنی (ۆ) کراوەدا تێچوە.

خانوەکەم کڕی ⟵ بە شێوەی تریش دەگۆڕێت (خانۆکەم کڕی) لە ئەنجامی تێچونی بزوێنی (ە)ی کورت بەرامبەر (و)دا، (و)ی کورت گۆڕاوە بۆ (ۆ).

بوە بە مامۆستا ⟵ بۆتە مامۆستا، لە ئەنجامی گۆڕان و پەیدا بونی (ت)دا دەنگی (و) گۆڕاوە بۆ (ۆ)

من بە ئەومکرد ⟵ من بەومکرد ⟵ من پێمکرد

لەم ڕستەیەدا جێناوی (ئەو) بە (و) پاشان (بەو) گۆڕاوە بە (پێ) ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەری دەوروبەری وشەکانیەوە پەیابوە، گۆڕانەکەش گونجاوە لە ڕوی ڕێزمانەوە هەر کەرەسەیەک جێگرەوەی هەیە و کورتبونەتەوە بۆ بچوکترین ئاستی بەکارهێنان، بەهۆی چونە پاڵیەکی ئاستەکانەوەیە.

ئەم گۆرانکــاریە لە دو زاراوەی زمانناســیدا کورتــدەکرێتەوە کە لە نــاو ئاســتەکانی زمانــدا و بە تــایبەتی لە ڕستەســازیدا پەیــدابوە. لە دو بــابەت چڕیدەکەینەوە وەک:

١ - شێوە دەنگی (مۆرفۆفۆنیم)

٢ - شێوە ڕستەسازی (مۆرفۆ سینتاکس)(١)

**شێوە دەنگی:** یەکەیەکی دەنگی وشەسازییە، کەرەسەیەکە یا شێوەیەکە شــێوەی دەنگــی هەیــیە، لە هەمــان شــوێنا بە هــۆی کــاریگەری دەنگــی دەوروبەریەوە، چــۆنیەتی دەربڕینــی دەگۆڕێــت بە دەنگێکــی تــر، شــێوەگۆڕ (ئەلۆمۆرف) پەیدادەکات وەک (S) نیشانەی کۆ لە زمــانی ئینگلیزیــدا. بــۆ نمونە (S) لە وشەی (books) لەبەرامبەر دەنگێکی ئاوازەدارا دەگۆڕێت بۆ (Z) وەک لە وشەی (dogs ← dogz)

**شێوە ڕستەسازی (مۆرفۆ سینتاکس)**

بەهــــۆی بەکارهێنــــان و ئەرکبینینــــی مۆرفیمەکــــانەوە لە ئەنجــــامی کارتێکردنیاندا لەگەڵ یەکتــرا و بەهــۆی کــاریگەری دەنگــی دەوروبەریــانەوە، شێوەی مۆرفیمەکــان دەگۆڕێــت و شــێوەگۆڕی (ئەلۆمــۆرف) پەیــدا دەکەن، دیــاریکردنی شــێوەی (morph) ئەم هاوشــێوانە پێیانــدەوترێت (شــێوە ڕستەسازی- morphosyntax2)(٢) وەک: ویستم ← دەمەوێت.

ڕێــشتم ← دەڕێــژم، کردتــان ← کرتتــان، بە گــۆڕینی شێوەی (د) نیشانەی قەد بۆ دەنگــی |ت| بەهــۆی کــاریگەری دەنگــی کپــی (ت| تان) بۆ گونجاندنی وەکو خۆی.

---

**١ – بۆ ئەم دو حاڵەتە زمانییە لە ڕستەسازی و وشەسازیدا بڕوانە، د. رفیق شوانی، وشەسازی کوردی، ١٦،١٧**

**٢- رفیق شوانی، ە.س، ١٧. محمد علی الخولی، ە.س، ١٧٦**

گوڵەکە ەکە
مامۆستاکە کە
بەردەکان ک

گوڵەکـان (ەک) ئەم شـێوە مۆرفیمـانە (ەکە، کە، ک، ەک) شـێوەی گـۆڕاوی هەمـان مـۆرفیمی ناسـراوی (ەکە)ن، بەهـۆی کـاریگەری دەنگـی دەوروبەریـانەوە ئەم شـێوە جیـاوازانەی وەرگرتـوە، بەبـێ ئەوەی ئەرکیـان گۆڕابێت کە دۆخی ناسراوییە. واتە شێوەی هەمان مۆرفن (morph)

هاویشتم ←—— دەهاوێژم، خستم ←—— دەخزێم (٣)

بـابەتێکیتر هەیە کە دیـاردەیەکی دیـار و بەرچـاوە، لە ئەنجـامی بەکارهێنانا لە ناو زمانـا پەیـدادەبێت و گۆڕانکـاری بەسـەر ئەو حاڵەتـانەوە دەردەکەوێت. ئەم بابەتە (ئەلۆمۆرف)ە. واتە هاوشێوە لە زمـانی کوردیـدا. ئەم ئەلۆمۆرفـانە جۆراوجـۆرن، وەک: ئەلۆمـۆرفی دەنگناسـی، ئەلۆمـۆرفی وشەسـازی، ئەلـۆ مـۆرفی فەرهەنگـی (لێکـسیکی)و ئەلۆمـۆرفی ڕێزمـانی. ئەوەی بـۆ بـابەتی ڕستەسـازی گـرنگە دوا جۆریـانە، لە خـوارەوە بـاس دەکەین:

## جێگۆڕ ڕێزمانی:

ئەلۆمـۆرفی ڕێزمـانی (شـێوەگۆڕ- Allomorph - تغیـر صـرفي) لە کوردیـدا وشـەی (جێگـۆڕ ڕێزمـانی، یـا شـێوەگۆڕ ڕێزمـانی) وەکـو زاراوە گونجـاوە بـۆ ئەلۆمـۆرف. ئەو کەرەسـانەن (مـۆرفیم) کە لە ئەنجـامی بەکارهێنانیدا، ئەرکی ڕێزمانیـان هەیە و بەهـۆی کـاریگەری دەوروبەریـانەوە بەپێی جێگۆڕکێیان شێوەیان دەگۆڕێت بەبێ ئەوەی کار لە ئەرک و واتایـان بکات.

---

٣ - د. رفیق شوانی، وشەسازی کوردی، چ١، ١٧

نوستن: چاوگە + ن = نیشانەی چاوگە و یەکەیەکی زمـانی پێکهێنـاوە. کەچی هەمان مـۆرفیم کە هێـزی بخـرێتە سـەر لە کۆتـای وشـەکەیەوە، ئەو مۆرفیمی نیشانەی چاوگەکە وشەسازییە، دەگۆڕێت بە ڕانـاوی کەسـی لکـاو بۆ کەسی دوەم و سێیەمی کـۆ و فرمـان پێکـدەهێنێ وەک: (نوسـتن) واتە ئەوان نوستن هێز خراوەتە سەر (ن) بۆیە مۆرفیمی {ن} کە هەمان شێوەی وشەسـازییەکەیە شـێوەگۆڕی (ئەلۆمـۆرف)ی پەیـداکردوە لە ئاسـتی ڕستەسازیدا.

خـورا ⟵ دەخـورێ گـۆڕانی شـێوەی (مـۆرف) کەرەسـەی (مۆرفیمی) کاتی ڕابردوە لە (ا) بۆ (ێ) لە ڕانەبردودا.(١)

---

**١- د. رفیق شوانی، هـ. س، ٢١-٢٢ بە کوردی کردنی زاراوەکانی مۆرفۆسینتاکس، مۆرفۆفۆنیم، ئەلۆمۆرف، مـۆرف، مـۆرفیم...، پێویـستە کە لە کوردیـدا وشـەی بەرامبەریـان هەیە، وەک: ئەرکەشێوە، ئەرکە دەنـگ، جێگـۆڕ ڕێزمـانی (شێوەگۆڕ)، شێوە، کەرەسـە (یەکە)، بـۆ ئەمە مەرجیش نیە زاراوە تەواو وەک خۆی بێت، گرنگ گونجاندنێتی.**

# ڕستەسازی چییە؟

"لێکـۆڵینەوەی دەسـتوری ڕێکخـستنی وشـە و گـرێ و لاڕسـتە و پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوانیـانە، ئەمەش بەشێکە لە زانـستی زمـان یا ڕێزمان کە ڕستەسازی و وشەسازی دەگرێتەوە" (١)

ئەمە پێناسەیەکی زانستی و دروستە بۆ ڕستەسازی، بەڵام ڕێزمان تەنیـا وشەسـازی و ڕستەسـازی نـاگرێتەوە، دەنگـسازیش دەگـرێتەوە چـونکە باسـکردنی ئەم دو زانـستە بـێ دەنگسازی کەم و کـوڕی تێـدەکەوێت. ئەمە جگە لەوەی ڕێزمان وەکو واتا و زاراوە لە زمانا هەمو پێکهاتەکانی زمان لە دەنگ، وشە و ڕستە دەگرێتەوە.

دکتۆر ڕەمزی بەعلەبەگی لە پێناسـەی رستەسـازییا دەڵێـت: " زانـستی ڕستەسـازی بەشـێک لە هەردو بەشـەکەی ڕێزمـان پێکـدێنێ، واتە لێکۆڵینەوەی نێوان کەرەسەکانی ڕسـتە و دیـاریکردنی بە دوای یەکداهاتنی ئەو کەرەسـانە لە پێکهـاتە و لێکـدانەکە دەکـات" (٢) ناویـشی نـاوە زانـستی ڕێکخستن. هەرواشە ڕستەسازی ڕێکخستنی کەرەسەکانی زمـانە لە ڕسـتەدا، بەڵام بەعلەبەگی هەمان بۆچونی محمد علی الخـولی دوبـارە کـردۆتەوە، کە دەنگسازی بە بەشی ڕێزمان دانەناوە، کە ئەمەش نادروستە.

سەرچاوەیەکی تر ڕستەسـازی واتە ڕێکخـستن "بـوارەکەی لێکـۆڵینەوەی پێکهاتە و گەیاندنیانە بە یەکتر و ڕێگـای زمـانەکەیە لە بەکارهێنـانی ڕسـتە وەکو یەکەیەکی زمـانی. ئەم لێکـۆڵینەوەیە لە زمـانی عارەبیـدا بەشـێکە لە واتانازی" (٣).

---

١ – د. محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظرى، ٢٧٩

٢ – د. رمزى منير بعلبكى، معجم المصطلحات اللغوية، ٤٩٢

٣ – دكتۆر محمد احمد ابو الفرج، مقدمة لدراسة فقه لغة، ط١، بيروت ١٩٦٦، ١٢٤

کەم و کوڕی پێناسـەکەی محمد احمد ابـو الفـرج ئەوەیە یەکسەر بـێ بڵێـت لێکـۆڵینەوەی پێکهاتەکـانە... بـێ ئەوەی نـاوی زمـان بهێنێـت لە دیاریکردنی کەرەسەکانا و کاریگەریان بەسەر یەکەوە.

لە فەرهەنگـی دائـرة المعـارفی زبـان و زبانهـا "ڕستەسـازی بـریتییە لە ڕێزمانی دەسەڵات بەسەر چۆنیەتی لێکدان و پێکهـاتنی وشـە بـۆ پێکهـاتنی ڕسـتە" (٤) نەدەبـو لە پێناسـەکەدا وشـەی دەسـەڵات بەکـاربهێنێ، چـونکە ڕێزمان دەسـتورە نەک دەسـەڵات. ئەمجا ئەگەر بەپێـی ئەو تیۆرەشـبێت لە پێناسەدا ناخرێتەڕو، بەشکو لە لایەنی کردەیی باسەکەدا هێمای بۆ بکرێت.

محمد ئەمـین هەورامـانی لە پێناسـەی ڕستەسـازیدا " سـینتاکس یـاخود (ڕستەسـازی) ئەو زانـستەیە کە لە ڕیزکـردن و ئەرکـی وشـەی زمـانێ لە ڕسـتەدا، وە بە پێـی یاسـای ئەو زمـانە دەکـۆڵێتەوە، وە چەنـد ڕێ و شوێنێکی ڕێزمانی دادەنێ بۆ ئەو جۆرە ئەرک و ڕیزکردنە" (٥) پێناسەکە بە گشتی پـێگەی ڕستەسـازی خـستۆتەڕو بەڵام نـاڕێکی پێـوە دیـارە، دەبـوایە بیوتایە کە لە چۆنیەتی ڕیزکردنی وشەی زمانێک، ئەمجا نەک ئەرکـی وشـە بەڵکـو لەڕوی لێکـۆڵینەوەی وەسـفی زمانەکەوەبێـت واتە وەسـفکردنی چـۆنیەتی ڕیزکردنـی وشـەکان لە زمانابێـت. دواتـر (ڕێ و شـوێن) بەڵام دروستر ئەوەبو (سیستەمی) بەکاربهێنایە، پاشان ئامرازی پەیوەنـدی (وە) دەربڕین و ڕوخساری (حرفـی عطـف)ی عـارەبییە نەک ئـامرازی پەیوەنـدی کوردی کە (و)ە، نەک (وە)

---

٤ – دکتر ابراهیم چگنی،فرهنگ دائرة المعارفی زبان و زبانها، دانشگاه لرستان،١٣٨٢، ٤٣٩

٥ – محمد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژیای زمانی کوردی، بەغدا ١٩٧٣، ٢٣

هەیە بەمجۆرە پێناسەی ڕستەسازی کردوە:

"ڕستەسازی لێکۆڵینەوەی بە جۆرکردنی وشەکانە لە ناو ڕستەدا" (١) پێناسەکە وادەردەخات بە ڕێگای دیاریکردنی پۆلە ڕێزمانییەکانەوە (کەتیگۆری- الاصناف و الاقسام النحویة) ڕستەسازی لە کەرەسە زمانێکانی ناو رستە دەکۆڵێتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی کەرەسە زمانێکان لە زانستی زماندا.

دوای خستنەڕوی ئەو پێناسانەی ڕستەسازی، پێویستە لە ڕوی واتای زمانی و لەروی زاراوەی زمانناسیشەوە لە ڕستەسازی بدوێین:

ڕستەسازی لەڕوی واتای فەرهەنگی زمانییەوە: ڕستەسازی وشەیەکی لێکدراوە بە واتای زانستێک دێت واتە رستە سازکردن، پێکهاتنی ڕستە. لە وشەی (ڕستە [ ڕست+ ە]+ ساز+ ی) واتە:

ڕست: ڕەگی چاوگی (ڕستن)ە، واتە رستنی شت پێوەکراو، وەکو خەناوکە و ملوانکە کە دەنکەکانی دەکرێتە پەتەوە+ پاشگری (ە) وشەکەی کردۆتە ناوی چاوگ+ ساز: ڕەگی چاوگی (سازان)ە+ پاشگری (ی) لە ئاوەڵناوە گۆڕیوە بە ناو. تێکڕای وشەی (ڕستەسازی) ناوی واتاییە واتە زانستی ڕستە.

ڕستەسازی وەکو زاراوەیەکی زمانی سەر بە زمانناسی ئەو زانستەیە، باسی پێکهاتنی ڕستە دەکات واتە سازکردنی ڕستە.

بنچینەی زاراوەی رستەسازی لە وشەی (syntax) ی لاتینییەوە هاتوە، کورد لە زمانناسییا (ڕستەسازی) کە عارەب (النحو)ی بۆ داناوە. وشە لاتینییەکە بە واتای (ڕێکخستن) لە عارەبیدا (النظم \ النحو) و لە کوردییا کراوەتە ڕستەسازی، واتە هەر زمانەی بە پێی گونجانی وشەکە و زانستی ڕستەسازی زاراوەیەکی بۆ داناوە، بەڵام زانستەکە هەمو وەکو یەکە کە لە یەکەی رستە دەدوێ لە زمانناسیدا.

---

**١ - ن.ی. کۆلنج الموسوعة اللغوية ، المجلد الاول، ت: د. محی الدين حميدی و د. عبدالله الحميدان، النشر العلمی و المطابع، جامعة الملک سعود، الرياض، ١٤٢٠ هجرية | ١٩٩٩، ٨٧**

**جۆرەکانی ڕستەسازی بە پێی جۆری لێکۆڵینەوەکە**

١- ڕستەسازی بینشی (تیۆری)

٢- ڕستەسازی کردەیی (پراکتیکی)

هەرچەندە سنورێکی جیاکەرەوەی ئەوتۆ لە نێوان ئەم جۆرە ڕستەسازییە نابینم و لە زۆر ڕووەوە تێکەڵ بە یەکتردەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا سنورێکی ڕادە کەم هەیە. چونکە لە جۆری بینشییەکەدا بەبێ بمونە و خستنەڕوی گۆڕانکاریەکان ڕوننابێتەوە.

**١- ڕستەسازی بینشی:**

جۆرێکە لە خستنەڕوی ناساندن و دیاریکردنی بابەتی ڕستەسازی، بەوەی ئەم بابەتە چۆنە و لە چی ڕوێکی ڕستەسازی دەکۆڵێتەوە. لەڕوی پێناسەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی ڕستەسازی و دیاریکردنی جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی ناوەڕۆک و پێکهاتن و ئەرکی" (١) بەشە بنجییەکانی ناو رستەدا. دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە رستەسازی تیۆرییە لایەنی دیاریکردنی بابەتەکانی ڕستەسازییە.

**٢- ڕستەسازی کردەیی:**

جۆرێکی ڕستەسازییە لە چۆنیەتی لێکۆڵینەوە رستە و چۆنیەتی پێکهاتن و گۆرانی کەرەسەکانی ڕستە بەپێی پەیوەندییان بە یەکترەوە لە ناو ڕستەدا دەکات و بەو شێوەیەی کە چۆن پەیوەندی ڕێزمانی، بە شێوەیەکی ئاسۆیی سینتاگماتیکی (ڕستەیی)و ستونی (پارادیگماتیکی وشەیی- paradigmatic) پەیدا دەبێت و لە هەردو رو بناغە و بناغەی قوڵەوە دەیانخاتەڕو. ئەم دو جۆرەی ڕستەسازی لە زۆر ڕوی

---

١ – د. نەریمان عبداللە خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، چ١، ناوەندی ئاوێر(٢٩٥) هەولێر ٢٠١٦، ٩

باسکردنەوە لە یەکتر نزیکدەبنەوە و تێکەڵیش دەبن، تەنیا روی دیاری جیاوازیان ئەوەیە لە جۆری کارەکیەکەدا بە زۆر لایەنی یەکەکانی زمان لە ڕستەدا پراکتیزە دەکات واتە لایەنی چۆنیەتی بەکارهێنانیان لەناو رستەدا دەخاتەڕو، لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی بەسەریاندادێت.

# پێناسەی ئاستەکانی ڕستەسازی

گرێ، ئاواز، تۆن، ڕستە (٢)

**<u>گرێ:</u>** یەکەیەکی یا پێکهاتەیەکی ڕستەیە، شێوەی جۆرا و جۆری هەیە و ئەرکی بەشی نیهاد و بەشی گوزارە دەبینێ لە ناو ڕستەدا. لە وشەیەک زیاتر پێکدێت. واتە لە یەکەیەکی زمانی سەربەخۆ و یەکەیەکی بەند، یا لە دو یەکەی سەربەخۆ و ئامرازی پاشکۆدار یان بێ پاشکۆ پێکدێت، لەناو ڕستەدا ئەرکی جۆرا و جۆری ڕستەسازی دەبینێ. جۆری گرێی ناوی، ئاوەڵناوی و ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی هەیە لە زماندا. وەک: لەسەر، لەبەر، بۆ خوارەوە، بە ناو، بۆ ناو شار، بە شەو، لە منەوە بۆ تۆ، لەسەرەوە بۆ خوارەوە، شەو و ڕۆژ، شەو تا بەیانی، لەگەڵ، بەپەلە، بەگریانەوە ...هتد.

**<u>تۆن</u>**: " بریتییە لە بەرز و نزمی دەربڕین، سەر بە ئاستی دەنگسازییە و، لە ڕوی ئەرک و بەکارهێنانەوە لە ڕستەسازی لەناو ڕستەدا دەردەکەوێت. بە زۆری لە دەنگسازی کۆمەڵە زمانی چینی – تبتی لەسەر وشەدا دەردەکەوێت دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە" (١). لە زمانی کوردیدا مەگەر لە گۆرانی وتنا لە کاتی بەرز و نزمی وتنی گۆرانیەکەدا دەردەکەوێت. وەک لە حەیران و لاوک و مەقامادا. ئەگینا لە دەربڕینی وشە

---

**٢ – د. رفیق شوانی، وشەسازی، چ١، ب٢، کۆمەڵگای چاپخانەی داودی، کەرکوک ٢٠١٤، ١٢**

*** بینشی (تیۆری) ناوی چاوگە (اسم المصدر) لە کوردیدا، لە (بین) ڕەگی چاوگی (بینین) + پاشگری (ش) + پاشگری (ی) واتایی ناوی چاوگی وەک (کۆشش، وەرزش، بینش، بەخشش) لە (کۆشین، وەرزین، بینین، بەخشین) کوردانی ڕۆژهەلات وشەی (بینش) بە واتای سەرنج و تێڕوانینی بەزۆری بەکاردێنن.**

**١ - د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظری، ٢٨٨**

و ڕستەی کوردیدا نییە. نمونە لە کوردییا وەک: دەلێ لێ، دەلۆلۆ، دەلاکۆ، ئای ئای.

**<u>ئاواز</u>** intonation: ئاوازێکی گونجاوە ئاوێتەی قسەکردن دەبێت، یا ئاوازێکە لە قسەکردنا پەیدادەبێت" (٢)، یا جیاکەرەوەیەکی گونجاوە، واتە فۆنیمێکی بچوکی لەسەردایە لە نێون وشە و وشەی تر یا لە نێوان وتن و وەستانا بە وەستان دەردەبڕێت، یا لە ناوەوە واتە (لە ناو وشە) یا لە دەرەوەیدا، کراوە یا داخراوە (واتە لە ناو رستەدا) یا سەرەکا یا لە دابەزینایە یا کاتییە. هێمای جیاکەرەوە لەسەردا کە (↑) هێمای دابەزینەکە (↓) هێما جیاکەرەوە کاتییەکە (←)یە (٣) . ئاوازەکە بە پێی لەرینەوەکەی دیاریدەکرێت (٤).

بە کورتی ئاواز وەک ئاستێکی دەنگسازی لە رستەسازییا بە پێی بەرز و نزمی و وەستان لە دەربڕینا دەردەکەوێت. نمونە:

| | | |
|---|---|---|
| دییە هات. | ڕستەیەکی هەواڵییە بە یەکسانی ئاوازی دەربڕینەکە | ( ↔ ) |
| دییە هات؟ | ڕستەیەکی پرسیارییە ئاوازەکە دەخرێتە سەر وشەی دوەم | ( ، ← ) |
| دییە هات! | ڕستەیەکی سەرسوڕمانە ئاوزەکە دەخرێتە سەر وشەی یەکەم | ( ← ، ) |

ئاواز واتە بەرز و نزمی دەربڕین لە ناو ڕستەدایە، واتە گۆڕینی ئاوازی دەربڕینە لە ڕستەدا نەک لەسەر وشەی فەرهەنگیدا.(٥) ئەمە جیاوازی دەربڕینە لە ڕستەدا پێیدەوترێ ئاوازی دەربڕین – واتە (نبرة النغمة- tonic accent). (٦)

---

**٢ - د. محمد علی الخولی، ە- س، ١٣٨**

**٣ — ە. س، ١٤٢**

**٤ — ە.س، ٢١٦**

**٥ — ن.ی. كولنج، الموسوعة ، اللغوية ، المجلد ١، مترجمة : محی الدين حميدی**

**٦ -نخبة من اللغويين العرب، معجم مصطلحات علم اللغة ، بيروت، لبنان، ١٩٨٣، ٩٤**

**ڕستە:**

پێناسەی جۆرا و جۆر بۆ ڕستەکراوە، چەند پێناسەیەکیان دەخەینەڕو بۆچونی خۆمان لەبارەیانەوە ڕوندەکەینەوە، (٧) دواتر پێناسەیەکی گونجاو و دروستی ڕستە دەخەینەڕو.

محمد علی الخولی دەڵێت " ڕستە گەورەترین یەکەی ڕێزمانییە شایستەی شیکردنەوەیە. دەبێت یا سادە، لێکدراو یا ئاوێتە (ئاڵۆز)بن. دەشێت ڕستە هەواڵی یا پرسیاری داخوازی یا سەرسوڕمان بێت. دەشێت لە وشەیەک یان زیاتر پێکهاتبێ چەند ئاستی وەکو: فۆنیمی، مۆرفیمی، ڕستەسازی و واتای هەیە، ڕستە واتاکەی لە وشە و کەرەسە و ڕێزمانەکەی وەردەگرێت، لەبەر ئەمە واتای وشە و واتای ڕێزمانی هەیە، ڕستە دەشێت تەواو ڕێزمانی یا ناتەواوبێت، لە بەکارهێنانا یا ناتەواوە لەڕوی ڕێزمانەوە بەڵام لە بەکارهێنانا تەواوە. (٨) پێناسەکە تا ڕادەیەکی زۆر دروستە بەڵام لەوەدا کەم و کوڕی گرتۆتە خۆی کە ڕستە ناتەواوبێت لە بەکارهێنانا یا ناتەواوبێت لە ڕوی ڕێزمانەوە، کەچی لە بەکارهێنانا تەواوبێت. لە هەردو حاڵەتەکەدا ڕستە نابێت وابێت، کە ناتەواوبو لە هەر ڕویەکەوە واتە ڕستە نییە.

بەعلەبەگیش بەلایەوە " ڕستە کۆتا بەندی هەرەمی ڕێزمانییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕستە ئەشێ دابەشبکرێت بۆ یەکەی بچوکتر لە خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک نابێت لە یەکە و بەندی تری هەرەمەکەدا، (ئەگەر زاراوەی تر جیا بکەینەوە لەم تێگەیە واتە لە ڕستە وەکو دەق یا

---

٧ – ئەو سەرچاوانە ئەوانەی دەیانخەینەڕو دروستی و زانستیان پێوە دیارە و سەرچاوەی زمانناسی بەکەڵکن.

٨ - د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظری، ٢٥٣

قسەکردن) لێرەدا ڕستە لەمەدا جیادەبێتەوە بەوەی دەربڕی بیرێکەیا لە نیهاد و گوزارەیا تەواوکەر و تەواوکراو پێکهاتوە".(١)

پێناسەکەی بەعلەبەگی نارێک و ئاڵۆزە بۆ پێناسەی ڕستە ئەوەندەی ڕونکردنەوەیە، یا بەراوردییە لەگەڵ بابەتی تری زمانی وەک دەق و قسەکردن ئەوەندە پێناسەی بابەتی ڕستەنییە لە ڕێزماندا.

لە کتێبی (المدخل الی علم اللغة) دا " ڕستە زمانی قسەکردنە، یا دەڵێت " ڕستە گەورەترین یەکەی ڕێزمانی وەسفکراوە"(٢) لە پێناسەی ڕستە زمانی قسەکردنە، بەلایەوە هەندێکجار ڕستە واتای ئاڵۆزە لە بواری زمانەوانیدا.

د. چگنی " ڕستە گەورەترین پێکهاتە زمانێکە بە پێی ڕێکخستنی ئەو ڕیزبەندی کراوە" ئەمیش وەکو سەرچاوەکانیتر لە پاڵ پێناسەکەیەوە ڕستەی لە ڕوی ناوەڕۆک پێکهاتنەوە دیاری کردوە... "(٣) کەم و کوڕی ئەم پێناسەیە ئەوەیە، ڕاستە ڕستە گەورەترین یەکەی زمانە، بەڵام هەر ئەمە پێناسەکە ناتەواو دەکات، چونکە ڕستە بێجگە لەوەی یەکەیەکی گەورەی زمانە، تایبەتێتی تری هەیە لە ڕوی پێکهاتەکەیەوە، پێویستە هێما بۆ بونی نیهاد و گوزارە وەک گەورەترین پێکهاتە ناو رستە بکردایە، چونکە بۆچونی تر هەییە دەق بە گەورەترین یەکەی زمان دادەنێت.

ڕستە بەلای فاطمە مدرسییەوە "ڕستە یەکەیەکی زمانییە لە یەک یا لە چەند گرێیەک پێکهاتوە، بەلای کەمەوە پەیامێک دەگەیەنێت، ئەم یەکە زمانییە ئەتوانرێ لە دو بەشی وەک نیهاد و گوزارە دابەشبکرێت، لە

١ – د. رمزی منیر بعلبگی، معجم المصطلحات اللغوية ، ٤٤٨

٢ – كارل ديتر بوننج، المدخل الى علم اللغة ، ترجمة دكتور سعيد حسن بحيرى، مؤسسة المختار، القاهرة ٢٠٠٣، ١٤١

٣ – د. ابراهيم چگنى، فرهنگ دائرة المعارفى زبان و زبانها، دانشگاه لرستان ١٣٨٢، ٤٠٥

ڕستەی سادە و لێکدراو پێکدێت"(٤) پێناسەکە کەم و کوڕی لەوەدایە دەڵێ: ڕستە وەک یەکەی زمانی ئەتوانرێ لە دو بەش نیهاد و گوزارە پێکبێ ئەمە بە گومانەوە باس دەکات، کە گومانی ناوێت چونکە راستی زانستییە.

<u>ڕستە دەشێت وەکو یەکەیەکی زمانی بەمجۆرە پێناسە بکرێت:</u>

ڕستە: گەورەترین کەرەسەی زمانە، کە لە وشەیەک زیاتر پێکدێت و نیهاد و گوزارە دەگرێتە خۆی تێگەی جۆراوجۆر بەپێی چەشنی پێکهاتەکەی دەگرێتە خۆی، بە پێی سیستەمی هەر زمانێک بەشەکانی ڕیزدەکرێن. ڕستەش جۆراوجۆرە لە زمانا.

## بزوێنەری پێکهاتنی ڕستە لە زمانا چییە؟

ڕستە واتە زمانی قسەکردن، ئەو کەسەی قسەدەکات، خاوەنی قسەیە، واتە قسەکەر، کە دەبێتە بکەری ڕستە لە زمانناسیا یا ئەوەی کارێک دەکات. سەیر ئەوەیە لە لێکۆڵینەوە زمانناسیەکانا فرمان (فعل) بە بزوێنەری پێکهاتنی ڕستە دانراوە و زانراوە. لە ڕاستیا، ڕاستی و دروستی زانستی و لۆجیک پێماندەڵێت قسەکەر. ئیشکەر واتە ئەوەی ئیشێک دەکات یا کردەوەیەک هەڵەسوڕێنێ، ئەوە قسە پێکدەهێنێ، یا ئەنجامدەری ئیش و کارێک بکەری قسەکەیە، کە ئێمە لە زمانناسیا پێیدەڵێین بکەر.

فرمان بەبێ ئەو بزوێنەرە کە قسەکەر، یا ئیشکەرە، ئاخاوتنەکە تەواوناکات، کە لە ڕستەدا بە کەس (قسەکەر) یا جێناو، کە جێگا و جێگری ناوە یا کەسە دەبێتە جێبەجێکەری ئاخاوتنەکە یا کارەکە بکەرە

---

٤ – دکتر فاطمه مدرسی، ازواج تا جمله، فرهنگ زبان شناسی- دستوری، چ٢، تهران: چاپا ١٣٧٨، ١٢٧

که دەوری جێبەجێکەری سەرەکی هەیە کە کارێک دەکات یا دەبێتە هۆی کردنی روداوێک.(١)

مـن دێ)... ئەمە ڕستەیەکی یـا ئاخـاوتنێکی نـاتەواوە، چـونکە هێمـا قسەکەرەکە لە ڕستەکەیا نیـیە، کە بـکەرە واتە ئەوەی ئەنجامی هـاتنەکە دەدات... ئەگەر بێتـو بـێ ئەو بـکەرە کە کۆتـایی ڕسـتەکەوە (ئاخـاوتن) ئەگەر سەدان وشە ڕیزبکرێت، ئاخاوتن یا ڕستەکە (قسەکەر) تەواونەکراوە و تێگەی تەواو نادات بە دەستەوە. وەک بڵێین: مـن بەپەلە و خێـرا لەگەڵ برادەرەکەما دێ... ڕستەکە ناتەواوە، چونکە جێناوی بکەریەکەی (نیهـاد) لەگەڵدا نییە، کە بـزوێنەر و بەرهەمهێنـی قسە و کـارەکەیە، کە لە ڕسـتەدا پێیـدەوترێت فرمـان. ئەگەریـش ڕسـتەکەمان بە جێنـاو تەواوکـرد یەکسەر ڕستە (قسە) پێکدێت بەهۆی جێناوەکەوە بکەر یا جێگرێتی، نمونە:

مـن دێـم: لێـرەدا جێنـاوی لکـاوەکە کە جێگـری بـکەر و قـسەکەر و هەڵسوڕێنەری کارەکەیە یەکسەر ڕستە پێکدێت و تـێگەی قسەکردنەکە یـا کارەکە دەبەخشێت.

هەیە دەڵێت ئەی لە ڕستەی (ئەو هات، ئەو دێ) چیبکەین، ئەوە لەبەر ئەوەی فرمانەکە، یـا ئاخـاوتنەکە لە حـاڵەتی نادیاریـدایە. واتە (غائـب) کە دەکـاتە کەسـی سـێیەمی بەشـداربوی ڕسـتەکە، لە دوای قـسەکەر کەسـی یەکەم و گوێگر کەسی دوەم بەڵام لە حاڵەتی فرمانی کەسی سێیەما هێمای جێناوەکە بۆتە (سفر، هیچ)ە واتابەخشە. ئەگینا مەحاڵە فرمان بێ جێنـاو پێکهاتەی ڕستە یا ئاخاوتن بە تەنیا تەواوبکات... نمونەیتر: جوتیـار زەوی

١ – د. مصطفى غلفان، اللسانيات التوليدية ، عالم الكتاب الحديث، اربد الاردن، ٣٢١

دەکێــڵ،___؟ مــن نــامە دەنــوس ___؟ تــۆ نــامەت نــوس ___؟ ئەوان ڕۆیـشت___؟ کە جێناوەکەمـان بـۆ دانـا یەکـسەر ڕسـتەکە لەڕوی واتـا و ڕێزمــانەوە واتــادار و دەســتوری و ڕێزمــانییە، نمونەکــان جوتیــار زەوی دەکێڵێت، من نامە دەنوسم، تۆ نامەت نوسـی، ئەوان رۆیـشتن. بـۆیە بـکەر بزوێنەر و پێکهێنی رستەیە نەک فرمان.

# پێکهاتەکانی ناو ڕستە

لەنـاو رسـتەدا پێکهـاتەی جۆراوجـۆر هەن.(١) پێویـستە دیـاریبکرێن و بناسرێن، تا شیکردنەوەی رستەش دروست و زانستیانەبێت:

**قالبی ڕستە:** sentence pattern

جۆرێکە تا ژمارەیەکی بێکۆتـایی ڕسـتەی ڕێزمـانی لەسـەر پێکدێت، کە ئەو قالبە لە یەکەی جیاواز پێکهـاتوە، وەکـو: (نـاو+ ئاوەڵنـاو+ گـوزارە| فرمان...) یا جۆری ڕستەیە لە ڕوی واتایەوە داخوازی بێت یا سەرسـوڕمان و پرسیاری.

قالـب pattern: شـێوازی ڕێکخـستنە، کە چەنـد یەکەیەکـی زمـانی یەکگرتـون لەنـاو یەکەی زمـانی گەورەتـر. وەکـو قـالبە دەنگیەکـان لە نـاو مۆرفیمـدا و، قـالبی مـۆرفیمیش لە نـاو وشـەدا و، قـالبی وشـەش لە ناوەڕاستەدا.(٢) ئەمە قالبی پێکهاتنی زمانە.

دەربڕینی ڕستە: (نبـرة الحملـة) sentence stress دەربڕینێکـی سەرەکییە وشەیەکی ڕستەکە وەریدەگرێت، بەو پێیەی کە ڕسـتە یەکەیەکـی قـسەکردنە وەسـتان (سـکون) پێـشی دەکەوێتـو وەسـتانیش بەدوایـا دێـت، بەزۆری ئەو دەربڕینیە کۆتا وشەی ڕستەکەیە یـا زۆر گـرنگە. ئەم دەربـڕینە جیـاوازە لە دەربڕینـی وشـەکە کاتێـک کە لە دەرەوەی رسـتەکە دابـڕاوە لە کەرەسەکانیتر.

---

١ — بۆ ئەم زاراوە رستەسازیانە بڕوانە: محمد علی الخولی و ە. س، ٢٥٤ و رمزی منیر بعلبکی، ە. س ٤٤٨، ٤٤٩

٢ - محمد علی الخولی و ە. س، ە. ل

پێکهاتەی رستە: ترکیب الجملة sentence structure قالبی ڕێزمانی هەمو رستەکەیە، کە جیاواز لە پێکهاتەی ناوەوەی.

**پایەی زمان:** زمان لەسەر سێ پایەی سەرەکی پێکهاتوە، وەک وشە، گیرەک و ئامراز

**وشەی رستەیی:** sentence word وشەیەکە شوێنی ڕستە دەگرێتەوە. وەکو: نەخێر، بەڵێ، با، وایە ...هتد. ئەمە پێیدەوترێت کلیش clish (٣)

## پێکهێنەرەکانی رستە (کەرەسەی رستە):

ئەو بەشانەیە بەپێی ئاستی شیکردنەوە، ڕستەی لێوە پێکدەهێنرێت. وەکو ئەگەر شیکردنەوە وشەسازی بێت، پێکهاتەکانی کەرەسە و هاوشێوە (مۆرفیم و ئەلۆمۆرف) ئەگەریش شیکردنەوەکە دەنگی بێت، پێکهاتەکە دەنگ و هاودەنگەکانە. لە روی ڕستەسازیشەوە پێکهاتەکە وشە، گرێ و لاڕستەیە.

**پێکهاتەی ناوەوەی ڕستە:** پێکهاتەی ناو ڕستەیە وەکو منداڵەکە لە ڕستەی: منالەکە لە ماڵە.

**وەسفکردنی رستە (وصف الجملة)** sentence modifier

وشە یا دەستەواژەیەکە وەسفی هەمو ڕستەکە دەکات. وەکو: لەبەر ئەوەی زاراوەیەکە هاو واتای ئاوەڵفرمانی ڕستەیە. واتە وەسفەکە واتای ڕستە دەگرێتەوە نەک وشە. وەکو: (بۆیە): تۆ نەخۆشبویت بۆیە هەواڵم پرسیت.

---

**٣ – د. رفیق شوانی، وشەسازی، چ٢، ٢٠١٤،**

**وابەستە رستە** sentence connecter **- رابط الجملة**

ئامرازێکە ڕستەکان دەبەستێتەوە بە یەکتر. (١) ئاوەڵفرمانی بەستانەوە باوترینی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەیە. وەکو: هەرچۆنێک، هەرچەندە، لە هەمو کاتێک زیاتر...هتد

**بەشە بنجییەکانی ڕستە:**

بەشە بنجێکانی ناو ڕستە مەبەست لە کەرەسە ئەرکیەکانە لە بکەر (نیهاد) تەواوکەر، بەرکار، گوزارە، فرمان. هەمویان کورتدەکرێنەوە لە نیهاد و گوزارە، بکەر و فرمان شیکردنەوەی ڕستە.(٢) واتە شیکردنەوەی بە دابەشبونی ڕستەکە بۆ پێکهاتەکانی یا لێکۆڵینەوەی بە مەبەستی تێگەیشتنی واتاکان.

**ڕستەی بەدواییەکداهاتو: (جملة تعاقبیە)**

ڕستەیەکە بەدوای ڕستەیەکی تر دێت، نەک پێشیبکەوێت چونکە واتاکەی بەندە پێوەی. وەکو: ئەگەر با بێت یان باران، هەر لە بەفر کەمدەبێتەوە.

**بنچینەی رستە** sentence base **قالب الجملة**

پێکهاتەی سەرەکی رستەیەکە. واتە بەشە سەرەکییەکانی ڕستە لە دیارخەرو وشە ئەرکیەکانە.

**پێشگری سەربەخۆ: (سابقة منفصلة)** separable prefix

پێشگرێکە ئەتوانرێ ببێتە وشەیەکی سەربەخۆ لە بەکارهێنانیتردا. وەکو (بەر) لە وشەی بەردار.

---

١ – د. رمزی منیر بعلبكی، معجم مصطلحات اللغوية، ٤٤٨

٢ – د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة التطبيقی، لبنان ١٩٨٦، ١٠٨

**پاشگری سەربەخۆ** separable suffix (٣) **لاحقة منفصلة**

پاشـگرێکە ئەتـوانرێ ببێـتە وشـەیەکی سـەربەخۆ لە بەکارهێنـانێکیترا. وەکو (جاڕ) لە وشە مەرەزەجار، نێرگزەجاڕ، گوڵزار

---

**٣ - د. محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظرى، ٢٥٤-٢٥٥**

# پێکهاتەی ڕستەی کوردی

لە پێکهاتەی ڕستەی کوردیدا چوار کەرەسەی بنەڕەت و بنچینەیی هەیە، کە لە بناغەی ڕستەدا هەن. وەکو: ڕستە، گرێ، وشە و مۆرفیم واتە بچوکترین کەرەسە تا گەورەترینیان.(٤) نمونە، من هاتم: من: وشەیە، هات: ڕستەیە (فرمان)، م: مۆرفیم، هاتم: گرێ (گرێی فرمانییە) ئارینا نانی خوارد.

**شیکردنەوەی ڕستە:** (١) واتە شیکردنەوەی ڕستەکە بە دابەشبونی بۆ پێکهاتەکانی بە مەبەستی تێگەیشتنی واتاکەی یا لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بە مەبەستی تێگەیشتنی ڕستەکە لە ڕوی واتا و پێکهاتەکانی و بەشە بنچیەکانی.

**پەیوەندی ڕستەیی:** بریتییە لە پەیوەندی نێوان ڕستەیەک و ئەویترا، کە نزیکەیەتی لە ڕوی واتاوە. ئەشێت ئەم پەیوەندییە هۆیی، کاتی (زەمانی) یا شوێنی یا جێگەیی (استثناء) یا لێکدانەوە یا ئەنجامی بێت(٢)...هتد

**ناڕونی ڕستە:** (٣) ڕستەیەکە زیاتر لە واتایەک دەبەخشێت بە هۆی وشەیەکەوە، کە دو جار واتا دەگرێتە خۆی وەک: واتای ڕونی و ئاشکرای و واتا قوڵەکەی واتە واتای ژێرەوەی.

**ڕستەکە وەکو:**

هاتە خوارەوە . واتە لەسەرەوە هاتە خوارەوە.

---

**٤ - زماناسە فارسەکان بە ڕستەشەوە پێنجیان بۆ پێکهاتەی ڕستەی فارسی دیاریکردوە بێجگە لەو چوارانە کەرەسەی (بەند) واتە (cluse) وەک لاڕستە. بڕوانە محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، تهران ١٣٨٢، ٦٠**

**١ - محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظرى، ٢٥٣**

**٢ - محمد على الخولى، ه.س، ٢٥٥**

**٣ – رمزى منير بعلبكى، معجم المصطلحات اللغوية ، ٤٢٠**

هاتە خوارەوە .          واتە هورەی هاتە خوارەوە. هورە دابەزین.

ڕستە زیاتر لە واتایەکی هەیە، بە هۆی وشەیەکەوە، کە فرەواتا و یا جۆراوجۆری واتای هەیە ئەویش بە هۆی ناڕونی لە پێکهاتە ڕێزمانییەکەیدا (ڕستەسازی)، ئەم جۆرە ڕستەیە بۆتە هۆی شیکردنەوەی لە زمانناسی دەرونیدا. (٤)

**ڕستەی شیکەرەوەی هەواڵی:** (٥) ڕستەیەکە گوزارەکەی لە ناویدا زانراوە و لە نیهادەکەیدایە، وەکو: عازەب پیاوێکی بێ ژنە.

**ڕستەی ناوێزە:** ڕستەیەکە لە روی رستەسازییەوە دروستە بەڵام لە ڕوی واتا نەشیاوە.

وەکو: قوتابییەکە وانەی بە مامۆستاکەی وت. منداڵەکە باوکەکەی پەروەردە دەدا.

دەکرێ بەمجۆرە رستەیە بوترێت ڕستەی نەشیاو یا نابەجێ.

**ڕستەی کورتکراوە:** reduced sentence (٦)

ڕستەیەکە یەکێک لە بەشە بنجییەکانی وەک بکەر یا بەرکار یا فرمان تێدەچێت، بێ ئەوەی واتای تێکبچێت. بە زۆری لە ڕستەی لێکدراوا، وەکو: چ با بێت یا باران وەکو یەکە.

**پایەی زمان:** زمان پێکهاتەکەی لەسەر سێ پایە ڕاوەستاوە. وەک: وشە، گیرەک، ئامراز و نیشانە. ئاستی وشەسازی بە هەردو لقی وشەسازی داڕشتن و وشەسازی ئەرکی و ڕستەسازی دەگرێتەوە.

ئەم پایانە دەبنە هۆی پێکهاتنی بناغەی گەورەتر لە ناو زماندا، وەکو: پێکهاتەی فرمانی، پێکهاتەی ناوی، پێکهاتەی وەسفی، پێکهاتەی

---

٤ - محمد علی الخولی، معجم علم اللغة التطبیقی، بیروت – لبنان ١٩٨٦، ٤

٥ - محمد علی الخولی، ه.س، ه.ل

٦ – نخبة من اللغویین العرب، معجم المصطلحات علم اللغة الحدیث، ٢٠

ئاوەڵفرمـانی و پێکهـاتەی ئـامرازی.(١) ئەمـانە لەگەڵ هەمـو سروشـتی جیـاوازی نێوانیانـدا، لە ڕوی گەردانـی و پێکهـاتەیی و ئەرکیـدا زمـان پێکـدەهێنن. هەمـو ئەم پێکهاتـانەی زمـان لە رسـتەدان و ئەرکیـان لەنـاو ڕستەدا دەردەکەوێت.

بۆ ئەم بابەتە ئەم نمونەیە دەهێنینەوە:

- مامۆستا کتێبەکەی بە قوتابییەکەدا.

لەم رسـتەیەدا: مامۆسـتا وەک پێکهـاتەیەکی نـاوی زمـان، بـکەرە واتە هەڵسوڕێنەری ئیشەکەیە.

**کتێـبەکە:** بەرکـارە وەک پێکهـاتەیەکی نـاوییە، کە ئیـشەکەی بەسـەرا هاتوە لەلایەن بکەرەوە.

**قوتابییەکە:** پێکهاتەیەکی ناوی زمانە، بەرکاری دوەمی رستەکەیە، کە گەورەتـرین پێکهـاتەی زمـانە. کە پێکهـاتەی نـاوییە بـزوێنەر و تەوەری سەرەکی جێبەجێکردنی کارەکەیە.

دا: کردنی کارەکەیە لە لایەن بکەرەوە، واتە فرمانی رستەکە.

بەم شێوەیە ڕیزکراوە:

ناو (ن)+ ناو (ن)+ ئامراز (ئا)+ فرمان (ف) پێکهاتەی زمانین

بکەر+ بەرکاری ١/+ ئامراز+ فرمان. پێکهاتەی ئەرکین لە ڕستەدا.

پاڵـدەری راسـتەوخۆ بە ڕێگـای فرمـانەوەیە، لە لایەن بـکەرەوە جێبەجێدەکرێت. بەوەی فرمانەکە ئەرک و دەورێک دەخاتە پـاڵ کەرەسـەی زیـادەکەی یـا بەرکـارەکەی. پاڵـدەرە نـا ڕاسـتەوخۆکە پاڵـدەرە بە هـۆی ئامرازەوە (٢) و پاڵدەر بە پێکهاتەی فرمـانەکەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پاڵدەری ئەرکەکە سەری بارەکەیە، واتە فرمان یا ناو یـا ئـامراز. فرمـان لە

١ - د. مصطفى غلفان بمشاركة د. محمد الملاخ، د. حافظ اسماعيل عليوى، اللسانيات التوليدية، اربد – الاردن، ٣١٩

٢ - د. مصطفى غلفان، م.س، ٣٢١

رســتەی فرمانیــدا، یــا گــوزارە لە رســتەی ناوییــا ئەرکێــک دەخــاتە پــاڵ پێکهاتەی ناوی کە بەرکـارە. بەلام پێکهـاتەی نـاوی بـکەر ئەوەی پاڵـدەری ئەرکە سەرەکیەکەیەتی پێکهاتە فرمانییەکەیە (فرمـان و بەرکـار)(٣)، بەڵام گـوزارە پاڵـدەری پێکهـاتە نـاوییەکەیە کە نیهـادە، لە ڕسـتەی نـاوی کە لە نیهاد و گوزارە پێکهاتوە.

---

٣ – ه.س، ه.ل.. بۆ ئەمە بڕوانە: الفاسی الفهری، البناء الموازی، ص ٢٥

# سیستەمی دانان و ڕێکخستنی ڕستە

دوای پێناسەکردنی ڕستە، پێویستە چۆنیەتی ڕیزکردنی بەشە بنجییەکانی ڕستە، لە زمانا بە گشتی و لە کوردیدا بە تایبەتی بە پێی چۆنیەتی کارکردنی، یا بە پێی سیستەمی ڕستەسازی دیاریدەکەین. بەم شێوەیەی خوارەوە بە ناونیشانی دانان و ڕێکخستنی رستە:-

**<u>١. ئەو زمانانەی کە لە جۆری:</u>**

بکەر+ بەرکار+ فرمان. ڕستەی کوردی لەمجۆرەیە. لە کوردیدا بەمشێوەیە کورتدەکرێتەوە بۆ (ب+ بەر+ ف) لە ڕێزمانی جیهانییا بەم هێمایانەیە: (V. O. S) وەکو: من نامەم نوسی. من لەگەڵ تۆ هاتم. ئەمجۆرەیان لە حاڵەتی بونی تەواوکەر واتە ئاوەڵفرماندایە لە ڕستەی فرمان تێنەپەڕا، یەکەمیانیش فرمانەکەی تێپەڕە. بەداخەوە سیستەمە جیهانییەکە، گوێی نەداوەتە چۆنیەتی دانان و ڕێکخستنی ڕستەی ناوی یا فرمان تێنەپەڕ. نمونەی ئەم جۆرە ڕێکخستنەی (ب . بەر . ف) لە ڕستەی ناوییا وەک:

گەشتکردن لە بەهارا خۆشە.

(نیهاد+ تەواوکەر+ گوزارە) = (ن . تە . گ)

**<u>٢. جۆری ڕێکخستنی دوەمی رستە ئەو زمانانەن کەرەسەی بەشە بنجییەکانی رستە بەم شێوەیە:</u>**

نیهاد (بکەر)+ فرمان+ بەرکار . وەکو زمانی ئینگلیزی (ن . ف . بەر)

واتە (S . V . O) he speaks English

تا ڕادەیەک ئەم جۆرە لە ڕستەی کوردی فرمانی تێنەپەڕا بەدیدەکرێت. بەڵام لە جیاتی بەرکار تەواوکەرە. بۆیە ئەم دانان و ڕێکخستنی ڕستە، بەم شێوەیە کەم و کوڕی و بۆشای تێدەکەوێت. نمونە

من چوم بۆ بازاڕ. من چومە گەشت و سەیران. من بومە مامۆستا.

لە کوردییا (نیهاد/ بکەر+ فرمان+ تەواوکەر)= (ن/ب . ف . تە)

**٣. جۆری سێیەم بەم پێیە ڕیزدەکرێن:**

(فرمان+ نیهاد و بکەر+ بەرکار) وەکو سیستەمی ڕستەی زمانی عارەبی

کتب زاگروس الدرس. ئەم جۆرە ڕیزکردنە لە زمانی کوردی جێی نابێتەوە.

(ف. ب. بەر) واتە (V. S. O)

ئەم جۆرە سیستەمانەی دانان و ڕێکخستنی ڕستەی کوردی، سیستەمی ئەو زمانانەیان فەرامۆشکردوە، کە سیستەمی ڕستەی ناوییان هەیە. بۆ نمونە وەک: زمانی کوردی و عارەبی و فارسی و...هتد. تەنانەت ئەگەر بەلایەنەوە تەنیا ڕستە جۆری فرمانی بێت، ئەوا یاسا و دەستوری سیستەمەکەیان ناتەواو دەرەچێت.

بۆ ڕێزمانی گشتی واتە Universal grammar

بە کورتی دانان و ڕێکخستنی بەشەکانی رستە ئاوا ڕیزدەکرێن:

+ بۆ ڕستەی فرماندار

(ب. بەر. ف) واتە (S. O. V) بکەر+ بەرکار+ فرمان

(ب. ف. بەر) واتە (S. V. O) بکەر+ فرمان+ بەرکار

(ف. ب. بەر) واتە (V. S. O) فرمان+ بکەر+ بەرکار

- بۆ رستەی ناوی:

١. نیهاد+ گوزارە (ن. گ) بەهار خۆشە. من کوردم.

٢. نیهاد و تەواوکەری نیهاد، تەواوکەری گوزارە و گوزارە، ئاوا هێمای بۆ دادەنرێت:

ن+ ت+ گ: نیهاد+ تەواوکەر+ گوزارە

ڕیزکردنی چۆنیەتی بەشەکانی ڕستە بەشێوەی ئارەزوش پێچەوانە دەبێت و ڕیزدەکریٚ، بە تایبەتی لە ئاخاوتندا. وەک: من چوم بۆ بازاڕ، بکەر+ فرمان+ تەواوکەر یا بکەر+ تەواوکەر+ فرمان

بۆ بازاڕ چوم من. یا چوم من بۆ بازاڕ ← چوم بۆ بازاڕ من.

- من بۆ بازاڕ چوم، من پەلە گەڕامەوە ← گەڕامەوە من بەپەلە.
- من ئیتر چیبکەم ← من چیبکەم ئیتر
- من نانم خوارد. بکەر+ بەرکار+ فرمان (S. O. V)
- من خواردم نان. بکەر+ فرمان+ بەرکار (S. V. O)
- من بۆ بازاڕ چوم. ← چوم بۆ بازاڕ من. ← چوم من بۆ بازاڕ.

(ف+ ت+ بکەر) ← (ف+ ب+ ت)

+ بۆ ڕستەی ناوی ڕێکخستنی ڕیزکردنی بەشەکانی ڕستە بە شێوەی ئارەزو یا سەربەخۆ و سەربەست ڕیزدەکرێت. وەک:

- بەهار جوانە. (نیهاد+ گوزارە) ن+ گ
- جوانە باهار. (گوزارە+ نیهاد) گ+ ن
- دڵم لە لاتە. ← لە لاتە دڵم. (نیهاد+ گوزارە) ← (گوزارە+ نیهاد)

ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی ئاساییە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بەوەی بەشە بنجییەکانی ڕستە لە (بکەر، فرمان) (بکەر، بەرکار، فرمان) دەبێتە (فرمان، بکەر)، (فرمان، بەرکار، بکەر).

لە ڕستەی ناویشدا (نیهاد، گوزارە) ← (گوزارە، نیهاد) یا (نیهاد، تەواوکەر، گوزارە) ← (گوزارە، تەواوکەر، نیهاد) وەک: بەهار جوانێکەی دڵڕفێنە. ← دڵڕفێنە جوانیەکەی بەهار.

لەبەر ئەوەی سیستەمی دانان و ڕێکخستنی ڕستەی کوردی، بەندە بە پێناسەی فرمان و گوزارەوە، بێجگە لەو پێناسانەی کە بۆ ڕستە خستمانەڕو. ئەم پێناسانەش هەن و لە سەرچاوەکانا یا لەبەشی کوردی زانکۆکانی کوردستان بەدیدەکرێن وەک:

ڕستە: بریتییە لە کۆمەڵێک وشە، کە واتایەکی تەواوی هەبێت یا بیرێکی تەواو دەردەبڕێت.

ڕستە: کۆمەڵە وشەیەکە بکەر و فرمانی تیابێت.

ڕستە: بریتییە لە نیهاد و گوزارە، گوزارەش سەرەکیترین کەرەسەی ڕستەیە، چونکە گوزارە لە ناو، ئاوەڵناو، ژمارە، ئاوەڵفرمان، جێناو و فرمان پێکدێت.(١)

ڕستە: ڕستە بریتییە لە دو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەمی رستەکە، ئەوەیە کە وشەیەکی سەرەکی هەیە و ناو یا هەرچی وشەیتر هەیە، هەمو لە ڕونکردنەوەی ئەودان. بەشی دوەمی ڕستەکە بریتییە لە تەواوکەری وشە سەرەکیەکە، کە هەواڵ هێنەرە یا هەواڵدەرە.

---

١ – د. رفیق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵێک وتار، دەزگای موکریانی، دهۆک ٢٠٠٩، ١٠٤

# جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی بونەوە

جۆرەکانی ڕستە، لە زمانی کوردی و زمانی ترا، بۆ چەند جۆرێک خراوەتە ڕو. وەک لە ڕوی پێکهاتن، ناوەڕۆک و کاتەوە واتای فرمان و لە ڕوی هێزەوە... کەچی لە ڕوی بون و نەبونی کاتەوە لە زمانی کوردییا فەرامۆشکراوە، یا بەلایانەوە تەنیا لەمڕووەوە ڕستەی کاتدار واتە فرمانی هەیە. وەکو تایبەتێتیەکی زمانی کوردی، کە جۆری ڕستەی ناوی هەیە زۆر بە دەگمەن باسکراوە، ئەمەش بە کاریگەری زمانناسە ئەوروپاییەکانەوە فەرامۆشکراوە، گوایە ڕستەی ناوی لە زمانی کوردیدا نییە.

لەم باسەدا بە بەڵگەوە ڕستەی ناوی لە زمانی کوردی دەچەسپێنین.

## جۆری ڕستە لەڕوی بون و نەبونی کاتەوە لە زمانی کوردیدا*

لەبەر ئەوەی زمان بەندە بە مرۆڤەوە، مرۆڤیش لەسەرەتایا بۆ بەرانگاریکردنی سروشت و دیاردە ناهەموار و مەترسییەکانی و بۆ بەڕێوەبردن و پەیوەندی کردن لە ژیانا، کۆمەڵ و سیستەمی زمانی پێکهێنا. (١) لێرەوە گرنگی و بایەخی زمان و لێکۆڵینەوە دەربارەیان لە لای زانایانی کۆمەڵ و زمانناسان و مێژوناسانەوە پەیدابو.(٢)

دەربارەی هەڵس وکەوت و پەیوەندی نێوان مرۆڤ لە کۆمەڵدا و قسەکردن لە بارەی ڕوداوەکانی کە لە نێوان خەڵک، کۆمەڵ یا لە سروشتدا ڕودەدەن، بەندە بە کاتەوە، واتە ئەو کاتەی کە ڕودەدەن یا پەیا ئەبن.

---

*** ئەم باسایە پێشتر لە کتێبی: رفیق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵە وتارێک، دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠٠٩، ٩١- ١١٠ بڵاوکراوەتەوە، لەم باسەدا وشەی فرمان لە تاپیکردنا بۆتە فەرمان و هەڵەیە، ڕاستیەکەی فرمانە واتە فعل نەک امر.**

**١ – محمود السعران، علم اللغة، مصر١٩٦٢، ٩١**

**٢ – د. علی عبدالواحد وافی، علم اللغة، قاهرة ١٩٧٢، ص ٢١-٢٢**

بۆیە ئەم قسە و حاڵەتانە لە زماندا بەندن بە کاتەوە. واتە ئەو کاتەی کە ڕودەدەن یا پەیا ئەبن. باسیان لێوە دەکەین و دێنە ناوەوە دەبنە کاتی ئەوەی ڕوبدەن.

لە ڕێزمانا بەمجۆرە باسانە واتە قسەکردن پێیدەوترێت ئاخاوتن.(٣) لەبارەی ڕێزمانەوەش ڕستەیە. ڕستەکانیش فرماندارن و ڕستەی فرمانین.

بەشێکیتری قسەی مرۆڤ هەیە، بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا هەستپێدەکرێت، کە دەربارەی ئەو دیاردە و حاڵەت و باسانەی، کە شتێکن هەردەم لە ناو سروشت و لە ناو کۆمەڵ و دەورو بەردا هەن و هەمیشەیین. بۆیە باسکردن لە بارەیانەوە لە قسەکردندا پابەندنین بە کاتەوە، چونکە نە ڕودەدەن و نە پەیداشدەبن، لەبەر ئەوەی هەر هەن، ئەمانەش لە زمانناسیدا ڕستەی بێ فرمان (ڕستەی باس) واتە بێ کات پێکدێنن و باسەکانیش بە شێوەی ڕەهایی (مطلق) و ڕێژەی هەن.

سروشت و تایبەتێتی زمانی کوردی لە بارەی ئەم باسەوە، بە پێی تایبەتێتی زمانەکە ڕستەی باس (ڕستەی ناوی) دەگرێتە خۆی.

زمانەوانەکان لە لێکۆڵینەوەی زماندا، لە پاڵ دیاریکردنی کەرەسەکانی زمانا وەکو: ناو، ئاوەڵناو، فرمان دیاریکرد و تایبەتێتی ئەو یەکانە دیاریکرد، گەورەترین کەرەسە و یەکەی زمان بە ڕستەی دەستنیشانکرا.(٤) لێرەیا دەرەکەوێت، کە ڕستە لە زمانی کوردییا لە ڕوی بونیەوە بە پێی بون و نەبونی کات دو جۆری هەیە، وەک: ڕستەی فرماندار کە بەندە بە کاتەوە، جۆری دوەم ڕستەی باس (ڕستەی ناوی) کە کاتی تێدانییە.

لە خوارەوە هەر یەک لەم دو جۆرە سەرەکییەی ڕستە و جۆرەکانی بە پێناسە و بە نمونەوە ڕوندەکەینەوە:

---

**٣ – محمود السعران، ە.س، ٥٨**

**٤ – بیر و بۆچونی چۆمسکی ئەوەیە، لەمبارەیەوە کە ڕستە ئاستێکی سەرەکی زمانە، بڕوانە: چۆمسکی، البنى النحوية ، وەرگێڕ یۆئیل یوسف عزیز، بغداد ١٩٧٨، ١٦٠**

# ١. ڕستەی باس:

ئەم جۆرە ڕستانە، ئەوانەن کە بەندن بە باسی دیاردە و حاڵەت و ژیانی دەوروبەر و پەیوەندن بنە ژیانی ڕۆژانەوە، کە نەبستراون بە کاتەوە. ئەم باسانە بە پێچەوانەی رستەی فرماندارەوەیە، وەکو دیاردە و حاڵەت لە ژیان و دەورو بەردا هەن، مرۆڤ لە کاتی باسکردن و پەیوەندی ئەو دیاردانە بە خۆیان و بە ژیانەوە لەگەڵ یەکتردا باسدەکەن. باسەکانیش، کە وەکو دیاردە لە پێش باسکردنیانیش لە سروشتدا هەن و بونیان هەیە. بۆیە باسکردنیان نەبەستراوە بە کاتەوە، چونکە لە پێش ئەوەی قسەیان (باسیان) لە بارەوە بکرێ هەن، کەرەسەی سەرەکی لەم ڕستانەدا بریتیە لە هەواڵ (اسناد خبر، (predicate)(١) کە ئەرکی زۆر فراونترە لە فرمان و هەمو ئەوانە دەگرێتەوە، کە زانیاری لە بارەی نیهادەوە ( non-agentive topic) واتە بکەری تەواو نییە دەدات، نمونە:

- تیشکی خۆر گەرمە.
- ئاو پێویستە بۆ مرۆڤ. ئاو بۆ مرۆڤ پێویستە.
- حەزم لە میوان و گەڕان نییە.
- ئێوە کورن| ئێمە کوردین، من کوردم.
- منداڵەکانی ئێمە قوتابی زیرەکن.
- ڕێگام دورە.

---

١ – بڕوانە بیرو باوەڕی ئەرستۆ لەبارەی جیاوازی نێوان فرمان و هەواڵەوە (المسند- predicate) میلکا ئەفیتش، اتجاهات البحث اللسانی، وەرگێڕ: د، عبدالعزیز مصلوح، د. وفاء کامل فایدە ١٩٩٦، ١٢.

مرۆڤ بەهۆی خو و خەسڵەتەوە دیاریدەکرێ، کە ئەو لە ڕێزمانا پێی دەوترێ (ئاوەڵناو) کە فرمان نییە، کەواتە ڕستەی بێ فرمانی هەیە- ڕاناوی کۆتای ڕستەکە، حاڵەتی ڕێزمانی (ئەرکی) دیاریدەکات.

- شەوی زستان درێژە.
- سەرم کاس و گێژە.
- ناوچەی شاخاوی خۆشە.
- دیمەنی دار و دەوەن جوانە.
- ئاسمان بەرز و بڵندە.
- ئافرەت نیوەی کۆمەڵە.
- تۆ سەربەرزیت.

ئەم نمونانەی سەرەوە وەکو ڕستە کاتیان تێدانییە، چونکە وەکو شتێکی یا دیاردە و حاڵەت هەمیشەیین و لە دەوروبەرا هەن. پێش ئەوەی باسبکرێت (خۆر تیشکی هەیە و گەرمە، ئاو وەکو شتێکی ماتەری (مادی) هەیە و مرۆڤ بەبێ ئاو ناژیت، ئاسمانیش باڵندە، ڕێگا دورو نزیکە، بە شێوەی ڕەهایی یا ڕێژەیی لە ژیان و سروشتا هەن، یا شت و دیاردە هەن بەلای کەسێکەوە وایە بەلای ئەو یا هیترەوە وانییە و بەندنین بە کاتەوە. ئەم نمونانەی سەرەوە بە گشتی بۆ ڕستەی باس خرانە پێشچاو، بەبێ ئەوەی جۆرەکانی ڕستە باسی ڕێژەیی و ڕەهایی لە یەکتر جیابکرێتەوە، لە خوارەوە جۆرەکانی ڕستەی باس ڕوندەکەینەوە.

## جۆرەکانی ڕستەی باس

١. ڕستەی باسی ڕەهایی (تەواو- مطلق)

٢. ڕستەی باسی ڕێژەیی (نسبی- ڕێژەیی)

**<u>١. ڕستەی باسی ڕەهایی</u>**(١)

---

**١ – باسی ڕستە لە ڕوی (باسی ڕەهایی) و ڕێژەییەوە واتە ڕستەی ناوی و ڕستەی فرماندار، بڕوانە: د. رفیق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵە وتارێک، دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠٠٩، ٩٢، ١٠، ١٠٢**

ئەم جـۆرە ڕسـتەیە باسـی ئەو دیـاردە و حـاڵەت و باسـانە دەکـات و نیشاندەدات، کە لە ڕوی بـونەوە، بە شـێوەی ڕەهـایی لە سروشـت و ژیانـا هەن. باسەکانیان لای هەمو کەسێک بونیان وەکو یەکە و شایستەی گومان نین و بیر و باسی جیاواز هەڵناگرن.

بۆ نمونە کە دەڵێین: (ئاسمان بەرز و بڵنـدە) ئەمە باسـێکە لای هەمـو کەسێک وەکو دیاردەیەکە، کە ئاسمان وەکـو شـتێی زانـستی لە زەویـیەوە دورە باسێکە چەسپاوە بونی ئەم دیاردەیە لای هەموان وەکو یەکە و پـێش باسـلێکردن و قـسەکردن لەبـارەیەوە هەیە. بـۆیە بەنـدنین بە کـاتەوە و ڕسـتەکانیان بـێ فرمـانە و دیـاردە و شـتێکی هەمیـشەیین، پێیانـدەوترێ (ڕستەی باسی ڕەهایی) نمونە:

- خوا هەیە.
- بەفر ساردە، زستان ساردە.
- ئاگر گەرمە، تیشکی خۆر گەرمە.
- بەرد ڕەقە.
- ئاو و ئاگر و خاک و هەوا پێویستن بۆ ژیان.

## ٢. ڕستەی باسی ڕێژەیی (کلام نسبی – جملة نسبية)

هەمان پێناسە و ڕونکردنەوەی جۆری ڕستەی باسی ڕەهایی هەیە، تەنها ئەوەنەبێت، کە دیاردە و حاڵەتەکان لە باسـەکاندا هەن لای هەمـو کەسێک وەکو یەکنین و لای هەر کەسێک بە جـۆرێکە، واتە بە شـێوەیەکی ڕێژەیـی هەن و باسـدەکرێن (ڕێژەیـی– نـسبی) (کـلام نـسبی) لە نـاو نمونەکانـا ڕستەی ناوی فراوانکراویش هەیە. نمونە:

- پایز خۆشە. ________ پایز ناخۆشە.
- حەزم لە میوانە. ________ حەزم لە میوان نییە.
- چای بە سودە ________ چای بێسودە.

– دیمەنـی شـاخاوی جـوان و بەرز و خۆشـە. ـــــــــــ دیمەنـی شاخاوی جوان و ناخۆشە.
– ئارینـا کچێکـی کـوردی دڵـسۆز و جـوانە. ـــــــــــ ئارینـا کچێکـی جوان نییە.
– ئەو مامۆسـتایە شـایەنی ڕێزلێنـانە. ـــــــــــ ئەو کـوڕە ئـامۆزای تۆیە.

## تایبەتێتی ڕستەی باس:

به پێی باس و ناوه ڕۆک و کەرەسه پێکهاتوەکـانی ئەم تایبەتێتیـانەی هەیە:

١. ڕستەی باس به هەر دو جۆرەکەیەوە، بریتییه له ڕسـتەی نـاوی بـێ فرمـان چـونکه کـاتی تێـدانییه و باسـەکانی هەمیـشەیین و هەردەم هەن نەبەستراون به کاتەوه بۆیه پێیاندەکرێ بوترێت ڕستەی بێکات (بێ فرمان)

٢. بەشـە پێکهاتوەکـان که نیهـاد و گـوزارەن، گـوزارەکەی واته هەواڵ (الاسناد – predicate) له ناو، ڕانـاو، ئاوەڵنـاو و ئاوەڵفرمـان پێکـدێت. نمونه هەواڵی ناوی (پریدیکەیتی ناوی)(١)

وەک: – کۆبانی کوردە.

گوزارەی ێ وەڵناوی، وەک: – زاگرۆس زیرەکە.

گوزارەی جێناوی، وەک: –ئاڤێستا لەئێمەیە نامەکه لەتۆوە بۆ منە.

گوزارەی ئاوەڵفرمانی،وەک: – ڕێگای کەرکوک لێرەوەیە.

گوزارەی کاتیش دەبێت،وەک: – یارییەکه ئێوارەیە.

---

١ – **پریـدیکەیت predicate واته گـوزارە، گـوزارەی نـاوی، جێنـاوی، ئاوەڵنـاوی، ئاوەڵفرمانی، گوزارەی فرمانی، فرمان واته جۆرێکی گوزارەیه که ڕستەی گوزارەی پێکدێنێ. محمود السعران، علم اللغة ، مصر ١٩٦٨**

٣. ڕستەی باس واتە (ڕستەی بێ فرمان) ئیش و کاری تێدانییە، بەشکو پێکهاتوە لە باسکردنی دیاردە و حاڵەتێکی هەمیشەیی، بۆیە بەشەکانی لە نیهاد و گوزارە پێکدێن. گوزارەکەی هەواڵ (پریدیکەیت) هەردەم وەکو تەواوکەرێک خەسڵەت و تایبەتێتی و سیفەتێک یا ڕونکردنەوەیەک دەداتە پاڵ نیهادەکەی وەکو تەواوکەر (دەرخەر) وایە.

٤. ناوەڕۆکی ڕستەی باس دو جۆرە وەک ڕستەی ڕێژەیی کە باسەکەی لای هەمو کەسێک وەکو یەکنییە و لای هەر یەکەی بە جۆرێکە، کە پێچەوانەی یەکترن وەکو: (زستان خۆشە) لای کەسانیتر ناخۆشە (زستان ناخۆشە) یا لە جۆری باسی ڕەهاییە کە لای هەمو کەسێک وەکو یەکە و بەزۆری دیاردە و حاڵەتە ڕەهاکە، شتێکی زانستی چەسپاوە و گومان لە بونیان ناکرێ، ڕستە ڕێژەیەکە گومانی تێدەکەوێت وەکو: زاگرۆس کوردە— زاگرۆس کوردنییە. هەردوکیانیش کاتی دیاریکراویان لە باسکردا نییە وەکو ڕابردو، ئێستا و ئایندە.

٥. ڕستەیەکە باس و زانیاری تێدایە، چ بۆ شت، شوێن، کەس و بابەتی تر، وەک: ئاو پێویستە، کوردستان خۆشە، ئازاد زیرەکە، هەوا سەرچاوەی هەناسەدانە، گوێز خۆشە.

# چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستەی باس

بۆ ڕونکردنەوەی رستەی باس و دیاریکردنی کەرەسە و ئەرکیان دەستنیشان دەکەین و نمونەی جیاواز لە یەکتر دەهێنینەوە، وەک:

- پاییز خۆشە.

پاییز: ناوی تایبەتییە بۆ کات، نیهادە لە ڕوی ئەرکییەوە لە ڕستەدا.

خۆشە: هەواڵە (پریدیکەیتە (اسناد، خبر) لە (ئوەڵناو+ جێناوی نادیار) بۆ هەیی.

-ئەو کوردە.

ئەو: جێناوی کەسی سەربەخۆیە، بۆ کەسی سێیەمی تاک، نیهادە.

کوردە: هەواڵە (پریدیکەیتە) لە ناوی تایبەتی (کورد) تەواوکەری گوزارەی ناتەواوی (ە)یە. لێرەدا ئەرکی دەرخەر (تەواوکەری- ئاوەڵناوی) بینیوە بۆ گوزارە ناتەواوەکە.

(ە) جێناوی کەسی لکاوە، بۆ کەسی سێیەمی تاک، گوزارە ناتەواوە، لەگەڵ وشەی (کوردە) گوزارەی تەواویان پێکهێناوە، کە پێکەوە هەواڵن بۆ نیهاد (ئەو).

- ئێمە پاکین.

ئێمە: جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، ئەرکی نیهادی ڕستەکەیە.

پاکین: هەواڵە (پریدیکەویتە- ئاوەڵناوە) واتە ئاوەڵناوەکە، کە تەواوکەری گوزارەی ناتەواوی (ین)ە، پێکەوە گوزارەی تەواون دەوری ئاوەڵناوی یا دەرخەر (تەواوکەر)ی نیهادن.

-ڕێگاکە لێرەوەیە.

ڕێگاکە:گرێی ناوییە لە (ناوی گشتی بۆ شوێن لە دۆخی ناسراویدایە) ئەرکی نیهادە.

لێرەوەیە: هەواڵە (پریدیکەیتە) ئاوەڵفرمانە + پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی (ە)

وشەی (لێرەوەیە) کە ئاوەڵفرمانە، ئەرکی تەواوکەری گوزارەی ناتەواوی (ە)یە.

لە ئامرزای پەیوەندی (لە)+ نێرە + یە) پێکهاتوە گۆڕاوە بۆ (لێ) بە هۆی کاریگەری دەنگسازی زمانی زمانی کوردی و نەگونجان و قورسی دەربڕینی (ە) و (ی)، (لە) گۆراوە بۆ (لێ) واتە بە تێچونی دەنگی (ە) بۆ (ێ) لە بەرامبەر دەنگی (ء) هەمزەدا بکەوێتە ناوەڕاستی وشەوە گۆ ناکرێ بۆیە (لە ئێرە) بۆتە (لێرە)

(ە) جێناوی نادیارە بۆ شوێن لە حاڵەتی نادیاریدایە، نادیاریش ئەچێتە خانەی کەسی سێیەمەوە لە ئاخاوتندا.

(وە): پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی (لە)یە، وەکو: لە_____ ەوە|وە.

– هەنگوین شیرینە.

هەنگوین: ناوی گشتیە، بەرجەستەیە، نیهادە

شیرینە: گوزارەیە (هەواڵە) لە ئاوەڵناو+ جێناو، گوزارەیە.

نمونە بۆ ڕستەی ناوی فراونکراو لە بەشی نیهاد و گوزارەشدا: نمونە:

– ئەو گوڵە لە باخچەکەدا گوڵی منە.

ئەو گوڵە: گرێی ناوییە، بۆ نیشانە، نیهادە، لە باخچەکەدا: گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنیە، تەواوکەری گوزارەیە.

گوڵی: تەواوکەری بە خورتی گوزارەی (منە) ناتوانرێ لابدرێ، چونکە ڕستەکە تێکدەچێت بە لادانی.

منە: گوزارەیە لە جێناوی کەسی سەربەخۆ+ جێناوی کەسی لکاو، تەواوکەری گوزارەیە ڕستەکەی تەواو کردوە.

- ئەو مامۆستایە شایانی ڕێزلێنانە (١)

ئەو مامۆستایە: گرێی ناوییە لە (جێناوی نیشانەی تاکی دور+ ناوی گشتی پیشە+ پاشکۆ جێناوی نیشانەی (ئەو) کە (ە)یە.

شایانی: تەواوکەری بە خورتی گوزارەی (ڕێزلێنانە) ناتوانێ لاببرێ چونکە ڕستە هەڵدەوەشێتەوە.

نمونە بۆ تەواوکەری بە خورتی:

- ئەو گوڵی منە.

گوڵ: تەواوکەری بە خورتیە، ناتوانرێ لا بدرێت، چونکە (ئەو منە) ڕستە نییە. بە گۆڕینی (ئەو) بۆ جێناوی تر دەبێتە تەواوکەری بە ئارەزو (optional) لادەدرێت

تۆ منیت، ئەو منم. لە نمونەی ڕستەکە دو جێناوی کەسی پێکەوە نابێ.

- ئەو کوڕی کوردە. کوڕ: تەواوکەری بە ئارەزوە.

## فۆرمی (ە) لە کۆتای ڕستەوە دەردەکەوێت چییە؟

ئەم کەرەسە بەندەی زمانی کوردی، بە شێوەی جیاواز لە کۆتای ڕستەوە دەردەکەوێت.(٢) و بە زۆری ڕستە پێکدەهێنێت. بەم شێوەیە:

١. (ە) وەکو جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک، ئەو کوردە، زەردەشت کوردە.

٢. (ە) وەکو جێناوی هەیی، وەک: ئەو سەربەزە، چاوی جوانە.

---

**١ – د. یوسف نوری محمد امین" سەرنجی بۆ ئەم دو جۆرە ڕستەیە ڕاکێشاوە، بێ ئەوەی هێماکان بۆ هۆیەکەی وەکو یاسایەک، کە تەواوکەری بە خورتی لا نادرێ.**

**٢ – رفیق شوانی، مۆرفیمی (ە) و شێوەی جیاجیای لە ڕستەدا، گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٨) ١٩٩٩، ٢٣٨- ٢٤٤**

٣. (ە) وەکو ئامرازی بانگکردن: هۆ کاکە، ئەرێ مامە، هۆ خاڵە، هۆ شوانە.

٤. (ە) وەکو پاشکۆی جێناوی نیشانە: (٣) ئەم گوڵە جوانە، ئەو شاخە بەرزە.

(ە) ی ناوەند نێوان گوڵ و جوان ئامرازی بەستنە لە ڕستەسازیدا، جیاوازە لە (ە) کۆتای ڕستە.

**بۆچی کەرەسەی (ە) لە کۆتای ڕستەدا فرمان نییە؟**

پێش هەمو شتێک (ە) فرمان نییە، (٤) چونکە فرمان هەمو رەگدارە واتە ڕەگی (root) هەیە یا قەد (steam) بە هۆی فۆڕمی کات و جێناوی لکاوەوە گەردانەکرێت و دەبێتە فرمان. رەگیش بە گشتی ئەگەر واتایشی نەبێت پارێزەری واتای وشەیە.

مۆرفیمی (ە) ئەم تایبەتێتییەی نییە و ڕەگیش نییە، ئەگەرچی لە ڕێزمانی کوردیدا وا دانراوە کەڕابردو، ڕانەبردوی (ە) لە قەدی چاوگی (بوە)ەوە پێکدێت وەکو (بو) ڕابردوە (دەبێت) ڕانەبردوە، کاتی ئێستای (ە) بریتییە لە (هەیە)

ئەم بۆچونەی کە هێنامانەوە کە باویشە لە ڕێزمانی کوردیدا، زانستی نییە و هیچ بنەمایەکی زانستی بەڵگەداری نییە، چونکە هەر وەکو وتمان مۆرفیمی (ە) فرمان پێکناهێنێ و ڕەگی نییە. ڕەگی چاوگی (بون) بریتییە لە (ب) ئەمەش پەیوەندی نییە بە مۆرفیمی (ە) ەوە. ڕەگی فرمانێک نابێتە ڕەگی فرمانی بتر.

---

٣ – رفیق شوانی، ە.س، ژمارە (٢٠) ە.ل

٤ – د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧، ١٤٥

شێوە (ە) لە کۆتای فرمانی ڕابردوی تەواوەوە (٥) (past perfect) بە هۆی پشگری (و)ی بکەری و بەرکارییەوە دەبێتە نیشانەی تەواوی لەگەڵ ڕابردوی سادەدا وەک: هاتوە، سوتاوە، خواردوە.

بۆ سەلماندنی نەبونی کەرەسەی (ە) بە فرمان، وەکو بەڵگەیەکی زانستی ئەوەیە، کە هەمو فرمانێک لە زمانی کوردییا بناغەیەکی وەکو یەکی هەیە، جیاوازنین لە یەکتر ئەویش ڕەگ (root) و قەد (steam) کە بە هۆی نیشانەی کات و جێناوەوە دەمە جیاوازەکانی: ڕابردو، ڕانەبردوی لێوەپێکدێت، کە ئەم دیاردە ڕێزمانییە لە فۆرمی (ە)یا بەدی ناکرێت و ناکرێت بەم شێوەیە لە گەردان بکرێت. نمونە:

من دەم ——— ئێمە دەمین
تۆ دەیت ——— ئێوە دەن
ئەو دەیت ——— ئەوان دەن

} ڕستەنین چونکە (ە) پارێزگاری لە مانەوەی ڕەگی خۆی نەکردوە بۆیە فرمان پێکناهێنێ و جێناوی لکاوی کەسی سێیە.

ئەمە بێجگە لەوەی شێوە (ە) قەدی نییە، تا دەمی ڕابردوی لێوەربگیرێت. بۆیە (ە) نابێتە فرمان، ئەگەر فرمانبێت دەبێ جێناوە لکاوەکانی وەکو (م، یت، ێت، یت، ین، ن)یش فرمانبن، چونکە بەرامبەر شێوە (ە)ن و پێکەوە لە کۆتایی ڕستەی باسەوە (ڕستەی ناوی) دەردەکەون. نمونە

- من کوردم . ______ ئێمە کوردین .
- تۆ کوردیت . _____ ئێوە کوردن .
- ئەو کوردە . ______ ئەوان کوردن .

پاشان لە ڕستەیەکی باس لە دۆخی کاتا کەرەسەی (ە) دەردەکەوێت و بە هەڵە بە فرمان دانراوە، دەبێت دۆخە کۆیەکەی (ە) لە

---

٥ – لێرە بەدواوە لە جیاتی (فۆرم) (شێوە) بە کاردێنین و لە جیاتی (مۆرفیم) (کەرەسە) بەکاردێت. (مۆرفیمی بەند) (کەرەسەی بەند یا کەرەسەی نا سەربەخۆ) مۆرفیمی سەربەخۆ (کەرەسەی سەربەخۆ)یە.

کۆیا که دەبێته (ن) ئەمیش، واته کەرەسەی (ن) له کۆتایی ئەم جۆره ڕستەیەوه به فرمان دابنرێت. نمونه:

ئەم شاخه بەرزه. (ە) بۆ دۆخی تاکه، ئەم شاخه بەرزن (ن: بۆ دۆخی کۆیه)

ئەگەر له نمونەی رستەی (١)دا (ە) فرمانبێت ئەوا دەبێت له ڕستەی (٢)یشدا مۆرفیمی (ن)یش فرمانبێت. بۆیه (ە) نابێته فرمان وەکو ئەوەی له کۆتای ڕستەوه چوار جۆره بەکارهێنانی هەیه، که لەم باسەدا خستماننەڕو. وەکو: جێناوی لکاو، ئامرازی بانگکردن، پاشکۆی جێناوی نیشانه، جێناوی هەیی لێرەدا دەرەکەوێت که (ە) لەو شوێنه جیاوازانەی سەرەوەدا، (١) ڕستەی باس (ڕستەی بێ فرمان) پێکدەهێنێ، جێناو و فرمانیش له زمانی کوردیدا مەحاڵه بەبێ جێناوی لکاو بۆ دەمه جیاوازەکان پێکبێت.(٢) ڕستەش بەهەمان شێوه بەبێ جێناوی لکاو دروست نابێت.

ئایه دەکرێت مۆرفیمی (ە) به فرمانی هەبون (افعال الکینونة) دابنرێت، بەوەی که له زمانی عارەبیدا هەیه، یا بەوەی چونکه له زمانه ئارییەکانا، ڕستەی بێ فرمانی نییه یا (verb to be)ی هەیه، دەبێت له زمانی کوردیشا هەبێت. ڕسته له زمانی کوردی فرمانی (بو) بۆ دەمی رابردو (دەبێت)یش بۆ دەمی ڕانەبردو له چاوگی (بون)ەوه وەردەگیرێت. فرمانی (هەبو) به هۆی کەرەسەی (هە)ەوه له کوردیدا هەیه، ئیتر (ە)ش دەبێت به هەڵه بکرێته فرمان و ڕستەی(verb to be) پێکبهێنێت و کاتی ئێستای بدرێتێ. هەمو نمونەکانی ڕستەی باس بون، ڕستەی بێ فرمان له زمانی کوردیدا دەسەپێنێت.

کاتێک که ڕستەیەکی (verb to be) زمانی ئینگلیزی دەکرێته کوردی بیرۆکەی بونی ڕستەی بێ فرمان گەوره دەکات، واته بونی ڕستەی ناوی له

---

١ – د. رفیق شوانی، شێوەی جیا جیای له ڕستەدا، گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٨) ٢٣٨- ٢٤٤

٢ – مەسعود محەمەد، سوڕی خامه به دەوری راناودا، ٧١

زمـانی کوردییـا، یـا دو ڕسـتـەی زمـانی ئینگلیـزی و کـوردی لە حـاڵەتی (verb to be) کە لە ئینگلیزیا هەیە و لە کوردییا نییە بەراورد بکەین، ئەوسا بڕیار بدەین بە بون و نەبونی.

لەم نمـونەیەدا جێنـاوی کەسـی سـەربەخۆ لە ڕسـتە کـوردییەکەدا (مـن) بەرامـبەر (i)ی جێنـاوە ئینگلیـزیەکە ڕادەوەسـتێت، واتە جێنـاوی کەسـی سەربەخۆ: من pronoun وەکو یەکن

جێناوی کەسی لکاو: م am فرمانی ناتەواو جیاوازن.

ناوی کوڕ a boy ناو وەکو یەکن

لێرەدا ئەوەی پێویستە و جێگای مەبەستە بۆ ئەم باسە، جێناوی لکاوی (م) کە بەرامـبەر لەگەڵ (فعـل الکینونـة- verb to be)ی (am)ی ئینگلیزی جیاوازن لە یەکتر، بۆیە ناکرێ جێناوی کەسی لکاوی (م) یا هی کەسی سێیەمی تاک کە (ە)یە لەگەڵ رستەی ناوییا بە فرمان دابنرێـت، یـا لە ڕستەیەکیتر لە حاڵەتی کۆدا، وەکو: ئێمە کوردین- we are Kurds

جێنـاوی کەسـی سـەربەخۆ: ئـێمە ـــــ we وەکـو یەکتـرن جێنـاوی کەسی سەربەخۆن.

جێناوی کەسی لکاو: ین ـــــ are فرمانی ناتەواو و جیاواز لە یەکتر.

کەواتە لێـرەدا بە ئاسـانی دەردەکەوێـت، کە (are)ی فرمـانی نـاتەواو (verb to be) لە زمـانی ئینگلیزییـا بەرامـبەر جێنـاوی کەسـی لکـاوی یەکەمی کۆ ڕادەوەستێت، کە جیاوازن لەیەکتر و بونی فرمانی (verb to be) لە ئینگلیزی دەردەخـات و ئەوەش دەسـەلمێنێ، کە ڕسـتەی بـێ فرمـان لە زمانی کوردییا هەیە و ڕستەش بێ جێناوی لکاو دروست نابێت. ئەگەر چی ئەم دو زمانە لە یەک خێزانە زمانی ئارین، واتە زاگرۆسین، بەڵام هەر زمانە تایبەتێتی خۆی هەیە جێناوە لکاوەکانی وەکـو (م، ە، ین) نـابنە فرمـانی هەبـون(١) ئەم جـۆرە ڕسـتـەیە، کە جـۆری رسـتـەی نـاوین لە زماننـاسـی

---

١ – **مسعود محمد، سوڕی خامە بەدەوری ڕاناودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ب٢، بەشی |١، ١٠٣**

ئینگلیزیدا پێیدەوترێت: copula ( فعل رابط Copulative verb) لە کوردیدا بە پێی واتا و ئەرکی ئەم بابەتە ڕێزمانییە، وشەی (فرمانی وابەستەیی- بەستە فرمان) بەرامبەری دەگرێتەوە، کە دەکاتە جێناوە لکاوەکان ڕستەی ناوی پێکدێنن بە هۆی ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و ژمارەوە.

پێناسەکەی: فرمانی وابەستەیی (جێناوی وابەستەیی) جێناوێکە ئەرکە سەرەکییەکەی بەستانەوەی نیهادە بە گوزارەوە،(٢) وەکو (ین، ن، م، ە، یت) نمونە لە ڕستەدا:

- من کوردمم ئەو کوردە، ئێمە کوردین، ئێوە|ئەوان کوردن.

لە زمانی ئینگلیزیدا وەکو: ( he is a doctor, we are doctors (are, is

٢ – د. محمد على الخولى، معجم اللغة النظرى، ٦٠

# جۆری ڕستەی باسی ناوی لە ڕوی پێکهاتەوە

تـا ئێـستا وازانـراوە تەنیـا ڕسـتەی فرمـانی هەیە، هەر ئەم جـۆرە ڕسـتەیەش لە ڕوی پێکهـاتنەوە سـادە و لێکـدراو و ئـاڵۆزی هەیە. ئەمە بۆچـون و بیرکردنەوەیەکـی نادروسـتە، چـونکە لە زمـانی کوردیـدا وەکـو خستمانەڕو، کە ڕستەی نـاوی هەیە و هەروەکو ڕستەی فرمـانیش لە ڕوی پێکهاتنەوە، ڕستەی سادەی ناوی و ڕستەی لێکدراوی نـاوی و ئـاڵۆزیش هەیە.

<u>١. ڕسـتەی سـادەی نـاوی:</u> ڕسـتەیەکە لە یەک گـوزارە (هەواڵ- پریدیکەیت) پێکهاتوە، واتە لە نیهاد و گوزارەیەک: نمونە یاساکەی: نیهاد + گوزارە (تەواوکەر+ گوزارەی ناتەواو)

- زستان ساردە.
- ئەوان کرێکارن.
- ئێمە لێرەین.
- ئەوان سەدانن.
- قوتابییەکان بە دەیانن.
- ئێمە چوارین.

<u>٢. ڕستەی لێکدراوی نـاوی:</u> ڕستەکە لە دو گـوزارە پێکـدێت. وەکـو: یاساکەی: ڕستەی سادە|١ ( نیهاد + ئـامرازی بەستن+ ڕستەی سادە|٢ (نیهاد + ئامرازی بەستن+ گوزارە)

- من مامۆستام و ئەوان قوتابین. — من مامۆستام+ و — ئەوان قوتابین

- زسـتانان سـەرما و سـۆڵەیە بەڵام هاوینـان تـۆز و بـایە.(ڕسـتەی |١+ ئامرازی لێکدەر+ ڕستەی |٢)

- ئـازاد نه قوتـابيه و نه مامۆستاشـه. (ئـامرازى لێكـدەرى (نه- نه) بـۆ نەرێیه)
- ئێوه كرێكارن و مامۆستاشن .        ( ئامرازى (و) )
- ئەو هەم ژنى ماڵه هەم پياويشه.        (ئامرازى جوتەى هەم- هەم)
- ئێستا هەم بەهاره و هەم زستانيشه.   (هەم زستانيشه)
- چ كورده و چ فارسه وەكو يەكن.        ( ئامرازى چ-چ)
- چ له شاخه و چ له شاره ماڵى وێرانه. ( چ- چ) ڕستەى | ٢ ئەنجامه.
- پيرۆت هەژاره كەچى چاو تێره.        (ئامرازى كەچى)
- ئەو هەم مامۆستاى قوتابخانەيه هەم مەلاى دێيه. (هەم- هەم)
- هەژاريشه ئەگينا چاوتێره.        (ئەگينا: ئامرازه)
- ئێمه يان سواڵكەرين يان بەخێوكەرين. (يان- يان)
- يا من مامۆستام يا ئەو. (١)

٣. ڕستەى ئاڵۆزى ناوى (باس)

ڕستەيەكه له لاڕستەيەكى جۆراو جۆر و له شاڕستەيەك پێكدێت، كه به هەردوكيانەوه ڕستەى ئاڵۆزى ناوى پێكدێنن. نمونه:

- ئەوەى له قوتابخانەكەيه، مامۆستاى زمانى كوردييه.

لاڕستە: ئەوەى له قوتابخانەكەيه، شاڕستە: مامۆستاى زمانى كوردييه.

لاڕستەكه، لاڕستەى شوێنييه.

- ئێمه چونكه كوردين ئازا و نەبەردين.

---

١- بۆ چۆنەيەتى و واتاى بەكارهێنانى ئامرازه لێكدەرەكانى ڕستەى لێكدراوى ناوى و دوبارە نەبونەوەى بەشەكانى ڕسته له نيهاد يا گوزاره و جێناوەكەى وەكو ياسايەك. بڕوانه ڕستەى لێكدراو و ئامرازەكانى لەم كتێبەدا به وردى باسكراوه، بۆيه دوبارەمان نەكردەوه.

ئـێمە چـونکە کـوردین: لاڕسـتەیەکی نـاوییە، ئـێمە ئـازا و نەبەردیـن: شارستەیە.

- هاوسێکەمان لە سەردانن بۆیە لە ماڵنین.

هاوسـێکەمان لە سـەردانن: شاڕسـتەیە. بـۆیە لە مـاڵنین: شاڕسـتەی هۆییە.

- هەرچەندە ڕێگاکە دورە بەڵام خۆش و تەختە.

هەرچەندە ڕێگاکە دورە: لاڕستەی جەختکردنە. بەڵام خۆش و تەختـە: شاڕستەیە.

- ئەگەرچی مامۆستا و نوسەریشە بەڵام تورە و توندە.

ئەگەرچـی مامۆسـتا و نوسەریـشە: لاڕسـتەی جەخـتە. بەڵام تـوڕە و توندە: شاڕستەیە.

- لەبەر ئەوەی نەخۆشە بۆیە بێهێز و کەم خوێنیشە.

لەبەر ئەوەی نەخۆشـــە: لاڕســـتەی هــۆیی. بێهێـــز و کەم خوێنیـــشە: شاڕستە،

- مامۆستاکانی ئاوایی کە کوردن خەڵکی کوردستانن.

مامۆستاکانی ئاوایی کە کوردن: لاڕستەی جەخت. مامۆستاکان خەڵکی کوردستانن: شاڕستە

- ئەگەر مامۆستایە بۆ ئەوەندە نەزانە.

ئەگەر مامۆستایە: لاڕستەی گومان. بۆ ئەوەندە نەزانە: شاڕستە

**تێبینی:**

ئــامرازە گەیەنەرەکــانی لاڕســتەکە لە هەنــدێک جۆریــدا شــوێنی یەک دەگــرنەوە، بە پێــی پەیوەنــدی ســتونی هــاورەگەزی. ئەم تــایبەتێتیە و هیتریش لە رستەی ئاڵۆزی فرماندا باسکراون، بۆیە دوبارە ناکرێنەوە.

# ٢. ڕستەی فرماندار

جۆرێکە لە ڕستە، کە فرمانی جۆرا و جۆری تێدایە و کاتی جیاوازی هەیە. کات و دەمەکانی فرمان لە ڕستەی زمانی کوردیدا سێ کاتی لەیەکتر جیاوازە. وەک: ڕابردو، ئێستا، داهاتو.(١) ڕابردوش چوار جۆرە:

**<u>١. فرمانی کاتی ڕابردو:</u>**

باس لە کار و فرمان و کردەوەیەک دەکات لە دەمی رابردودا ڕویدابێت. وەک: ڕۆیشت، خواردی، کەوت...هتد

**<u>چۆنیەتی پێکهاتنی:</u>** قەدی جاوگ+ جێناوی کەسی لکاو کە جێگری بکەری فرمانی ڕستەکەیە، ئەمجا فرمانەکە تێنەپەڕ یا تێپەڕبێت. نمونە:

ڕۆیشت+ م = ڕۆیشتم.      خوارد+ م= خواردم

بۆ کەسی تاک و کۆ، بۆ تێنەپەڕ لەگەڵ کۆمەڵەی دوەمی جێناوە کەسیە لکاوەکان:

-من ڕۆیشتم. ــــــ ئێمە ڕۆیشتین.      م ــــــ ین

-تۆ ڕۆیشتیت. ــــــ ئێوە ڕۆیشتن.      یت ــــــ ن

-ئەو ڕۆیشت.∅ ــــــ ئەوان ڕۆیشتن.      ∅ ــــــ ن

بۆ تێپەڕ: لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە کەسیە لکاوەکانا، وەک:

-من خواردم. ــــــ ئێمە خواردمان.      م ــــــ مان

-تۆ خواردت. ــــــ ئێوە خواردتان.      ت ــــــ تان

-ئەو خواردی. ــــــ ئەوان خواردیان.      ی ــــــ یان

---

**١ – رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ٧٥**

**∅: نیشانەی دەرنەکەوتنی شێوەکەیەتی، ئەرکداریشە واتە کەرەسەیەکی ئەرکداری بێ شێوەیە.**

له هەردو دەمەکە و له هەمو فرمانێکا له زمانی کوردیدا، فرمان بەبێ جێناوی کەسی لکاو پێکنایەت، چونکە بەبێ جێناوەکە نە کات و نە واتا و نە فرمانیش پێکنایەت. بۆیە بە پێچەوانەی ئەوەی هەیە، کە دەوترێت فرمان بزوێنەری رستەیە، یا بەبێ جێناوەکان نمونەکە دوبارە بکەینەوە:

- من خوارد ـــــــــ ئێمە خوارد.
- تۆ خوارد. ـــــــــ ئێوە خوارد.
- ئەو خوارد. ـــــــــ ئەوان خوارد.

لەم حاڵەتەی سەرەوەدا ئاخاوتنی تەواو واتە رستە پێکنەهاتوە، ئەگەریش پێکبێت ئەوا له حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدایە، چونکە ئەویش نادیارە و بکەر له ڕستەدا دەرنەکەوتوە.

## جۆرەکانی فرمانی ڕابردو

**١. ڕابردوی نزیک:** جۆرێکە له فرمان کاتی رودان و کردنی کەوتۆتە ڕابردوێکی نزیک له ڕودانیەوە، واتە کاتی پێش ئاخاوتن و باسکردنی بە ماوەیەکی کەم و نزیک کراوە یا ڕویداوە. بڕوانە نمونەکانی پێشتر له باسی فرمانی ڕابردو بە گشتی، کە خستمانەڕو، یاسای پێکهاتنی:

قەدی چاوگ + جێناوی لکاو+ فرمانی ڕابردوی نزیک = من چوم.

- من ڕۆیشتم. ـــــــــ ئێمە ڕۆیشتین.
- من خوێندم ـــــــــ ئێمە خوێندمان.

**٢. ڕابردوی تەواو:** فرمانێکە له ڕابردودا ڕویداوە و رودانی ئیش و کار یا ئیشکردنی هەر له ڕابردودا تەواوبوە، یاساکەی: قەدی چاوگ+ نیشانەکانی تەواوی (وە) + جێناوی کەسی لکاو(١)

---

**١ – بۆ یاسای پێکهاتنی فرمانی ڕابردوی نزیک و تەواو، رفیق شوانی، زمانەوانی، هەولێر ٢٠٠٩، ٦٠**

نمونە بۆ تێنەپەڕ: ڕۆیشتوە چۆنیەتی گەردانکردنی لە ڕستەدا:

| | | |
|---|---|---|
| من ڕۆیشتومە . | ئێمە ڕۆیشتوینە . | م ـــــــ ین |
| تۆ ڕۆیشتویتە . | ئێوە ڕۆیشتونە . | یت ـــــــ ن |
| ئەو ڕۆیشتوە . | ئەوان ڕۆیشتونە . | Ø ـــــــ ن |

بۆ تێپەڕ (ڕابردوی تەواو)

| | | |
|---|---|---|
| من خواردومە . | ئێمە خواردومانە . | م ـــــــ مان |
| تۆ خواردوتە . | ئێوە خواردوتانە . | ت ـــــــ تان |
| ئەو خواردویە . | ئەوان خواردویانە . | ی ـــــــ یان |

(ە)ی کۆتای فرمانەکە، کەوتۆتە ناوەندی نیشانەکەوە کە (وە)یە، بەشێکە لە نیشانەی کاتی تەواوی فرمانەکە، جێناوە لکاوەکە چۆتە نێوانیانەوە. ئەم جۆرە فرمانە ڕابردوە بە تێپەڕ و تێنەپەڕیەوە لە ڕستەدا تەواوکەر و بەرکار وەردەگرن، بەڵام تێنەپەڕ بەرکار وەرناگرێت. نمونە، بۆ تێنەپەڕ:

من بە پێ ڕۆیشتومە .

تۆ بەشەو هاتویتەوە .

بۆ تێپەڕ: من نانم خواردوە . — من بە پەلە نانم خواردوە .

نان: بەرکارە لە هەردو ڕستەکەدا .

بەپەلە: ئاوەڵفرمانی چۆنیەتیە، تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانەکەیە .

**٣ . <u>ڕابردوی بەردەوام</u>:** کاتی ڕودانی یا کردن و جێبەجێکردنی کار و فرمانی ڕستەکە لە ڕابردودا دەستی پێکردوە و تا کاتی قسەکردنیش بەردەوامی هەیە، یاسای پێکهاتنی:

بۆ تێپەڕ: نیشانەی بەردەوامی + قەدی چاوگ + جێناوی کەسی لکاو

دە + چو + م= دەچوم.

گەردانکردنی لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا:

- من دەچوم. ـــــــ ئێمە دەچوین. م ـــــــ ین

- تۆ دەچویت ـــــــ ئێوە دەچون. یت ـــــــ ن

- ئەو دەچو Ø ـــــــ ئەوان دەچون. Ø ـــــــ ن

ئەم فرمانە لە ڕستەدا تەواوکەری جۆراوجۆر وەردەگرێت، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە گرێی ناوی، ئاوەڵناوی، چۆنیەتی، سوێند خواردن...هتد. نمونە:

من ئێوارە دەچوم بۆ بازاڕ. ئێوارە، بۆ بازاڕ. تەواوکەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ کات و شوێن.

من بەخێرای دەڕۆیشتم. بەخێرای: گ ئا چ. تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.

بەخوا من دەڕۆیشتم. بەخوا: گرێی ناوی، سوێند خواردنە. تە ناڕا.

من باش دەڕۆیشتم. باش: ئاوەڵناوە بۆتە ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی ئەرکی (ت ڕا).

**ڕابردوی بەردەوام بۆ تێپەڕ:**

نیشانەی بەردەوامی+ جێناوی کەسی لکاو+ قەدی چاوگ

دە + م+ خوارد، جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە نێوان نیشانەکە و قەدەکەوە.

چۆنیەتی گەردانکردنی: بکەر+ بەرکار+ جێگری بکەر+ فرمان

- من نامەم دەنوسی. ئێمە نامەمان دەنوسی.

- تۆ نامەت دەنوسی. ئێوە نامەتان دەنوسی.

- ئەو نامەی دەنوسی. ئەوان نامەیان دەنوسی.

ئەم جۆرە فرمانە لە ڕستەدا بەرکار و تەواوکەر لە ناو، ئاوەڵناو، گرێی ناوی و ئاوەڵناوی و گرێی ئاوەڵفرمانی و گرێی سوێند خواردن وەردەگرێت. نمونە:

نامەم دەنوسی، باش دەمنوسی، بە باشی کارم دەکرد، بە شەو کارم دەکرد، بە خوا سوێند دەخۆم، بە گۆڕی باوکم نزام بۆت دەکرد.

- باش دەمنوسی. باش: ئاوەڵناوە بۆتە ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی ئەرکی (تە ڕا)

- بە باشی کارم دەکرد. بە باشی: گ، ئا چ، (تە ناڕا) کار: ناوە، بەرکارە .

- بە شەو کارم دەکرد. بەشەو: (گ ئا ک) ، (تە ناڕا)

- بەخوا سوێند دەخۆم. بەخوا: گ ن، بەرکاری ناڕاستەوخۆیە بۆ سوێند.

هەمو فرمانە تێپەڕەکانی تر ئەم جۆرە کەرەسە و ئەرکانەیان دەگرنە خۆ.

## تێبینی:

+ لە حاڵەتی ڕستەی فرمان تێپەڕدا، جێناوە لکاوە کەسییە بکەرێکە، ئەگەر تەنیا فرمانەکە بو لە ڕستە لەگەڵ بکەردا، دەچێتە سەر قەدەکە، ئەگەر بەرکارت زیادکرد دەچێتە سەر بەرکار. نمونە:

من دەمنوسی. جێناوەکە لکاوە بکەریەکە چۆتە سەر قەدی فرمانەکە.

من کارمدەکرد. جێناوەکە لکاوە بکەرییەکە چۆتە سەر بەرکاری فرمانەکە.

+ ئەگەر بکەر و بەرکار وەکو وشە سەربەخۆ لە ڕستەدا نەبێت، ئەوا بە جێناوی کەسی لکاو جێگیر دەکرێت. ئەم حاڵەتە یا شوێنی جێناوە لکاوەکە بە پێی جۆری فرمانە تێپەڕەکە لەڕوی کاتەوە دەگۆڕێت. نمونە:

بۆ ڕابردوی تێپەڕ: دەتنوسی. ت: بکەرە، م: بەرکارە، واتە بەم شێوەیە: نیشانەی کات+ جێناوی کەسی بەرکاری (م)+ جێناوی کەسی لکاوی بکەری (ت)+ قەدی رابردوی بەردەوام| تێپەڕ.

بۆ ڕانەبردوی تێپەڕ: دەتنوسم

نیشانەی کات+ جێناوی کەسی لکاوی بەرکاری (ت)+ ڕەگی فرمان+ جێناوی کەسی لکاوی بکەری.

لە حاڵەتی رستەی فرمانی ڕابردوی نزیک و تەواو و بەردەوامی تێپەڕا جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە سەر بەرکاری ڕستەکە، وەک: من نانم خواردوە، من نانم دەخوارد.

لە ڕابردوی نزیکدا بە دیارنەبونی بەرکار لە ڕستەدا جێناوە بکەرییەکە دەچێتە سەر قەدی فرمانەکە، وەکو لە یاسا پێکهاتندا دەرمانخست.

**٤. ڕابردوی دور:** فرمانێکە ڕوداوی کردار و ئیشەکە لە جێبەجێکردنیا لە ڕابردویەکی دورا تەواو و رویداوە. یاساکەی:

قەدی چاوگ+ نیشانەی فرمانی دور+ جێناوی کەسی لکاو

-خوارد+ بو+ م= خواردبوم. بۆ تێپەڕ

بۆ ڕابردوی تێنەپەڕ

ڕۆیشت+ بو+ م= ڕۆیشتبوم، هاتبوم.

ئەم دو جۆرە فرمانی ڕابردوە بە تێنەپەڕ و تێپەڕەوە، کەرەسە و بەشە بنجییەکانی خۆیان لە ڕستەدا وەردەگرن. بۆ نمونە فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕ تەواوکەر و تێپەڕیش بەرکار وەردەگرن. نمونە:

بۆ ڕابردوی دوری تێپەڕ: من بۆ بازاڕ چوبوم.

- من دوێنێ بۆ بازاڕ چوبوم، چوبومە بازاڕ. لە دوەمدا (بۆ) جێگیرکراوە بە ئامرازی (ە) بە هۆی جێناوی لکاوەوە.

بۆ بازاڕ: گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنییە تەواوکەری فرمانە بۆ دیاریکردنی شوێنی ڕودان و کردنی کارەکە، (دوێنێ)یش ئاوەڵفرمانی کاتییە تەواوکەری فرمانی (چوبوم)ە بۆ دیاریکردنی کاتی کردنی فرمانەکە.

بـۆ رابـردوی دوری تێـپەڕ: مـن نـانم خواردبـو، مـن نـانم بە پیـازەوە خواردبو. نان بەرکاری ڕاستەوخۆی فرمانی ڕابردوی دوری خواردبو، (بە پیازەوە) بەرکاری ناڕاستەوخۆی یا بەرکاری دوەمی هەمان فرمانە.

- نانم بە کەوچک خواردبو.

بە کەوچک: تەواوکەری ڕاستەوخۆیە بۆ هۆ.

## 2-فرمانی کاتی ئێستا:

فرمـانی ئەم جـۆرە ڕسـتانە کـردن و ڕودان و جێبەجێکردنـی لە لایەن بکەریەوەیە. دەکەوێتە کات و دەمی ئێستاوە. یاسای پێکهاتنی:

ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستا+ نیشانەی کات+ رەگی چاوگ+ جێناوی کەسی لکاو

ئێستا، ئەوا، وا، ئەوە، هەنوکە (١)+ دە + چ+م = ئێستا دەچم.

بۆ تێنەپەڕ: ئێستا ئەوا دەچم.

بۆ تێپەڕ: ئاوەڵفرمـانی کـاتی ئێستا+ نیشانەی کـات+ ڕەگـی چـاوگ+ جێناوی کەسی

ئەوا، وا، ئەوە، هەنوکە+ دە+ خۆ+م= ئەوا دەخۆم.

چۆنیەتی گەردانکردنی فرمانی کاتی ئێستا بە هۆی جێناوەوە:

بۆ تێنەپەڕ:

- من ئێستا دەچم. ـــــ ئێمە ئێستا دەچین. م ـــــ ین

---

**١ – د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی ٥ کردار، سلێمانی ٢٠٠٠، ١٩٧٧**

**لەمەودوا: گ ئا ش: گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنیە، گ ئا چ: گرێی ئاوەڵفرمانی چۆنیەتیە، گ ئا ک: گرێی ئاوەڵفرمانی کاتیە، بەک: بەرکار، بە ک ڕ: بەرکاری ڕاستەوخۆیە، بە ک نارا: بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، تە: تەواوکەر، تە ڕا: تەواوکەری راستەوخۆ، تە ناڕا: تەواوکەری ناڕاستەخۆ.**

- تۆ ئێستا دەچیت. ـــــــ ئێوە ئێستا دەچن.   یت ـــــ ن
- ئەو ئێستا دەچێت. ـــــ ئەوان ئەستا دەچن.   ێت ـــــ ن

بۆ تێپەڕ، لە چاوگی (نوسین)

- من ئەوا دەنوسم ـــــ ئێمە ئەوا دەنوسین.   م ـــــ ین
- تۆ ئەوا دەنوسیت. ـــــ ئێوە ئەوا دەنوسن.   یت ـــــ ن
- ئەو ئەوا دەنوسێت ـــــ ئەوان ئەوا دەنوسن.   ێت ـــــ ن

فرمانی کاتی ئێستا بە هەردو جۆری تێپەڕ و تێنەپەڕیەوە تەواوکەر و بەرکار وەردەگرن. نمونە:

بۆ تێنەپەڕ

- من ئەوا دەچم بۆ بازاڕ. بۆ بازاڕ: گ ئاش، تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە.

- ئێمە ئەوا بە شەو دەچین. بەشەو: گ ئا ک، تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە.

- ئەو ئێستا بەپەلە دەڕوات. بەپەلە: گ ئا چ، ئاوەڵفرمانی چۆنیەتیە، تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە

نمونە بۆ بەرکار و تەواوکەری ڕستەی فرمانی کاتی ئێستای تێپەڕ:

- من ئەوا نان دەخۆم. نان: ناوە، بەرکاری ڕاستەوخۆی فرمانی تێپەڕە.

- ئێمە بەرد دەگرینە دوژمن. بەرد، دوژمن: بەرکاری یەکەم و دوەمن، ڕاستەوخۆی فرمانین.

- من نان بە پیازەوە دەخۆم. نان: بەرکاری راستەوخۆیە، بەپیازەوە: بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.

## 3-فرمانی کاتی داهاتو:

ئەم جۆرە فرمانە کاتی رودان و جێبەجێکردنی دەکەوێتە کاتی داهاتووە، بەهۆی ئاوەڵفرمانی کاتی(١) داهاتۆوە پێکدێت، وەک: دوایی، لە پاشان، دەمێک...هتد

(دوایی دێم، دەمێک دەمێنمەوە، لە پاشان پێت دەڵێت، دوای نان دەخۆم)

یاسای پێکهاتنی فرمانەکە، بۆ تێنەپەڕ:

بکەر+ ئاوەڵفرمانی کاتی داهاتو+ نیشانەی کاتی داهاتو+ ڕەگی چاوگ+ جێناوی کەسی لکاو

من + دوایی+ دە+ڕۆ (ڕۆیشتن)+م = دوایی دەڕۆم.

بۆ فرمانی داهاتوی تێپەڕ:

بکەر+ ئاوەڵفرمانی کاتی داهاتو+ دە+ خۆ (خواردن)+م= ڕابردوی داهاتو، من دەخۆم.

لە حاڵەتی بونی بەرکار لە ڕستەدا: یاسا

بکەر+ ئاوەڵفرمانی کاتی داهاتو+ بەرکار+ نیشانەی کات+ ڕەگ+ جێناو= فرمان

من + دوای+نان+دە+خۆ + م = دوای نان دەخۆم.

ئەم جۆرە ڕستەی فرمان داهاتوە بە تێپەڕ و تێنەپەڕیەوە وەکو جۆرەکانی تری فرمان کەرەسەی پێویست و بەشە بنجییەکانی ڕستە لە بەرکار، تەواوکەر و ئاوەڵفرمان بە جۆرەکانیانەوە وەردەگرن. نمونە:

بۆ تێنەپەڕ:

- من دوایی دەڕۆم بۆ بازاڕ.   دوای: ئاک، ئاش
- من دوایی بەپەلە دەڕۆم بۆ بازاڕ.   بەپەلە: ئاچ

---

١ - بۆ ئاستەکان و چۆنیەتی پەیوەندییان، بڕوانە: د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چ٢، کەرکوک، ٢٠١٤، ١٤

- من به چوار کاتژمێر دەگەمە کەرکوک.     ئاژ: ئاوەڵفرمانی ژمارە.

- من گەلێکجار بە پێ دەچمە کەرکوک.      گەلێکجار: ئا ڕ

(ئاوەڵفرمانی ڕادە)، بەپێ: ئاهـ. (ئاوەڵفرمانی هۆ).(٢)

بۆ تێپەڕ:

-من شەوانە بە باشی، کەم ئەرکەکانم بە پێنوس دەنوسم.

لەم ڕستەیە ئەم بەشانە هەن: بکەر، ئاوەڵفرمانی کاتی، ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی، ئاوەڵفرمانی ڕادە، بەرکاری ڕاستەوخۆ، ئاوەڵفرمانی هۆ.(٣)

فرمانی داهاتو بێجگە لە ئاوەڵفرمانی کاتی، کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی لە ڕێژەی فرمانی ڕابردوو ڕانەبردوی جاوگی (ویستن)یشەوە، کە دەچێتە سەر ڕێژەی فرمانی ڕانەبردویی و  فرمانی کاتی داهاتو لە حاڵەتی گوماندا پێکدەهێنێت. وەک:

- من دەمەوێت بچم بۆ بازاڕ.

- من ویستم بچم بۆ بازاڕ.

ئەم جۆرەش بە هۆی ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستاوە دەکرێتەوە بە فرمانی کاتی ئێستا. وەک:

من ئێستا دەمەوێت بچم بۆ بازاڕ.

هەمان حاڵەت دیسان بە هۆی ئاوەڵفرمانی کاتی داهاتۆوە، دەکرێتەوە بە فرمانی داهاتو، نمونە:

من دوای دەمەوێت بچم بۆ بازاڕ. ئەوم دو حاڵەت و دۆخەی فرمانی دەبنەوە ڕستەی فرمانی داهاتو، کە هیچ گومان ناهێڵێتەوە، لە داهاتویی ڕودانی فرمانەکە.

---

٢ -ئا هـ: ئاوەڵفرمانی هۆ.

٣ -بۆ جۆرەکانی ئاوەڵفرمان بڕوانە، رفیق شوانی، ه.س، ٨١-٨٢

## ڕستەی فرمانی ناتەواو

ڕستەیەکە جۆری فرمانەکەی لە ڕوی واتاوە ناتوانێت بە تەنیا ئەرک و مەبەستەکەی بگەیەنێت، بۆیە پێویستی بە وشەیەکە دەبێتە تەواوکەری تا مەبەستەکەی رونبکاتەوە. نمونە بۆ دەمی رابردو:

- من بوم.

ڕستەکە ناتەواوە، نازانرێت بکەری رستەکە، کە بزوێنەری فرمانەکەیە بۆتەچی، لەبەر ئەوەی وشەی (بون) کە چاوگە خۆی و فرمانەکانی کە لێوەی پێکدەهێنرێت بەند و وابەستەن بە شتی ترەوە. واتە ئەوەی (بوە) یا (دەبێت) چی بوە؟ یا کێ بوە؟ چونکە (بون) بەندە بە بوەرێکەوە ئەمجا بوەرەکە شت بێت یا مرۆڤ. بۆیە ڕستەکە وایلێدێت:

- من بوم بە مامۆستا. بۆ دەمی ڕابردەوە، ڕستەکە.
- من دەبم بە مامۆستا. بۆ دەمی ڕانەبردوە، ڕستەکە.

هەمان ئەم دو رستەیە بە هۆی جێگیرکردنی ئامرزای پەیوەندی (بە)ەوە جێگیردەکرێت بە جێناوە کەسیە لکاوەکەوە. نمونە

- من بومە مامۆستا: بۆ ڕابردوە. — من دەبمە مامۆستا: بۆ ڕانەبردو

ئەم جۆرە فرمانە لە زمانی کوردیدا، تەنیا لە چاوگی (بون)ەوە وەردەگیرێت و وەکو فرمانی تر لە ڕستەدا بێجگە لە تەواوکەری بە خورتی تەواوکەری بە ئارەزوش optional وەردەگرێ.(١)

وەک: من لەگەڵ تۆ دەبمە مامۆستا. لەگەڵ: تەواوکەری بە ئارەزوە.

---

١ – رفيق شوانی، زمانەوانی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ٦٣-٦٥

# جۆری ڕسته له ڕوی ڕێژەی فرمانەوە

فرمان لە ڕوی ڕێژەوە ئەم جۆرانەی هەیە، بە نمونەوە باسیان دەکەین:
ا. ڕێژەی ڕابردوی مەرجی جۆرەکانی (نزیک، تەواو، بەردەوام و دور)
ب. ڕێژەی ڕانەبردوی مەرجی
ج. ڕێژەی داخوازی

**<u>١.ڕێژەی مەرجی بۆ ڕابردو:</u>** نیشانەی مەرجی+ پاشکۆی ڕێژەی مەرجی + ب+ با+ ایە

**ا. ڕێژەی ڕابردوی مەرجی نزیک و چۆنیەتی گەردانکردنی/ بۆ تێنەپەڕ:**

یاساکەی: قەد+ قەدی چاوگی بون (با)+ جێناوی کەسی لکاو

من کەوت+ با+م=من کەوتبام

- من کەوتبام ــــــ ئێمە کەوتباین. م ــــــ ین
- تۆ کەوتبایت ــــــ ئێوە کەوتبان. یت ــــــ ن
- ئەو کەوتبا.Ø ــــــ ئەوان کەوتبان. Ø ــــــ ن
- ئەگەر لەوانەی کوردی کەوتبام نە دەهاتمەوە.

هەمان کۆمەڵەی دوەمی جێناوەکان وەردەگرێت، کە دەچنە سەر فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕی هەواڵی.

**ب. ڕێژەی ڕابردوی مەرجی نزیک بۆ تێپەڕ:**

یاساکەی: قەدی چاوگ+ نیشانەی مەرجی+ جێناوی کەسی لکاو

خوارد+با+ م=خواردبام.

من خواردبام. ــــــ ئێمە خواردبامان. م ــــــ مان

- تۆ خواردبات. ــــــ ئێوە خواردباتان. ت ــــــ تان
- ئەو خواردبای. ــــــ ئەوان خواردبایان. ی ــــــ یان

ئەگەر فرمانی ڕستەکە تێپەڕی داڕێژراو یا لێکدراوبێت، بە هەمان شێوەی سادەکەی جێناوە کەسییە لکاوەکە دەکەوێتە کۆتای فرمانەکەوە. وەک:

من داکەوتبام، من سەربەستبام.

بۆ تێپەڕی داڕێژراو و لێکدراو جێناوە کەسییە لکاوەکە دەکەوێتە نێوان پێشگر و یا بەرکار و قەدەکەوە. وەک:

- دام بڕێشتایە، دامبگرتایە. (١)
- نانم بخواردایە، نانمان بخواردایە.

## ٢. ڕابردوی بەردەوام بۆ تێنەپەڕ

نیشانەی مەرجی (ب)+ قەد+ جێناوی کەسی لکاو+ نیشانەی بەردەوامی

ب+کەوت+ م+ ایە= بکەوتمایە

- من بکەوتمایە ـــــ ئێمە بکەوتینایە. م ـــــ ین
- تۆ بکەوتیتایە. ـــــ ئێوە بکەوتنایە. یت ـــــ ن
- ئەو بکەوتایە. ـــــ ئەوان بکەوتنایە. ت ـــــ ن

ئەگەر فرمانەکە داڕێژراوبێت وەکو: داکەوتبامایە، داکەوتبانیایە.

ڕابردوی بەردەوام بۆ تێپەڕ:

ڕابردوی بەردەوام بۆ تێپەڕ:

نیشانەی مەرجی+ جێناوی کەسی لکاو+ قەد+ نیشانەی بەردەوامی

بگرتایە – بنوستبایە – بمشوشتایە - بمخواردایە.

- من بمخواردایە. ـــــ ئێمە بمانخواردایە. م ـــــ مان
- تۆ بتخواردایە. ـــــ ئێوە بتانخواردایە. ت ـــــ تان
- ئەو بیخواردایە. ـــــ ئەوان بیانخواردایە. ی ـــــ یان

---

١ – د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، ب١، وشەسازی، بەشی٥، کردار، ٢٢٦

ئەگەر فرمانە تێپەڕە مەرجییەکە داڕێژراو یا لێکدراوبێت جێناوی کەسی لکاو بکەری دەکەوێتە دوای پێشگر و وشەکەوە، کە ئەرکی بەرکاری وەردەگرێت، نمونە:

- هەڵمبخستایە – هەڵمانبخستایە.
- من نانم بکردایە – ئەمە نانمان بکرایە.

## ٣. ڕابردوی تەواوی مەرجی بۆ تێنەپەڕ

قەدی چاوگ+ نیشانەی تەواوی (مەرجی)+ جێناوی کەسی لکاوی بکەر.

ڕۆیشت+ ب+ م= ڕۆیشتبم

- من ڕۆیشتبم. ـــــ ئێمە ڕۆیشتبین. م ـــــ ین
- تۆ ڕۆیشتبیت. ـــــ ئێوە ڕۆیشتبن. یت ـــــ ن
- ئەو ڕۆیشتبێت ـــــ ئەوان ڕۆیشتبن. ێت ـــــ ن

ڕابردوی تەواوی مەرجی داڕێژراو: من ڕابوبم- ئێمە ڕابوبین.

بۆ لێکدراو: من دەرچوبم- ئێمە دەرچوبین.

## ٤. ڕێژەی ڕابردوی دوری مەرجی بۆ تێنەپەڕ

یاساکەی|١: قەدی چاوگ+ قەدی چاوگی بون (بو)+ جێناوی کەسی لکاو+ پاشکۆی مەرجی

گەیشت+ بو+ م+ایە= گەیشتبومایە.

- من گەیشتبومایە ـــــ ئێمە گەیشتبوینایە. م ـــــ ین
- تۆ گەیشتبویتایە ـــــ ئێوە گەیشتبونایە. یت ـــــ ن
- ئەو گەیشتبوایە ـــــ ئەوان گەیشتبونایە. Ø ـــــ ن

ئەگەر فرمانەکەی داڕێژراو یا لێکدراوبێت جێناوە کەسییە لکاوەکە، هەردەکەوێتە کۆتایی فرمانەکەوە، کە تێپەڕە. نمونە: من دەرچوبومایە. ئێمە دەرچوبوینایە.

یاسای|٢= نیشانەی مەرجی+ قەد+ قەدی چاوگی بون+ جێناوی کەسی لکاو+ پاشکۆی نیشانەی مەرجی

ب +گەیشت+ بو+ م+ایە= بگەیشتبومایە.

ڕابردوی دوری مەرجی بۆ تێپەڕ

- ئەگەر نیشانەی (ب)ی مەرجی جێناوە لکاوەکە دێتە دوای نیشانەکەیەوە.

- من خواردبومایە___ ئێمە خواردبومانایە. م ___مان

- تۆ خواردبوتایە.___ ئێوە خواردبوتانایە. ت___تان

- ئەو خواردبویایە___ئەوان خواردبویانایە ی___یان

- ئەگەر فرمانە تێپەڕەکە داڕێژراو یا لێکدراوبێت بەم جۆرەیە:

- من نانم بخواردبوایە_____ ئێمە نانمان بخواردبوایە

- تۆ نانت بخواردبوایە_____ ئێوە نانتان بخواردبوایە.

- ئەو نانی بخواردبوایە_____ئەوان نانیان بخواردبوایە.

جێناوە کەسییە لکاوە بکەرییەکە چۆتە سەر بەکار لە داڕێژراویشدا دەچێتە سەر پێشگرەکەی. وەک:

- من هەڵم بڕێشتبوایە، من دامبڕێشتبوایە.

- چەوەکەم هەڵبڕێشتبوایە وام لێناهات.

ئەم جۆرە فرمانە مەرجیانە، بە زۆری پێویستیان بە رستەی دوەمیش هەیە، چونکە لە دۆخی مەرجی و گوماندان، ڕستەی دوەم دەبێتە هەواڵی.

- ئەگەر ئەو بهاتبایە من دەهاتم

- بریا نانی بخوردبایە.

- ئەگەر نانی بخواردبایە برسی نەدەبو.

## ب. ڕێژەی ڕانەبردوی مەرجی

ڕێژەی مەرجی فرمان لە زمانی کوردیدا بە گشتی بریتییە لە (ب+با+ایە) لێرەدا جیاوازی نێوان رستەی فرمانی هەواڵی و مەرجی لەوەدایە، بۆ هەواڵی نیشانەی کات (دە) وەردەگرێت و لە مەرجیشدا دەگۆڕێت بۆ (ب) لە دۆخی هەواڵییەوە دەبێت بە مەرجی.

یاسای رانەبردوی مەرجی: نیشانەی مەرجی+ ڕەگی چاوگ+ جێناوی کەسی لکاوی بکەری=

بۆ تێنەپەڕ: ب+ ڕۆ (ڕۆیشتن)+ م= بڕۆم

چۆنیەتی گەردانکردنی:

- من بڕۆم ___ ئێمە بڕۆین          م ___ ین
- تۆ بڕۆیت ___ ئێوە بڕۆن.          یت ___ ن
- ئەو بڕوات ___ ئەوان بڕۆن.          ات ___ ن

بۆ تێپەڕ:

نیشانەی مەرجی+ ڕەگی چاوگ+ جێناوی کەسی لکاوی بکەری

ب+ خۆ+ م= بخۆم.

- من نان بخۆم ___ ئێمە نان بخۆین.
- تۆ نان بخۆیت ___ ئێوە نان بخۆن.
- ئەو نان بخوات ___ ئەوان نان بخۆن.

ئەگەر ڕەگی فرمانی رستەکە بە دەنگی (ە،ۆ) کۆتا پێبێت، جێناوی کەسی سێیەم لکاوەکە، لە (ێت) دەگۆڕێت بۆ (ات) ئەگەریش نا وەک: ئەو نامە بنوسێت، ئەو بکێڵێت.

ئەم ڕستانە کە ڕێژە مەرجین بە ڕابردو و ڕانەبردویانەوە، تەواوکەر، یا بەرکاری خۆیان وەردەگرن. نمونە:

- من بە پێ بچم بۆ بازاڕ.
- من بە کەوچک نان بخۆم.

ئەگەر فرمـــانەکە لە جـــۆری چـــاوگی (بـــون) بێـــت ئەوا تەواوکەری بە خورتی پێویستە بۆ تەواوکردنی واتا و ڕونکردنەوەی فرمانەکە:

- من ببم، ئێمەببین. ڕستەکە ناتەواوە نازانرێ چیبوە، بەڵام بە هۆی تەواوکەرەوە ڕستەکە تەواودەبێت. وەک:

- من ببم بە مامۆستا، ئێمە ببین بە مامۆستا.

چۆنیەتی گەردانکردنی:

| | |
|---|---|
| - من ببم ___ ئێمە ببین. | م ___ ین |
| - تۆ ببیت ___ ئێوە ببن. | یت ___ ن |
| - ئەو ببێت ___ ئەون ببن. | ێت ___ ن |

ڕانەبردوی مەرجی ناتەواو.

نمونە لە ڕستەدا:

- ببم بە مامۆستا خزمەت دەکەم.
- ئەگەر ببم بە پزیشک چارەسەری نەخۆش دەکەم.

**<u>ج. ڕێژەی فرمانی داخوازی</u>**

ئەم ڕێژەیە خۆی بە هۆی نیشانەی داخوازی (ب) و ڕەگی چاوگ و جێناوی کەسی لکاو بۆ دوەمی تاک و کۆ پێکدێت لە تێپەڕ و تێنەپەڕدا هەروەکو یەکە.

یاساکە: نیشانەی داخوازی+ ڕەگی چاوگ+ جێناوی کەسی لکاو بۆ دوەمی تاک و کۆ

کێڵان: ب+ کێڵ+ ە: بکێڵە، بکێڵن

ب+ خۆ+ە: بخۆ، بخۆن. لە یەکەمدا جێناوەکە بە هۆی کۆبونەوەی دو دەنگی بزوێنی (ۆ،ە)ەوە دەرناکەوێت.

بۆ تێنەپەڕ: ن (مردن)

ب+ ڕەگ+ جێناو= فرمانی داخوازی

ب+ مر+ه = بمره، بمرن.

بڕۆ ــــــ بڕۆن، بچۆ ــــــ بچن، بخەوە ــــــ بخەون.

هۆی دەرنەکەوتنی جێناوە کەسییەکە بە هـۆی کۆبـونەوەی دو بـزوێنە، کە دو بزوێن پێکەوە لە زمانی کوردییا نایەن. وەک: لە (بڕۆ، بچۆ)

چۆنیەتی گەردانکردنی ڕستەی فرمانی داخوازی.

- تۆ نامە بنوسە ــــ ئێوە نامە بنوسن.

- تۆ بمرە ــــ ئێوە بمرن.

(ە) جێناوی کەسی لکاوە بۆ دوەمی تاک، (ن) جێناوی کەسی لکاوە بۆ دوەمی کۆ.

ئەم ڕێژە داخوازیەش تەواوکەر و بەرکار وەردەگرن لە ڕستەدا، وەک:

تـۆ نـان بخـۆ، تـۆ نـان بە کەوچـک بخـۆ. نـان: بەرکـار، بە کەوچـک: تەواوکەر

ئێـوە بـبن بە مامۆسـتا، تـۆ بـبە بە مامۆسـتا. مامۆسـتا: تەواوکەرە لە دوەمدا (مامۆسـتا) تەواوکەری سـەربەخۆیە بە هـۆی جێگیرکردنـی ئـامرزای (بە) بە جێناوی کەسی لکاو.

# ڕێژەی ڕابردوی هەواڵی فرمانی چاوگی(بون)

لەبەر ئەوەی فرمـانی (بـو) کە لە چـاوگی (بـون)ەوە وەردەگیرێـت، فرمـانەکەی بە تەنیـا بەبـێ تەواوکەر ناتوانێـت ئەرکـی خـۆی ببینێـت لە ڕستەدا، جیاوازی هەیە لەمڕووەوە لەگەڵ ڕێژەی فرمانەکانی تردا، بە تەنیـا جۆرەکانی بۆ ڕابردو و ڕانەبردو باس دەکەین:

ا. فرمانی ڕابردوی هەواڵی (بو) و جۆرەکانی.

١. ڕابردوی هەواڵی نزیک:

یاساکەی: قەد+ جێناوی کەسی لکاو= فرمان

بو+ م = بوم.

لەگەڵ تەواوکەردا دەبێتە: بوم بە مامۆستا.

- من بوم بە مامۆستا. ــــ ئێمە بوین بە مامۆستا. م ــــ ین

- تۆ بویت بە مامۆستا ــــ ئێوە بون بە مامۆستا. یت ــــ ن

- ئەو بو بە مامۆستا Ø ــــ ئەوان بون بە مامۆستا. Ø ــــ ن

لێـرەدا دەکرێت لە ڕسـتەدا ئـامرزای پەیوەنـدی(بە) بە جێنـاوی کەسـی لکاو جێگیربکرێت بەم شێوەیە:

- من بومە مامۆستا ــــ ئێمە بوینە مامۆستا

٢. ڕابردوی هەواڵی دور لە چاوگی (بون)

قەدی چاوگی (بون)+ نیشانەی کاتی تەواوی+ جێناوی کەسـی لکـاوی بکەری دەکەوێتە ناوەندی نیشانەی کاتەکەوە: بومە

- من بومە ــــ ئێمە بوینە.

- تۆ بویتە ــــ ئێوە بونە.

- ئەو بووە ــــ ئەوان بونە.

بە هۆی ئاوەڵفرمانی (نە) نەرێوە، فرمـانەکە دەگۆڕێت بـۆ نەرێ وەک: نەبومە ــــ نەبوینە.

٣. ڕابردوی بەردەوامی هەواڵی لە چاوگی (بون)

نیشانەی بەردەوامی (دە)+ قەدی چاوگی (بون)+ جێناوی کەسی لکاو

دە + بو + م

- من دەبوم__ئێمە دەبوین.
- تۆ دەبویت__ ئێوە دەبون.
- ئەو دەبوØ___ ئەوان دەبون.

به ماموستا

م__ین
یت__ن
Ø___ن

بە هۆی ئاوەڵفرمانی (نە) وە فرمانە ڕابردوە بەردەوامیەکە دەبێتە نەرێ.

- نەبوم___ نەبوین.

٤. ڕابردوی دوری هەواڵی لە چاوگی (بون)

قەدی چاوگی (بو)+ نیشانەی کاتی رابردوی دور+ جێناوی کەسی لکاو (م)+ تەواوکەری خورتی= فرمان

بو+ بو+

بەهۆی ئاوەڵفرمانی (نە)ی نەرێوە دۆخەکەی دەگۆڕێ بۆ نەرێ.

نەبوبوم ___ نەبوبوین.

ب. فرمانی ڕانەبردوی هەواڵی لە چاوگی (بون)

یاساکەی: نیشانەی ڕانەبردویی+ ڕەگی چاوگی (بون)+ جێناو= فرمان+ تەواوکەری فرمان

دە + ب + (م)+ تەواوکەری بە خورتی

- من دەبم ___ ئێمە دەبین.
- تۆ دەبیت ___ ئێوە دەبن.
- ئەو دەبێت ___ ئەوان دەبن

بە ماموستا

ئەم فرمانەش وەکو جۆرەکانی تری بە هۆی ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستا وەک: (ئەوا، ئەوە، ئێستا،وا، هەنوکە) دەبێتە فرمانی رانەبردوی ئێستا.
وەک: ئەوا دەبم بە مامۆستا.

بۆ کاتی داهاتوش بە ئاوەڵفرمانی کاتی داهاتوی وەک: دوایی، لە پاشانا...، هەر وشەیەکی کاتی داهاتو وەک:

دوایی دەبم بە مامۆستا.

- لە پاشانا دەبم بە مامۆستا.

ئەم جۆرە فرمانەی کە لە چاوگی (بون)ەوە بۆ دەمی رابردو، رانەبردو پێکدێت، فرمانی ناتەواو چونکە بە تەنیا خۆی ناتوانێت ئەرک و واتاکەی رونبکاتەوە، بۆیە پێویستی بە (تەواوکەری خورتی)ە بۆ تەواوکردنی ئەرک و واتاکەی. لە نمونەکاندا ئەمانەمان رونکردۆتەوە. بە هۆی ئاوەڵفرمانی (نە)ەوە دەگۆڕێت بۆ فرمانی نەرێ. وەک: نەبم، نەبین.

## ڕابردوی مەرجی فرمانی چاوگی (بون)

١. ڕابردوی مەرجی نزیک

یاساکەی: نیشانەی مەرجی+ قەدی چاوگ+ جێناوی کەسی لکاو+ پاشکۆی نیشانەی مەرجی

ب+ بو+ م+ ایە= ببومایە

چۆنیەتی گەردانکردنی لە ڕستەدا:

- من ببومایە بە مامۆستا ___ ئێمە ببوینایە بە مامۆستا. م ___ ین
- تۆ ببویتایە بە مامۆستا ___ ئێوە ببونایە بە مامۆستا. یت ___ ن
- ئەو ببوایە بە مامۆستا$\emptyset$____ ئەوان ببونایە بە مامۆستا. $\emptyset$___ ن

نیشانەی دەرنەکەوتنی جێناوە کەسییە لکاوەکە دەکەوێتە کۆتای قەدی فرمانەکەوە. لە کەسی سێیەمی تاکا بەمشێوەیەیە (ئەو ببو $\emptyset$ ایە)

به هـۆی ئاوەڵفرمـانی (نە)ی نەرێـوە دەبێـتە دۆخـی نەرێ. وەک: تـۆ نەبویتایە، ئەوان نەبونایە.

٢. ڕابردوی مەرجی تەواو لە چاوگی (بون)

یاساکەی:

قەدی چاوگی (بون)+ نیشانەی مەرجی (ب)+ جێناوی کەسی لکاو

بو+ ب+ م= بوبم.

- من بوبم ___ ئێمە بوبین. م _____ ین
- تۆ بوبیت ___ ئێوە بوبن. یت _____ ن
- ئەو بوبێت ___ ئەوان بوبن. ێت _____ ن
- من لەگەڵی بوبم بە مامۆستا

لەگەڵ: تەواوکەری لەگەڵ بون و هاوڕێیەتی فرمانی (بوبم)ە

بە مامۆستا: تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.

بەهۆی (نە)ی نەرێوە لە دۆخـی ئەرێـوە دەگـۆڕێ بـۆ نەرێ. وەک: مـن نەبوبم، ئێمە نەبوبین.

٣. ڕابردوی مەرجی بەردەوام لە جاوگی (بون)

یاساکەی: نیشانەی مەرجی (ب)+ قەدی جاوگی (بون)+ جێناوی کەسی لکاو+ پاشکۆی نیشانەی مەرجی

ب+ بو+ م+ ایە= ببومایە.

- من ببومایە _____ ئێمە ببوینایە. م _____ ین
- تۆ ببویتایە _____ ئێوە ببونایە. یت_____ ن
- ئەو ببوØایە_____ ئەوان ببونایە Ø_____ ن

دەبوایە من لەگەڵ تۆ ببومایە. لەگەڵ: تەواوکەری فرمانی ڕستەکەیە.

بە هۆی ئاوەڵفرمانی (نە)ی نەرێـوە دەبێـتە دۆخـی نەرێ. وەک: ئەوان نەببونایە، تۆ نەببویتایە.

٤.ڕابردوی مەرجی دور لە چاوگی (بون)

یاساکەی: قەدی چاوگی (بون)+ نیشانەی کاتی دور (بو)+ جێناوی کەسی لکاو+ پاشکۆی نیشانەی مەرجی

بو+ بو+ م+ ایە= بوبومایە.

- من بوبومایە ____ ئێمە بوبوینایە. م____ین
- تۆ بوبویتایە ____ئێوە بوبونایە. یت____ن
- ئەو بوبو∅ایە____ ئەوان بوبونایە ∅____ن

ئەو بوبوایە بە پزیشک.

هەمو جۆرەکانی فرمانی ڕابردوی مەرجی بە هۆی ئاوەڵفرمانی (نە)ی نەرێوە دۆخی نەرێ وەردەگرن. وەک:

ئەو نەبوبوایە، نەبوبومایە، نەبوبوینایە، تۆ نەبوبویتایە

## ڕانەبردوی مەرجی لە چاوگی (بون)

یاساکەی:

نیشانەی مەرجی (ب)+ رەگی چاوگی (بون) (بە)+ جێناوی کەسی لکاو

ب+ بە+ م= ببەم

- من ببەم ____ ئێمە ببەین. م ____ ین
- تۆ ببەیت ___ ئێوە ببەن. یت ____ ن
- ئەو ببات ___ ئەوان ببەن ات ____ ن

یا بە تێچونی دەنگی (ە) لە ڕەگی (بە) و بەم شێوەیە گەردانەکرێت.

- من ببم ____ ئێمە ببین. م _____ ین
- تۆ ببیت ____ ئێوە ببن. یت _____ ن
- ئەو ببێت ____ ئەوان ببن. ێت _____ ن

ئەمە ڕێژە مەرجییە ڕانەبردوش وەکو جۆرەکانی تری فرمان تەواوکەر وەردەگرێت.

- پێویستە من لەگەڵ تۆ ببم.

- ئێمە پێویستە هەمومان پێکەوە ببین. هەمومان: ئاوەڵفرمانی ڕادەیە، تەواوکەرە. جێناوی کەسی لکاوی (مان)ە بۆ تەواوکەری ڕاستەوخۆی فرمانەکەیە.

ڕانەبردوی مەرجی بە هۆی ئاوەڵفرمانی (نە)ی نەرێ دۆخی نەرێ وەردەگرێت. وەک: نەبم، نەبیت، نەبێت، نەبین، نەبن، نەبن.

## ڕێژەی فرمانی داخوازی

یاساکەی: نیشانەی داخوازی+ ڕەگی چاوگی (بون) (بە)+ جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاک و کۆ:

ب+ بە+ (ە-ن)= ببە — ببەن.

- تۆ ببە مامۆستا. ببە: فرمانی داخوازیە بۆ کەسی دوەمی تاک

- ئێوە ببن بە مامۆستا. ببن: فرمانی داخوازیە بۆ کەسی دوەمی کۆ.

فرمانی داخوازی لە چاوگی (بون) بە هۆی ئاوەڵفرمانی (مە)وە شوێنی (ب) داخوازی دەگرێتەوە و فرمانەکە دەخاتە دۆخی نەکردنەوە (نەهی) وەک: ببە: مەبە ___ ببن: مەبن.

- مەبن بە ماشەی دەستی دوژمن.

- مەبە بە نۆکەری بێگانە.

فرمانی داخوازی لە (بون) تەواوکەری راستەوخۆ و بە یاریدە و جۆرەکانی ئاوەڵفرمان و بەرکاریش وەردەگرێت.

- ببە مامۆستا. مامۆستا: تەواوکەری راستەوخۆیە.

- ببە بە مامۆستا. بە مامۆستا: تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.

بەپەلە و خێـرا نـانەکەت بخـۆ.   نـانەکەت: بەرکـاری ڕاسـتەوخۆیە، بەپەلە: ئاوەڵفرمانی چۆنیەتیە.

خێرا: ئاوەڵفرمانی کاتییە، تەواوکەری راستەوخۆیە.

لێرە بیخۆ، ی: جێناوی کەسی لکاوە بۆ سـێیەمی تـاک، بـکەرە. لێـرە: ئاوەڵفرمانی شوێنیە، تەواوکەری ڕاستەوخۆیە.

# ڕستە لە چاوگی (هەبون)

ڕستەمان لە چاوگی (بون)ەوە خستەڕو. لێرەدا باسی ڕستە لە فرمانی چاوگی (هەبون)ەوە باسدەکەین، کەواتە خاوەنداریێتی هەیە. چاوگی (هەبون) لە ڕستەدا وەکو ناو بەکاردێت و ئەرکی ناو دەبینێ. هەبون و وەکو ناو دەبێتە نیهاد: - هەبون پێویستە بۆ ژیان

- من لەگەڵ هەبونام: تەواوکەری گوزارەی ناتەواو (م)ە.
- من ماڵم هەبو. فرمانی تێپەڕە.

چۆنیەتی گەردانکردنی لە ڕستەدا: بۆ ڕابردوی هەواڵی نزیک

- من پارەم هەبو.____ ئێمە پارەمان هەبو. من هەبوم. ______ ئێمە هەبوین.
- تۆ پارەت هەبو.____ئێوە پارەتان هەبو. تۆ هەبویت.______ ئێوە هەبون.
- ئەو پارەی هەبو____ئەوان پارەیان هەبو. ئەو هەبو$\emptyset$. ______ ئەوان هەبون.

یاساکە: بکەر+ بەرکار+ فرمان.

ئەگەر بەرکار لە رستەدا هەبو، جێناوی کەسی لکاوی بکەری لەسەر قەدی فرمانەکەوە دەچێتە سەر بەرکار. وەکو نمونەکان: من هەمبو من پارەم هەبو، واتە فرمانەکە تێپەڕە. (١)

بەڵام: من هەبوم. جێناوە کەسییە لکاوەکە بکەرە.

ڕابردوی تەواو:

- من هەمە____ ئێمە هەمانە.

---

١ – د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، بەشی٥، ٢٧٥. فرمانەکە تێپەڕنییە.

- تۆ هەتە______ئێوە هەتانە.
- ئەو هەیەتی ___ ئەوان هەیانە.

د. ئەورەحمانی حاجی مارف لە لاپەڕە (٢٧٥)ی کتێبی کرداردا هێمای بۆ بونی رابردوی بەردەوام و دور لە ڕوی بەکارهێنانەوە کردوە (٢) بەڵام نمونەکانی دروست نین بەکار ناهێنرێن لە زمانی کوردیدا.

ئەم فرمانە تەواوکەر و بەرکاریش وەردەگرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر واتا و ئەرکی خاوەنداریێتی ببەخشێت جێناوە لکاوەکە بکەوێتە نێوان (هە)و قەدی چاوگەوە، ئەوا دەبێتە تێپەڕ، بە بونی بەرکاریش وەکو لە نمونەکانا دەرکەوتوە جێناوەکە دەچێتە سەر بەرکار. وەکو: ئێوە کتێبتان هەبو.

١. ڕێژەی فرمانی ڕانەبردوی مەرجی چاوگی (هەبون):

یاسا= هە + ڕێژەی مەرجی (ب)= هەبێ:

| | | |
|---|---|---|
| - من هەمبێ ___ ئێمە هەمانبێ | | هەبم ___ هەبین |
| - تۆ هەتبێ ___ ئێوە هەتانبێ. | من کتێبم هەبێ | هەبیت___هەبن |
| - ئەو هەیبێ___ئەوان هەیانبێ. | | هەبێت___هەبن |

٢. ڕابردوی مەرجی:

ا. ڕێژەی ڕابردوی مەرجی نزیک: (هەبو)

- من هەمبوایە ___ ئێمە هەمانبوایە.
- تۆ هەتبوایە ___ ئێوە هەتانبوایە.
- ئەو هەیبوایە___ئەوان هەیانبوایە.

ب. ڕێژەی ڕابردوی مەرجی تەواو (هەبو)

- من هەبوبم___ئێمە هەبوبین.
- تۆ هەبوبیت___ئێوە هەبوبن.
- ئەو هەبوبێت___ئەوان هەبوبن.

---

٢ - د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ه.س، ه.ل

ج. ڕێژەی ڕابردوی بەردەوامی مەرجی (هەبو):
- من هەبوبامایە___ئێمە هەبوبامانیایە.
- تۆ هەبوبایتایە___ئێوە هەبوبانایە.
- ئەو هەبوبایە___ئەوان هەبوبانایە.

د. ڕێــژەی ڕابــردوی دوری مەرجــی (هەبــو): ئەم ڕێــژانە تەواوکەر و بەرکاریش وەردەگرن.

- من هەبوبومایە_ئێمە هەبوبوینایە. ___ ئێمە ئەگەر پارەمان هەبو بوایە.
- تۆ هەبو بویتایە_ئێوە هەبو بونایە.___ تۆ ماڵت هەبو بوایە.
- ئەو هەبو بوایە_ئەوان هەبو بونایە.___ ئەو پارەی لە ماڵ هەبو بوایە.

٣. ڕێژەی ڕستەی فرمانی داخوازی لە چاوگی (هەبون)

نیشانەی ڕێژەی مەرجی (ب) لە شوێنی (هە)ی هەبون، ڕەگی چاوگی (بون) (ب)+ جێناوی لکاو

ب+ ب+ ە= ببە. بۆ کەسی دوەمی تاک، ب+ ب+ ن= ببن بۆ کەسی دوەمی کۆ.

لێرەدا بە پێی ڕێژەی داخوازی لە چاوگی (هەبون) دەردەکەوێت کە (هە) ڕەگی چاوگی خۆی لە دەسدابێت ئەگینا دەبو نیشانەی رەگی تایبەت بە خۆی هەبێت، کەچی ئێستا ڕەگەکەی لەگەڵ چاوگی (بون)دا یەکشتە، کە (ب)ە و بەبێ ڕەگی ئەو چاوگە وەکو فرمان گەردان ناکرێت و جۆرێکە لە ڕستەی ناوی، کە بەمشێوەیە گەردان دەکرێت لەگەڵ جێناوی کەسی لکاوی کۆمەڵەی دوەمدا:

| | |
|---|---|
| - من هەم ___ ئێمە هەین. | م _____ ین |
| - تۆ هەیت ___ ئێوە هەن. | یت ___ ن |
| - ئەو هەیە ___ ئەوان هەن. | ە ___ ن |

ئەگەر (هە) ڕەگی هەبێت، دەبێت بۆ هەمو ڕێژە جیاوازەکانی فرمان گەردان بکرێت. کەچی گەردانناکرێت بۆ فرمانی داخوازی، هەواڵی و مەرجی بەبێ قەد و ڕەگی جاوگی (بون) کە (بو) و (ب)ە، بۆیە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەبێت کەرەسەیەک بێت بۆ نیشانەی هەبون لە کوردیدا، وەکو نیشانەی کۆ، بەردەوامی کاتی و نیشانەی ناسراوی...هتد د

بۆیە ڕێژەی گەردانی (هەبە) و (هەبن) بە هیچ جۆرێک نابنە فرمانی داخوازی بۆ تاک و کۆ، (٢) بەشکو شێوە مەرجین بۆ ئەو دو دۆخەی جێناو.

---

٢ -ه. س، ٢٧٧

# ڕستەی فرمانی بکەر نادیار

ڕستەیەکە ڕێژەی فرمانەکەی بکەرەکەی نادیارە، واتە بکەری لە ناو ڕستەکەدا دەرناکەوێت و بەرکار شوێنی دەگرێتەوە، بەبێ ئەوەی بەرکارەکە ئەرکی بەرکاری خۆی لە دەسبدات. ڕێژەکەی جیاوازە لە فرمانی بکەر دیار واتە بکەر دیارەکە یا نیهادەکە بکەر نییە [1].ئەم ڕستەیە پێچەوانەی ڕستەی فرمانی بکەر دیارە، کە بکەری ڕستەکە لەگەڵ فرماندا دەردەکەوێت.

**<u>چۆنیەتی پێکهاتن:</u>**

بۆ ڕستەی فرمانی بکەر دیاربو ئەو نامەکەی نوسی. ← نامەکە نوسرا، فرمانی بکەر نادیار ڕابردو:

بەرکار+ ڕەگی فرمان+ نیشانەی نادیاری+ نیشانەی کات

نامە+ نوس+ ر+ ا= نامە نوسرا.

ئەم هەنگاوانە پێویستە جێبەجێبکرێن لە پێکهاتنیدا:

١. لادانی بکەر و جێگری بکەر لە ناو و جێناو.

٢. لادانی بەرکاری ڕستەکە.

٣. ڕەگی فرمانی تێپەڕ ئەگەر بۆ ڕابردو یا ڕانەبردوبێت.

٤. نیشانەی نادیاری فرمان.

٥. نیشانەی کاتی فرمان (ا) بۆ رابردو (ێ) بۆ ڕانەبردو.

لە ڕانەبردودا نیسانەی (دە)ی کاتی رانەبردوی دەخرێتە پێش ڕەگی فرمانەکەوە.

نمونە بۆ رابردو: ئەو نامەکەی نوسی ← نامەکە نوسرا.

بۆ ڕانەبردو: ئەو نامە دەنوسێت ← نامە دەنوسرێت.

گەردانکردنی لەگەڵ جێناودا بۆ ڕابردوی بکەر نادیار:

---

١ – د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظری، ٢٠٣

- من نوسرام ـــــ ئێمه نوسراین          م ـــــ ین
- تۆ نوسرایت ـــــ ئێوه نوسران.          یت ـــــ ن
- ئەو نوسراØ ـــــ ئەوان نوسران.          Ø ـــــ ن

بۆ ڕانەبردو:

- من دەنوسرێم ـــــ ئێمه دەنوسرێین.          م ـــــ ین
- تۆ دەنوسرێیت ـــــ ئێوه دەنوسرێن.          یت ـــــ ن
- ئەو دەنوسرێت ـــــ ئەوان دەنوسرێن.          ێت ـــــ ن

جێناوه کەسییه لکاویەکانی ئەم دو جۆره کاتەی فرمان له ڕابردو بۆ ڕانەبردو، تەنیا جیاوازیان له کەسی سێیەمی تاک دایه، له ڕابردوەکەدا وەکو فرمانی تێنەپەڕ جێناوی کەسی سێیەمی تاک دەرنەکەوتوه. واته گۆڕینی فرمان تێپەڕی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار شێوەی تێنەپەڕی وەرگرتوه له گەردانکردنیدا. واته فرمانه بکەر نادیارەکه وەکو تێنەپەڕ بەرکاری وەرنەگرتوه.

## جۆرەکانی ڕستەی فرمان بکەر نادیار له ڕوی کاتەوه

١. فرمانی بکەر نادیار ڕابردوی نزیک

ڕەگی تێنەپەڕ+ نیشانەی نادیاری+ نیشانەی کاتی ڕابردویی+ جێناوی کەسی لکاوی بکەر نادیار

نوس+ ر+ ا= نوسرام.

٢. فرمانی بکەر نادیاری رابردوی تەواو

ڕەگی چاوگی تێپەڕ+ نیشانەی نادیاری+ نیشانەی کاتی|ا+ نیشانەی کاتی تەواوی

کێڵ+ ر+ ا+ وه= کێڵراوه.

٣. فرمانی بکەر نادیاری ڕابردوی بەردەوام

نیـشانەی بەردەوامـی+ ڕەگـی چـاوگی تێـپەر+ نیـشانەی نادیـاری+ نیشانەی کاتی ڕابردوویی

خواردن: دە+ خۆ+ ر+ ا= دەخورا.

- من دەخورام___ ئێمە دەخوراین.
- تۆ دەخورایت___ئێوە دەخوران.
- ئەو دەخوراØ____ئەوان دەخوران.

٤. ڕابردوی دوری بکەر نادیار

ڕەگی تێپەڕ+ نیشانەی نادیاری+ نیشانەی کـاتی ڕابردوویـی+ نیـشانەی ڕابردوی دور

خۆ+ ر+ ا+ بو= خورابو

ئەو خورابو____ ئەوان خورابون.

تێبینی: لە گەردانکردندا دەنگی (ۆ) ڕەگی (خۆ) گۆڕاوە بـۆ (خـو) بـۆ گونجان دەربڕین لە دەنگسازیدا.

فرمـانی بـکەر نادیـار وەکـو جۆرەکـانی تـری فرمـان بەرکـار و تەواوکەر وەردەگرێت.

وەکو:

- من زەویەکەم بە گاسن کێڵا. ←——— زەویەکە بە گاسن کێڵرا.
- ئەو نـانەکەی بە گەرمـی و بە هێواشـی خـوارد.←———نـانەکە بە گەرمی و بە هێواشی خورا.
- ئەوان سـبەینێ ئیـشەکەیان تەواو دەکەن.←———سـبەینێ ئیـشەکە تەواو دەکرێ.

# جۆری ڕستەی فرماندار بە پێی واتای فرمانەکەی

دوای ئەوەی جۆری ڕستەمان لە ڕوی بون و نەبونی کات و فرمانەوە لە زمانی کوردییا دیاریکرد، بۆ هەر دو جۆری ڕستەی فرمانی (ڕستەی کاتدار) و جۆری ڕستەی باس واتە (ڕستەی ناوی) کە بێ فرمانە. جۆری رستە لە ڕوی واتا و مەبەستی فرمانەکەوە دیاری دەکەین. واتە جۆری رستەی فرمانی بە پێی واتا و مەبەستی فرمانەکەی دیاریدەکرێت، کە تا ئێستا لە زمانناسی کوردیدا ئەم بابەتەش وەکو ڕستەی ناوی فەرامۆشکراوە و بونی نییە لە لێکۆڵینەوەکانا (١).

لە خوارەوە ئەمجۆرانەی دیاری دەکەین ، وەک:

ڕستەی فرمان ڕوداو، ڕستەی فرمانی گواستنەوە، ڕستەی فرمانی جێبەجێکردن، ڕستەی کارکردن، ڕستەی فرمان زەینی، فرمانی شوێنی، فرمانی دڵنیایی، فرمانی گومانکردن، فرمانی دەست پێکردن، فرمانی پێچەوانە، فرمانی دوبارەبونەوە، فرمانی پێشوازی، فرمانی نەویستن (نەخوازراو)...هتد

بە زۆری بێجگە لە خودی فرمانەکە واتا و مەبەستی فرمانەکە لە ڕستەدا ڕون دەبێتەوە.

لە خوارەوە باسیان دەکەین:

---

**١ – لە ڕوی دیاریکردنی رستە بە پێی واتای فرمانەکەی یا دیاریکردنی جۆری فرمان لە روی واتاوە لە لێکۆڵینەوەی زمانناسی کوردیدا بە دیناکرێت، بۆیە لە پێناسەی فرمانا پێناسەی بەوە کراوە کە لە پێش روداو ڕادەگەیەنێت ئەمەش. ئەوە دەگەیەنێت کە هەمو فرمانێک لە زمانی کوردی و زمانی ترا تەنیا جۆری روادنی هەبێت و ئەمەش وانییە. من لە باسی جۆری فرمان یا ڕستە لە روی واتاوە ئەم بابەتەم رونکردۆتەوە، کە تەنیا هەر روداونییە و چەندین جۆری هەیە. بڕوانە: د. رفیق شوانی، جۆری ڕستە لە ڕوی بون و نەبونی کاتەوە، زمانەوانی کۆمەڵە وتارێک، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی – دهۆک، ٢٠٠٩، ٩١-١١٠.**

### ١. ڕستەی فرمان ڕوداو:

ڕســـتەیەکە بە هــۆی فرمـــانی ڕودانەوە، لە کـــاتێکی دیـــاریکراوا ڕوداو ڕادەگەیەنێـت. واتە بـاس لە شـتێک یـا ڕوداوێـک دەکـات هێشتا تـا کـاتی قـسەکردن نیـیە و نەبـوە و ڕویـنەداوە، لە باسـکردنیدا دێـتەڕو، جـۆری فرمـانەکە بـریتییە لە فرمـانی تێـنەپەڕی بـکەر نادیـار(١)، رودانـی دورە لە دەسەڵاتی مرۆڤ و بەندە بە هێزێکی سروشتی و دەرەکییەوە، کە تـا کـاتی قسەکردن و باسلێکردنێوە ڕوداوەکە نەبینراوە، وەکو ئەوەوایە روی نەدابێت یا ڕونەدانیش دەبێتە کاتی ڕودانیان.

نمونە: ڕوخا، هەڵسا، کەوت.

نمونە: - خانۆکە ڕوخا|خانۆکە دەڕوخێت.

- منداڵەکە دەخنکێت.
- من لەسەر بەفرەکە خلیسکام.
- ئەو سوتا ــــــ ئەو دەسوتێت.
- نانەکە برژا ــــــ پەتەکە پسا.
- تۆ خەوت لێکەوت ــــــ منداڵەکە بوروژا.

ئەگەر سەیری ئەو رستانە بکەیـن، هەمویـان ڕوداو ڕادەگەیەنـن و ڕوداوەکە لە کـــاتی رابـــردو یـــا ڕانەبـــردو دایە. وشـــەکانی لای راســـتی رستەکانەوە، وەک: (خانو، منـداڵ، بەفـر، ئەو، نـان، پەت، تـۆ) هەمویـان ڕوداوەکەیان بەسەردا هاتوە، واتە ئیش یان روداویان بەسـەردا هـاتوە، نەک ئیشیان کردبێت، ئەوەی روداوەکەی هێناوەتە سەریان دیـارنییە، کێـیە؟ یـا چییە؟ چونکە (خانو، منداڵ.... لە خۆیانەوە ناڕوخێن و ناخنکێن) منـیش لە خۆمەوە ناخلیسکێم ئەگەر هۆیەک نەبێت، نانیش لە خۆیەوە نابرژێت و

---

١ - بۆ ئاستەکان و چۆنیەتی پەیوەندییان، بڕوانە: د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چ٢، کەرکوک، ٢٠١٤، ١٤

پەتیش بەبێ هۆ ناپسێت. بۆیە بکەری ئەم فرمانانە نادیارە و دیارنییە (١). هەر لەبەر ئەم هۆیەشە بە فرمانەکانیان

دەوترێ تێنەپەڕی بکەر نادیار، هۆیەکی نادیار بۆ رودانیان هەیە.

## تایبەتێتی ڕستەی فرمان ڕوداو:

١. ڕوداو رادەگەیەنێت، واتە ئەوەیە ڕودەدات و دێتەڕو، پێشتر نەبوە، بونی بەندە بە کاتی ڕودان و باسکردن.

٢. ڕودانی بەندە بە هۆ و هێزێکی دەرەکی و سروشتییەوە، بکەرەکەی نادیارە بەرکار شوێنی گرتۆتەوە لە ڕستەدا دیارە (١).

٣. ڕودانی روداوەکە بەندە بە کاتەوە، بۆیە کاتی باسکردن کاتی ڕودانی فرمانەکە ئاشکرا دەبێت، چونکە پێش قسەکردن نەبونە رویاننەداوە، بۆیە پابەندن بە کاتی باسکردنیانەوە.

٤. فرمانی رستەی روداو لە فرمانی بکەر نادیارەوە بەهۆی پاشگری (اندن)ەوە دەکرێنە فرمانی تێپەڕ و بکەریان دیاردەبێت و دەبنە فرمانی جۆری گواستنەوە (٢). نمونە:

- من خانۆکەم ڕوخاند.
- نانکەرەکە نانەکەی برژاند.
- دزە ماڵەکەی سوتاند.

---

١ - بۆ ئاستەکان و چۆنیەتی پەیوەندییان، بڕوانە: د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چ٢، کەرکوک، ٢٠١٤، ١٤

١ - بۆ ئاستەکان و چۆنیەتی پەیوەندییان، بڕوانە: د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چ٢، کەرکوک، ٢٠١٤، ١٤

٢ – مەرجنییە هەمو فرمانێک ڕوداوبێت، هەیە: گواستنەوەیە، هەیە ئیش و کار دەگەیەنێت، یا وەک فرمانی بەستانەوە(افعال الروابط – copulative verb) بڕوانە: محمود السعران، علم اللغة ، ٢٤٦.

رستەی فرمانی ڕوداو، جۆرێکی تر هەیە، کە بە هۆی وشەیەکەوە، کە حاڵەت و چۆنێتی و دیاردە دەبەخشن، لە فرمانی گواستنەوە دروستدەکرێت، وەک:

- ئەو سەری ژان دەکات.
- چاو گلدەکات.
- منداڵەکە ئاوبردی.
- لافاو هەڵسا.
- دوێنێ بومەلەرزەبو.
- ئازاد کوێربو (شەلبو، کەڕبو)
- ژنەکە منداڵیبو.
- خۆر زو دەرکەوت.

فرمانی ئەم رستانەی سەروە، وەک: (دەکات، بردی، هەڵسا، هەڵدێ، دەرکەوت) بریتین لەو فرمانانەی کە گواستنەوەن لە جۆری فرمانی ئیشکردن و جێبەجێکردن و هەواڵی بەهۆی وشەکانی وەک؛ (ژان، گل، لافاو، مانگ، خۆر...) کە ناوی چۆنیەتی و دیاردە دەگرنەوە، فرمانی رستەکەیان گۆڕیوە و کردوە بە فرمانی ڕوداو، ڕستەکەش بۆتە رستەی فرمانی روداو.

ئەم دو دیاردەیەی سەرەوە لە گۆڕینی فرمانی روداوی تێپەڕی بکەر نادیار بۆ فرمانی تێپەڕ لە لایەک و گۆڕینی فرمانی گواستنەوە بۆ فرمانی ڕوداو دو دیاردەی تەواوی پێچەوانەی یەکترن.

**٢. ڕستەی فرمانی گواستنەوە:**

فرمانی ئەمجۆرە رستانە بزوتنەوە و چالاکی(٣) و جوڵە و ئاڕاستە دەگەیەنێت و

تێپەڕی بکەر دیارن(١)، بێجگە لەوەی هەوڵیش دەگەیەنێت، نمونە: هات، چوم، دەڕوات، گەیشت...

- زاگرۆس چو بۆ ئامەد. (ڕۆیشت)
- ئاڤێستا گەشت دەکات بۆ کەرکوک.
- زەردەشت بە خۆشی هاتەوە.
- کۆترەکە فڕی.
- فڕۆکەکە گەیشتە جێ.

تایبەتێتی ڕستەی فرمان گواستنەوە:

١. بە زۆری جۆری فرمانەکانی تێنەپەڕی ئاسایین و بکەر دیارن.

٢. پێگەی جوڵە و بزوتنەوە و گواستنەوە دەگەیەنێت، بۆیە دەشێت پێیانبوترێت فرمانی چالاکی و داینەمیکی(٢) بە پێچەوانەی تێگەی هەندێ فرمانی ترەوە(٣).

٣. فرمانی گواستنەوە تێگەی ئاڕاستەکردنیشی تیایە، واتە لەسەرەتای دەستپێکردنی کردەوەکەوە بۆ کۆتایی شوێن یا کات. وەک: ئارینا لە کەرکوکەوە ڕۆیشت بۆ وان. لە ئێوارەوە چۆتە بازاڕ.

---

**٣ – مسعود محمد بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا، ٥٠. دەربارەی فرمانی گواستنەوە دەڵێ (بزوتنەوە و گواستنەوەی دانە) لە کۆتاییەوە پاشگر یا ئامرازی (ی) وەردەگرێ و جۆرە فرمانی تر وەردەگرێ. وەک: گەیشتمێ، چومێ ____گەیشتمە، چومە ناوترێ خوارمێ.**

**١ – ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦، ١٠٠**

**٢ – د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظری، ٨١**

**٣ – محمد علی الخولی، ە.س، ١٦٠- ٢٨٨، وەک: جۆری فرمانی شوێن، فرمانی دەستپێکردن.**

٤. لایەنی هەواڵیش دەگرێتە خۆی، ئەم تایبەتێتییە لە هەمو جۆرەکانی تری فرمانا هەیە و بەندە بە کاتەوە.

**٣. ڕستەی فرمانی کردەیی (ئیشکردن)**

فرمانی ئەم ڕستانە تێپەڕن و بە پێی مەبەستی ڕستەکە وشەکانی تەکیانەوە جێبەجێکردن و ئیش و کار دەگەیەنن، بێجگە لەوەش وەکو جۆرەکانیتر لایەنی هەواڵیشیان تێدایە.

نمونە: نوسی، کردت، هەڵیگرت، ڕامخست، دەکێڵا، ئاویدا... هتد

- نەسرین چێشتەکەی لێنا. لێدەنێت.
- ئالا نامە دەنوسێت. نوسی.
- ئاڤان ساوەر دەکوتێت. کوتای.
- زەردەشت باراشەکەی هاڕی. دەهاڕێت.
- جوتیارەکە زەوی کێلا. دەکێڵێت.

ئەمجۆرە تایبەتێتی بزوتنەوە و جوڵەشی تێدایە، بەلام تایبەتێتی ئیشکردن لە یەکتریان جیادەکاتەوە. واتە جیاکردنەوەی فرمانی گواستنەوە لە فرمانی ئیشکردن تایبەتێتی ڕستەی فرمان ئیشکردن (کردەیی)

١. فرمانەکە لە جۆری تێپەڕە.

٢. فرمانی ئیشکردن بە زۆری لەگەڵ وشەکەی تەکیەوە، کە بەرکارە تێگەی (مفهوم) ئیش و کار و جێبەجێکردن دەبەخشن.

٣. فرمانەکە تێگەی هەواڵیشی تێدایە.

٤. فرمانی ئەمجۆرە رستەیە بەرکار و تەواوکەریش وەردەگرێت، وەک: سەپانەکە گەنمەکەی بۆ پیرۆت دورێوە (دورییەوە)

٥. وەکو جۆرەکانی تری ڕستەی فرماندار تایبەتەتی هەواڵیش دەگرێتە خۆی.

٤. ڕستەی فرمانی زەینی(١) (افعال حسية)

ئەمجۆرە ڕستانە بە زۆری پەیوەندن بە بیرکردنەوە و زەینی مرۆڤەوە هەیە، واتە لایەنی بیری مرۆڤی تیا بەشدارە و دەیگێڕێتەوە، بە زۆری فرمانەکانی لە جۆری تێپەڕن، نمونە:

- هەوالەکەم زانی.
- سەرنجی روداوەکە دەدەم.
- ئاڤێستا لە زەردەشت دەپرسێت.
- دیدار دەڕوانێتە ئاڤان.
- زاگرۆس ئاڵای ناسی.
- تۆم لە کەرکوک بینی.
- بیر لە تۆ دەکەمەوە.
- چاو لە براکەم دەگێڕم.
- ڕوانیم بەفرە باریوە.
- لە دورەوە دەڕوانمە شۆخ و شەنگی تۆ.
- ئەوان بەرامبەر ڕوداوەکە تێڕاماون.

تایبەتێتی ڕستەی فرمانی زەینی:

١. ئەم فرمانە بەزۆری لایەنی زەینی و بیر و سەرنجدانی مرۆڤ دەگرێتەوە.

---

١ – هەندێ جۆری ڕستەی تر لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا (معجم اللغة النظرى) یدا، بە پێی کردەی فرمانەکەی دیاریکراوە. وەک: ڕستەی فرمانی بێ جولە (گواستنەوە) ڕستەی فرمانی پێشوازی و بەرانگاری (فعل تبادلی) فرمانی شوێن (مکانی) فرمانی دەسپێکردن...ل١٢٨ بێجگە لەمجۆرە، ڕستانەش ڕستەی فرمانی داخوازی و ڕستەی پرسیاری لە کوردیدا هەیە، بەڵام ئەمان لە ڕوی ناوەڕۆکەوەن، نەک تەنیا خودی فرمانی ڕستە ناوەڕۆک واتە هەمو بەشەکانی ڕستە تێکڕا یا هەواڵین، یا داخوازی، پرس و سەرسوڕمانن.

٢. تـێگەی هەواڵییـان وەکـو جۆرەکـانی تـری فرمـانی ڕسـتەی تێدایە.

٣. بە زۆری جۆری فرمانەکەی تێپەڕە و دەکرێت فرمانیتری وەکو تێنەپەڕیش لە رستەدا لەگەڵیانـا بێـت، جـۆری تێنەپەڕیشیان هەیە وەکـو (تێڕاما).

دوای ئەوەی جۆرەکانی ڕستەی فرماندار و تایبەتێتی ڕسـتەی فرمانـدار، بە هەمـو جۆرەکـانیەوە بە گـشتی بەگـشتی دەخەیـنەڕو، کە پـێچەوانەی ڕستەی باسە.

## ٥. ڕستەی فرمان شوێنی (فعل مكان) locative verb[٢]

فرمـانی ئەم جـۆرە ڕسـتەیە واتـای شـوێن یـا شـوێنی ڕودان و کـردەی فرمـانەکە دەبەخـشێت. بە زۆری ئاوەڵفرمـانی شـوێنی لەگەڵـدادێت. وەکـو: ئێـرە، لەرە، ئەوێ، لەسـەر، لەژێـر، لەبـن یـا نـاوی شـوێن کە دەبێـتە ئاوەڵفرمـان وەکـو: لە بنـار، لە شـار... واتە فرمـانەکە جێگیربـون دەبەخشێت[٣] لە شوێنی دیاریکراوا. وەک:

- لە شار و دێیا دەژیم. لێرەوە هات.

ئەم جۆرە فرمانە واتای جێگیربون لە شوێنێکا دەبەخشێت، جیـاوازە لە فرمانی ئاڕاسـتە (الفعـل الاتجـاهی) کە بـریتییە لە دو ئاڕاسـتەی جیـاواز لە یەکتر بەرەو لای خۆت و بە پێچەوانەشەوە. وەک: چو، هات، ڕۆیشت.

نمونە بۆ فرمانی شوێنی:

- لێرە دانیشت.
- بۆ کەرکوک ڕۆیشت.

---

٢ - محمد علی الخولی، معجم اللغة النظری، ٣٧١

٣ - محمد علی الخولی، ە.س، ١٦٠

- له داوانیا دامنا.
- لەویَ خەواندم.

تایبەتێتی رستەی فرمانی شوێنی:

١. واتا شوێن دەگەیەنێت بە هۆی ئاوەڵفرمانی شوێنەوە.
٢. واتای جێگیربونی تیایە لە شوێنێکی دیاریکراوا.
٣. فرمانی ئەم جۆرە ڕستانە بە زۆری تێپەڕن.
٤. لە ڕوی پێکهاتنەوە دارێژراو و لێکدراون.

## ٦. ڕستەی فرمانی دڵنیایی – فعل اليقين – locative verb

ئەمجۆرە فرمانە بۆ دڵنیابون لە کردنی کار و فرمانا دەبەخشێت و گومان لادەدات، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ فرمانەکە بەرکار یا تەواوکەر کە دەبێتە تەواوکەری وەردەگرێت (١). وەکو: ئەپارێزم، پەیوەندی دەکەم، دۆزیەوە، بڕیاردەدات. یا فرمانێکە هێما بۆ ڕاستییە نەگۆڕەکان (یقین-تەواو) دەکات (٢). وەکو: بینرا، زانرا، هاتەوە بیرم، باوەڕدەکەم، ئەزانم، دەسەلمێنێ، دەدۆزمەوە، ناودەنێت، دڵنیابە، ئامادەیکرد، وەسفیدەکات.

- من باوەڕ دەکەم.
- تۆ دەزانیت.
- ئەو سەلماندی پێم.
- من خۆم ڕوداوەکەم بینی.

تایبەتێتی ڕستەی فرمان دڵنیایی:

١. دڵنیابون دەگەیەنێت لە هەر شت و روداو و کار و زانیارییەک و ڕاڕای تیانییە.
٢. لە ڕوی پێکهاتنەوە فرمانی ئەم جۆرە ڕستەیە دارێژراو یا لێکدراون.

---

١ - محمد على الخولى، معجم اللغة النظرى، ٩٣

٢- رمزى منير بعلبگى، معجم مصطلحات اللغوية ، ١٨٧

٣. گومان لابەر و دڵنیایی دەدات بە دەستەوە.

٤. بەرکـــاری راســـتەوخۆ یـــا تەواوکەر بە شـــێوەیەکی راســـتەوخۆ وەردەگرێت.

٥. فرمانی ئەم جۆرە ڕستەیە تێپەڕ و تێنەپەڕیشیان هەیە.

## ٧. ڕستەی فرمانی گومانکردن

ڕســـتەیەکە بە هـــۆی فرمـــانەکەیەوە لە ڕوی واتـــاوە گومـــان دەبەخشێت لە کار و کردەوەدا. بە هۆی ئامرازی گومانەوە پێکدێت. وەک: ڕەنگە، ئەگەر، لەوانەیە، ئەشێت، دەبێت، گومان.

نمونە: - ڕەنگە سەرمانلێبدات.

- ئەگەر بێت پێیدەڵێم.
- لەوانەیە ئەم ساڵ خۆشبێت.
- گوماندەکەم ئەوبێت.
- دودڵم لە قسەکانی.

تایبەتێتی فرمانی گومان:

١. فرمانێکە گومان و دو دڵی دەبەخشێت لە کار و ڕودانی.

٢. بە زۆری بەهۆی ئامرازی گومانەوە پێکدێت.

٣. وشـــەیتریش هەن بـــێجگە لە ئـــامرازی گومـــان دەبـــنە هـــۆی پێکهاتنی ئەم رستەیە وەک: ژمارە (دو)وا...هتد

٤. بە زۆری پێکهاتەی فرمانەکەی داڕێژراو یا لێکدراوە.

### ٨. ڕستەی فرمانی دەسپێکردن (فعل الشروع) inchoative verb

فرمانی ئەم جۆرە ڕستانە هێما دەکا بۆ دەسپێکردنی کار و ئیشکردن (٣). وەکو: دەسپێکرد، بردی، دەردەکەوێت، نیشانیدەدات، وا دەیباتەوە، وا پێیدەڵێت، وا دەیکاتەوە، گوێدەگرێت، وا گوێدەگرێت، غاردەدات.

نمونە: - کارەکە دەستیپێکرد.

- ئەمڕۆ لە تەلەفزیۆن دەردەکەوێت.
- وا گوێدەگرێت.
- پێشانگاکە دەکرێتەوە.

تایبەتێتی ڕستەی فرمانی دەسپێکردن:

١. فرمانی ئەمجۆرە ڕستەیە دەسپێکردن دەبەخشێت.

٢. لە ڕوی هێزەوە فرمانی تێپەڕ و تێنەپەڕن.

٣. پێکهاتەی فرمانەکە لێکدراو و داڕێژراون.

### ٩. فرمانی پێچەوانە (فعل انعكاسي- reflexive verb)

فرمانی ئەم جۆرە ڕستانە بکەرە و بەرکارەکەی هێما دەکات بۆ هەمان کەس (١)، وەکو: ئەو ئازاری خۆی دەدات، داما، پیشمخواردەوە، هەشە ئەمجۆرە فرمانانە بە (گواستنەوەی پێچەوانە)ناو دەبات و پێیاندەڵێت (شێوەگۆڕی فرمانی کوردی) وەکو: دەمبێ، دەمدزێ، دەمکەوێ... بەمشێوەیە ئەمجۆرە فرمانانە کارەکە پێچەوانەی خۆی دەکاتەوە (٢).

---

٣ - محمد علی الخولی، م.س، ١٢٨

١ – محمد علی الخولی، م.س، ٢٣٩

٢ – مسعود محمد، بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا ١٩٧٨، ٢٢

پێکهاتەی ئەمجۆرە فرمانە بریتییە لە: داڕێژراو و لێکدراو، وەکو:
خۆی هەڵدا، خۆی هەڵکێشا، لە خۆی بایبیو.
خۆی گرت، خۆی کوشت، خۆی کەوت.

تایبەتێتی فرمانی پێچەوانە:

١. فرمانێکە بکەر و بەرکارەکەی هەمان کەسە.
٢. کارەکەی پێچەوانەی خۆی دەکاتەوە.
٣. جۆری فرمانەکە بە زۆری تێنەپەڕن.

## ١٠. ڕستەی فرمانی دوبارەبونەوە (frequentative verb)

فرمانێکە دوبارەکردنەوەی ئیش و کار ڕادەگەیەنێت، واتە فرمانێکە واتای دوبارەکردنەوەی دەبەخشێت. لە کوردیدا بە هۆی پاشگری ڕێزمانی (ەوە) لە دوای فرمانێکەوە پێکدێت.

وەک: کردمەوە، هاتمەوە، نوسیمەوە، چومەوە

- نوسینەکەم کردەوە. هاتمەوە بۆ ئێرە. چومەوە بۆ ماڵ.
- زەویەکەم کێڵایەوە.

فرمانەکە بەهۆی وشەی ژمارە (دو) شەوە دوبارە دەبێتەوە. وەک: دوبارە ڕۆیشتەوە.

تایبەتەتی ڕستەی فرمانی دوبارەبونەوە:

١. ڕستەی فرمان دوبارەبۆوە، ئەشێت تێپەڕ و تێنەپەڕیش بن.
٢. بە هۆی پاشگری ڕێزمانی (ەوە) بۆ سەر فرمان واتای دوبارەکردنەوەی کارەکە دەدات.
٣. بە هۆی ژمارە (دو)ەوەش پێکدێت، وەک: دوبارە هاتەوە.

٤. فرمانی دوبارە بونەوە واتای دوبارەیی یا دوبارەکردنەوەی کارێک دەگەیەنێت.

٥. ئەشێت پێکهاتەی فرمان دوبارە بۆوە، داڕێژراو و لێکدراویش بێت.

## ١١. فرمانی هەواڵی (فعل اخباری- declarative verb)

فرمانێکە تەنیا هەواڵ بەخشە، واتە بۆ هەواڵدان بەکار دەهێنرێت. وەکو: وتی، ڕونیکردەوە، باسی کرد، دەڵێت، هەوڵدەدات، ڕایدەگەیەنێت، لێکیدایەوە.

ئەم فرمانی هەواڵییە جیاوازە لەو فرمانانەی کە حاڵاتی دەرونی و گومان و خواست و ویست و ئارەزو دەگەیەنن[1].

- باسی گەشتەکەی کرد. هەواڵی بە خەڵکەکەدا.
- بە براکەی دەڵێت. ئەو بۆ من لێکیدایەوە.
- باسەکەی ڕونکردەوە. دیدار بە منی وت.

تایبەتێتی ڕستەی فرمان هەواڵی:

١. ئەم جۆرە فرمانە هەواڵ دەبەخشێت، واتە دەبنە هۆی پێکهاتنی هەواڵ.

٢. پێکهاتەی داڕێژراو و لێکدراویان هەیە.

٣. ئەم فرمانی رستە هەواڵیانە جیاوازن لە فرمانی کە حاڵەتی دەرون و گومان و خواستنە.

٤. لە ڕوی هێزەوە فرمانی ئەم رستانە تێپەڕ و تێنەپەڕن.

---

١ - د. رمزی منیر بعلبگی، معجم المصطلحات اللغوية، ١٣٦

### ١٢. فرمانی پێشوازیکردن

فرمانێکە ڕستەیەک پێکدێنێ بۆ پێشوازیکردن و چاوپێکەوتن لە کاتی بە یەکگەیشتنی مرۆڤ بەکاردێت، وەکو: بەخێرهاتی، بەخێربچیت، ماندونەبن، بەخێربێن، ئامادەکاریکرد، فەرمو، بانگهێشتیکرد، ئاوەدانت کردەوە، خۆشحاڵم بە هاتن، ئێرەت روناک کردەوە.

پێکهاتەی فرمانی پێشوازی:

١. بە زۆری داڕێژراو و لێکدراون.

٢. بە هۆی وشەی ترەوە فرمانەکانی پێکدێن، وەکو: ماندو، بەخێر، سەرچاو...واتە ئەو وشانەی کە واتای پێشوازیکردن و ڕێزگرتن دەبەخشن.

٣. لە ڕوی هێزی فرمانەکەوە تێپەڕ و تێنەپەڕن.

### ١٣. فرمانی نەویست (فعل لاارادی)

ئەم ڕستانە فرمانەکە دور لە خواست و ویست و ئارەزوی مرۆڤ ڕودەدات. ئەم جۆرە فرمانانە لە جۆری فرمانی رودانەوە بە پێی ڕستە لە یەکتری جیادەکرێنەوە.

ڕاپەڕی، داچەڵەکا، گلۆڵەی کەوتە لێژی، مچورکیپێداهات، دەلەرزی، وڕێنەیکرد،.

- لە ناکاوا ڕاپەڕی.
- لە ترسا داچەڵەکی. زۆر دەترسێ، لە ترسا هورەیبەرداوە.
- خێرا خێرا مچورکیپێدادەهات.
- لە خۆیەوە وڕێنەی دەکرد.
- گلۆڵەی کەوتە لێژی، کەس باشی پێنایەژی.

تایبەتێتی فرمانەکە:

١. دارێژراو و لێکدراون.

٢. لەڕوی هێزەوە تێپەڕ و تێنەپەڕن.

٣. بە زۆر وشەیەکیان لەگەڵدادێ بەندە بە جەستەی مرۆڤەوە.

٤. دور لە ویست و خواستی مرۆڤەوە رودەدات.

### ١٣. فرمانی بەڕێکردن و ماڵئاوایی

فرمـــانێکە بەهـــۆی وشـــەیەکیترەوە بە ڕێکـــردن و ماڵئـــاوایی دەبەخشن، وەک: بەڕێمکرد، خواحافیزیکرد، خواتان لەگەڵ بێت، بەخێرچن، خوا ئاگادارتان بێت، ماڵتان ئاوابێت، لە پەنای خودایـابن، خوابتانپارێزێـت، خوا هاوکار و پشتیوانتان بێت، ئۆغرتان خێربێت.

تایبەتێتی فرمانی بەڕێکردن و ماڵئاوایی:

١. بە زۆری فرمانی ڕستەکان تێنەپەڕن و تێپەڕیشیان کەمترە.

٢. فرمانەکـــانی بە زۆری لەگەڵ فرمانەکـــانی چـــاوگی (بـــون)دا پێکدێن و تەواوکەر وەردەگرن.

٣. بە زۆری وشـــەی (خـــوا، بەخێـــر) لەگە`ڵ فرمانەکانـــا بەکـــار دەهێنرێن.

٤. ڕستەکانی ئەم فرمانانە بە زۆری دڵنیابون و ئارامی دەبەخشن بەڕێکراو و بەڕێکەر.

### ١٤. فرمانی تکا و نزا و پاڕانەوە

فرمـانێکن بـۆ نـزا و پـاڕانەوە لە خـوا و پێغەمـبەران و کەسـانی پیرۆز بەکـاردێن بـۆ مەبەسـتی جێبەجێکردنـی خواسـت و ویسـت و مەرامـی کەسـی تکاکـار، وەکـو: خـوایە لێیخۆشـبێت، خـوایە بەهەشـتیبێت، خـوا

بیبەخـــشێت، خـــوایە بیکەیـــتە خـــاتری پێغەمـــبەر، خـــوایە دەپـــاڕێمەوە، دەپاڕێمەوە، دەنوزێتەوە...

- خوایە بمخەیتە بەهەشتەوە.
- خوایە لێیخۆشبیت.
- خوایە بیکەیتە خاتری پێغەمبەر ڕزگارمانکەیت.
- خوایە بمانپارێزیت لە دەرد و بەڵای ناگەهان.
- خوایە بەخشندەبیت لەگەڵیا.

# ڕستە لەڕوی پێکهاتنەوە

ڕستە ئەمجۆرە پێکهاتنانەی هەیە:

١. ڕستەی سادە. ٢. ڕستەی لێکدراو. ٣. ڕستەی ئاڵۆز (ئاوێتە)

ڕستەی سادە: لە تاکە ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکهاتوە، یەک فرمانی هەیە. هەشە بەمجۆرە پێناسەی رستەی سادە دەکات: " ڕستە لە یەک تەواوکراو پێکهاتوە واتە لە یەک گرێی سەرەکی کە گرێی تەواوکەری بە دواوەی نەبێت(١)" ئەو نانی خوارد، ئەوانە هاتن.

ڕستە: ئەو یەکە زمانییەیە کە لە نیهاد و گوزارەیەک پێکهاتبێت. وەک: جوتیارەکە زەوی کێڵا، ئەو گوڵی ڕواند.

ئەم پێناسانە لەڕوی واتا گەیاندنی ڕستەوە دروست و زانستین، بەڵام هێمایان بۆ واتا نەکردوە لەگەڵ شێوەی پێکهاتنەکەدا پێناسەی رستە بگەیەنێت. چونکە لەکاری زمانناسییا پێویستە لێکۆڵینەوەی بابەتەکان شێوە و ناوەڕۆک (شێوە و واتا) ببەخشێت. پێویستە پێناسەی رستەی سادە ئاوابێت.

ڕستەی سادە: تێگەیەکی زمانی واتادارە. لە ڕستەیەکی سەربەخۆی پێکدێت بکەرێک و فرمانی هەیە. وەک: منالەکان هاتن، مامۆستا وانە دەڵێتەوە.

نمونە بۆ رستەی سادەی فراوانکراو، کە بێجگە لە بەشە بنجییە سەرەکی و پێویستەکان کەرەسەی تەواوکراویان لەگەڵدادێت، وەک:

١ – د. رمزي منير بعلبكي، معجم المصطلحات اللغوية، ٤٥٥

- یەسنا و کۆبانی هەمو ڕۆژێک پێکەوە لە باخچەکەیانا یاریدەکەن.
- دییە و ئارینا و هاوڕێکانیان هەمو لەگەڵیەک بە ڕۆژەوە دەچنە قوتابخانە.

## ئەو ئامرازانەی کە لە ناو ڕستەی سادەدا دێن

لە ناو ڕستەی سادەی زمانی کوردیدا ئامرازی جۆراوجۆر بەکاردێن و دەور و ئەرکیان لە ناو رستەدا وەکو وشە سەربەخۆکان گرنگ و بنچینەیین لە ناو پێکهاتەی رستەدا. وەکو:

١. ئامرازی پەیوەندی: لە نمونەی ئەم ئامرازانە (و، ی، ە، تا، بۆ، بە، لە، تا، تاکو، هەتا)، ش (یش) ئامرازی پەیوەندی (بۆ، بە، لە) لە هەندێک دۆخی بەکارهێنانا پاشکۆیان بەدوادا دێت، لە ئەنجامی بەکارهێنانیشا پاشکۆکان بەهۆی کاریگەری پەیوەندیان بە دەورو بەریانەوە شێوەیان دەگۆڕێت. پاشکۆکان و شێوەی دەرکەوتنیان.

بۆ ⟵ ەوە، بۆ ⟵ وە: تەنیشتەوە، دواوە.

بە ⟵ دا، بە ⟵ ا: بە دیواردا، بەشەوا، لەگەڵ مامۆستایا.

لە ⟵ دا،ەوە، لە ⟵ ا،ەوە: لە دڵدا، لە دڵا، لە پارەوە.

ئەم شێوە جیاوازانەی پاشکۆکان بە هۆی کاریگەری دەنگسازی (فۆنۆلۆجی) زمانی کوردییەوەیە واتە کاریگەری بزوێن لە ڕوی کورتی و درێژیەوە، شێوەیان بێ گۆڕانی ئەرکیان دەگۆڕێت. دواتر ڕونیان دەکەینەوە

به نمونەی ڕستەوە. چونکە بە پێی ڕیزبەندەکە لە ئامرازی (و)ەوە. دەست پێدەکەین (١).

## ئامرازی پەیوەندی (و) لە بەستانەی ڕستەی سادەدا:

ئامرازی (و) دەکەوێتە نێوان بەشەکانی رستەی سادە لە نەوان (ناو+ ناو) لە بەشی نیهادا، نمونە:

- بەهار و پایز خۆشن. (نیهاد)
- شار و دەشتم گەڕاوە. (بەرکاری ڕاستەوخۆ)
- لە ئاڵا و دیداریان پرسی. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

ئامرازی پەیوەندی (و) (ناو+ ڕاناو) یا بە پێچەوانەوە (ڕاناو+ ناو) گرێی ناوی پێکدەهێنن و دەبێتە بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

- من و ئاڤان ڕۆیشتین. بکەرن ئاڤان و ئەوان دێن.
- بە ئەو و ئاریانم وت. بەرکاری ناڕاستەوخۆ.
- ئاڤێستا و ئاڵام دیت. بەرکاری راستەوخۆ.

ئامرازی (و) لە نێوان دو ئاوەڵناوا:

- پاک و پیس هاتن. بکەر
- پاک و پیسم دیت. بەرکار راستەوخۆ.
- تەڕ و وشکیان سوتاند. بەرکاری ڕاستەوخۆ
- بە چاک و خراپم وت. بەرکاری ناڕاستەوخۆ

ئەرکی ئامرازی پەیوەندی (و) لە بەستانەوەی ئاوەڵفرمانا لە ناو رستەی سادەیا.

---

١ – رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشدی زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧، ٦٢-٦٥.

- شەو و ڕۆژ دەخوێنێت. گرێی ئاوەڵفرمانی کاتی تەواوکەری راستەوخۆ.

- بە شەو و ڕۆژ دەخوەنێت. ئاوەڵفرمانی کاتی تەواوکەری ناڕاستەوخۆ.

ئامرازی پەیوەندی (و) لە بەستانەوەی دو ناوی شوێنا، وەک:

- چیای خاڵخاڵان و هەردەی ماسقەڵان لە ناوچەی شوانن.

- بان نەرمە و بان زالیا و کەوتونەتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە.

- بان و بنیم بەست. لە نێوان ئاوەڵفرمانی شوێن و بەرکاری ڕاستەوخۆ.

- بە بان و بنیا ڕۆیشتوم. تەواوکەری بە یاریدەی فرمانە.

- بان و بنی جوانە. نیهادە.

دەوری ئامرازی (ی) لە ڕستەی سادەدا (١).

دەکەوێتە نێوان (نا+ ناو)، (ناو+ ڕاناو)، (ناو+ ئاوەڵناو)، (ناو+ ئاوەڵفرمان) ناوی پێکدێنێ و ئەرکی (هەیی، وەسف و جۆر) دەبێت.

یاساکە:

ناو/ جێناو+ ئامرازی پەیوەندی (ی)+ ناو= گرێی ناوی

- من شیعری ڕەنجوری کەرکوکیم خوێندەوە. بەرکاری راستەوخۆ

- ئەو بە دایکی دیداری وت. بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

- سۆزی من دڵ دەسوتێنێ. بکەر

- ئاوایی سەرەوەم دیوە. بەرکاری ڕاستەوخۆ.

---

١ – رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، ٧٠-٧١

+ دو بانایین لە باکوری دێی یاروەلی سەر بەشاری کەرکوکن تا دێی قەفاری ناوشوان نزیکدەبنەوە.

- بنی گرت. بەرکاری ڕاستەوخۆ.
- گوڵی ئاڵ دڵ دەکاتەوە. بکەر.
- کاری بەپەلە باشنابێت. نیهادە.

ئامرازی پەیوەندی (ە) [٢]

(ە)ش بە شێوەی ئامرازەکانی تر لە ناو ڕستەدا وشەی جۆراوجۆر دەبەستێتەوە بە یەکتر و گرێی ناوی پێکدێنێ لە ئەرکی جیاوازدا، وەک:

ناو+ ئامرازی پەیوەندی (ە)+ ئاوەڵناو+ نیشانەی ڕێزمانی= گرێی ناوی وەسفی

- گوڵە سورەکە ڕواوە. گ.ن: بکەر (ب)
- ئەم گوڵە سورانەم بۆنکرد. بەرکاری راستەوخۆ (بەر- ڕا)
- دانا کچە جوانێکی دۆزیوەتەوە. بەرکاری ناڕاستەوخۆ (بەر- ناڕا)
- بە جلە کوردییەکەوە هەڵدەپەڕێت. گ.ن: (بەر- ناڕا)

## دەوری ئامرازی پەیوەندی (تا) [٣]

ئامرازی (تا) دەکەوێتە سەرەتا و ناوەندی وشەی جۆراوجۆری وەک: ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمانەوە، وەکو، (و، ی، ە) گرێ پێکدێنێ بە زۆری ماوەی کات و شوێن لە ڕستەدا نیشان دەدات، ئەمەش یاسای پێکهاتنەکەیەتی:

ناوی کات| شوێن+ ئامرازی پەیوەندی (تا)+ ناویتر= گرێی ئاوەڵفرمانی ماوەی کات، وەک:

- ئاڵا شەو تا بەیان هەوڵدەدات. سەرەتا و کۆتایی کاتە.
- بە ڕۆژ تا ئێوارە دەسوڕێمەوە. بەردەوامی کات.

---

٢ – رفيق محمد شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ٧٤

٣ -رفيق محمد شوانی، ٥.س، ٧٥-٧٦-٧٨

- شار تا شار گەڕاوم.
- لە کەرکوکەوە تا کرماشانم دیوە. سەرەتا و کۆتایی شوێن.
- تاکو ڕۆژی مردن چاو دەبڕمە مالە باوان. کۆتایی کات.
- تا ناوچەی شوان هەواری لەبیر نەکراوە. کۆتایی شوێن.

ئامرازی پەیوەندی (تا)+ ئاوەڵناو= گرێی پەیوەندی

- تا لاوازم دەکات. تا: (ناوە) بکەر١
- بە تا گەرم دەبم. گرێی پەیوەندی، تەواوکەری بەیاریدە٢.
- نەخۆشی تا گرتمی. گرێی ناوی، تەواوکەری ناوە.

لە ڕوی واتاوە ڕستەی (تا گرتمی) دو دەوری هەیە، وەکو ڕواڵەت (surface) ئامرازی پەیوەندییە و لە روی بنجیشەوە (structure) ناوی نەخۆشی (تاو و لەرز)ە.

## ئەرکی کۆمەڵەی سێیەمی ئامرازە پەیوەندییەکان(٣)

ئەم کۆمەڵە ئامرازە (بۆ، بە، لە) لە ڕوی چۆنیەتی بەکارهێنانیانەوە، جیادەبنەوە لە ئامرازە پەیوەندیەکانی تر. چونکە ئەمانە وەکو ئامرازی پەیوەندی ناوگر و پەڕگر* بەکاردێن.

---

١ - لەمەودوا لە جیاتی ئەمانە: بکەر (ب)، بەرکاری ڕاستەوخۆ (بەر-ڕا)، بەرکاری ناڕاستەوخۆ (بەر-ناڕا)، نیهاد (ن)، ئامرازی پەیوەندی (ئا -پ)، تەواوکەری بە یاریدە (تە- بەیار، تە - ناڕا)، گرێ (گ)، گرێی ناوی (گ- ن)، گرێی ئاوەڵفرمانی (گ- ئا).

٢ -بۆ دەوری (تا) لە بوارە جیاوازەکانی زمانەوە، بڕوانە: رفیق محمد محی الدین، دەوری (تا) لە ڕێزمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١٣٥)، ١٩٩٥، ل ٦٣-٦٩

٣ – بڕوانە: رفیق محمد شوانی، نامەی دکتۆرا: ٨٥-٨٧

* ناوگر: لێرە وشەیەکی ئاساییە نەک زاراوە واتە لە ناوەوە دێت، پەڕگریش هەمان شتە ئەوەی لە دەرەوە واتە پەڕی وشە، پێش وشە دەکەوێت زاراوەی ڕێزمانی نین.

ئـامرازی پەیوەنـدی (بـۆ، بە، لە) وەکـو نـاوگر لە رسـتەدا، نمـونە، یاساکەی:

ناو+ ئاپ (ک٣)ی ناوگر+ ئاوەڵفرمان= گرێی ئاوەڵفرمانی و ناوی.

- قسە بە درۆ ناکرێت. (گ ئا چ: گرێی ئاوەڵفرمانی جۆنیەتی)
- تاریکایی مانگ لە ئێوارەوە دیارە. (گ ئا ک: گرێـی ئاوەڵفرمـانی کاتی)
- نان بۆ نانەوا دەبێت. (گ ن: گرێی ناوی)

ئامرازی پەیوەندی (بۆ، بە، لە) وەکو پەڕگـر و پێکهـاتنی گرێـی پەیوەنـدی پێکدێنن. لەگەڵ (نـاو، ئاوەڵنـاو، جێنـاو، ئاوەڵفرمـان) یاسـای ئامرازی پەیوەندی پەڕگر بە گشتی:

ناو|جێناو+ ئا پ| پەڕگر+ ناو| جێناو| ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان+ گوزارە| فرمان

لە رستەشدا دەبنە گرێی فرمانی، گرێی ئاوەڵناوی، گرێـی ئاوەڵفرمـانی، گرێـی نـاوی، گـرێ ناوییەکـان لە ڕسـتەدا دەوری بەرکـاری ناڕاسـتەوخۆ، تەواوکەری بەیاریدە دەبینن. یاساکە ئەمجۆرانەی لەدەبێتەوە:

ا- ناو| جێناو+ ئا پ پەڕگر+ نـاو| ئاوەڵنـاو+ فرمـان|گـوزارە= گرێـی فرمانی. (V.ph)

- ئیشەکەت بۆ پارەبو. (گ پ — گ ف: واتە گرێی پەیوەنـدی، گرێی فرمانی)
- من بە گەورە دەزانی.

ب- ناو| جێناو+ ئاپ پەڕگر+ جێناو+ فرمان| گوزارە= گرێی فرمانی

- شتەکان بە من بو.
- باوکم لە کوێ بو.
- ئێمە لەوێ بوین.

ج- ئاپ پ (پەڕگر)+ ئاوەڵناو+ فرمان= گرێی ئاوەڵناوی
- منداڵی بە گورم خۆشدەوێ.
د- ئاپ پ+ ئاوەڵفرمان، ناو= گ ئا چ (گرێی ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی)
- بە کوڵ گریا.
- من بە تەنیا نوستم.
ە- گرێی ناوی بە هۆی ئامرازی پەیوەندی پەڕگرەوە.
ئاپ پەڕگر+ ناو| جێناو+ فرمان= گرێی ناوی.
- نامەکەم بە ئاریان نوسی. (گ ن — بەر نارا)
- دیاریەکەم بۆ برادەرەکەم کڕی.
- لە باوکم پرسی. — بە ئێوەم کڕی. — کتێبم بۆ هین بو. — بە کێت وت.

## ئامرازی پەیوەندی پەڕگر و پێکهاتنی گرێی ئاوەڵفرمانی[1]:

ئامرازەکانی (بە، لە، بۆ) بە زۆری لە ناوەوە گرێی ئاوەڵفرمانی بۆ (کات، شوێن، ڕادە، هۆ) بە هۆی پاشکۆی (ئامرازە پەیوەندیەکانیانەوە پێکدێت) یاساکە و نمونە:

ئاپ پەڕگر+ ناو| ئاوەڵفرمان+ پاشکۆی ئاپ+ فرمان
١. گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنی بە هۆی (بۆ، بە، لە)
- لە شاری کەرکوکدا کاردەکات. — لە کەرکوکا کار زۆرە. (لە - دا/ر، شوێن)
- مێوانەکان لە ڕێگاوە هاتون. — دوژمنەکان لە ڕێگایا توشی یەکتربون. (لە- وە|یا)

---

١ — رفیق محمد شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، ٨٧-٨٩

- قوتابییەکان <u>بە</u> مامۆستاوە هاتن. (بە- ەوە بۆ چۆنیەتی)
- سوپاکە <u>بۆ</u> ئێرەوە هاتن. (بۆ- ەوە ئاڕاستەی شوێن)

٢. گرێی ئاوەڵفرمانی کاتی: ئاپ پەڕگر+ ناو| ئاوەڵفرمانی کاتی + پاشکۆی (لە)+ فرمان

- تاریکایی شەو <u>لە</u> ئێوارەوە دیارە. (لە - ەوە)
- فلیمەکە <u>بۆ</u> هەینی داهاتو کاردەکات. (بۆ- ؟)
- خەڵکی <u>بە</u> ڕۆژ دەچنە دەر<u>ەوە</u>. (بە- ەوە)

پاشکۆی (بۆ، بە، لە) کات، شوێن و چۆنیەتی دەبەخشن

٣. گرێی ئاوەڵفرمانی رادە: ناو| جێناو+ ئاپ پەڕگر+ ئا ڕادە + گوزارە| فرمان

- <u>من بۆ کەمێک</u> پارە خۆم نافرۆشم.
- منداڵەکان <u>بە کەمێک</u> پارە رازینابن.
- زۆر <u>لە</u> کەم باشترە.

٤. گرێی ئاوەڵفرمانی هۆ: بکەر+ ئاپ پەڕگر+ ناو| جێناو+ فرمان

ئەم جۆرە ئاوەڵفرمانە بە زۆری بە ئامرازی (بە)ەوە بۆ ئەنجامدان و ڕودانی فرمان پێکدێت و بەشە بنجێکانی ڕستە بەمشێوە پێکەوە دەبەستنەوە: ناو| جێناو+ ئاپ پەڕگر+ ناو| جێناو| چاوگ+ فرمان: نمونە

- من بزمارەکەم <u>بە چەکوش</u> هەڵکێشا.
- جوتیارەکان <u>لە بەر تۆ</u> هاتنەوە.
- ئێمە <u>بە خوێندن</u> سەردەکەوین.
- لە تێکۆشان وازناهێنیّ.

لە ڕوی پێکهاتن و مەبەستی بەستانەوەی بەشەکانی ڕستەدا ئاوەڵفرمانی (هۆ، ڕادە، چۆنیەتی) بەر یەک یاسا و دەستور دەکەون، چۆنیەتی ڕادەگەیەنن و ئامرازی (بە) دەوری چالاکی ئەو جۆرانەی هەیە:

گرێی ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی: گرێیەکە چۆنیەتی ڕودان و جێبەجێکردنی ئیش و کار و ڕوداوێک رادەگەیەنێت، بە زۆری ئەرکی تەواوکەری ناڕاستەوخۆ دەبینێت لە رستەدا.

یاسای پێکهاتنی:

ئاپ پەڕگر+ ناو| ئاوەڵناو+ پاشکۆی ئامرزای پەیوەندی

لە خۆیەوە هات بۆ ئێرە. لە خۆیەوە: گ. ئاچ: تەواوکەری ناڕاستەوخۆ.

- بەراکردن هاتەوە. بەڕاکردن: گ ئا چۆنیەتی، تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.

- بەپێوە نانیخوارد. بەپێوە: گ ئا چ، تەواوکەری ناڕاستەوخۆ.

- بە گریانەوە هاتەوە. بە گریانەوە: گ ئا چ، تەواوکەری ناڕاستەوخۆ.

ئەگەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)ی پەڕگر، لە سەرەتای ڕستەی فرمان تێنەپەڕدا بکەوێتە تەک بەرکاری ناڕاستەوخۆوە، چۆنیەتی بەستانەوەکەی لە گرێی پەیوەندییا، مەبەستی لە پێناو (لاجل) دەبەخشێت، بە مەرجێک بەرکارە ناڕاستەوخۆکەی لەگەڵیدابێت و بەشەکانی ڕستە بەمشێوە (بکەر، بەرکار، فرمان) لە ڕستەدا دیاردەبن:-

- بۆ کوڕەکە هات. (بۆ: ئاپ واتای لە پێناو دەگەیەنێ)

- کورەکە بۆ هات؟ (بۆ: جێناوی پرسە نەک ئاپ)

بە گۆڕینی جۆری فرمانی ڕستەکەی سەرەوە بە تێپەڕ بەپێی یاسای جێگۆڕکێی ڕێزمانی گوێزانەوە، دیاردەکە تەواو پێچەوانەی یەکتر دەبێتەوە بەمشێوەیە ڕادەوەستین:-

| | |
|---|---|
| کتێبی بۆ کڕی - (بۆ: ئاپ- لە پێناو | کوڕەکە بۆ هات؟بۆ: جێناوی پرسی هۆیە) |
| بۆ کتێبی کڕی؟بۆ: جێناوی پرسی هۆیە ↓ | بۆ کوڕەکە هات. (بۆ: لە پێناو) ↓ |

## کۆمەڵەی سیەم(١)

دەوری ئامرزای بەستنەوەی پەیوەندی (ش) لە رستەدا:

ئامرزای بەستنەوەی پەیوەندی (ش)، لە کۆمەڵەی یەکەمی ئامرازە پەیوەندییەکانی یەکەم (و، ی، ە، تا) و کۆمەڵەی دوەمی وەکو (بۆ، بە، لە) جیادەبێتەوە. چونکە تەنیا گرێی ناوی پێکناهێنێت و، ڕودانی هەواڵەکەی بە هەواڵێکی تری نادیارەوە دەبەستێت و ئامرازی (ش) لەڕوی شێوەی دەرکەوتنەوە بریتییە لە (ش)، بەڵام بە هۆی دەنگناسی زمانی کوردیەوە، لەگەڵ وشەی کۆتایی هات و بە بزوێنەوە دەبێتە (یش)

یاسای دەرکەوتنی ئامرازی (ش)

ناو| جێناو+ ئاپ (ش| یش)+ فرمان:

١. ئاڵاشم بینی.

٢. مەلاش دزیدەکات.

٣. هینیش دەستی پێکرد.

٤. تۆیش و ئەویش وەرن.

٢. ئەگەر ئامرازی (ش|یش) بچێتە سەر فرمان و بە نیشانەی و پێشگری فرمانەکەوە بلکێت دەبێتە هۆی جەختی ڕودانی فرمان لە لایەن بکەرەوە:

ناو/ جێناو+ نیشانەوە و پێشگری فرمان+ فرمان

- من هەڵیشدەچم. ٢- من دەشچم بۆ بازاڕ. ٣- ئێمە بە خۆڕایی لێکیش دەبین.

---

١ -

٣- ئەگەر ئامرازی (ش|یش) بچێتە سەر ناوێک .ویا جێناوێک و ناو و جێناوی تری کەوتبێتە تەکەوە، ناو و ڕاناوەکە بۆ مەبەستی سەرسوڕمان بە فرمانەکەوە دەبەستێت.

ناو| جێناو+ ئاپ (ش|یش)+ ناو| جێناو+ فرمان

١. ئەویش خۆی بە پیاو دەزانێت!

٢. خولەش خۆی بە پیاو دەزانێت!

٤. ئامرازی (ش|یش) بۆ بەستانەوەی دو ناوی دۆخی لە یەکنەچو، بە هۆی ئامرازی (و)ی پەیوەندییەوە، بە پێی ئەم یاسایە بەکاردێت:

ناو+ ئاپ (ش|یش)+ ئاپ (و)+ ناو و دۆخی دوەم+ ش|یش+ فرمان

- نوێژیش و دزیش دەکات.
- کاسبیشە و خوێندنیش دەکات.

دواى دیاریکردنی ئامرزای پەیوەندی و چۆنیەتی ئەرک و یاساکەیان پێناسە و تایبەتێتیان دەخەینەڕو.

## پێناسەی ئامرزای پەیوەندی

ئامرازی پەیوەندی: بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنە، لە پێکهاتنی ڕستەدا دەور دەبینێت و پەیوەندی ناو بەشە ئاخاوتنی تر بە یەکترەوە دەبەستێت و بە زۆری لە ڕوی بونیانەوە لە زمانەکەیا سەربەخۆن.

ئامرازی پەیوەندی وەکو خستمانەڕو پێویستە دواى دیاریکردنی ئەرک و یاسایان تایبەتێتیان دیاریبکەین.

### تایبەتێتیەکان

١. ئامرازی پەیوەندی لەڕوی بون و بەکارهێنانا شێوەیان سەربەخۆ لە ناو ڕستەدا دەناسرێنەوە.

٢. واتـای سـەربەخۆیان نیـیە، تـا نەکەونە تەک وشـەی تـرەوە لە ڕسـتەدا ئەرک و واتایان دەرناکەوێت، بەڵام لە ئاستی وشەسازییا لە ناو وشـەدا ئەم تایبەتێتیەیان دیارە لە ڕوی واتا بەخشینەوە.

٣. بەشداری پێکهاتن و داڕشتنی وشە و ڕستەدەکات و دەور دەبینێ و، لە ناو قالبی پێکهاتنی ڕستەدا تـێکەڵ بە داڕشـتنی ڕسـتەکە دەبێـت و، بەشـە بنجیەکانی ڕستە بە یەکترەوە دەبەستێتەوە.

٤. بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ پێکدێنێت و بەوەی سەر بە بەشە ئاخـاوتنی ترنییە و شوێنی تایبەتی خۆی لە ناو ئاخاوتنا هەیە.

٥. لە بەکارهێنانـا دەکەونە شـوێنی جیاجیـای ڕسـتەوە، بە پێـی ئەو شوێنانە و دەورو بەریانەوە ئەرکیان دیاریدەکرێت لەناو رستەدا.

٦. ئەم ئـامرازانە گرێـی پەیوەنـدی (prepositional phrase) ئامرازی (لەگەڵ) زیاتر ئاوەڵفرمـانە نەک ئـامرزای پەیوەنـدی (لەتەک)یـش هەمان شتە.

٧. لەڕوی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازە پەیوەنـدیانەوە دابەش دەبـنە سێ کۆمەڵەوە، کۆمەڵەی یەکەم: (و، ی، ە، تـا) واتە ئـامرازی پەیوەنـدی ناوگر.

**کۆمەڵەی دوەم:** (ش|یش)

کـۆمەڵەی سـێیەم: بـریتییە لە (بـۆ، بە، لە، تـا) بـریتییە لە ئـامرازی پەیوەندی پەڕگر(١).

---

١ - **بۆ پێناسە و تایبەتێتیەکان بڕوانە: رفیق محمد شوانی، ە.س، ٤٠-٤١**

# ڕستەی لێکدراو

ڕستەیەکە لە دو رستەی سادە یا زیاتر پێکدێت و بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە دەبەسترێنەوە بە یەکتر یا بە هۆی ئامرازی لێکدەری جوتەوە، هەردو ڕستە سادەکەی ناو رستە لێکدراوەکە یەکسانن(١)و بەرامبەر یەک دەوەستن.

## دیاریکردنی ئامرازی رستەی لێکدەر

ئەو ئامرازانەن دو رستەی سادە لە رستەیەکی لێکدراوا بۆ مەبەستی جیاجیا، بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە یەک دەدەن. هەندێ جار ڕستەی سێیەمیش بە هۆی ئامرازە جوتەکانەوە، بۆ مەبەستی ئەنجام دێت بەدوای رستە لێکدراوەکەیا.

**ئامرازەکان ئەمانەن**

ئەو ئامرازانەی دو رستەی سادە لە ڕستەیەکی لێکدراوا دەبەستنەوە بە یەکتر ئەمانەن:

١. ئامرازە لێکدەرە تاکەکان، وەک: (و، ش، بەڵام، ئەگینا، کەچی، ئەمجا، دەنا)

٢. ئامرازە لێکدەرە جوتەکان، وەک: (ش-ش، هەم- هەم، نە- نە)، (چ- چ)، یان- یان)

## یاسای لێکدانی ڕستەی لێکدراو

ئامرازی لێکدەری (و):

---

١ – رفیق شوانی، نامەی دکتۆرا، ٤٥

١. ڕستەی سادە/١ (بکەر/+ فرمان)+ ئالێک(٢)+ ڕستەی سادەی|٢ (بکەر+ فرمان) دەشێت و ئاسانترە بکەری رستەی دوەم لە حاڵەتی هەمان بکەریدا دوبارە نەبێتەوە.

- من هاتم و ڕۆیشتم.
- ئاڤان ڕۆژنامەکەی کڕی و خوێندییەوە.
- بیکە و بیخۆ.
- ئێمە بە فیرۆ دێین و دەچین.

هەمان یاسا: ڕستە سادەکانی ناو ڕستە لێکدراوە لە حاڵەتی نەرێشدا دێن، وەک:

- من نە دەیکەم و نە دەیخۆم(٣).
- نە بیکە و نە بیڕوخێنە.

٢. بۆ لێکدانی دو ڕوداوی پێچەوانەی یەکتر لە ڕستەی لێکدراوا وەک:

- من هاتم و ئەو ڕۆیشت.

٣. بۆ لێکدانی دو ڕوداوی ڕێکنەکەوتوی دژ یەک لە ڕستەی لێکدراوا.

یاساکەی:

ڕستەی سادە/١ (بکەر/١+ فرمان+ ئالێک+ ڕستە/٢ (بکەر/ ٢+ فرمان)

ئێمە کردمان و ئەوان بردیان.

هەمان یاسای بە دوبارە کردنەوەی بکەری ڕستەی سادەی یەکەم لە ڕستەی دوەما، وەک:

من کار ناکەم و نانیش دەخۆم.

---

٢ – بکەر و بەرکار توشی قرتانبونە، چونکە وەک یەک و هاوەمەبەستن بۆیە دوبارە نابنەوە، بڕوانە نامەی دکتۆرای رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ٩٢.

٣ –(ئالێک) کورتکراوەی ئامرازی لێکدەرە. ڕ لێک: ڕستەی لێکدراو. لەمەودوا بەکاردێت.

ئامرازی لێکدەری (ش|یش) (١)

ئامرازی لێکدەری (ش|یش) ئەم رستە لێکدراوانە پێکدێنێت:

١. ڕستە/١ (بکەر/١+ فرمان/٢)+ ڕستە/٢ (بکەر/ ٢+ئالێک (ش/یش+ فرمان/٢)

- ئێمە دابەزین ئێوەش دابەزن.

٢. ئامرازی (ش/یش) بۆ پێچەوانەکردنی نێوان دو ڕوداو، دو رستەی سادە بە یەکترەوە دەبەستێت. یاساکەی:

ڕستەی سادە/١ (بکەر/١+فرمان/١)+ ڕستەی/٢ (بکەر/٢+ ئالێک+ فرمان/٢)

- کتێبی کڕی و پارەشی نەدا.

٣. ئەم ئامرازە لەگەڵ زۆربەی ئامرازە لێکدەرەکانی ترا بۆ جەختکردنی مەبەست و ڕودانی فرمانەکانیان دو ڕستەی سادە پێکەوە لێکدەدات:

هەم دەخواتیش، هەم دەباتیش.

ئامرازی لێکدەری هەم...هەم

لەگەڵ هەمو فرمانێک بەکاردێت بەمجۆرە:

١. بەشێوەی سادە بۆ جەختکردنی دو ڕوداوی نزیک یەک لە ڕستەیەکی لێکدراوا:

بکەر+ فرمان+ ئامرازی هەم+ بکەر+ فرمان

- تۆ کردت هەم بردت. (هەم تۆ بردت)

٢. بۆ بەستانەوەی جەختکردنی لە پەیوەندی نێوان دو ڕوداو و بابەتی گونجاو:

---

١ – بۆ یاسای لێکدانی ئامرازی لێکدەری ڕستەی لێکدراو (و، ش- یش، هەم-هەم، نە-نە، چ-چ، یان- یان) بروانە: رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ١٠٨

ئالاّ هەم زیرەکە هەم ژیرە. (هەمیش ژیرە)

٣. بۆ بەستانەوەی پەیوەندی نێوان دو شتی جیاواز یا وەک یەک لە ڕستەی لێکدراوا، وەک:

- هەم نانی خواربو هەم چایکردبو.

٤. ئەگەر فرمانی هەردو ڕستە سادەکە وەک یەکبن، لە ڕستەی دوەما دوبارە نابێتەوە، توشی قرتان دەبێت. وەک:

- هەم باران دەبارێت هەم بەفر...

ئامرازی لێکدەری نە ... نە

دو ڕستەی سادە لە ڕستەیەکی لێکدراوا پێکدەهێنێت بۆ مەبەستی نەرێکردنە لە هەمو دەمەکانی فرمانا. وەک:

١. دو دیاردە و دو ڕوداو لە بەستانەوەی دو ڕستەی سادەیا:

ئالێک + ناو/جێناو (بکەر/بەرکار) + فرمان + ئالێک/ ٢ + ناو/جێناو (بکەر، بەرکار) + فرمان/٢

- نە چاکە وندەبێت نە خرایە لەبیر دەچێت.

٢. بۆ بەستانەوەی پەیوەندی نێوان دو فرمانی نەرێ لە ڕستەیەکدا:

ئلێک + فرمانی/ ١ + ئلێک/٢ + فرمانی/٢= ڕستەی لێکدراو

- نە دەخوێنم نە دەنوسم.

لەگەڵ ئامرازە لێکدەرەکانی تریشدا، دەکرێت بە پێی پەیوەندی هاوڕەگەزی (ستونی، پارادیگماتیکی) دەستکاری کەرەسەکانی بکەیت و ڕستەکان بخرێنەوە سەر بنجەکەی.

نمونە:

- نەهات و نەهەواڵیشی نارد.

- نەمن دێم نەئەو دێت. — هەم من دێم هەم ئەو.

- یا من دێم یا ئەو دێ.    — من دێم یا ئەو.

ئامرازی لێکدەری (چ...چ)

ئامرازێکە بێجگە لە فرمانی داخوازی لەگەڵ زۆربەی کاتی فرمانی تـرا، بۆ لێکدانی بەراوردکردنی نێوان دو دیاردە و ڕوداوو لەگەڵ ئەنجامەکەی، کە بۆ گومان و لێکچون جەخت لە ڕستەیەکی لێکدراوی سێ فرمانی بەکاردێت و کەرەسەی لێکچون دوبارە نابێتەوە، وەک:

١. بۆ بەراوردکردنی دو دیاردە لەگەڵ ئەنجامەکەی:

ئالێک+ ڕستەی سادە|١+ ئالێک|٢+ ڕستەی سادە|٢= ڕستەی ئەنجام

ئالێک+ (ناو| جێناو- بکەر| بەرکار)+ فرمانی |٢+ ڕستەی |٣. نمونە:

- چ بابێت چ باران وەک یەکە. (ئەنجامەکەی بۆ لێکچونە)

- چ بابێـت چ بـاران بـۆی دەردەچێـت وەک بەرزەکـی بانـان. (ئەنجام بۆ جەختە).

- چ کردی چ بردی.

- چ بیخواردایە چ بیبردایە وەک یەکبو.

-چ بیخواردایە چ بیبردایە.

## تایبەتێتی ڕستەی لێکدراو

١. ڕسـتەیەکە لە بەسـتانەوەی دو ڕسـتەی سـادە بە هـۆی ئـامرازی لێکدەرەوە پێکدێت.

٢. دو تێگە (مفهوم) دەگرێتە خۆی، کە واتای جۆراوجۆر دەبەخشن.

٣. ئامرازە لێکدەرەکانی ڕستەکە، ئەرکی سەرەکیان هەیە لە بەستانەوە و دیاریکردنی واتای ڕستە لێکدراوەکە.

٤. بـێجگە لە ئـامرازی لێکـدەر، جـۆرە ئـامرازی تـر و نیـشانە ڕێزمانیەکانیش، کە حاڵەتی ڕێزمانییان هەیە لە ڕستەدا بەکاردێن.

٥. ڕستەکانی ناو ڕستە لێکدراوەکە، لە ڕوی واتاوە یەکسانن و بەرامبەرێ و هاوتان.

٦. بەزۆری ئامرازە لێکدەرەکانی، ئاراستەی واتایی و جۆری پێکهاتەی ڕستە لێکدراوەکە دیاریدەکەن.

٧. مەرج نییە جۆری ڕستە لێکدراوەکان هەمو فرمانیبن، ڕستەی باسی (ناو)یش هەیە. وەک: زستان ساردە بەڵام هاوین گەرمە.

٨. ڕستەی لێکدراو لە نیهاد و گوزارە پێکدێن، وەکو نمونەی تایبەتێتی (٧)ەم لە هەردو لای ڕستە لێکدراوە فرمانی تیانییە و، لە حاڵەتی نادیاریدایە، واتە کەسی سێیەم کە نادیارە (غائب)

٩. ڕستەی لێکدراو گرێی جۆراوجۆری ناوی، ئاوەڵناوی، ئاوەڵفرمانی و گرێی فرمانیش دەگرێتە خۆی. وەک: من دۆڕام و لە دەستیشم چو(١).

١٠. ڕستە سادەکانی ناو ڕستە لێکدراوەکە، دەشێت لە فرمانێک یا گوزارەیەک پێکهاتبێت، وەک: من کوردم، هات، من کوردم و تۆ عارەبیت، هاتم و ڕۆیشتیت. زستان ساردە و بەهار خۆشە.

١١. لە ڕستەی لێکدراوا بێجگە لە دو ڕستەکەی، جاری وا هەیە جۆری ئامرازە بەستەرەکە رستەی سێیەمیش بۆ مەبەستی ئەنجام، لێکچون و جەخت و گومان دەبەخشێت.

---

١ – گرێی فرمانی مەبەست لەو گرێیانەیە کە پێکهاتەی فرمانەکە بەندە بە بەشی پێکهاتە و واتی فرمانەکەوە بە لادانی هەر کەرەسەیەکی گرێ فرمانێکە هەڵدەوەشێتەوە، وەک: لە دەستچو، لە دەسماندا، لە پەکخرا، بەفیڕۆچو، لە تۆ دەچێت...هتد

## تایبەتێتی ئامرازی لێکدەری رستەی لێکدراو

١. ئـامرازە لێکـدەرەکان (و، ش) نەبێت، ئەوانـی تـر لە ڕوی شـێوە و بـونەوە سـەربەخۆن. ئەم دوانەیـان وەکـو ئـامرازی پەیوەنـدیش لە ئاسـتی ڕستەی سادەدا، بەشە بنجیەکانی ناو ڕستەکە دەبەستنە یەکترەوە.

٢. ئـامرازە لێکـدەرەکان کە بـکەونە سـەرەتای ڕسـتەکەوە، ئەوا ڕسـتە لێکدراوەکە دو بکەری دەبێت.

٣. ئامرازی لێکدەر ناکەونە ناو خودی پێکهاتەی ڕستە سادەکانی ڕستە لێکدراوەکەوە، بەشکو ئەرکی لێکدانی هەردو ڕستە سادەکە دەبەستنەوە .

٤. ئـامرازی لێکـدەر هەردو لای ڕسـتە لێکـدراوەکان یەکسان ڕادەگـرن، واتە سەر بە هیچ لایەکی ڕستە لێکدراوەکەنین.

٥. ئامرازە لێکـدراوەکان ئەرکـی بەسـتانەوەی نـاو ڕسـتە لێکـدراوەکە بە شێوەی جیاجیا دەبینن.

ئامرازی لێکدەری ئەگینا، بەڵام، کەچی

ئەم ئامرازانە دو ڕسـتەی سـادە لە ڕسـتەیەکی لێکـدراوا پێکـدەهێنن، لە ناوەڕاستی رستەکەوە دێـن بـۆ مەبەسـتی (پـێچەوانە)، هەردو لای ڕسـتەکە یەکسان ڕادەگرن.

ئەگەر لەم جـۆرە ڕسـتانەدا بـکەر و بەرکـار یەکـبن، لە ڕسـتەی دوەمـا توشی لابردن دەبن، نمونە: ئامرازی ئەگینا:

ئامراز+ ناو| جێناو+ فرمان+ ئالێک+ ئامراز+ فرمان

- بە من بڵێ ئەگینا لێتدەدەم. (بۆ پێچەوانە)
- بە قسەمبکە ئەگینا وازتلێناهێنم.

ئامرازی بەڵام:

ناو| جێناو+ فرمان+ ئالێک+ ناو| جێناو+ فرمان= رستەی لێکدراو

- زستان سارد دەبێت بەڵام هاوین گەرم. لێرەدا فرمانی وەکیەک دوەمیان دەقرتێ.

- تۆ نانتخوارد بەڵام ئەو نەیخوارد. بەرکاری دوەم قرتاوە (بۆ نەرێیە)

ئامرازی لێکدەری ئەمجا:

دەکەوێتە ناوەڕاستی رستەی لێکدراوەوە، بۆ مەبەستی کاتی لە مەودوا (داهاتو) دو ڕستەی سادە بە یەکترەوە گرێدەدات. وەک:

- ئاڤێستا ئیش و کارەکانی تەواوکرد ئەمجا دەڕواتەماڵەوە.

ئامرازی کەچی:

- بەڵێنی پێمدا کەچی نەیبردە سەر. (بۆ پێچەوانە) هەمان یاسای ئەمجا...

- هەمو خەڵکەکە هاتبون کەچی ئەو نەهات.

دیاردەیەکی ڕێزمانی ئەوە دەسەلمێنێ، کە بەپێی پەیوەندی هاوڕەگەزی و بەپێی پەیوەندی ستونی کە لە نێوان کەرەسە هاوڕەگەزەکانی ڕستەکەدا پەیدادەبێت، ئامرازە لێکدەرەکان شوێنی یەکتر دەگرنەوە بۆ مەبەستەکەی خۆیان(١). وەک:

- جل لەبەر دەکات و جل دەبات.
- جلیش لەبەر دەکات جلیش دەبات.
- هەم نان دەخوات هەم نان دەبات.
- نان دەخوات و نان دەبات.
- چ نان بخوات چ نان بدات یەکە.
- یان نان دەخوات یان نان دەبات.

ئامرازی لێکدەری (یان-یان| یا-یا)

---

١ - محمد رضا باطنی، ئاورێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وە: حەسەنی قازی، سوێد، ١٩٩٣، ٧٩-٨٠

بەو دو شـێوەیەی سـەرەوە لە نـاو ڕسـتەدا دەردەکەوێـت و بەشـێوەی سـادەش (یـا) لە نێـوان دو ڕسـتەی سـادەدا بەکاردێـت بـۆ مەبەسـتی جۆراوجۆر. لەگەڵ زۆربەی دەمی فرمانا دێت.

١. ئامرازی (یان–یان) بۆ لێکدانی دو ڕستەی سادەی یەک بکەری و دو فرمانی داخوازی یا دو بکەری و دو فرمانی ڕانەبردو لە رستەیەکی لێکدراوا بۆ (داخوازی و هەڵبژاردن بەمجۆرە بەکاردێت و توشی دیاردەی قرتـانیش دەبێت. وەک

(ا) ئالێـک+ فرمـانی داخـوازی+ جێنـاوی لکـاو و (جێگـری بـکەر)+ ئالێک|٢+ ف داخوازی| ٢+ ج بکەر (ج بکەر واتە جێگری بکەر) نمونە:

- یان وەرە یان بڕۆ. (بۆ داخوازی و هەڵبژاردن)
- یان نان بخۆ یان ڕامەوەستە.

(ب) ئالێـک+ بـکەر| بەرکـار+ فرمـانی ڕانەبـردو+ ئالێـک|٢+ بـکەر| بەرکار+ ف ڕانەبردو:

یا سێو دەخۆین یا هەنار. (بۆ هەڵبژاردن)

یا من دەڕۆم یا تۆ. (بۆ هەڵبژاردن)

(ج) بـۆ نەرێکردنـی دو فرمـان لە ڕسـتەیەکی لێکـدراو لێکـدەدات: نـاو| جێناو+ فرمان+ ئالێک+ فرمانی نەرێ

تۆ هاتیت یان نەهاتیت. — تۆ هاتیت یان نا.

(د) نـــاو| جێنـــاو|ئاوەڵفرمـــان+ فرمـــان ئالێـــک+ نـــاو| جێنـــاو+ فرمان|٢ (یان بێ فرمان)

- تۆ ژن دەهێنی یا خانو دەکڕی؟
- لە سەرەوە بویت یان لە خوارەوە؟
- ئاڵا هاتوە یا ڕۆیشتوە. (بێ فرمان)

جاری واهەیە پرسیارکردن لەگەڵ جێناوی پرسی (کام) بۆ هەڵبژاردن بە هۆی (یان)ەوە بەکاردێت. وەک: جێناوی پرس+ ئالێک (یان)+ فرمان + ئالێک (یان)+ ناو| جێناو.

کامیان خۆشە شار یا|ن لادێ؟

یان|یا: بۆ پرسیارکردن وەک: ئێوە مامۆستان یا قوتابین؟

(ە) بۆ بەستانەوەی دو ڕستەی سادە لە ڕستەیەکی لێکدراوا، فرمانەکەی لە چاوگی (بون) بێ :

یا من دەبم یا تۆ. بۆ جەختە.

جاری واهەیە ڕستەکە بۆ ئاستی نەبونی فرمان کورتدەکرێتەوە، بکەر یا بەرکار و ئامرازەکە دەرەکەوێت وەک: یا شەڕ یان رەو. — یا من یا تۆ[1]. (بۆ جەختن)

---

١ – لێژنەی کۆڕ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ٣٦٦ ئەمە بە شێوازی بەکارهێنانی ڕەوانبێژی دەزانین.

# ڕستەی ئاڵۆز
## (الجملة المعقدة- complex sentence)

ڕستەیەکە لە ڕستەیەکی سەرەکی و واتە شارِستە و لاڕستە کە بەهۆ ئامرازی گەیەنەرەوە (١)، دەدرێتە دەم ڕستە سەرەکیەکەوە، کە بەتەنیا لاڕستەکە تێگەی تەواو بەبێ شارِستەکە ناداتبەدەستەوە، کە مەبەستی جیاجیا دەبەخشێت.

نمونە:

- کوردستان خۆشدەبێت ئەگەر بایەخیپێبدرێت.
- زاگرۆس خەوتبو کە من هاتم.
- کە ئاریان هات تاڤان دەڕۆیشت.

ئامرازی گەیەنەری ڕستەی ئاڵۆز (وشەی بەستەر – transition word) (١)

(کە، کەی، کاتێک کە، هاکا، هەرکە، هەرکەس، هەرشتێ، هەرکێ، هەرجار، هەرکام (هەر و وشەیتر)، چونکە، ئەگەر، گەر، ئەگەرچی، گەرچی، لەبەرچی، لەبەرئەوە، بۆ ئەوە، بۆ ئەوەی کە، بۆیە، تا، هەتا، هەتاکو،... هەرچی، هەرچەند (ە) هەرچۆن، کەواتە، لەگەڵ ئەوەشا، پاش ئەوەی، پاش ئەوە کە، دەمێکە، وەختێکە، لەوەتی، لەوەتەی، ئەوەندە، کەچی، ئەوەندیکە، زیاد لەوەی کە، بەڕادەیەک، ئەو رادەیەی کە، بەوجۆرەی کە،

١ – رفیق محمد شوانی، نامەی دکتۆرا، ١٩٩٧، ٤٧

١ – محمد علی الخولی، معجم علم اللغة التطبیقی، مکتبة بیروت- لبنان ١٩٨٥، ١٢٥

بەشـــێوەیەک کە، بەڕەنگـــێکە، بەجـــۆرێکە، هەر کـــوێ، بـــۆ هەر کـــوێ، لێرەکە...) (٢)

هەندێک وشە و گرێ هەن لە ڕوی ئەرکی ڕێزمانیەوە، دەتـوانرێ بـێجگە لە دەورەکەی خۆیـان ببـنە ئـامرازی گەیەنەریـش وەک: (لەگەڵ ئەوەشـا، بەوشێوەیە، بە شێوەیەک، بە ڕەنگی کە، بە جۆرێ کە، بەجۆرێ) (٣)

جۆری ئامرازی تریش وەک: (خۆزگە، گومان، جەخت و لێکچون) بێجگە لە حـاڵەتی خۆیـان ئەرکـی ئـامرازی گەیەنەریـش دەبینـێ. وەک:)خـۆزگە، کاشکی، بریا، وەک، بەڵکو...) (٤)

## ئامرازی گەیەنەری ڕستەی ئاڵۆز:

لە بـــواری رســـتەی ئـــاڵۆزدا لاڕســـتە دەبەســـتێتەوە بە شاڕســـتە و پەیوەنـدیەکی: کـاتی، شـوێنی، هـۆیی و ئامـانج، نیـاز و مەبەسـت، ڕادە و چۆنیەتی، مەرجی، ئاوەڵناوی، بەرکاری، دژایەتی و پێچەوانە لەو پێکهـاتنە ڕسـتەییەدا پێکـدەهێنێ(٥). پەیوەنـدیەکەش بە هەمـو شاڕسـتەکەوە یـا بە بەشـێکییەوە، وەک بـکەر، بەرکـار، بەرکـار و تەواوکەرەوە هەیە و لاڕسـتە پێکدەهێنن.

لاڕستەش لە ناو ڕستەی ئاڵۆزا ئەم جۆرانەی هەیە:

لاڕستەی ناوی، لاڕستەی ئاوەڵناوی، لاڕستەی ئاوەڵفرمـانی، لاڕسـتەی مەرجی، لاڕستەی پێچەوانە، لاڕستەی دژایەتی، نەرێی و لاڕستەی بەرکاری. نمونە:

---

٢ - محمود فتح الله احمد، کارتەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٨٨، ، ١٤٩

٣ - رفیق محمد شوانی، ه.س، ٤٨

٤ - رفیق محمد شوانی، ه.س، ١٢١-١٢٢

٥ -

١. لاڕستەی ناوی(١)و یاساکەی:
شاڕستە + ئا گە ( ئامرزای گەیەنەر) (کە)+ ناو/جێناو+ فرمان
- تۆ دیت کە کتێب بکڕێت. بکەری شاڕستە
یاسا: شاڕستە + ئا گە (کە)+ ناو| جەناو+ فرمان
- کێ دەڵێت کە ئەمڕۆ من دێمەوە. تەواوکەری فرمانی شاڕستە.
یاسا: بەشێکی شاڕستە + ئا گە (کە)+ ناو| جێناو+ فرمان+ بەشی|٢ شاڕستە
- ئەوەی کە قوتابییەکان بە باشی فێردەکات مامۆستا ئارامە. جێگری ناو لە شاڕستەدا.
یاسا: بەشێکی شاڕستە + ئا گە (کە)+ ناو| جێناو+ فرمان بەشی |٢ شاڕستە
- ئەو منداڵەی کە قوتابییە خەڵکی لای ئێمەیە. تەواوکەری نیهاد| ناو

٢. لاڕستەی ئاوەڵناوی: وەسفی ناوێک یا جێناوێک لە شاڕستەدا.
یاسا: ناو| جێناو+ ئا گە (کە)+ گرێی فرمانی+ بەشی|٢ شاڕستە.
- ئەو پیاوەی کە لەگەڵی ئەدوام باوکم بو. وەسفی ناو (تەواوکەری فرمان)

٣. لاڕستەی ئاوەڵفرمانی: بۆ کات، شوێن، هۆ و نیاز و مەبەست:
یاسا: ئاگە کات (کە)+ ناو| جێناو+ فرمان+ شاڕستە.
لە سەرەتا و ناوەند و کۆتاییەوە دێت.
- هەتا خاوەن ماڵ درزیگرت، دز خاوەن ماڵی گرت. بۆکات.

---

١ – نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، جۆرەکانی رستەی ناو لە ڕوی دیاریکردنی ئەرک و جۆرەکانیەوە دایریکردوە.

یاسا: ناو\ جێناو+ ئا گە (شوێن)+ فرمان+ شاڕستە
- ئێمە کە لێرە دانیشتوین خەڵکی شوانی کەرکوکین.
یاسا: ئا گە (هۆ)+ گرێی فرمانی+ ئامرازی (بۆیە)+ شاڕستە
- لەبەر ئەوەی لە بازاڕبوم لە بەرنامەکە دواکەوتم. (بۆ هۆ)

٤. لارستەی نیاز و مەبەست:

ئەم جـۆرە بەهـۆی ئـامرازی گەیەنەری (تـا) هەتـا، بـۆ ئەوەی، لەبەر ئەوەی بە شاڕسـتەوە بـۆ دیـاریکردنی مەبەسـتی ڕودانـی فرمـانەکەی بەم یاسایەوە دەبەستێتەوە.

شاڕستە+ ئا گە (نیاز و مەبەست)+ گرێی ناوی+ گرێی فرمانی
- ئاریان چو بۆ بازاڕ تا سێو بکڕێت.
- کرێکارەکان سەریان لە کارگەدا بۆ ئەوەی بزانن چۆن کاردەکات.

٥. لارستەی ئاوەڵفرمانی بۆ ڕادە:

ئا گە (ڕادە)+ ناو| جێناو+ (بەرکاری راستەوخۆ (گرێـی پەیوەنـدی)+ شاڕستە:

- هێندە توڕەبوم خەریکبو پەرداخەکە ورد و خاشبکەم.
لاڕستەی ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی
- بەشێوەیەک تێمگەیاند کەس گوێی لێنەبو.

٦. لاڕستەی مەرجی:

لاڕسـتەیەکە بە هـۆی ئـامرازی گەیەنەری مەرجـی (ئەگەر، مەگەر، گەر) ەوە بە شاڕسـتەی وەڵامـی مەرجـیەوە دەبەسـتێتەوە، کە ڕودانـی فرمـانی یەکەم مەرجە بـــۆ ڕودانـــی فرمـــانی دوەم، زۆربەی دەمەکـــانی فرمـــانی لەگەڵدادێت، بەزۆری لە سەرەتاوە دەرەکەوێت.

ئا گە (مەرج)+ ناو| جێناو+ فرمانی مەرج+ شارستە:

- ئەگەر هاتیت باوکت لەگەڵ خۆتا بهێنە.

٧. لاڕستەی پێچەوانە:

ئـا گـا (پـێچەوانە)+ گرێـی نـاوی+ فرمـان+ ئالێـک (پـێچەوانە)+ شارستە:

- ئەگەرچـــی بـــای شـــەماڵ نەرم و نیـــانە بەڵام پەڕەی گـــوڵیش هەڵەوەرێنێ.

- ئەگەرچی کوڕێکی باشە بەڵام ئیشکەرنییە.

٨. لاڕستەی دژایەتی و نەرێ:

ئـا گە (دژایەتـی)+ نـاو/ جێنـاو+ فرمـان+ ئالێـک (بەڵام، کەچـی)+ شارستە:

- هەرچەندە (١)نەوزاد دەسکورتبو بەڵام چاوتێر و پیاوبو.

ئەمجـۆرە لاڕسـتەیە بـۆ پێچەوانەکـردنە و دەدرێـنە دەم شارسـتەوە، دەکەوێتە سەرەتای ڕستە ئاڵۆزەکەوە (٢).

٩. لاڕستەی بەرکاری:

ئەم لاڕسـتەیە بە هـۆی ئـامرازی (کە، هەرکـێ، هەرکەس)ەوە دەدرێـتە دەم شارستەوە، دەوری بەرکار دەبینێت.

شارستە+ ئا گە (بەرکاری)+ ناو| جێناو+ گرێی ناوی

- ئەو ئەیزانی کە من زاتی ئەوەمنییە قسەبکەم.

- هەرکێ هات پارەکەی لێبسێنە. (هەرکەس)

---

١ -

٢ – **رفیق محمد شوانی، نامەی دکتۆرا، ە.س، ١١٩**

١٠. لاڕستەی خۆزگە:
ئا گە (خۆزگە)+ گرێی فرمانی+ جێناوی پرس+ گرێی فرمانی
- خۆزگە دەمزانی کەی دەهاتەوە. (بریا)

١١. لاڕستەی گومان:
ئا گە (گومان)+ ناو| جێناو+ فرمان+ شاڕستە
- بەڵکو هەزاران کەسیش دەبون لێرە ڕاوەستابون.
- خۆتبگرە بەشکو دەگەنەجێ. (لاڕستە لە دواوەیە)

١٢. لاڕستەی لێکچون:
ئـا گە (لێکچـون)+ گرێـی نـاوی+ شاڕسـتە: وەکـو هـات لەگەڵـمـا روداوەکەی لێقەومابو.
١٣. لاڕستەی جەخت:
شاڕستە+ ئا گە (جەخت+ گرێی فرمانی): پێمبڵێ نەک لەبیری بچێت.
- لێرە دانیشە نەک لە پڕێکابێن.
ئەم ئـامرازانەی نیـازداری یـا نیـاز و مەبەسـت گـشتی وەکـو: خـۆزگە، گومـان، لێکچـون و جەخـت هەرچەنـدە لێرەیـا بـونەتە ئـامرازی گەیەنەری رستەی ئاڵۆز، بەڵام شێوە و واتا بنچینەییەکەی خۆیـان لە دەسـنەداوە کە بۆ خۆزگە و گومان و لێکچون و جەختن(١).
**تایبەتێتی**
دوای ئەوەی جـۆنیەتی بەکارهێنـانی ئـامرازی گەیەنەرمـان لە ڕسـتەی ئاڵۆزا خستەڕو تایبەتی ئەو چۆنیەتییە لە چەند خاڵێکا ئەخەینەڕو:

١ - **رفیق محمد شوانی، نامەی دکتۆرا، ه.س،١٢٠**

١. ئـــامرازی گەیەنەر لەڕوی بونیـــانەوە لە نـــاو زمـــانەکەدا، زۆربەیـــان شێوەی سەربەخۆیان هەیە.

٢. ئەم ئـامرازانە بە زۆری واتایـان هەیە، چـونکە لە سـنوری وشـەدان و ژمارەیەکیان نەبێت بێواتان، وەک: کە، هەرکە، کە لە.

٣. لەڕوی بەکارهێنانەوە دەکەونە لای لاڕستەوە، بۆیە لاڕسـتەکە لەڕوی مەبەست و گەیاندنەوە سەربەخۆنین و سەر بە شاڕسـتەن لە روی گەیانـدنی واتایانەوە.

٤. ئـــامرازە گەیەنەرەکـــان بە زۆری دەکەونە ســـەرەتای لاڕســـتەوە، لاڕسـتەکەش دەکەوێـتە پێـشەوەی ڕسـتە ئـاڵۆزەکەوە، لەگەڵ شاڕستەشـدا پاش و پێش دەکرێن، بێ ئەوەی واتایان بگۆڕێت.

٥. جـۆرە لاڕسـتەی واهەیە دەکەونە ناوەنـدی بەشـەکانی شاڕسـتەوە، وەک: نـــاوی و ئاوەڵنـــاوی بـــێ ئەوەی واتایـــان بگۆڕێـــت، هەر نـــاکەونە سەرەتاشەوە.

٦. ئامرازی گەیەنەر، تێکەڵ بە داڕشتنی لاڕستە دەبێ و دەبێتە بەشێک لێی و، بە لادانی لاڕستەکە حیسابی ئامرازی گەیەنەری بۆ ناکرێت و دەبێتە ڕستەی سادە و بە زۆریش وەک ڕستە تێکدەچێت.

٧. ئـامرازی گەیەنەر دو لایەنەکـانی نەبێـت وەک (تـا)ی پەیوەنـدی و هەندێک جۆری ئامرازی مەبەست لە ڕستەی سادەیا بەکاردەهێنرێن، ئەوانـی تر لە سنوری ڕستەی ئاڵۆزدان (٢).

---

٢ – بۆ ئەم تایبەتییانە بڕوانە: رفیق محمد شوانی، ه.س، ٤٩-٥٠

# جۆری ڕستە لەڕوی ناوەڕۆکەوە

ڕستە بەپێی واتای تێکڕای بەشەکانیەوە، بە تایبەتی بە پێی هەڵکەوتی وشەیەکەوە، ناوەڕۆکی ڕستەکە بە پێی مەبەستەکە دیاریدەکات. وشەیەک هەیە ئاڕاستەی مەبەستی ڕستەکە لە ڕوی ناوەڕۆکیەوە ڕوندەکاتەوە. وەک وشەی پرس، سەرسوڕمان و داخوازی و فرمانی هەواڵگەیەن. ڕستە واتاکەی لە وشە و ڕێزمانەکەیەوە وەردەگرێت، بۆ ڕستەی واتای وشەیی و واتای ڕێزمانی هەیە (١).

١. ڕستەی هەواڵی (الجملة الخبرية- proposition statement)

بریتیە لە گواستنەوە هەواڵێک بە شێوەی گوتن، بەڵێن و وادەیەکی ڕاست و ناڕاست. گواستنەوەی هەواڵ بە شێوەی ڕستەیەک یەکسەر لە دوای بابەتە بنەڕەتیەکەوە دێت (٢). وەک:

- ئاڤێستا وتی ناڕۆم بۆ قوتابخانە.
- تۆ شاعیری نیشتمان مەحاڵە لە یادت بکەم.
- زەردەشت وتی تۆ دەناسم.
- زاگرۆس ئەمڕۆ دێتەوە بۆ ماڵ.

بە کورتی و پوختی ڕستەی هەواڵی: ڕستەیەکە هەواڵێک دەگەیەنێت. ئەمجا هەواڵەکە دروست یا نادروست، ڕاست یا ناڕاستبێت، کە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە. مەرجنیە هەواڵەکە تەواوبێت یانا، بەشێوەی نەرێ یا ئەرێ بێت. وەک:

- ئاڤان کارەکەی تەواوکرد. ئاڤان کارەکەی تەواو نەکرد.
- باوکم لە شاردێتەوە. باوکم لە شار نایەتەوە.

---

١ – د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظری، ٢٥٣

٢ – شهرزاد ماهوتیان، دستور زبان فارسی، ترجمه، مهدی سمائی، چ ٤، تهران، ١٣٨٤، ١٩

تایبەتێتی ڕستەی هەواڵ:

١. هەواڵدەبەخشێت.

٢. واتای ڕستەکە بە زۆری بەندە بەزۆربەی وشەکانێوە، بەتایبەتی بکەر و فرمان.

٣. مەرج نییە هەواڵی ڕستەکە ڕاست یا ناڕاست، دروست یا نادروست بێت.

٤. جۆری فرمانی ڕستەی هەواڵی لەو فرمانانەن، کە مرۆڤ لە ئاخاوتنی ژیانی ڕۆژانەیانا بەکاردەهێنن.

٥. ڕاگەیاندنی رستەی هەواڵی بە زۆری لە لایەن ئاخێوەری ڕستەکەوە دەبێت.

٦. دەمی فرمانی ڕستەکە ڕابردو یا ڕانەبردون.

٢. ڕستەی پرسیاری:

ڕستەکە بۆ پرسکردن بەکاردێت. واتا پرسکردن لە شت، شوێن، کات، کەس، کار و پیشە و چۆنیەتی و..، بە نیشانەی پرسیار کۆتای دێت، ڕستەکە پێویستی بە وەڵام دانەوەیە، جاری واشهەیە وەڵامی ناوێت بە هۆی وشەکەیەکە کە لەناو ڕستە پرسەکەدایە. نمونە:

- کێ هات؟ ئاریان هات.      جێناوی پرس بۆ کەس.
- چیت کڕی؟ کتێبێکم کڕی. جێناوی پرس بۆ شت.
- بۆکوێ ڕۆیشت؟ بۆ ناوچەی شوان ڕۆیشت. جێناوی پرسی شوێن
- ئیش و کارت چییە؟ ئیش و کارم مامۆستاییە.
- کەی گەڕایەوە؟ دوێنێ گەڕامەوە. جێناوی پرس بۆ کات.

جاری وا هەیە ڕستەی پرس وەڵامەکەی لە دۆخی ئەرێ یا نەرێدایە، لێرە یا گوێگر چاوەڕوانی وەڵامی ئەرێ یا نەرێیە. وەک:

- ئەو خانوە هی تۆیە؟ بەڵێ هی منە. — هی منە.
- مەگەر ئەو کتێبە هی تۆنیە؟ نەخێر هی من نییە. — هی من نییە.

١. ڕستەی پرسی بەڵێ- نەخێر:

ئەگەر ڕستەی پرسیار بە وشەی جێناوی پرسی (ئایە)بێت لە سەرەتای ڕستەکەوە، ئەوە وەڵامی ڕستە پرسەکە تەنیا بە بەکارهێنانی وشەی وەڵامی (بەڵێ) یا (نەخێر)ە، واتا ڕستەی پرس بۆ وشە. وەک:

ئایە ئەم کتێبە هی تۆیە؟ بەڵێ| یا نەخێر(١).

ئەم جۆرە ڕستە پرسانە کە بە ئامرازی وەڵامی (بەڵێ- نەخێر) (٢)وەڵام دەدرێتەوە بەرامبەر جۆری ڕستەی پرسی کراوەیە.

٢. ڕستەی پرسیاری کراوە:

ڕستەیەکە بە بەڵێ یا نەخێر وەڵامنادرێتەوە، بەشکو بەڕستەیەکی تەواو یا زیاتر وەڵامدەدرێتەوە (٣)، واتا ڕستەی پرسی وشەدارە (٤).

- بۆچی واتکرد یا لەبەرچی ئەو کارەتکرد. جێناوی پرس بۆ هۆ.
- لەبەر ئەوەی پارەم نەمابو، بۆیە وامکرد.

چیتکرد؟ کارەکەم تەواوکرد.

٣. ڕستەی پرسی وشەدار:

ڕستەیەکە ژمارەیەک جێناوی پرس پێکدێ واتا بەهۆی وشەی پرسەوەن، وەک:

کێ، کوێ، کەی، بۆچی، کام، چەند...هتد بۆ پرسیارکردن بە کاردێت. ئەم جێناوە پراسانە وشەی وەڵامەکانی دەبێتە بکەر، بەرکار و تەواوکەر و گوزارە.

---

١ — شهرزاد ماهوتیان، ه.س، وە: مهدی سمائی، ٢٠-٢١

٢ -د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظریة، ١٩٤

٣ -د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ٩٥.

٤ -شهرزاد ماهوتیان، ه.س، ٢١

- کێ هات؟

ئاڤان هات. ئاڤان وەڵامی جێناوی پرسی (کێ) دەبێتە بکەر.

- چیت خوارد؟

- نانم خوارد. نان بەرکارە شوێنی وشە پرسی (چیت) بۆ شت، گرتۆتەوە کە جێناوی پرسە.

- کوێ خۆشە؟

- کەرکوک خۆشە. کەرکوک نیهادە شوێنی جێناوی (کوێ)یە بۆ شوێن.

- کام شار خۆشە لە کوردستانا؟

- کرماشان خۆشە لە کوردستانا. کرماشان نیهادە شوێنی (کام)ە جێناوی پرسە بۆ هەڵبژاردنی شت، شوێن، کات، کەس و... لە ناو هاوچەشنەکەی خۆیدا واتا لە ناو پۆلە ڕێزمانییەکەی خۆیا (کەتیگۆری- الاطناف النحوية- الاقسام النحوية: category)

- بۆچی نەهاتیتەوە؟

کات درەنگ بو. درەنگ ئاوەڵناوە، تەواوکەری فرمانی ناتەواوی (بو)ە شوێنی جێناوە پرسەکەیە.

٤. ڕستەی پرسی ئاوەزەدار(١):

ئەم جۆرە ڕستە پرسانە ئاوازدارە. واتا بە هۆی ئاواز دەربڕینەوە، لە کاتی قسەکردنا هێز دەخرێتە سەر لایەکی رستەکەوە، دەبێتە پرسیار بێ بەکارهێنانی جێناوی پرسیار واتە لە هەواڵیەوە دەکرێتە پرسیار.

- ئارینا هات؟ قورسایی هێز لەسەر بەشی دوەمی ڕستەکەیە واتە دوا بەش، بۆتە ڕستەی پرس.

- ئارینا هات. ڕستەی هەواڵییە بە ئاوازێکی ئاسای بۆ هەمو ڕستەکە.

---

١ - **شهرزاد ماهوتيان، ه.س، ٢٠**

- ئارینا هات! بە دەربڕینی قورسایی بۆ سەر بەشی یەکەمی ڕستەکە.

دیاریکردنی جێناوی پرسیار لە زمانی کوردیدا (٢).

لە ڕستەی پرسیاردا ئەم وشە جێناوانە بۆ پرسکردن بەکاردەهێنرێن. وەک:

کێ: جێناوی پرسە بۆ پرسکردن لە کەس. کێ هات؟

کوێ: بۆ پرسکردن لە شوێن. کوێ خۆشە؟ لە کوێ بو؟

کەی: بۆ پرسی کاتە. کەی خۆر هەڵدێت.

چۆن: بۆ پرسیارکردن لە چۆنیەتی. چۆن هاتیت بۆ ئێرە؟

چەند: بۆ پرسیارکردن لە ئەندازە و ژمارە. چەند کتێبت کڕی؟ دیوارەکە چەند بەرزە؟

چی: بۆ پرسیارکردن لە شت.

کام/کامە: بۆ پرسیارکردن بە مەبەستی جیاکردنەوە و هەڵبژاردن لە ناو هاوچەشن و پۆلەکەیە.

- بۆچی: بۆ پرسی هۆیە. بۆچی نەهات؟
- بەچی: بۆ پرسیارکردن هۆ و واسیتە. کێشەکەی بەچی گەیشت؟
- لەبەرچی: بۆ پرسکردنی هۆیە. لەبەرچی نانی نەخوارد؟
- ئاخۆ (٣): بۆ پرسی کەس، کات و شوێن. ئاخۆ زەردەشت ئەمڕۆ دێتەوە؟
- ئاخۆ شانۆکە نمایشدەکرێت؟
- ئاخۆ زاگرۆس لە کوێیە؟

ئەم وشە پرسانە لە پرسکردنا وشەی تریش دەکەوێتە پاڵیانەوە، وەکو ناوی کات، ناوی شوێن، جێناوی نیشانە، یا هیوایانهەیە لە پرسکردنا

---

**٢ - د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ٧٣،٧٤**

**٣ - لە لاپەڕە (٧٤) وشەسازی زمانی کوردی بەرگی ٢ وشەی (چونکە، بۆیە)م بە جێناوی پرسی داناوە، لە ڕاستییا ئامرازی گەیەنەرن نەک جێناوی پرس.**

لەگەڵ خۆیدا دوبارە دەبێتەوە یا وشەیەکی وەڵام دەکەوێتە پاڵیەوە، چاوەڕوانی وەڵامناکرێت. وەک: کێ و کێ هات؟

- کام شار خۆشە؟
- کام شوێن ئارامە؟
- کام ڕۆژ دەستپێدەکات؟
- چەند ڕۆژ دەمێنێتەوە؟
- ئەم پەلەپەلەت لە چی؟ وەڵامی ناوێت.

بێجگە لە وشە ئامرازی پەیوەندیش وەکو (بۆ، بە، لە، تە،...) نمونە: بۆچی هات، بەکێی وت، لە کوێ دەژیت؟ تاکوێ چو؟ تا کام شار چو. گرێی جێناوی پرس بۆتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵفرمانی شوێنی، بۆتە تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانی. لەگەڵ ئامرازی لێکدەریش جاری واهەیە جێناوی پرس بەکار دەهێنرێت. وەکو: کامیان خۆشە؟ کامیانت بە دڵە؟ چۆنیان تەواوکرد؟ (لەگەڵ جێناوی کەسی لکاودا) جێناوە پرسەکان بونەتە: نیهاد، تەواوکەری راستەوخۆ، بەرکاری راستەوخۆ، فرمانی تێپەڕ.

جاری وا هەیە ڕستەی پرسی (بەڵێ- نەخێر) بە وشەی (ئەرێ یا نەرێ) وەک: ئەرێ(٤)، ئا، با، نا، نی، ...هتد نمونە: - ئاریان هات؟ ئەرێ. نانت خوارد؟ ئەرێ.

دێی لەگەڵمانا؟ نا، با، ئا لە جیاتی نا نایەم، بادێم، ئاوایە.

پارەمان هەیە؟ نییە.

جاری وا هەیە ڕستەی پرس وەڵامی بە ڕستەیەکی ناتەواو دەدرێتەوە. وەک: لەگەڵ کێ ڕۆیشتی؟ لەگەڵ زاگرۆس. بۆ کوێ دەچێت؟ کەرکوک| بۆ کەرکوک.

---

٤ -شهرزاد ماهوتیان، دستور زبان فارسی، ت: مهدی سمائی، ٣٣

٣. ڕستەی داخوازی

ڕستەیەکە بۆ فەرمانکردن. یا داخوازی دەگەیەنێت. واتە فەرمانکردن یا داخوازیکردن لە لایەن کەسی یەکەمی قسەکەرەوەن بۆ کەسی دوەمی گوێگر بۆ جێبەجێکردنی کارێک.

لە فرمانی ڕستەی داخوازییا بە نیشانەی ڕێژەی داخوازی (ب) دەستپێدەکات و بە جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاکی کەسی گوێگر تاک (ە) و بۆ کۆش (ن) کۆتایی دێت. وەک: بخۆ، بڕۆ، بخۆن، بڕۆن. ئەگەر فرمانی ڕستەی داخوازی داڕێژراو یا لێکدراوبێت، وەک: هەڵبسە، کاربکەن، دەکرێت بەپێی یاسای بە ئارەزوکردن نیشانەی ڕێژەی فرمانێکە (ب) لاببرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی پێشگر یا وشەپێکهاتەی فرمانەکە لە ڕوی واتاوە ناشێوێت و، واتای خۆی دەگەیەنێت واتە ئەو دو پێکهاتەیە دەبنە جێگرەوەی نیشانەی ڕێژە فرمانیەکە کە (ب) داخوازییە.

لەم حاڵەتەدا فرمانی رستە داخوازیەکە دەبێتە: هەڵسە، کارکەن

لەڕستەی فرمان داخوازیدا بە زۆری لەسەرەتای ڕستەکەوە یا کۆتاییەوە وشە یا دەستەواژەی ڕێزگرتن بەکاردێت(١). بۆ کەمکردنەوەی فەرمان و داخوازییەکە وەک: فەرمو، بێ زەحمەت، ئەگەر ئەتوانی، زەحمەتنەبێ.

نمونە:

- ئەگەر زەحمەتنەبێت بچۆرە ئەولاوە.
- بێ زەحمەت ئەو کتێبەم بۆ بێنە.
- تکا ئەکەم وەرنە پێشەوە.

ئەگەریش داخوازییەکە لە حاڵەتی ڕەتدانەوەدا (نەهی)بێت نیشانەی ڕێژە فرمانێکە دەگۆڕێت بۆ (مە) ڕەتدانەوە. وەک: تکایە هەڵمەسن

- فەرمون نانەکەتان بخۆن.

---

١ – **شهرزاد ماهوتیان، دستور زبان فارسی، وەرگێڕاو، ٣٥-٣٦**

جاری وا هەیە ڕستەی فرمان داخوازی ئامرازی جەختکردنی (با)ی لەگەڵدا بەکاردێت (٢).

بە مەبەستی جەختکردن و بەڕێوەچونی کاری داخوازێکە. وەک:

- بابێن بۆ ئێرە. — با ئەوان بڕۆنەوە. جاری وا هەیە جەختەکە دەبێتە دۆخی نەرێ، وەک:

- با کار نەکەن.
- با نەڕۆنەوە لەسەرکار.
- با بمرن لە پێناوی نیشتمانا.

جاری وا هەیە ڕستەی پرس و داخوازی تێکەڵیەک بە خۆیەوە دەبینێ، وەک:

- ئەتوانی بێیتە ئێرەوە.

ڕستە پرسیارییەکە لە دۆخی ڕێژەی فەرمان و داخوازییەوە گۆراوە بۆ ڕێژە مەرجی (٣)، چونکە داخوازیەکە تەواونییە کەوتۆتە حاڵەتی گومانەوە. وەک ڕستەکەی کە ئێستا هێنامانەوە. — ئەتوانی بگەڕێیتەوە، چونکە داخوازیەکە جۆرە سەربەستییەکی تیایە. ئەتوانرێ جێبەجێبکرێت یاننا.

لە کۆتایی بابەتی ڕستەی پرسەوە پێویستە ئەوە بزانرێت، کە جێناوی پرس لە ناو ڕستەدا ئەرکە جیاجیاکانی ناو دەبینێت.وەک: بکەر، تەواوکەری بکەر، نیهاد و تەواوکەری، بەرکار، تەواوکەر بە ڕاستەوخۆیی و ناڕاستەوخۆی، گوزارە و تەواوکەری گوزارە. هەر ئەم خەسڵەت و تایبەتییێتیەی وشەی پرسە ناوی بنرێت جێناوی پرس. واتە لە بەکارهێنانا جێی ناو دەگرێتەوە. دیسان ئەوەی جێگای سەرنجە وشەی یا گرێی وەڵامی جێناوە پرسەکە، هەمان ئەرک دەبینن بۆیە لە ناو پۆلە ڕێزمانیەکان وشەی پرس لە ڕیزی جێناو جوتدەکرێن (تـ×نیف- پۆلکردن) ڕستەی هەواڵی و

---

٢ — د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ب٢، ١٠٤

٣ — د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی ، ١٠٤

پرس بێجگە لە مەبەستی هەواڵ و پرس بۆ مەبەستی تری وەکو هەواڵی بۆ پرس و داخوازی و تکا. پریسیش بۆ هەواڵی و داخوازی و سەرسوڕمان.

### ٤. ڕستەی سەرسوڕمان ex. Matory sentence

ڕستەیەکە بۆ سەرسوڕماندن بەکاردێت. وەتە سەرسوڕمان لە شتی سەیر و سەمەرە، لە کار و کردەوەی نا ئاسایی. لە شت و ڕوداوی خۆش و ناخۆش و سەیر بەکاردێت(١). یا ڕستەیەکە سەرسوڕمان و هەواڵدان پێکەوە دەگەیەنێ. نمونە: (ئای جوانترین باخچەیە)(٢)

ڕستەی سەرسوڕمان بەپێی ئامرازە سوڕمانەکەی دەکرێتە سێ جۆرەوە، واتە بەپێی واتا و چۆنیەتی بەکارهێنانیان:

١. ڕستەی سوڕمان بۆ خۆشی: ڕستەیەکە بە پێی ئامرازی سەرسوڕمان جۆری خۆشیەکەی خۆشی دەربڕین دەگەیەن ێت. وەک ئەم ئامرازانە لە ڕستەدا: ئۆخەی، ئۆخەیش، ئافەرین، بەهبەە، دۆی دۆی، ئای ئای، هەیهۆ، دەیهۆ:

- ئۆخەی لەو منداڵە جوانە!
- ئافەرین زاگرۆس بە یەکەم دەرچو!
- ئای ئای چەندە جوانە!

٢. ڕستەی سەرسوڕمانی سەیر: بۆ دەربڕینی شتی سەیر و عەنتیکەیە. نمونە:

- ئەها لە قالە سەرزل!
- پەح لەو مارە زلە!
- پەکو لەو حەلاماتە!
- حەک حەک لە تۆ!

---

١ – د. رفيق شوانى، ه.س، ٩٣

٢ -د. محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظرى، ٨٩

ئەم وشانە (پیاح، وەی، هەی، هەو، تەک، بەدی، ئەدی، هەک، بەدی)

٣. ئامرازی سەرسوڕمانی ناخۆشی: جۆرە ئامرازێکی سەرسوڕمانن کە بۆ ناخۆشی دەربڕین بەکاردێن واتە کاتێک کەسێک توشی پەژارە و ناڕەحەتییێک بێت ئەم دەربڕینانە لە داخا دەردەبڕێت.

- ئۆف لە دەست هەژاری!
- ئاخ لە ستەمکاری!
- مخابن بۆ لە دەستدانی پێشەوای گەل!
- ئاخ و داخ لە ژیانی ناهەمواری!

ئەم ئامرازانە بە زۆری بۆ ناخۆشی دەربڕین (ئۆخ، ئۆی، وەیش، داخ، ئای ئای، وەی وەی،) ئەم دوانەیەی کۆتایی دولایەنن بۆ خۆشی و ناخۆشین(٣). ئەوەی جێگای سەرنجە ڕستەی سەرسوڕمان بەزۆری لە جۆری ڕستەی باسن واتە ڕستەی ناوی پێکدەهێنن، چونکە باسی دیاردە و شتی گشتی دەکەن لە ژیانی مرۆڤ بەندنین بە کاتەوە.

رستەی سەرسوڕمان بە زۆری بە هۆی دەربڕینێکی تایبەتێوە لە ئاخاوتنا بەکاردێن، چۆنیەتی دەربڕینەکە جۆری خۆشی و ناخۆشی و سەیری ڕستەکە دیاریدەکات. واتە ڕستەی سەرسوڕمانی خۆشی دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها جۆری ناخۆشی و سەیرەکەش بە ئاوازی دەربڕینەکەیا ئەزانرێ(١)، کە بۆ شتی سەیرە یا خۆشی یا ناخۆشییە.

ڕستەی سەرسوڕمان، ڕستەیەکە دەربڕی جەختی بۆچونێکە کە قسەکەر دڵنیابونی خۆی لە دەربڕینا بە ئاوازێکەوە یا بە ڕێژەیەکەوە دەردەخات. وەکو:

ئەم خۆشییە لە چیدایە
ئەم زۆر وتنەت لە پای چی.

---

٣ – **بۆ جۆرەکانی ئامرازی سەرسوڕمان. بڕوانە: د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ٩٤**

١ – **د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ٩٥**

# جۆری ڕسته به پێی جۆری ئامراز(٢)
# (ڕستەی نیازداری)

له زمانی کوردیدا جۆره ڕستەی ترهەن، بێجگە له ڕستەی هەواڵی، پرس، داخوازی و سەرسوڕمان، که به وشەیەک جۆری ڕستەکە له ڕوی تێگەوه دیارییکات. وەک: ڕستەی وەڵام، بانگکردن، خۆزگە و گومان، لێکچواندن، ڕستەی ئامرازی بێجگە، نەرێ، جەخت (جەختکردن)، مەرج، ئاگادارکردنەوه، سەرزەنشتکردن و گاڵته پێکردن. لەم جۆره ڕستانەدا واتا و تێگەی گشت ڕستەکە له وشەیەکدا چڕدەبێتەوه که ئامرازی نیازدارین.

١. ڕستەی وەڵام (جملة الاستجواب بواسطة ادوات الاستجواب)

ڕستەیەکن که به هۆی ئامرازی وەڵامدانەوەی پرسیار، به شێوەی ئەرێ و نەرێ وەڵامدەدرێنەوه. نیازی گشتی ڕستەکە له ئامرازی وەڵامدانەوه چڕ دەبێتەوه. واته ڕستەکە بۆ وەڵامدانەوەیه. نمونه:

- بەڵێ وایه.
- ئا لەگەڵ تۆمه.
- نەخێر نایەن بۆ ئێره.
- با کارەکە به دەست ئەوانه.
- نەء وانیه.
- نا به قسەت ناکەم.
- نه به دڵم نییه.
- هۆ بەڵێ کاکه. — هۆی بەڵێ وادێم.
- بەدی وادەبێت. — ئەدی وا پێتدەڵێم.

---

٢ -بۆ جۆری ئامرازی ڕستەی نیازداری بڕوانه: رفیق شوانی، ە.س، ٩١-١٠٧

- ئێی ئیتر بە قسەی ناکەم. — ئێ وا دەڕۆم.

٢. ڕستەی بانگکردن:

ڕستەیەکە بە هۆی ئامرازی بانگکردنەوە، کردە و ئاخاوتنی بانگکردن ئەنجامدەدرێ، لەگەڵ ڕستەی وەڵامدا لە یەکتر دەچن ئەویش بە هۆی ئامرازەکانیانەوەیە، نمونە:

- هۆ کاکە وەرە بۆ ئێرە.
- هێی لەگەڵ تۆمە.
- ئەرێ بڕۆ لێرە.
- هێی وەرە بەملاوە. — هێی بڕۆ بەولاوە.
- هێی کاکی شوان. — هۆو برا.

ئەمجۆرانە بەزۆری ئامرازی ڕستەی بانگکردنەکە لە شێوەی وشەدان. وەک: هۆ، هۆو، ئەرێ، هێی، هێ...جۆرە ئامرازی تری ڕستەی بانگکردن هەن، لە شێوەی کەرەسەی بەندی بێ واتان وەک دەنگ وان، بەڵام بەکارهێنانیان ئەوە دەردەخەن کە ئامرازی بانگکردنن و دۆخی ڕێزمانی جیاواز پێکدەهێنن لە ئاخاوتنا. نمونە:

١. (ە،ۆ) : ئامرازی ڕستەی بانگکردنن بۆ بانگی کەسی نێر. وەک:

- خاڵە وا مەکە. — خاڵۆ وادێم.
- کاکۆ|کاکە. — با بڕۆین.
- مامۆستا وەرە بڕۆین.

٢. (ێ، ی) ئامرازی بانگکردنن بۆ کەسی تاکی مێ، وەک:

ێ:- پورێ لەگەڵ تۆمە. — پورێ وانییە.

ی:- میمی چۆنیت؟

٣. ینە: بۆ کۆی نێر و مێ لە بانگکردنا، وەک:

- کچینە لەگەڵ ئێوەمە.

- کوڕینە وەرن. واتە ڕستەی ناوین.

ڕستەی بانگکردن دەکرێ بە بێ فرمانیشبن. وەک: هۆ دایە، ئەرێ کوڕینە، هێی کاکە.

٣. ڕستەی نیازداری خۆزگە:

ئەم رستەیە بە هۆی ئامرازەکانیەوە، ئاوات و خواستنی جێبەجێکردنی کارێک ڕادەگەیەنرێت کە پێشتر ڕویدایە. وەک ئامرازی: خۆزگە، کاشکی، بریا، ئاوات، نمونە:

- خۆزگە کوردستان دەبوە دەوڵەت.
- بریا بمخوێندایە.
- کاشکی لە ڕەو جێنەدەمام.
- ئاواتمە سەردانی کرماشانم بکردایە.

تایبەتێتی:

١. ئەم ئامرازانە لە رستەدا بە زۆری لەگەڵ فرمانی ڕابردو بەکاردێت، بە تایبەتی فرمانی ڕابردوی بەردەوام و مەرجی نزیک و دور. بە کەمیش لەگەڵ فرمانی ڕانەبردو بەکاردێت، چونکە خۆزگە و ئاوات بۆ دەربڕینێکە لە ڕابردودا بکرایە. کە ئێستا ئەنجامی کردن و نەکردنی ڕونبۆتەوە، کە چۆنە.

٢. ئامرازی ڕستەی خۆزگە بە زۆری (خۆزگە، ئاوات) وەکو ناویش لە ڕستە و ئاخاوتنا بە کاردێت و ئەرکە جیاجیاکانی ناو، وەکو بکەر و بەرکار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبینن.

٣. ئامرازی رستەی خۆزگە ئەرکی ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی دەبینێت(١).

١ -رفیق شوانی، ه.س، ٩٨

٤. ڕستەی ئامرازی نیازداری گومان:

ڕستەی گومان بەهۆی ئامرازەکانێوە گومان لە بە ئەنجامدان و کردنی کارێک لە ڕودان و ڕونەدان و کردنی دەکرێت. بەهۆی ئامرازی: بەڵکو، بەشکو، ئەشێت، بشێت، لەوانەیە، ئەبێ|دەبێ، ئەگەر، ڕەنگە، ئەگونجێ، ناگونجێت، سا. نمونە:

- بەڵکو ئەمڕۆ هاتەوە.
- بەشکو بتوانی کارەکە ئەنجامبدات.
- ئەشێت لە پاشەڕۆژا پەشیمانبێتەوە.
- ڕەنگە بە قسەم بکات.
- لەوانەیە بە قسەم بکات.
- ئەگەر بێتەوە سەردانی دەکەم.
- دەبێت وابێ.
- ڕەنگە لە پاشەڕۆژا پەشیمانبێتەوە.
- دەگونجێ ببێ بە کەسێکی باش.

هەمو رستەکان دەکرێت بە دۆخی نەرێ وەک: بەڵکو ئەمڕۆ نەگەڕێتەوە. ناشێت وابێت، لەوانەنییە ببێتە مامۆستا (١)...هتد

٥. ڕستەی نیازداری لێکچون:

ڕستەیەکە کە بۆ لێکچواندنی دو ناو و جێناو و کردەوە بە کاردێن، کە لە خەسڵەت و تایبەتێتی و کردەوەیاندا بە یەکتر دەچن. واتە لێکدەچوێنرێن و نزیکایەتییان هەیە و وەکیەکن. بەهۆی ئەم ئامرازانەوە ڕستەی نیازداری لێکچون پێکدەهێنرێن. وەک: وەکیەک، ئەڵێی| دەڵێی، ئەڵەی، عەینەن، کوت و مت، هەروەکو، ئەمنی| دەمنی (٢)...

---

**١ — ه.س، ٩٩**

**٢- د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ١٠٠**

نمونە:

- زاگرۆس و زەردەشت وەکو یەکن.
- ئاڤان و ئاریان دەڵێی خوشکن.
- کەرکوک و کرماشان عەینەن یەکن.
- ئاڤێستا ئەڵێی بوکە.
- دیدار هەروەکو ئالآیە.
- چیای خاڵخالآن دەمنی چیای حەمرینە.
- تۆ وەکو من وایت.
- ئێمە و ئەوان کوردین.

ئەم ئامرازە ڕستانەی لێکچواندن لەگەڵ زۆربەی فرمان وەک ڕابردو، ڕانەبردو، داخوازی و مەرجی بەکاردێن.

لە ڕستەی ناویشدا ئەم ئامرزانە بەکاردەهێنرێن.

٦. ڕستەی نیازداری بێجگە:

ڕستەی نیازداری بێجگە، ئەو ڕستانەن کە بە هۆی ئەم ئامرازانەوە ناو و ڕاناو لە ڕودان و ڕونەدانی ڕوداوی ناو ڕستەدا دادەبڕن و، جیایدەکەنەوە لە بەشداربون و بەشدارنەبونیدا. بەهۆی ئامرازی (بێجگە، جگە، جگەلە، بێ، بەبێ، تەنیا| تەنها، بەس، وێڕای، باوەجو) پێکدێت.

نمونە لە ڕستەدا:

- هەمو قوتابیەکان هاتن جگە لە زاگرۆس.
- من بەبێ تۆ هەڵناکەم. — بێ تۆ ناژیم.
- ئەمڕۆ لەناو مامۆستاکانا تەنیا دیدار هاتوە.
- وێڕای دەسخۆشی سلآویشی لێدەکەم.
- بەس زەردەشت هاتبو.

ئەم ئـــامرازانەی ڕســـتەی نیـــازداری بـــێجگە لە ڕســـتەی ئەرێ و نەرێ زۆربەی جۆرەکانی فرمانا بەکاردێن(١).

٧. ڕستەی نیازداری جەختکردن:

ئەمجـــۆرە ڕســـتەیە بـــۆ جەختکردنـــی ڕودان و ڕونەدان واتە کـــردن و نەکردنی کار و کردەوەیەک لە لایەن قسەکەرەوە لە ئاخاوتنا بەکاردێن. ئەم ئامرازانە لە ڕستەکەدا بەکاردەهێنرێن و ئەرکدەبینن. (با، دە، دەبا، دەسا، دیسا، دیسان، دەی، کە، هەر، وا، جا)

نمونە:

- دیسان زاگرۆس هاتەوە.
- با پێکەوە بژین.
- دە لەگەڵ مندا کار بکە. دەی وەرەوە.
- دەسا وەرە پێت بڵێم.
- کە هاتیت دیدار لەگەڵ خۆت بهێنە.
- هەر پێی دەڵێم.
- وا دەگەڕێنەوە.
- جا بە قسەم بکە.

**تایبەتێتی**

١. جـــاری وا هەیە ئـــامرازی جەخـــت بـــۆ گومـــانیش بەکـــاردێن وەک ناسادەکان. دەبا، دەسا، سا.

٢. ئەگەر ئامرازی (با) چوە سەر فرمانی ڕابردو ڕانەبردو دەبێتە وەڵام وەک: (- با بڕۆین. - با بچونایە. - با بچن).

٣. لەگەڵ فرمانی ڕانەبردو، رابردو مەرجی بەکاردێن.

---

١ – رفیق شوانی، وشەسازی، ١٠٢

٤. ئامرازی (دە)ی جەخت لەگەڵ فرمانی ڕانەبردو بە هۆی لێکچونی نیشانەکەیەوە، کە (دە)یە بەکارنایەت و لەگەڵ مەرجیشا نایەت.

٥. (دە)ی جەخت بە زۆری گونجاوە لەگەڵ ئامرازی (با)دا وەک دەبا (٢).

- دەبا بڕۆن. — دەبا سەربکەوین.

٨. ڕستەی نیازداری مەرجی:

ڕستەیەکە کە کردنی کار و کردەوەیەک بە کردنی کاریترەوە دەبەستێت، یا کاردنی کارێک بە هۆی ئامرازی مەرجەوە دەبێت بەکردنی تر. ئەو ئامرازانەی لە ڕستەی مەرجیا بەکاردێن. وەک (ئەگەر، گەر، مەرج، مەرجبێت، مەرجە، شەرتە، شەرتبێت، تا، هەتا، کە (٣))

- ئەگەر بە قسەم نەکەیت، یارمەتیت نادەم.
- مەرجبێت تۆڵەت لێبکەمەوە.
- هەتا نەگەڕێیتەوە کارەکەت بۆ ناکەم.
- شەرتبێت تا ماوم دژی خۆفرۆشانبم.

ڕستەی نیازداری مەرجی وەکو ڕستەی مەرج بەکاردەهێنرێن و، ڕستەی وەڵامی مەرجیش بە دوایانا دێت. ئامرازەکانی ڕستەی مەرجی لاڕستەی مەرجیش لە ڕستەی ئاڵۆزدا پێکدەهێنن (١).

---

٢ — ه.س، ١٠٤

٣ -ه.س، ١٠٤-١٠٥

١ — د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ک، ١٠٥

٩. ڕستەی نیازداری ئاگادارکردنەوە یا وریاکردنەوە:

بەهۆی ئـامرازی ئاگـادار کـردنەوەوە ئەمجـۆرە ڕسـتەیە بـۆ وریـاکردنەوە بەکـاردێن لە کەس و تـا ڕادەیەکـیش بـۆ ئاگـاداری گیانـداریش بە کەمـی ئامرازی وایهەیە. نمونە

- ئەها ئازاد ئاگاداربە.
- وا منداڵەکان هاتن بۆ ئێرە.
- ئەوا دێم مەڕۆ. — یا مەڕۆ ئەوا دێم.
- هێی برا ڕاوەستە.

ئامرازی بانگکردنی واهەیە دو لایەنە بۆ رسـتەی نیـازداری بـانگکردن یـا سەرسوڕمانیش بەکاردەهێنرێن. وەک:

- هێی برا وەرە. بانگکردنە.
- ئەە لەو مارە زلە. سەرسوڕمانە.

ئامرازی واهەیە بۆ سوکایەتی و نزمی بەکاردێن وەک: (هێی)

- هێی کەرە زل. هێی گەمژە بەسە.

ئـامرازی (ئـادە)ی ئاگـادارکردنەوە بـۆ زۆر لەگەڵ فرمـانی داخـوازی بەکاردێت. وەک:

— ئادەی وەرە. — ئادەی بخوێنە.

ئامرازەکانی تری ئەم جـۆرە ڕسـتە نیـازدارییە لەگەڵ زۆربەی دەمەکـانی فرمانا دێن.

١٠. ڕستەی تکا و نزا:

ڕستەیەکە بە هۆی وشەی ناوە پیرۆزەکانەوە، وەک

خودا، پێغەمـبەر و چاکەکـان .و پیرۆزییەکـانەوە پێکدێت بە مەبەسـتی جێبەجێکردنی داوای نزاکەیان، نمونە:

- بیکە بە خاتری خوا.

- خوایە بمان پارێزیت. — خوایە سەرکەوتومان بکەیت. — خوا حەزبکات بە ئارەزوی خۆی بکات.

١١. ڕستەی نیازداری بۆ سەرزەنشتکردن:

ئەمجۆرە ڕستەیە بۆ تەوسکردن بەکاردێت، واتە بۆ گاڵتە و سەرزەنشتکردنی کەسێک لە لایەن قسەکەر و بەرامبەرەوە بۆ گاڵتە پێکردن بەکاردێت بە مەبەستی تەوسی کەسێک بە کەسێکیتر، وەک:

- شیڕ لەو کارەی تۆ بیکەیت.
- چش لە تۆ.
- دۆیها لە قسەکانی ئەوە.
- تف لە کار و کردەوەت. — تف لە شیرت.
- تڕ لە هەڵسوکەوتت.
- تڕحێو لە ئاکارت.
- جڕت و فڕت دێن و دەچن.
- هەی درۆزن.

ئامرازی ئەمجۆرە رستەیە بریتییە لە (شیڕ، تڕ، چش، تف، تڕحێو، هەی هەی، دۆیها (دەیها، تۆیها، دەیهۆ)جڕت، فڕت، جڕت و فڕت، پف، زەڕ...) (١)

ئەم ئامرازانە هەندێکیان بۆ بۆ ڕستە سەرسوڕمانیش بەکاردێن. وەک: هەی هەی،

١ - د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی،١٠٧

١٢. ڕستەی نیازداری بۆ سوێندخواردن:

ڕستەیەکە بۆ مەبەستی سوێندخواردن بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازی (بە)ی بەستنەوە لەگەڵ ناوە پیرۆزەکانا پێکدێت. وەک: خوا، پێغەمبەر، چاکان یا بەناو و هەرکەس و شوێنی پیرۆز، وەک:

- بەخوا کاری خراپ ناکەم.
- سوێندم بە پێغەمبەر خواردوە.
- بە گڕی باوە گوڕ گوڕ خۆمی بە قوربان دەکەم.
- بە خاکی پاکی نیشتمان وازناهێنم لە تێکۆشان.
- بە گیانی حەزرەتی خانی یارانی کاروان لەبیر ناکەم.
- بە سەر باوکم دێمەوە. — بە هەرچی یار و یاوەر هەیە.
- بە گۆری چاکان مافی خۆمت لێدەسێنم.
- سوێندم بە چاوی تۆ یا بە چاوی تۆ قەسەم.

# ڕستە لە ڕوی ئەرێنی و نەرێنییەوە

١. ڕستەی ئەرێنی: ڕستەیەکە لە دۆخی ڕودانە، یا ڕویداوە یا لەمەودوا ڕودەدات. واتە کارێکە یا باسێکە دەکرێت. وەک: لافاو هەڵسا، ئەو نان دەخوات. کرێکارەکە کار دەکات. مامۆستاکە وانەکەی وتەوە.

٢. ڕستەی نەرێ: ڕستەیەکە پێکهاتوە لە نیشانەی ئاوەڵفرمانی نەرێ یا نەرێکردنی بکەر یا فرمان دەبەخشێت. واتە ڕستەیەکە لە دۆخی رونەدان دایە (١).بەرامبەر ڕستەی ئەرێ دێت. بە هۆی ئاوەڵفرمانی (نە، نا، نی(٢)، مە(٣))ەوە ڕستەکەی پێکدێت و هەر یەکەی بەندن بە بەکارهێنانی جۆرە فرمانێکەوە. نمونە لە ڕستەدا:

- من نانم نەخوارد. — باوکم لە ماڵ نییە.
- کرێکارەکە کار ناکات. — مەڕۆ بۆ بازاڕ.

(نە) بۆ ڕستەی نەرێی فرمان تێنەپەڕ بۆ رابردوی نەرێ : بۆ ڕابردوی نەرێی تێپەڕ:

- من نەهاتم. — ئێمە نەهاتینک.

من نەمخوارد. — ئێمە نەمانخوارد.

(نە) بۆ رستەی نەرێی فرمانی ڕانەبردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ:

- تۆ نەکەی بڕۆیت. — تۆ نەچیت بۆ بازاڕ.

---

١ — محمد علی الخولی، ە.س، ١٨٢

٢ — (نی) لە زاری کۆمەڵەی خوارینی زمانی کوردی (نێ) بەکاردێت، وەک: نێچم، نێخۆم، بڕوانە: رفیق شوانی، بەغدا، ٢٠٠٩

٣ — رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ١٣٦

– ئێـوە نەکەن بە قـسەی بـکەن. — لە دۆخـی داخـوازی تێـپەڕدایە بـۆ نەرێ.

–تۆ مەڕۆ بۆ ئیش. لە دۆخی داخوازی تێنەپەڕە (نەرێ)

نا: بۆ نەرێکردنی ڕابردوی تێنەپەڕە: بۆ نەرێکردنی رابردوی تێپەڕ.

– من .ناڕۆیشتم بۆ بازاڕ. ئەو نانی ناخوارد.

نا: بۆ نەرێکردنی فرمانی رابردو، رانەبردو لە چاوگی (بون):

– من نابوم بە مامۆستا. — ئێمە نابوین بە مامۆستا. — ئێمە نـابین بە پیاوی بێگانە.

– تۆ نابویت بە مامۆستا. — ئێوە نابون بە مامۆستا. — تـۆ نابیـت بە پیاوی بێگانە.

– ئەو نابو بە مامۆستا. — ئەوان نـابون بە مامۆسـتا. — ئەو نابێـت بە پیاوی بێگانە.

نا: بۆ نەرێکردنی ڕانەبردوی تێنەپەڕ: بۆ نەرێکردنی رانەبردوی تێپەڕ

– من ناڕۆم. — ئێمە نـاڕۆین. – مـن نـان نـاخۆم. — ئێمە نان ناخۆین.

– تۆ ناڕۆیت. — ئێوە ناڕۆن. — تۆ نـان ناخۆیـت. — ئێـوە نان ناخۆن.

– ئەو ناڕوات. — ئەوان ناڕۆن. — ئەو نان ناخوات. — ئەوان نان ناخۆن.

بۆ فرمانی ڕابردوی ناتەواو لە چاوگی (بون)

– من نەبوم. بۆ دۆخی نەرێ ڕابردوی نزیک.

– من دەبوم. بۆ نەرێی ڕابردوی بەردەوام.

– من نەبومە. بۆ نەرێی ڕابردوی تەواو.

– من نە بو بوم. بۆ دۆخی نەرێی ڕابردوی دور.

ڕابردوی تێنەپەڕی مەرجی نزیک، دۆخی نەرێ

- من نه چومایه. — ئێمه نەچوینایه.
- تۆ نەچویتایه. — ئێمه نه چوینایه.
- ئەو نەچوۆیه. — ئەوان نەچونایه.

بۆ تێپەڕ:

- من نەمخواردایه. — ئێمه نەمانخواردایه.
- تۆ نەتخواردایه. — ئێوه نەتانخواردایه.
- ئەو نەیخواردایه. — ئەوان نەیانخواردایه.

ڕابردوی تێنەپەڕی مەرجی تەواو بۆ دۆخی نەرێ:

- من نەچوبم. — ئێمه نەچوبوین.
- تۆ نەچوبیت. — ئێوه نەچوبن.
- ئەو نەچوبێت. — ئەوان نەچوبن.

بۆ ڕابردوی تێپەڕی مەرجی تەواو:

- من نەمخواردبێ. — ئێمه نەمانخواردبێ.
- تۆ نەتخواردبێ. — ئێوه نەتانخواردبێ.
- ئەو نەیخواردبێ. — ئەوان نەیانخواردبێ.

ئەم دۆخانه به ڕابردو و رانەبردوییەوە، تەواوکەر و بەرکار وەردەگرن:

- من ئەگەر نانم خواردبێت. — من ئەگەر چوبم بۆ بازاڕ.

بۆ ڕابردوی مەرجی بەردەوامی نەرێ: - من نەمخواردایه. — ئێمه نەمانخواردایه| تێپەڕ

بۆ ڕابردوی مەرجی دوری تێنەپەڕ: - نەچوبومایه. — ئێمه نەچوینایه| تێنەپەڕ

بۆ ڕابردوی مەرجی دوری تێپەڕ: - نەمخواردبوایه. — نەمانخواردبوایه| تێپەڕ

نی: نشانەی ئاوەڵفرمانی نەرێیه بۆ دەمی ئێستای هەیی:

- من ئێستا له ماڵ نیم — ئێمه ئێستا له ماڵ نین.
- تۆ ئێستا له ماڵ نیت — ئێوه ئێستا له ماڵ نین.
- ئەو ئێستا لەماڵ نییە — ئەوان ئێستا لە ماڵ نین.

ئەمجۆرە ئاوەڵفرمانە نەرێیە لەگەڵ فرماندا لە زمانی نوسینا بە کارنایەت، بەڵام لە زاری کۆمەڵەی خوارینی زمانی کوردیدا بە کاردێت و دەبێتە (نێ) وەک: نێخۆم، نێچم. پێدەچێت (نا)بێت دەنگی (ا) بگۆڕێت بە (ێ)ئەمەش گونجاوە وەک لە رەگی فرمانە چاوگ ئەلفیەکانا هەیە وەک: (سوتا ← سوتێ، خنکا ← خنکێ)

ئاوەڵفرمانی (مە) بۆ نەرێکردنی فرمانی داخوازیە:
وەک: تۆ قسە مەکە — ئێوە قسە مەکەن.

مە: بۆ نەرێکردنی فرمانی داخوازی چاوگی (بون)کە (بو)ە.
ببە ← مەبە بە ماشەی دەستی دوژمن.
مەبن ← مەبن بە نۆکەری بێگانە.

(نـی) وەکـو ئاوەڵفرمـانێکی نەرێ پـێچەوانەی ئاوەڵفرمـانی نـاکرنی (نەهی) هەیە. بۆ حاڵەت و دۆخـی نەرێنـی (هەیە) لەگەڵ جێنـاوی کەسـی لکاودا بەکاردێت نمونە:
- من نیم — ئێمە نین.
- تۆ نیت — ئێوە نین.
- ئەو نییە - ئەوان نین.

(نـی) لە کەسـی دوەمـی تاکـا بە هـۆی دەنگـسازی زمـانی کوردییەوە، بزوێنی (ی) ئاوەڵفرمانەکە لەگەڵ بزوێنی (ی) جێناوی کەسی دوەمـی تاکـدا چـونکە یەک شـێوە و یەک دەربڕینییـان هەیە بـونەتە یەک دەنگ. ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا بە ئاسانی و ئاشـکرا دەرکەوتـوە،

دو دەنگـی وەک یەک شـوێنی دەگـرنەوە و دەبـنە یەک لە ئەرک و واتـادا.
وەک: چاککردن ⟵ چاکردن، پاککردن ⟵ پاکردن.
ئاوەڵفرمانی (نی) لە ڕستەدا تەواوکەر وەردەگرێت. وەک:
مـن لەگەڵ نـیم، ئـێمە لەگەڵ نـین. لەگەڵ تەواوکەری ناڕاسـتەوخۆی گوزارە.
(نیم)ە. یا دەوترێ: من دڕک نیم — ئێمە دڕک نین.
نـیم: بە تەنیـا ڕسـتە و ئاخـاوتن پێکـدێنێ واتە: مـن نـیم، ئەو کەسـەنیم...هتـد. واتە ڕسـتەکە لە دۆخـی نەرێیـدایە چ وەکـو کـردن و ئەنجامـدان یـا وەکـو قـسە و بـاس. ڕسـتەی نەرێ لە دۆخـی ڕسـتەی داخوازیشدادێت وەکو:

- تۆ مەڕۆ بۆ ئیش.
- کاری خراپ مەکە.

٢. ڕستەی ئەرێ: ئەمجۆرە ڕستەیە لە حاڵەت و دۆخی ئەرێدایە، واتە کار یا قسەکراوە یا دەکرێت ئەمجا لە ڕابردو یا ڕانەبردو یا بەشـێوەی ڕێـژەی مەرجیبێـت. ڕسـتەی ئەرێ لە بنەڕەتـا هەواڵیـیە واتە هەواڵێـک دەگەیەنێت کە کرابێت یا نەکرابێت. نمونە:

- خۆرنەوەزان هاوینەهەوارێکی فەرامۆشکراوە.
- مامۆستا وانە دەڵێتەوە.
- لەوانەیە من بچم بۆ شار.
- ئارام کارەکەی کرد.
- ئەمڕۆ گەرمایە.

# ڕستە لە ڕوی هێزی فرمانەوە

لە روی ئەوەی ئەنجامی بەکارهێنـانی فرمـان لە ڕسـتەدا کەرەسـەی تـر وەردەگرێت. ئەو کەرەسـەیەش بەشـێوەیەکی خـورتییە، نەک بە ئـارەزو بـۆ مەبەسـتی فراوانکردنـی ڕسـتەکە، بەشـکو پێویـستییەکی جـۆری فرمـانە. لەمڕووەوە دو جۆر ڕستە هەن:

١. ڕستەی فرمان تێنەپەڕ:

ڕسـتەیەکە پێکهـاتوە لە بـکەر و فرمـان، بـێ ئەوەی کـاریگەری هێزی فرمانەکەی بێجگە لە بکەر تێپەڕێتە سەر کەرەسەی تر، واتە ڕستەکە بە بکەر و فرمان یا نیهاد و گوزارە پێکدێت. وەک:

- من ڕۆیشتم. — ئاڤان دەڕوات.
- پێشەوا هاتەوە. — پێشەوا دێتەوە.

ڕستەی فرمان تێنەپەڕ ئەگەر هاتو فرمانەکەی ناتەواوبو، واتە لە چاوگی (بون)ەوە وەرگیرابێت. ئەوا بەشێوەی فرمانی رستەی تێپەڕ بێجگە لە بکەر لە جیاتی بەرکار تەواوکەر وەردەگرێت. چونکە فرمانەکەی بە تەنیا ئەرک و واتای رستەکە ڕونناکاتەوە. وەک:

- مـن بـوم. ڕسـتەکە فرمـانەکەی نـاتەواوە، بە ئاشـکرا هەسـت دەکرێ. فرمانەکە و بکەرەکەی مەبەستیان ڕونکردۆتەوە، بۆیە پێویستی بە وشەیەک هەیە پێیدەوترێت (تەواوکەر) بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەچێتە سەر فرمانەکە بەمشێوەیە:

- من بوم بە مامۆستا. بە مامۆستا: تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.

بە هۆی ئامرازی پەیوەندی (بە)ەوە شێوەکەی تری ڕستەکە:

- من بومە مامۆستا. (مامۆستا) تەواوکەری راستەوخۆیە بە هۆی جێگیرکردنـی ئـامرازی پەیوەنـدی (بە) بە (ە)ی ئـامرازی بەسـتن، چـونکە

هــاوڕەگەزن بەپێــی پەیوەنــدی ئاســۆیی شــوێنی یەکــدەگرن، کە ئــامرازی پەیوەندین. ئەم حاڵەتەی فرمانی تێنەپەڕ لە حاڵەتی فرمانی تێپەڕ دەچێت لەم رستەیەدا کە بەرکاری هەیە.

- من کردم بە مامۆستا. — من بوم بە مامۆستا.
- من کردمە مامۆستا. — من بومە مامۆستا.

جیاوازیان لە جۆری فرمان و جۆری جێناوە کەسییە لکاوەکەیە، کە هەردو فرمــانە لە یەکتــر جیــاوازەکە وەریــانگرتوە. یەکەمیــان فرمــانە تێنەپەڕەکە جێناوەکەی لە کۆمەڵەی دوەم، کە ئەمـانەن (م،یت، ۆ ، یـن، ن، ن) لە فرمانە تێپەڕەکەیا جێناوەکـان ئەمـانەن (م، ت، ی، مـان، تـان، یان) جیاوازیتر فرمانی یەکەم تەواوکەرەکەی ئیشی بەسـەردا نەهـاتوە، واتە نەکەوتۆتە بەر کاریگەری ئیشی فرمانەکە وەکو بەرکاری تێپەڕ. بۆ نمونە:

- من زەویم کێڵا. من: بکەر، م: جێگری بکەر، زەوی: بەرکار.
- من نان دەخۆم.

لە ڕستەی فرمان تێنەپەڕدا:

- من بوم بە مامۆستا. من: بکەر، بوم: فرمانی ناتەواو لە چاوگی (بون)، بە مامۆستا: تەواوکەری ناڕاسـتەوخۆ، م: جێنـاوە جێگـری بـکەرە، مامۆستا: ناوی پیشەی کەسەکەیە (من)

ئەم حالەتی فرمانی تێنەپەڕە تەنیا لە چاوگی (بـون)ەوە وەردەگیرێت. (بو) بۆ دەمی رابردو، (دەبێت) بۆ ڕانەبردو. واتە لە زمانی کوردیـدا تەنیـا یەک فرمانی ناتەواومان هەیە کە لەو چاوگەوەیە.

- ئارام بو بە پزیشک. ◄—— ئارام بوە پزیشک.

تەواوکەری فرمانی نـاتەواو بە هـۆی هەرسـێ ئـامرازی (بە، لە، بـۆ)ەوە پێکدێت، وەک:

- مناڵەکە لە دایکبو. لە دایک تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.
- دیاریەکە بۆ تۆ بو. بۆ تۆ تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.

- شەتڵەکە بو بە دار. بە دار تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.

(ە) لە کۆتای رستەوە فرمانی ناتەواونییە، بەشکو جێناوی کەسی سێیەمی تاکە. وەکو:

٢. ڕستەی فرمان تێپەڕ:

ڕستەیەکە فرمانەکەی لە ڕوی هێزی ئەرکەکەیەوە لە بەکارهێنانا، بێجگە لە بکەر (بەرکار)وەردەگرێت. واتە هێزی فرمان لە بکەرەوە تێدەپەڕێتە سەر وشەیتر، کە (بەرکار)ە واتە بە| ئیش و کارەکە. نمونە:

- مامۆستا وانەی وتەوە. مامۆستا: بکەر، وانە: بەرکار، وتەوە: فرمان.

- جوتیار زەوی دەکێڵێت.

ئەو ئیشەی مامۆستا و جوتیار کردویانە (وانە) و (زەوی) کە لە لایەن بکەرەوە مامۆستا و جوتیار وتراوەتەوە، کێڵراوە. واتە (وانە، زەوی) بەری ئیشەکەیە.

جۆرە فرمانێکی تێپەڕ هەیە زیاتر لە بەرکارێک وەردەگرێت. وەک: ئەو فرمانەی کە لە چاوگی (گرتن، دان، بەخشین...) بەپێی مەبەستی ڕستەکە دو بەرکار وەردەگرن، نمونە:

- ئاڤێستا کتێبەکەی بەخشیە زەردەشت.

- ئاڤێستا: بکەر، کتێبەکە: بەرکاری یەکەم، بەخشی: فرمان، زەردەشت: بەرکاری دوەم.

- من بەردم گرتە مارەکە.

- من گوڵم دا بە ژنەکە.

ئەم دو بەرکارە هەردوکیان لە لایەن بکەرەوە ئاڕاستەکراون یا کاریگەری فرمانیان لە سەرە.

- زاگرۆس نانی بە پیازەوە خوارد.

زاگرۆس: بکەر، نان: بەرکاری یەکەم، بە پیازەوە: بەرکاری ناراستەوخۆیە، خوارد: فرمانی رابردوی تێپەڕە.

چۆنیەتی ئیش و کاری بکەرەکە لەوەی کردویەتی دو بەرکاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی فرمان هەیە. لێرەدا ئەرکی بکەر و کاریگەری فرمانەکە تێپەڕیوەتە سەر دو بەرکار. فرمانی تێپەڕی واش هەن دو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرن، ئەمجۆرە فرمانە تێپەرانە بە زۆری ئاڕاستەیین لە لایەکەوە بۆ لایەکیتر وەک: فرمانی تێپەڕی (گرتن، دان...هتد) واتە لە کەسێکەوە کارەکە ئاڕاستەی کەسێک یا شتێک کرابێت. وەک:

- من گوڵم دایە نەسرین.
- بەردی گرتە ئازاد.

ئەم دیاردەیە لە فرمانی تێپەڕا بە زۆری لەوەوە بەرکارە ڕاستەوخۆییەکەی سەرچاوە دەگرێت ئەگەر ئەنجامدانی کارەکە بەبێ هۆ ئەنجامبدرێت، واتە هەڵسوڕاندنی بەبێ شتێ بکرێت.

وێنەی تۆم گرت. ئەگەر هۆی ئەنجامدانی وێنەگرتنەکە بەهۆی شتێکەوە گیرابێت وەک کامیرا، پێنوس...هتد بەرکارەکە دەبێتە ناڕاستەوخۆ. وێنەکەم بە کامیرا گرت. بارەکەم بە ئۆتۆمبێل کێشایەوە. بەبێ هۆیەکە دەبێتە، بارەکەم کێشایەوە.

# جێناوی کەسی سەربەخۆ لە رستەدا

جێنـاوی کەسـی سـەربەخۆ لە ڕسـتە و ئاخاوتنـا جێگـای نـاوی کەس دەگرێتەوە و ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت. وەک:

- من- ئێمە - ئەو لە ئێمەیە. لە ئێمەیە: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی گوزارەیە.
- تـۆ- ئێـوە - ئـێمە لە نەژادی زاگرۆسـین. ئـێمە: نیهادی ڕستەی ناوییە.
- ئەو- ئەوان - ئەوە ئـــێمەین. ئـــێمەین: گـــوزارەیە، تەواوکەر+ گوزارەی تەواو

لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕدا:

- من هاتم- ئێمە هاتین.
- تۆ هاتیت- ئێوە هاتن.
- ئەو هات- ئەوان هاتن. جێناوەکان هەمویان لێرەدا بکەرن.

١. لەم حاڵەتەدا تەواوکەریش وەردەگرێت. وەک: من لەگەڵ باوکم هاتم.

لەگەڵ تێپەڕدا:


- من خواردم- ئێمە خواردمان.
- تۆ خواردت- ئێوە خواردتان.
- ئەو خواردی- ئەوان خواردیان. جێناوەکان بکەرن.
- دیاکۆ منی دیت. من: بەرکاری ڕاستەوخۆ.
- لە منی وەرگرت. لەمن: بەرکاری ناڕاستەوخۆ.
- کاوە بە ئێمەی وت. بە ئێمە: تەواوکەری ناڕاستەوخۆ.

۲. ئەم جێناوە کەسیانە لە ڕستە و ئاخاوتنا جێگری ناون شوێنی ناوی کەس دەگرنەوە، جێناوە کەسییە لکاوەکانیش جێگرەوەی جێناوە کەسییە سەربەخۆکانن لە ئاخاوتن و ڕستەدا. بە پێی ئەوەی ئەم کەرەسە زمانیانە، بە پێی پەیوەندی ستونی (هاوڕەگەزی زمانی) هەر یەکەیان جێگای ئەویتریان دەگرێتەوە. بڕوانە: نمونەکانی لەگەڵ تێپەڕ و تێنەپەڕدا.

# جێناوی کەسی لکاو

ئەو جێنــــاوانەن کە لە بەکارهێنانـــا جێگـــرەوەی جێنـــاوە کەســـییە سەربەخۆکانن، هەمان ئەرکیشیان دەبینن.

١. جێناوی کەسی کۆمەڵەی یەکەم: م، ت، ی، مان، تان، یان




- من ماڵم فرۆشت. م: بکەرە لە دۆخی هەبییدایە.
- تۆ ئەوانتان ناساند. تان: بەرکارە.
- تۆ بەوتان ناساند. بەوتان: بەرکاری ناڕاستەوخۆیە
- ئێمەمانان کوردین. ئێمەمانان: نیهادە، لە دۆخی هەبییدایە.
- ئێـوە بەوتـان وت. بەوتـان: تەواوکەری ناڕاسـتەوخۆی فرمـانی تێپەڕە.

٢. جێناوی کەسی لکاو کۆمەڵەی دوەم

م ـ ین   ئێمە کوردین (ین): گوزارەیە

یت ـ ن   من نوسیمن (ن): بەرکارە

ێت|ات|ە|Ø ـ ن   ئەوان هاتن (ن): بکەرە

لەگەڵ فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕ و ڕانەبـردوی تێـنەپەڕ و تێـپەڕ و لەگەڵ ناویشا بە کاردێ دەبنە بکەر یا نیهاد.

١. نمونە بۆ ڕابردوی تێنەپەڕ:

- من چوم ـ ئێمە چوین.   م ـ ین
- تۆ چویت ـ ئێوە چون.   یت ـ ن
- ئەو چوØ (١) ـ ئەوان چون.   Ø ـ ن   جێنـاوە لکاوەکـان لێـرەدا جێگری بکەرن.

---

١ ـ (Ø) نیشانەی دەرنەکەوتنە.

٢. لەگەڵ ڕانەبردوی تێنەپەڕا | کۆمەڵەی دوەم

- من دەچم- ئێمە دەچین        م- ین

- تۆ دەچیت- ئێوە دەچن        یت-ن

- ئەو دەچێت- ئەوان دەچن        ێت-ن        بکەرن

٣. لەگەڵ ڕانەبردوی تێپەڕدا| کۆمەڵەی دوەم

- من دەنوسم- ئێمە دەنوسین        م- ین

- تۆ دەنوسیت- ئێوە دەنوسن        یت-ن

- ئەو دەنوسێت- ئەوان دەنوسن  ێت-ن        بکەرن

٤. کۆمەڵەی دوەم لەگەڵ ناودا

- من کوردم- ئێمە کوردین        م- ین

- تۆ کوردیت- ئێوە کوردن        یت- ن

- ئەو کوردە- ئەوان کوردن        ە- ن    گوزارەی ڕستەی ناوین

لە کەسی سێیەما ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبو بە بزوێن (ە) جێناوەکە بە هۆی پەیدابونی نیمچە بزوێنی (ی) لە نێوان (ا) ناوەکە و (ە) جێناوی کەسی سێیەما شێوەی دەگۆڕێت بە (یە) وەکو:

- ئەو مامۆستایە- ئەو خانوە. لە نمونەی (خانو) نیمچە بزوێنی (و) پەیدا دەبێت و شێوەی دەگۆڕێت بۆ (وە) هەرچەند دەتوانرێت بە یەک (و)ش بنوسرێت چونکە ئەو دەنگە هاوشێوە و بە        هەمان شێوەش

دەردەبڕدرێن دەبنە یەک دەنگ و شوێن یەکتر دەگرنەوە. ئەم دیاردە، گۆڕانی دەنگییە لە زماننناسی دەنگناسیدا (فۆنۆلۆجی) پێیدەوترێت (یەکبون) چۆن تێچون و پەیدابونی دەنگ هەیە ئاواش یەکبون یا یەکخستنی دو دەنگی وەک یەک هەیە. لە وشەسازیشدا وەک: چاککردن — چاکردن، پاککردن- پاکردن.

**تێبینی:**

ئەگەر رەگی فرمانی تێپەڕ کۆتایی بە بزوێن هاتبێت وەکو (ە، ۆ) (کە) لە (کردن) و (خۆ) لە (خواردن) لەم حاڵەتەدا جێناوی کەسی لکاو بۆ سێیەمی تاک بەم شێوەیە دەردەکەوێت:

- ئەو دەکات. (کە) لێرەشدا (ە)ی ڕەگەکە بەهۆی (ا) بزوێنی درێژەوە لە جێناوە لکاوەکەدا تێدەچێت.

- ئەو دەخوات. هەمان حاڵەتی دەنگسازی ڕویداوە.

دە +کە| خۆ+ ات= دەکات، دەخوات.

ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم و دوەم لە حاڵەتی گۆڕینی دەمی فرمانەکەوە لە ڕابردو بۆ ڕانەبردو لە بکەرەوە دەگۆڕێ بۆ بەرکار و بە پێچەوانەوەش(١)، یاساکە:

١. بۆ ڕابردو= قەدی تێپەڕ+ جێناوی لکاو بەرکاری کۆمەڵەی|٢ + جێناوی لکاو بکەری کۆمەڵەی|١

وەک:

- من خواردتم. ت: بەرکارە، م: بکەر لەگەڵ فرمانی ڕابردوی تێپەڕا

٢. یاساکەی بۆ ڕانەبردو: نیشانەی کات+ جێناوی کەسی لکاو بەرکاری + ڕەگی فرمان+ جێناوی کەسی لکاو بکەری. وەک:

تۆ دەمخۆیت. م: بەرکارە، یت: بکەر فرمانەکە ڕانەبردوی تێپەڕە.

٣. یاسای|٣: ئەگەر فرمانە تێپەڕەکە، قەدەکەی سادەبو جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە کۆتاییەوە وەک:

خواردم. بۆ لەگەڵ نیشانەی کاتا جێناوەکە دەکەوێتە نێوان نیشانەی کات و ڕەگی فرمانەکەوە وەک: دەمخوارد، دەمنوسی. ئەگەریش پێشگر وەربگرێ دەچێتە سەر پێشگر وەک: هەڵمگرت. بەرکاریشی وەرگرت دەچێتە سەر بەرکار، وەک: نانم خوارد.

---

**١ – لە شوێنی تری ئەم کتێبەدا هێمام بە شێوەی تر بۆ ئەم دۆخ و حاڵەتە کردوە.**

**شوێنی جێناوی کەسی لکاو لەگەڵ فرمانی تێپەڕدا:**

١. ئەگەر هاتو فرمانە تێپەڕەکە رابردوبێت، هیچ کەرەسەیەکی (یەکە) زمانی پێوە نەبێت، جێناوە کەسییە لکاوەکە دەکەوێتە کۆتاییەوە وەک بکەر نمونە:

- من خواردم.

٢. ئەگەر فرمانە ڕابردوەکە پێشگری لەگەڵا بو، جێناوەکە دەچێتە نێوان پێشگر و فرمانەکەوە، واتە سەر پێشگرەکە وەک:

- من هەڵمگرت، ڕامگرت، ڕامخست.

٣. ئەگەریش بەرکاری وەرگرت دەچێتە سەر بەرکارەکە، من نانم خوارد.

٤. ئەگەر فرمانە رابردوەکە نیشانەی کاتی بەردەوامی وەرگرت جێناوەکە دەچێتە سەر نیشانەی کاتەکە. وەک: من دەمخوارد، دەمگرت، دەمنوسی.

٥. ئەگەریش هەرسێ یەکەکە پێکەوە وەربگرێت لە بەرکار، پێشگر و نیشانەی کات، جێناوەکە دەچێتە سەر بەرکار بە لابردنی دەچێتە پێشگر و بەلابردنی پێشگرەکەش دەچەتە سەر نیشانەکە و بە لادانی نیشانەکەش دەچێتەوە سەر قەدە تێپەڕەکەی. نمونە بۆ ئەم حاڵەتە جیاوازانە:

- من جلەکەم هەڵدەواسی.
- من هەڵمدەواسی. (چاوگەکە هەڵواسین)ە واتە قەد هەڵواسی)یە.
- من دەمنوسی.
- من دەنوسم.

٦. ئەگەریش فرمانەکە تەواو وەربگرێت دەچێتە سەر تەواوکەرەکە:

١. ئەگەر فرمانەکە هەر خۆی بێت یا تەواوکەریش وەربگرێت لە کاتی ڕابردو یا ڕانەبردوبێت، جێناوە کەسییەکە دەکەوێتە کۆتاییەوە. — من

ژیام، من دەژیم- من جوان ژیام، من جوان دەژیم- من بە جوانی ژیام، من بە جوانی دەژیم- من لەگەڵ تۆ هاتم، من لەگەڵ تۆ دێم.

٢. لە ڕستەی ناویدا واتە رستەی باس، دیسان جێناوەکە دەچێتە سەر گوزارە لە حاڵەتی بون و نەبونی تەواوکەریشدا. وەک: من مامۆستام، من لەگەڵ مامۆستام، من لەگەڵ تۆدام، من و تۆ پێکەوە کوردین، شاخەکانی لای ئێمە بەرزن، هەمو خەڵکی ئێرەن.

٣. ئەگەر ڕستەکە ناوی بێت و تەواوکەر بۆ دۆخی هەیی وەربگرێت، جێناوە کەسییە لکاوەکە کە دەبێتە گوزارە هەر دەچێتە کۆتایی ڕستەکەوە، بەڵام جێناوە کەسییە لکاوەکەی تەواوکەرەکە بۆ هەییە دەچێتە سەر تەواوکەرەکە. نمونە:

- ئێمە کوردین.
- ئێمە هەمومان کوردین. مان: بۆ هەییە، ین: گوزارەیە لەگەڵ (کورد)
- ئێوە هەموتان کوردن.
- ئەوان هەمویان کوردن.
- ئەگەر گوزارەکە بێجگە لە تەواوکەرە هەییەکە، ئاوەڵفرمانیش وەربگرێت دیسان جێناوەکە دەچێتەوە سەر گوزارە کە بەندە بە نیهادەوە وەکو یاسای ژمارەی (١،٢،٣) نمونە: ئێمە هەمومان پێکەوە لەگەڵ کوردین.

٤. ئەگەر گوزارەی ڕستە ناوییەکە ناو، جێناو، ئاوەڵناو یا ئاوەڵفرمان ناوی کاتی شوێنی بێت، جێناوە لکاوەکە دەچێتەوە کۆتایی سەر ئەو بەشانە وەک:

- ئێمە لەگەڵ کوردین.
- ئێمە کێین؟ ئەوانیش ئێمەین. ئێمە ئەوانین. مامۆستاکە ئەوە. (ە) جێناوی لکاوە.
- ئێمە کوردین دلێر و ئازاین.

- ئێمە دڵمان لێرەیە. (ە: جێناوە نیهادە، مان: بۆ هەییە)
- ئێمە کوردی دێرینین.
- ئێمە نەتەوەی لە مێژینەین.
- ئێمە بە هیوای پاشەڕۆژین. لەگەڵ ناوی کاتا
- ئێمە شارین. لەگەڵ ناوی شوێنا، ئێمە لادێی و دەشتەکین.

**٣. جێناو بەپێی یاسای بە ڕاناوکردن (pronom inalzation)**

واتە گۆڕان بۆ جێناو بە بەکارهێنانی جێناو لە جیاتی کەرەسەیەکی تر، لە پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەدا. ئەمەش ئەرکی بنچینەیی جێناوە کە دەبێتە هۆی دوبارە نەکردنەوەی وشەیەکی تر. وەکو: ئارینام دیت و قسەم لەگەڵ کرد. لە جیاتی ئەم شێوەیە: ئارینام دیت قسەم لەگەڵ ئارینا کرد. پێویست بە دوبارەبونەوەی (ئارینا)ناکات لە جیاتیدا جێناو شوێنی گرتۆتەوە. یا بە گۆڕینی جێناوە کەسیە سەربەخۆکە بە جێناوی لکاو

- ئارینام دیت، قسەم لەگەڵ ئارینا کرد. ←—— ئەوم دیت و قسەم لەگەڵیکرد.

٤. لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانا دەستوری بە ڕاناوکردن، دەستورێکە شوێنی ناو و گرێی ناوی دەگرێتەوە.

- خڕی شیوە سورم دیوە. ←—— ئەوێم دیوە.
- ئاریان لە چیای خاڵخاڵان دەژیت. ←—— ئەو لەوێدا دەژیت.(جێناوی نیشانەی شوێنی گرێی ناوی گرتۆتەوە)

٥. جێناو یەکەیەکی ڕێزمانییە شوێنی ناو و گرێی ناوی دەگرێتەوە ڕێژەکە هێمایە بۆ ژمارە و ڕەگەز و دۆخ و ئەرک. واتە لەڕوی ژمارەی تاک و کۆ رەگەزی نێر و مێ یا دو لایەن و بێ لایەن و ئەرکی جیاجیای ڕێزمانیدا.

٦. زمانناسی  جیاوازی له نێوان ناو و جێناوا بۆ مەبەستی وەسف و دابەشکردن دەکات(١)، واته جیایان دەکاتەوه له یەکتر. له زمانی واداهەیه ناو و جێناو یەکن به تایبەتی له زمانی کوردی و عارەبیدا، جیاوازێکه ئەوەیه ناو کەسه، جێناو قسەکەر، گوێگر و نادیاری هەیه(٢).

٧. ئەوەی جیاوازی ناو و جێناو شتێکی شێوەییه له جونکردندا(٣) (تصنیف– پۆلکردن) نەک جیاکردنەوه.

٨. ئەو گۆرانەی که جێناو دەگرێتەوه له گۆڕینی قسەکردندا بریتییه له گۆڕینی ڕاستەوخۆ بۆ ناڕاستەوخۆ واته دۆخی ڕسته دەگۆڕێت له دیارەوه بۆ نادیار، ناو بۆ جێناو که جێناو شێوەی نادیاری هەیه، به تایبەتی جێناوه نادیارەکان.

– باوکم وتی ئەو برادەرەکەی بینیوه. له جیاتی: پیرۆت وتی تۆ برادەرەکەمت دیوه.

١ – رمزی منیر بعلبکی، معجم المصطلحات اللغوية، ٤٠٣

٢ – محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظری، ٢٢٩

٣ – رمزی منیر بعلبکی، ه. س، ه. ل

# جێناوی کەسی نادیار لە ڕستەدا

ئەو جێناوانەن کە بەشێوەی نادیار لە رستە و ئاخاوتندا جێگای ناوە جۆراوجۆرەکان دەگرنەوە، نازاندرێ چ کەسێکە یا چی شتێکە. بۆ کەس: کەس، کەسێک، هەر کەس... شێوەکانی تری یەک، یەکێک، فلآن، فلان کەس، فیسار، فیسار کەس، هەر یەکێک، هەر یەک، هەند، هەندێک، هەرچی. بۆشت وەک: شت، تشت، شتێک، هەر تشت، بۆ کەس و شت (هاوبەشن): یەک، یەکێک، هەمو، گشت، هەمویان (ان)، هەر شت، هیچ، هیچ شت، هەند، هەندێک، هەندێک شت، هەندێک کەس، هەرکام، هەرکێ، هەر شەو، هەر جار، هەر جارێک، هەرکاتێک... هتد هەندێک لەم جێناوە کەسییە نادیارانە ئەرک و واتای ئاوەڵفرمانی ڕادەش (نسبی) دەبینن لە ئاخاوتن و ڕستەدا. وەکو: هیچ، گشت، هەند، یا بۆ جەختیش بەکاردێن، وەکو: هەر، هەر کەس، هەر تشت، هەر شت...هتد

نمونە لە رستەدا: ئەوە کەس نییە. کەس: تەواوکەری گوزارەیە.

- کەس نەهات. کەس: بکەرە
- کەسم نەدیت. کەس: بەرکارە.
- ئەو هەر کەسێک بو. تەواوکەری فرمانی ناتەواو.
- فیسارە کەسم بانگکرد. فیسارە کەس: بەرکارە.
- فلان و فیسار هاتن. فلان و فیسار: بکەر.
- هەر یەکێک بو. هەر یەکێک: تەواوکەری فرمانی ناتەواو.
- من گشتیانم بانگکرد. گشتیان بەرکارە.
- هەر شتێکت کڕی. هەر شتێک: بەرکارە.
- گشتیان رۆیشتن. گشتیان: بکەرە.
- هەمویان کوردن. هەمویان: نیهادە.
- ئەوانە هەندێکن. هەندێکن: گوزارەیە.

- به هەمویـانم (گـشتیان) وت. به هەمویـان: تەواوکەری بەیاردیـدەی فرمانه.

- به فیساره کەس بلّێ. به فیساره کەس: بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

- فلّان و فیسار هەر یەکن. فلّان و فیـسار: نیهـاد، هەریەک: تەواوکەری گوزاره.

- ئەمانه فلان و فیسارن. فلّان فیسار: گوزارەیه.

- کورد هەمـو کەس و بـرای یەکـن. هەمـو کەس: تەواوکەری گـوزارەیه، برای یەکن: گوزارەیه.

- فیساره کەس ڕایکرد. بکەره.

# جێناوی نیشانە لە ڕستەدا

جێناوی نیشانە بۆ دەسنیشانکردن بە کاردێت. واتە بۆ دیاریکردنی ناو ئەمجا بۆ کەس، شوێن، شت بێت، لە ناو هاوچەشنەکانی خۆیدا بە هۆی ئەم جێناوە نیشانانەوە بەکار دەهێنرێن.

جێناوی نیشانە وەکو: ئەم، ئەمە: بۆ دەسنیشانکردنی تاکی نزیکە. ئەم کوردە. ئەمە کوردە.

ئەمانە، ئەمان: بۆ دەسنیشانکردنی کۆی نزیکە. ئەمانە کوردن. ئەمان کوردن

ئەوە: جێناوی نیشانەیە بۆ تاکی دور.

ئەوانە: جێناوی نیشانەیە بۆ کۆی دور (ئەوان)یش بەکاردێت.

نمونە:

- ئەم گوڵە جوانە. نیهادە واتە بۆ دەسنیشانکردنی نیهادی رستەکەیە.
- ئەم گوڵانە جوانن. نیهادە بۆ دەسنیشانکردنی کۆ| نزیک.
- ئەوانە منداڵن. ئەوانە: نیهادی ڕستەکەیە بۆ دور.
- ئەمانە مامۆستان. ئەمانە: نیهادی ڕستەکەیە بۆ کۆی نزیک.

جێناوی نیشانە ئەرکی تەواوکەر و بەرکاریش دەبینێ لە ڕستەدا، وەک:

- من لەگەڵ ئەم مامۆستایە بوم. تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانی ناتەواوی (بو)ە.
- من ئەم مامۆستایەم دیوە. بەرکاری ڕاستەوخۆیە فرمانی تێپەڕی (دیوە)یە.

ئەگەر جێناوی نیشانە تەنیا بۆ دەسنیشانکردن بێت و ناو یا جێناوی لەگەڵدابێت شێوەی ئەم، ئەمانە دەگرێتە خۆی. جێناوی نیشانە بە دو شێوە لە ڕستەدا بەکاردێت. یەکەمیان لە جیاتی ناوێکی دەسنیشانکراو


بەکاردێت، کە ناوە دەسنیشانکراوەکە لە ڕستەدا دەرناکەوێت. واتە جەناوە نیشانەکە بێجگە لە دەسنیشانکردن، خۆی جێگای ناوەکەش دەگرێتەوە لە ڕستە و ئاخاوتنا بە شێوەی (ە) دەردەکەوێت. وەک:

- ئەمە جوانە. ئەمە: جێناوی نیشانەیە، نیهادی ڕستەکەیە و جێگری ناوەکەشە.

لەم حاڵەتەشدا جێناوەکە، ئەرکی جۆرا و جۆری هەیە لە ڕستەدا، وەک:

- من ئەمەم دیوە. ئەمە: بەرکارە. مامۆستاکان لەمانن. گوزارەیە.
- ئەمە نەهاتوە. بکەرە. ئەوەی تۆ ئەمەیە. ئەمەیە: گوزارەیە.

چۆنیەتی گەردانکردنی لەگەڵ جێناوە کەسیە لکاوەکان لە ڕستەدا.




لەگەڵ کۆمەڵەی دوەمدا: جێناوی کەسی سەربەخۆ نیهاد + جێناوی نیشانە تەواوکەری گوزارە + جێناوی کەسی لکاو گوزارە.

- من ئەمەم. ئێمە ئەمەین. لەم ڕستانەدا جێناوەکان ئەرکی تەواوکەری
- تۆ ئەمەیت. ئێوە ئەوەن. گوزارەی ناتەواوی جێناوە لکاوەکانن بە تاک و کۆوە.
- ئەو ئەمەیە. ئەوان ئەوەن.

لە ڕستەی دۆخی کەسی سێیەمی تاکا، جێناوە کەسییە لکاوەکە (ە)یە دەنگی (ی) بۆتە ناوبەندی نێوان هەردو بزوێنی (ە) کە پێکەوە نایەن.

# جێناوی خۆیی لە ڕستەدا

جێنـــاوی خـــۆیی، جێنـــاوێکە بـــۆ جەختکـــردن لە جێنـــاوە کەســـییەکان لە جێبەجێکردنـــی کـــار و کـــردەوەیەک بەکاردەهێنرێـــت، کە لەلایەن خودی کەسێکەوە ئەنجامدرابێت کە لە ئاخاوتنا جێناوە کەسییەکان شوێنیان دەگرنەوە. نمونە: (خۆ) بەهۆی جێناوی کەسی لکاوەوە بۆ دۆخی هەیی (خاوەنداری) بەکار دێت وەک:

- خۆ+م= خۆم – خۆ+ مان= خۆمان.
- خۆ+ ت= خۆت – خۆ+ تان= خۆتان
- خۆ+ی= خۆی – خۆ+ یان= خۆیان

ئەم نمونـــانەی ســـەرەوە ڕســـتە پێکنـــاهێنن بەشـــکو دۆخـــی هەییـــان نیشانداوە

لەگەڵ کۆمەڵەی دوەمدا:

- من خۆمم- ئێمە خۆمانین.
- تۆ خۆتیت- ئێوە خۆتانن.
- ئەو خۆیەتی- ئەوان خۆیانن.

لە نمونەی کـۆمەڵەی دوەمـدا، جێنـاوە کەسـییە خـۆییەکە وەک: (خـۆم، خـۆت...هتـد) جەخـت لە بکەرێتـی کـۆمەڵەی دوەمـدا دەکـات، کە ئەرکی بکەریان هەییە لە ڕسـتەکاندا بە تـاک و کۆیـانەوە. هەرچـی جێنـاوە کەسییەکانی کۆمەڵەی یەکەمە بۆ جەختکردنە لە کۆمەڵەی یەکەم لە دۆخی هەییدا، واتە (خاوەنداریتی).

**ڕستەی جێناوی کەسی خۆیی لەگەڵ بەرکار و تەواوکاردا، نمونە:**

- مـن خـۆم هـاتم. خـۆم: تەواوکەری بـکەرە بـۆ جەختکـردن لە بـکەری کەسی یەکەم.
- ئێمە خۆیانمان دیت. خۆیان: بەرکاری ڕاستەوخۆی فرمانە.

- ئێمە لە خۆیانمان پرسی. لە خۆیان: بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.
- من خۆم خۆیانم دیت. خۆیان: بەرکاری ڕاستەوخۆیە
- تـــۆ خـــۆت لەگەڵ خۆیـــدا چویـــت. لەگەڵ خۆیـــدا: تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.

- ئەو خۆی کەوت. خۆی: بکەر نادیار و بەرکارێکی لـۆجیکییە، چـونکە کەوت فرمانێکە لە جۆری چـاوگی رودانەوە وەرگیـراوە، کە ڕودانـی دورە لە دەسەڵاتی مرۆڤەوە.

گەردانکردنی (خۆ) لەگەڵ جێناوەکانی کۆمەڵەی دوەمـدا بە پـێچەوانەی کۆمەڵەی یەکەم (هەیی) ڕستە پێکدێنێ، وەک:

- من خۆم- ئێمە خۆیین م - ین
- تۆ خۆیت- ئەوە خۆیین. یت - ین
- ئەو خۆیەتی- ئەوان خۆیین. ە - ین (تـی) بـۆ گونجـانی دەربڕین بەکارهێنراوە، بێ ئەوەی شێوەیەکی چەسپاوی دیاریکراوی هەبێـت کە نیـشانەیەک یـا کەرەسـەیەک پێکـدێنێ. لەم دۆخەدا جێنـاوە کەسـییە لکاوەکەی کەسی سێیەم (ە) وەک لە نمونەی (ئەو خـۆیەتی)دا بـوە هـۆی ئەوەی جێناوە کەسییە خۆییەکە، کۆتای بێ بە بزوێنی (ۆ) نیمچە بزوێنـی (ی) چۆتە نێوان دەنگـی (ۆ) و (ە)ی جێنـاوی کەسـی سـێیەمەوە، دواتـر زیادەی (تی) وەرگرتوە بۆ گونجانی دەربڕین و پارێزگـاری واتـایی. ئەگینـا جێناوەکە تەنیا (ە)یە، وەک لە شێوەی ئەو کوردە.

جێناوی کەسی خۆیی لەگەڵ کۆمەڵەی دوەمـا، ڕسـتەی نـاوی پێکـدێنێ وەکو گوزارە لە ئاخاوتنا. وەک:

- من کەسی خۆمم- ئێمە کەسی خۆیین.
- تۆ کەسی خۆیت- ئێوە کەسی خۆیین.
- ئەو کەسی خۆیەتی| خۆییە- ئەوان کەسی خۆیین.

وشەی (کەس) تەواوکەری گوزارەی (خۆییت)ە.

- من لەگەڵ خۆمم- ئەوان لەگەڵ خۆیین.

لەگەڵ: تەواوکەری ناراستەوخۆی گوزارەی (خۆمم) و (خۆیین)

هەر وشەیەک بچێتە سەر جێناوی کەسی خۆیی دەبێتە جەختکردن، لەو وشەیە بەهۆی جێناوە کەسییە خۆییەکەوە. وەک:

- من خۆیم دیت. باوکی خۆی: بەرکاری ڕاستەوخۆیە گرێی ناوی پێکهێناوە.

- پارەکە لای خۆت بو. لای خۆت: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانی بو.

- من به خۆتم وت. بەخۆت: بەرکاری ناڕاستەوخۆی فرمان تێپەڕە.

جێناوی کەسی خۆیی وەک بکەر یا نیهاد و گوزارە لە ڕستەدا:

- خۆم هاتم. بکەر، خۆم کوردم: نیهادە

- ئاریان خۆمانەیە. گوزارەیە.

# دۆخی خستنەسەر لە رستەدا

مەبەست لەو جۆرە ڕستەیەیە، کە دۆخی خستنە سەری گرتۆتە خۆی، ناوی یەکەم یا ناوی پێشەوە بەهۆی ئامرازی خستنە سەرەوە دەخرێتە سەر ناوی دوەم گرێیەکی جۆراوجۆر لە ناوی، ئاوەلناو پێکدێنێ. خستنەسەریش جۆری جیاوازی هەیە. وەک: خستنەسەری خاوەنداری (هەیی)، ڕادەیی (نسبی)، تایبەتی و دیاریکراو، لێکچونی و ئاوەڵناوی، ئاوەڵواتا و بەیانی...هتد کەواتە خستنەسەر پێکهاتەیەکی گرێیە.

١. رستەی خستنەسەری هەیی: بریتییە لە خستنەسەری خاوەندارێتی کەس بۆ شت و شوێنی...

- ئەو لە مالّی زاگرۆس دەژیت.
- لە بەشی ناوخۆیی قوتابیان دەمێنمەوە. زاگرۆس و قوتابیان خستنەسەری هەییە.

٢. ڕستەی دۆخی خستنەسەری رەچەڵەکی (نەسەب) بریتییە لەو جۆرە خستنەسەرەی کە ڕەچەڵەکی دیاریدەکات، وەک:

- ئەحمەدی خانی شاعیری گەورەی کوردە.
- شێرکۆ شوانی شەهیدی کوردە.
- دیوانی بێسارانیم خوێندۆتەوە. خانی، شوانی، بێسارانی خستنەسەری رەچەڵەکن.

٣. خستنەسەری تایبەتی: جۆرێکە لە خستنەسەری تایبەتکردنی تەواوکراو بە تەواوکەرەوە ڕوندەکاتەوە، تەواوکراوەکە بەزۆری ناوی ژیرنین(١)و بەرجەستەن.

- شاری هەولێر پایتەختی کوردستانە. خستنەسەری تایبەتە.

---

١ – الدكتور محمد وصفى ابو مغلى، ابيط فى قواعد اللغة الفارسية، ١٩٨٠، ٤٥

- دەرگای ئەشکەوتی چەمی ڕێزان گەورەیە. ئەشکەوت خستنەسەری تایبەتە.

- من شیعری ڕەنجوریم خوێندۆتەوە.

٤. خستنەسەری دیاریکردن (بیانی): ئەمە چەشن و ڕەگەزی تەواوکراوەکە ڕوندەکاتەوە، نمونە:

- من ڕۆژی هەینی کار ناکەم.
- لە باخچەکەمانا داری هەنار زۆرە.
- ئەنگوستیلەی زێڕم هەیە.

لەم ڕستانەدا وشە تەواوکراوەکان (ڕۆژ، دار، ئەنگوستیلە) خستنەسەری دیاریکراون.

٥. خستنەسەری لێکچون: ئەم جۆرە خستنەسەرە پێکهاتەیەکی لێکچون لە نێوان تەواوکەر و تەواوکراو لە ڕستەدا دەردەخات و واتای لێکچواندن دەبەخشێت، دو جۆری هەیە:

ا. خستنەسەری لێچو بۆ لەوچو. وەکو: چاوی ئاسک جوانە.

- سپێتی دگان سەرنجڕاکێشە. — باڵای عەرعەر ناوازەیە.

ب. خستنەسەری لەوچو بۆ لێچو. وەک:

سورە بەردی زانایەکی کوردە.

٦. خستنەسەری شۆرەت (نازناوی): جۆرێکە ناوی کەس ئەخاتە سەر ناوێک کە نازناو و شۆرەتی بنەماڵە لە ڕوی خێزان و باوکایەتییەوە هەڵەگرێت، نمونە:

- ژینا ئەمینی بوە هێمای ڕاپەڕین.
- عیزەدینی حوسەینی پێشەوایەکی ئاینی کوردە.

٧. خستنەسەری ئاوەڵناوی: خستنەسەرێکە لە ڕستەدا لە نێوان دەرخەر دەرخراو (وەسفکراو) دایە. نمونە:

- گوڵی جوان دڵ خۆشدەکات.

- بالاَی بەرز جوانە .وشەی دوەمیان کە ئاوەڵناوە وەسفی وشەی یەکەم دەکات.

٨. خستنەسەری ئاوەڵواتایی لە ڕستەدا: ئەمجۆرە خستنەسەرە بەکارهێنانێکی شیاوی هەیە، دەخرێتە سەر شتێک خویەک نییە لە پێویستیەکانی.

- چاوی ڕاستی. چاوی راستی نییە

- دەستی رۆژگار. ڕۆژگار دەستی نییە، بەشکو بە شێوەیەکی شیاو خراقەتە سەر وشەی دوەم کە تەواوکەرێتی. ئەم وشانە وەک: ڕاستی، ڕۆژگار، چاوو دەستیان نییە بەشێوەی خواستە (استعارە) بەکارهێنراون(١)و واتای ئیدەمیان هەیە.

+ خستنەسەر لەگەڵ لێکدراو و ژمارە و ژمێردراو بەکار ناهێنرێت. وەکو: تەڕەپیاز، یەک وێنە. بەڵام وشە لێکدراوەکە بەرەو واژبکرێتەوە دەبێتە گرێی خستنەسەر، وەک: پیازی تەڕ کە خستنەسەرێکی ئاوەڵناوییە وەک لەم ڕستەدا: هێلکە بە پیازی تەڕەوە خۆشە.

+ خستنەسەر لە ڕستەدا ئەرکی جۆراوجۆری وەک: نیهاد و بکەر، تەواوکەری نیهاد و بکەر، تەواوکەر و بەرکاری فرمان، تەواوکەری گوزارە، گوزارە.

نمونە:

- پیازی تەڕ خۆشە. نیهاد

- دەوروبەری شاری کەرکوک هەموی نەوتە. تەواوکەری نیهاد کە (دەوروبەر)ە

- ڕەنجوری شاعیر خەڵکی قەڵا سێوکەی کەرکوک بو. بکەر

- من لە شاری کەرکوک خوێندم. تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە.

- من شاری کەرکوکم خۆشدەوێت. بەرکاری فرمانە

١ – الدكتور محمد وصفى ابو مغلى، البسيط فى قواعد اللغة الفارسية، ٤٧

- ئێرە چیای خاڵخاڵانە. گوزارەیە.
- من ڕۆژی هەینیم پێخۆشە. تەواوکەری گوزارەیە.
- خڕخاسەی کەرکوک لە ناوچەی شوانەوە دەسپێدەکات. تەواوکەری بکەر (نیهاد).

# ڕستەی جێناوی پرس

جۆرە ڕستەیەکە بەهۆی بەکارهێنانی جێناوی پرسەوە لە ئاخاوتنا، بۆ پرسیاری جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت. وەک پرسیار لە: کەس، کات، شوێن، ژمارە، ئەندازە، چۆنیەتی، جیاکردنەوە و هەڵبـژاردن(١)و... هتد کۆتایی دێت بە نیشانە یا دەربڕینی پرسیار. ئەرکی جۆراوجۆری وەک: جێگری بکەر، تەواوکەر، بەرکار، نیهاد و گوزارە.

- کێ کردی؟ کێ هات، لە کی پرسیت، کێت پرسی.
- کوێ خۆشە؟ بۆ کوێ چویت؟ کوێت بینی؟ کوێت بە دڵە؟ کوێی ئەم کوردستانە خۆشە؟ بۆ شوێنە.

وەڵامی ئەم جێناوە ڕستە پرسانەی سەرەوە، بە ناو یا جێناوی کەس، شوێن وەڵامدەدرێنەوە.

- کەی هاتیت؟
- لە کەیەوە هاتیت؟
- کەی بینیت؟ ئەم نمونانەی (کەی) جێناوی پرسن بۆ کات.

جێناوی پرسن بۆ ژمارە و ئەندازە بە شێوەی جۆراوجۆر بەکاردێت.

- چەند کەس هاتن؟ بکەر
- چەند کەست دیت؟ بەرکار
- لە چەند کەست پرسی؟ نبەرکاری ناڕاستەوخۆ
- چەند ماڵن؟ نیهادە
- کتێب بە چەندە؟ گوزارەیە

جێناوی پرس بۆ جۆنیەتی واتە پرسیار لە چۆنیەتی دەکات

- چۆن هاتیت؟ چۆنیەتی هاتنەکە

---

١ – د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ب٢، ٧٣

بۆ هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی شت، کەس و شوێن و ژمارە و لە ناو چەشنەکانی خۆیا بەکاردێت لە ئاخاوتن و رستەدا. وەک:

- کام کتێبت کڕی؟ بۆ شت
- کام شار خۆشە لە کوردستان؟ بۆ شوێن
- کام مامۆستا وانەتان پێدەڵێت؟ بۆ کەس

چی: بۆ پرسیارکردنی شت. وەک:

- چی دەخۆیت؟ جێگری بەرکارە
- لەچی دەپرسیت؟ بەرکاری ناڕاستەوخۆ (لە، بە، بۆ)

جێناوی پرسی بۆ پرسیارکردن لە هۆ، وەک:

- بۆچی هاتیت بۆ ئێرە؟ هۆ
- بەچی نامەکەت نوسی؟ بۆ هۆ و واسیتە.

بۆ پرسیارکردنی هۆ، وەک لەبەرچی، نمونە:

- لەبەرچی نەهاتیت؟

ئاخۆ: بۆ پرسیارکردن لە کەس، کات و شوێن، نمونە:

- ئاخۆ دێت بۆ ئێرە؟ بۆ کەس جێگری بکەرە
- ئاخۆ ئەمڕۆ بەهارە؟ بۆ کات(١).
- منداڵی کێ نەخۆشە؟ کێ: بۆ کەس، تەواوکەری نیهادە (منداڵ) لە دۆخی خستنەسەردایە.

---

١ – د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ٧٤

# چاوگ لە ڕستەدا (ڕستەی چاوگی)

چـاوگ هەرچەنـدە وەکـو نـاو بەکاردەهێنرێـت، لە رسـتە و ئاخاوتنـا بريتييە لە ناوی کردەوە، واتە لە ناوەوە نزيکە و وەکو ناو وايە لەمـڕوەوە، زۆربەی تايبەتييەکـانی نـاويش وەکـو ناسـراوی و نەناسـراوی، تـاک و کـۆ بەکاردێـت و ئەرکـی جۆراوجـۆری هەيە لە رسـتەدا. وەک: نيهـاد و بـکەر، تەواوکەر و بەرکار و گوزارە (٢). نمونە لەڕستەدا:

- نوسين بە سودە. نيهادە
- نوسينتم خوێندۆتەوە. بەرکار
- بە نوسينت راهاتوم. تەواوکەر
- ئەمە نوسينە. گوزارەيە.
- بە خواردن قەڵەودەبيت. تەواوکەری فرمانی ناتەواوی دەبێت
- مـن راکـردنەکەم بـردەوە. ڕاکـردنەکە: بەرکـاری ڕاسـتەوخۆی فرمانە.
- زەوی کێڵان لە پايز دەسپێدەکات. کـێڵان: تەواوکەری نيهـادە، کە (زەوی)ە.

لەم رستانەی ئەرکی چاوگدا، ئەرکـی جێنـاوە کەسـييە لکاوەکـان ديارە، کە بـزوێنەر و هـۆی پێکهـاتنی ڕسـتەن، بەبـێ جێنـاو هـيچ ڕسـتە و ئاخاوتنێـک پێکنـايەت. جێنـاوی کەسـی لکـاو جێگـرەوەی جێنـاوە کەسـە سـەربەخۆکانن، جێنـاوە کەسـييە سـەربەخۆکانيش جێگـرەوەی کەسـن واتە کەسی ئاخێوەر و بکەر، کە هـيچ قـسە و بـاس و کـار و کـردەوەيەک بەبـێ کەس لە خۆيەوە ڕونادات. بۆيە جێناو بزوێنەری ڕستە و کردەوەيە.

---

٢ – د. رفيق شوانى، ه.س، ١١١

**فراوانکردنی ڕستەی ناوی بە هۆی چاوگەوە:**

- داهێنانی نوسین دەسکردی سۆمەرییە زاگرۆسییەکانی پێشینانی باوباپیرانی کوردە.

- داهێنانی نوسین: گرێیەکی چاوگییە،

- دەسکردی سۆمەرییە زاگرۆسییەکانی پێشینانی باوباپیرانی کوردە. گوزارەیەکی فراوانکراوە.

- دەسکرد: تەواوکەرێکی بە خورتییە بە لادانی ڕستەکە هەڵدەوەشێتەوە.

+ چاوگی لێکدراو هەیە وشەکەی کە بۆتە هۆی پێکهاتنی لە لێکدراویدا، لە بنچینەدا ئەرکی بەرکاری هەیە، بەڵام دوای لێکدراوی بۆتە بەشێکی چاوگەکە و پێکەوە یەک واتایان هەیە:

- من بە نانخواردن قەلەو دەبم. نانخواردن: بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.

- سوێندخواردن گومان لادەبات. سوێندخواردن: نیهادە

- کورد پێویستی بە خەباتکردنە. خەباتکردن: گوزارەیە

- وڵات کارکردن پێشیدەخات. کارکردن: بەرکارە

+ چاوگ هەیە لە روی هێزەوە تێپەڕە کە بوە داڕێژراو و لێکدراو، دەبێتە تێنەپەڕ و لە ڕستەدا وەکو تێنەپەڕ بەکاردێت. نمونە:

- ڕاکردن بۆ مرۆڤ پێویستە. ⟵ من ڕامکرد. ڕامکرد: تێنەپەڕە.

- سەرگەردانی ناخۆشە. ⟵ من سەرگەردانبوم. تێنەپەڕە

- ئەو بە بانگکردن توڕەدەبێت. بە بانگکردن: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە.

# جۆری ڕستە لە ڕوی ئەرکی ناوەوە

ا. ناو لە ڕستەدا بەزۆربەی جۆرەکانیەوە ئەرکی جۆراوجۆری لە بکەر، نیهاد تەواوکەر یا تەواوکەر، بەرکاری فرمان، تەواوکەری گوزارە، گوزارەش دەبینێت. نمونە:

١. دیدار هات. دیدار: ناوە بکەرە

٢. چیای زاگرۆس بەرزە. زاگرۆس: تەواوکەری نیهادە کە چیایە

٣. من زاگرۆسم برد بۆ بازاڕ. من بە زاگرۆسم وت. بەرکار. بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

٤. ئەمە ئاڵایە. ئاڵایە: گوزارەیە

٥. من لەگەڵ (١)ئاڤێستام. تەواوکەری بەیاردیدەی گوزارەی تەواوکەری (م)ە

٦. زەردەشت کوردێکی ئازا و دڵسۆزە. زەردەشت: نیهادە

ب. هەر ناوێکی تر لە زمانی کوردیدا ئەم دۆخ و ئەرکە ناویانەی هەیە لە رستەدا، ئەمە جگە لەوەی لە ڕستەی ناویشا ئەرکی جۆراوجۆری هەیە. وەک: نیهاد، گوزارە، تەواوکەر، نیهاد و گوزارە. بڕوانە رستەکانی (٢،٤،٥،٦)

ج. ناو دەبێتە تەواوکەری فرمانی ناتەواوی (بو، دەبێت) لە چاوگی (بون):

- نامەکە بە ئاڤێستا بو. نامەکە بە ئاڤەستا دەبێت.
- ئاڤێستا ئەندازیاربو. ئەندازیار: تەواوکەری راستەوخۆی فرمانە.

---

١ – لە نامەی دکتۆراکەم بە هەڵە بە ئامرازی لێکدەرم داناوە، ڕاستێکەی ئاوەڵفرمانی لەگەڵبونە، بڕوانە ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ٢٧٢، ل ٥٠ هەروەها لەتەک.

د. هەر جۆرە ناوێکی گەردانکراو بۆ دۆخی جۆراوجۆری وەک ناسراو، نەناسراو، تاک و کۆ دەبینێت لە ڕستەدا وەکو لە خاڵی (ا،ب،ج،د)دا هەیە.

## جۆری رستە لە روی دۆخی ناوەوە

پێویستە لێرەدا جیاوازی بکەین لە نێوان ئەرک و دۆخدا، ئەرک بریتییە لە کاری وشەکان لە ڕستەدا، هەرچی دۆخە واتە حاڵەتی ناو دەگەیەنێت و ئامادە دەکرێت بۆ ئەرکبینین، واتە حاڵەت و چۆنیەتی وشە پێش ئەوەی ئەرک ببینێ. وەک:

دۆخی ناوی ناسراوی و نەناسراوی، دۆخی ناوی تاک و کۆ، پلەی بەراورد و باڵای ئاوەلناوی، ژمارەی تاک و کۆ، کەس بۆ دیار و نادیار...هتد

- گوڵەکە جوانە. ناوی ناسراوە لە روی دۆخەوە، نیهادە وەک ئەرکی لە ناو ڕستەدا
- ئەو گوڵێکی بۆنکرد. ناوی نەناسراو، بەرکارە لەڕوی ئەرکەوە
- گولەکانم ئاودا. لە دۆخی کۆی ناسراوە، ئەرکی بەرکارە.
- من گوڵێکم بۆنکرد. — ئێمە گوڵێکمان بۆنکرد. لە دۆخی تاکی نەناسراودایە.
- کوڕان و کچان داهاتوی نیشتمانن. لە دۆخی کۆی نەناسراوین (کوڕان، کچان)
- تۆ لە چیا بڵندتری. ئاوەڵناوی بەراوردە ئەرکی گوزارەیە
- ئێمە لێرەین. ئێمە: لە ڕوی دۆخەوە، جێناوی کەسی سەربەخۆیە، لە ڕوی ژمارەوە کۆیە. ئەرکی نیهادە. ین: جێناوی کەسی لکاوە بۆ کۆ ئەرکی گوزارەیە.

دۆخ: بریتییە لە گەردانکردنی یەکەی زمان بۆ دیاریکردنی لە ناو کەرەسەکانی تری زماندا لە ڕوی ژمارە، کەس، بەراورد، باڵا، ناسراوی و

نەناسراوی و ڕەگەزی وەک نێر و مێ و دولایەن. وەکو ناو بکرێتە تاک و کۆ، یا ناسراو و نەناسراو، دیار و نادیار. نمونە بۆ جێناوی نادیار:

کەس ⟵ کەسێک، شتێک،

فلان ⟵ فلان کەس، هەرکەسێک.

– من کەسێکم دیت. دۆخی جێناوی نادیارە بۆ نەناسراوی، کەسەکەم دی، دۆخی ناسراوی کلەس.

– من سوار ماینەکە بوم. ماینەکە: ناوە لە دۆخی تاکی ناسراوی، مێیە، ئەرکی تەواوکەرە. ئەرکی کەرەسەکانی زمان دۆخنین دۆخ لە زماندا حاڵەتی وشەکەیە، کە لە رستەدا ئەرک دەبینێ.

# ئاوەڵفرمان لە ڕستەدا

ئاوەڵفرمـان بەشـێکی ئاخـاوتنە لە ڕسـتەدا ئەرکـی تەواوکەری فرمـان و گوزارە دەبینن وەسفی فرمان و گوزارەی ڕستە دەکەن لە ڕوی دیاریکردنی کـات، شـوێن، چـۆنیەتی، وەسـفی، ڕیزبەنـدی (تەرتیبـی) جەختکـردن، دوبارەکردنەوە، نەرێنیەوە.

**١. ئاوەڵفرمانی کاتی لە رستەدا:**

ئەمجـۆرە کـاتی ڕودان و کردنـی فرمـان لە ڕسـتەدا دیاریـدەکات. وەک: زو، درەنگ، ئێستا، ئەوا، ئەوە، وا، تازە، ئەمڕۆ، سبەینێ، دوسبەی، بەیانی، پار، پارنا پێرار، بەسترپێرار، هێشتا، دوێنێ، پێـرێ، بەسـترپێرێ، سـاڵ، سـاڵێک... هەر نـاوێکی کـات، نمـونە: ئارینـا سـاڵێکی تـر دەچێـتە قوتابخانە.

- ئارینا ئێستا هاتەوە. ئێستا: ئاوەڵفرمانی کاتی ڕودانـی فرمـانە، تەواوکەری فرمانە.

- براکەم هێشتا نەهاتۆتەوە. هێشتا: ئاوەڵفرمانی کـاتی ئێـستایە، تەواوکەری فرمانە.

- مـن لە ئێـستاوە نـاڕۆم. لە ئێـستاوە: تەواوکەری بە یاریـدەی فرمانە لە روی کاتەوە.

- ئاڤێستا وا هات. وا: تەواوکەری فرمانە لە ڕوی دیاریکردنی کاتی فرمانەوە.

- ئاڤان ساڵێکی تر دێتەوە. ساڵێکیتر: تەواوکەری فرمانە لە ڕوی دیاریکردنی کاتی فرمانەوە

- کۆبـانی تـازە گەرایەوە. تـازە: ئاوەڵفرمـانی کـاتە، تەواوکەری فرمانە.

- جوتیارەکە زوو زەویـیەکەی کێڵا. زوو: ئاوەڵفرمانی کاتە، تەواوکەری فرمانە.

- ئاریان سبەینێ دێتەوە. سبەینێ: ئاوەڵفرمانی کاتە، تەواوکەری فرمانە.

- شەو هات. شەو: ناوی کاتە، بکەری ڕستەیە نەک ئاوەڵفرمان. وەک بڵێی ئەو هات.

ناوی کات: شەو، ڕۆژ، بەیانی، دوێنێ، پار، پێرار، ئێوارە...هتد ناوی کاتن و ئەرکی ناویش دەبینن وەکو ئاوەڵفرمانیش کە بوە تەواوکەری فرمان وەک: من شەو هاتم. من بە ڕۆژەوە کار دەکەم.

## ٢. ئاوەڵفرمانی شوێنی لە ڕستەدا:

ئاوەڵفرمانێکە دەبێتە تەواوکەری فرمان لە ڕوی دیاریکردنی شوێنی ڕودان و کردنی کاری فرمانەوە لە ڕستەدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەرک دەبینێ. وەک: ئێرە، لێرە، لەوێ، ئەوێ، پێش، پاش، لە پێشەوە، لە پاشەوە، دوا، بن، لەبن، لە دواوە، لە بان، لە بانەوە، لەسەر، لەژێر، لەدەر، لە تەنیشت، لەناو، تەک، لە تەک، لا، لە لا، لە لاوە...هتد هەر ناوێکی شوێن ئەرک و دۆخی ئاوەڵفرمانی شوێنی دەبینێ کە بوە تەواوکەری فرمان لە ڕوی دیاریکردنی شوێنی ڕودان و کردنیەوە. نمونە:

- تۆ لێرە دانیشە. لێرە: تەواوکەری شوێنی فرمانە.

- ئاڤێستا لە شار هاتەوە. لە شار: ئاوەڵفرمانی بۆ دیاریکردنی شوێنی رودانی فرمان.

- زەردەشت بان خانۆکەی چاکرد. بان خانۆکە: ئاوەڵفرمانی بۆ دیاریکردنی شوێنی رودانی فرمان.

- دیدار له تەكم دانیشتوه. له تەكم: ئاوەڵفرمانی بۆ دیاریكردنی شوێنی رودانی فرمان.
- من سەربانەكەم چاكردەوه. سەربانەكه: ئاوەڵفرمانی بۆ دیاریكردنی شوێنی رودانی فرمان.
- ئەو له لاوه ڕوخاندوێتی. لەلاوه: ئاوەڵفرمانی بۆ دیاریكردنی شوێنی رودانی فرمان.

### ٣. ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی له ڕستەدا:

چۆنیەتی رودان و كردن و جێبەجێكردنی فرمان دیاریدەكات له ئاخاوتن و ڕستەدا. وەك: خێرا، پەله، بەخێرایی، بەپەله، شێرانه، ژیرانه، به ئازایی، ئازایانه، به ڕاستی، ڕاستەوڕاست، بانه و بان، شاخەو شاخ، بەپێ، بەڕاكردن، بەخۆڕایی، بەگریانەوه.

- من خێرا ڕۆیشتم. خێرا: ئاوەڵفرمانه چۆنیەتی ڕودان و كردنی فرمانەكه دیاریدەكات.
- كاوه به خێرای گەڕایەوه بۆ ماڵ. بەخێرای: ئاوەڵفرمانه چۆنیەتی ڕودان و كردنی فرمانەكه دیاریدەكات.
- ژنەكه به هەڵه داوان خۆی كرده ژورا. ئاوەڵفرمانه چۆنیەتی ڕودان و كردنی فرمانەكه دیاریدەكات.
- شاخەوانەكه شاخەوشاخ سەركەوت. ئاوەڵفرمانه چۆنیەتی ڕودان و كردنی فرمانەكه دیاریدەكات.
- منداڵەكه بەراكردن هاتەوه. ئاوەڵفرمانه چۆنیەتی ڕودان و كردنی فرمانەكه دیاریدەكات.

**٤. ئاوەڵفرمانی وەسفی لە ڕستەدا:**

ئاوەڵفرمانێکە وەسفی ڕودان و کردنی فرمان دەکات لە ڕستەدا. وەک: باش، جوان، ڕاست، دروست، باش، چاک...هتد

- دییە بە ئینگلیزی باش قسەدەکات. باش: ئاوڵفرمانە وەسفی فرمان دەکات.

- وەستاکە کارێکی چاکی کرد. چاک: ئاوەڵفرمانە وەسفی ڕودانی فرمانەکە دەکات.

- باڵندەکان جوان ئاو دەخۆنەوە. جوان: ئاوەڵفرمانە وەسفی ڕودانی فرمانەکە دەکات.

- پیرۆت ماڵەکەی خراپکرد. خراپ: ئاوەڵفرمانە وەسفی ڕودانی فرمانەکە دەکات.

**٥. ئاوەڵفرمانی ڕیزبەندی:**

ئاوەڵفرمانێکە بەشێوەی ڕیزی و بەتەرتیب ڕودان و کردنی فرمانەکە دیاریدەکات و، ئەبێتە تەواوکەری لەڕوی ئەرکەوە لە ڕستەدا. وەک: دودو، پۆل پۆل، تیپەن تیپەن، بڕبڕ، قوم قوم، تک تک، جار جار، دەم بە دەم، دەم دەم، فڕ فڕ (قوم قوم) تاو تاو...هتد نمونە:

- خوێندکارەکان پۆل پۆل هاتن. پۆل پۆل: ئاوەڵفرمانە بە تەرتیب ڕودان و کردنی کار و فرمانەکە باسدەکات

- منداڵەکە قوم قوم ئاوی خواردەوە. قوم قوم: ئاوەڵفرمانە کردنی فرمانەکە بە تەرتیب ڕێکدەکات.

- براکەم جار جار سەرمان لێدەدات.

- باران تاو تاو دەبارێت.

### ٦. ئاوەڵفرمانی جەختکردن:

جـــۆرێکە لە ئاوەڵفرمـــان دەبێـــتە تەواوکەری فرمـــان لە روی جەختکردنەوە، لە کردن و جێبەجێکردنی کارەکەدا. واتە جەخـت لە کردنـی کار و ڕودانی فرمانەکە دەکات.

وەک: هەر، هەڵبەت، بێگومان، بێ چەند و چون، دیسان.

- مـن هەر پێیـدەڵێم. هەر: ئاوەڵفرمـانی جەخـتە، جەخـت لە ڕودانی فرمان دەکات.
- هەڵـبەت بەبـێ تـۆ هـیچ کارێـک نـاکەم. جەخـت لە ڕودانـی فرمانەکە دەکات، بۆتە تەواوکەری.
- پێویستە بەبێ چەند و چون بچیت لەگەڵیدا.
- دیسان ئازاد هاتەوە بۆ لامان.
- بێگومان کارەکەی جێبەجێدەکات.

### ٧. ئاوەڵفرمانی ڕادە لە ڕستەدا:

ئاوەڵفرمـــانێکە ڕادەی ڕودان و کردنـــی فرمـــانەکە باســـدەکات و دەبێتە تەواوکەری لە ئاخاوتن و ڕستەدا. دوجۆری هەیە:

ا. ئاوەڵفرمـــانی ڕادەی دیـــار وەک: زۆر، کەم، نەختێـــک، تۆزێـــک، کەمێک (کەم) هەندێک، گەلێک، زۆر جار، زۆر کەم، فرە.

ب. ئاوەڵفرمانی ژمارە و چەندێتی وەک: پێنج گەز، شەش هۆدە، شەش باڵ، چوار کتێب، سەد مەتر، دوجار، سێ کەڕەت.

- مـن کەم نـان دەخـۆم. کەم: ئاوەڵفرمـانە تەواوکەری فرمـانە لەڕوی ڕادەی ڕودانەوە.
- ئاریان زۆر دێت بۆ لامان.
- لێرە باران فرە دەبارێت.
- زاگرۆس چوار کتێبی کڕی. — ئاڤێستا دوجار هاتەلام.

- ئەو سێ کەڕەت پێمیوت.

## ٨. ئاوەڵفرمانی دیاریکردن (هەڵبژاردن) لە ڕستەدا:

ئاوەڵفرمـانی دیـاریکردن بـریتییە لەو ئاوەڵفرمـانەی بـۆ جیـاکردنەوە هەڵبـژاردن (٢)وەک: شـت، شـوێن و لە نـاو هاوچەشـنەکانی خـۆی جیادەکـاتەوە و دیاریانـدەکات و، دەبێـتە تەواوکەری فرمـانەکە لەڕوی دیاریکردنی شت، شوێن. وەک: کام، کامە، کامانە، کانێ، کوانێ

- کام شوێنت پێخۆشە؟ - کام شوێنت دیوە؟
- کوانێ شتەکانت؟

## ٩. ئاوەڵفرمانی هۆیی لە ڕستەدا:

ئاوەڵفرمانێکە هۆی کردنی کارێک نیشاندەدات، یا هۆی ڕودان و کردنی کارێـک لە رسـتە و ئاخاوتنـا باسـدەکات. وەک: لەبەرچـی، بۆچی،...لەبەرئەوە،

- لەبەرچی دواکەوتیت؟
- بۆچی کاردەکەیت؟

---

- پ. د. رفيق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دوەم، ٢٠١٤، ٧٤
٢- د. رفيق شوانی، ە.س، ٧٤-٨١

# ژمارە لە رستەدا

ژمـارە وەکـو هەر کەرەســەیەکی تــری زمــان، لە ئــاخزاوتن و رســتەدا بەکاردێت. بە گشتی هەمو جۆرەکانی ژمارە بۆ دیاریکردنی ناو و جێناوە لە ڕوی چەندێتی و ڕادەی بەکارهێنانەوە. واتە ژمارە دەبێتە تەواوکەری ناو لە بەشی نیهاد و گوزارەی ڕستەدابێت یا لە بەشی بکەر و فرمانا بێت.

ژمـارە لە ئاخاوتنـا تـا ڕادەیەک وەکـو نـاو وایە لە ڕوی بەکارهێنـانەوە، ئەرکی ناویش دەبینێت بەڵام لەگەڵ وشـەی تـری وەکـو نـاو و جێنـاودا بە تەواوی ئەرکە جیاوازەکانی ناو دەبینێت.

ژمارە لە ڕستەدا بەشێوەی جیاواز دەردەکەوێت. وەکو: ژمـارەی بنجـی، ژمارەی ڕیزی، ژمارەی کەرتی، ژمارەی ژمێراو (ژمێر راو)

**١. ژمارەی بنجی(١)لە ڕستەدا:**

مەبەست لەو ژمارانەن لە (١ تا ژمـارە ٩) بەشـێوەیەکی تەواو ژمـارەکە ڕادەی ناو و جێناوەکە لە رستەدا دەردەخات. وەک:

- بێریتان پێنج کتێبـی کـڕی. گرێـی ژمـارەیە، بەرکـاری فرمـانە (گ. ژ)
- پێنج کەس هاتن. گرێی ناوییە بکەرە (گ. نا)
- یەک حاڵە، دو ماڵن. گرێی ناوی نادیارە (نیهادە)
- ئەوان سێ کەسن. گ. نا تەواوکەری گوزارەیە
- ئەوان سیانن. گوزارەیە.
- من بە چوار دینار کڕیم. گ. ئا. ژ، تەواوکەری فرمانە
- یەکێک هات بۆ ئێرە. گ. ن، بکەرە.

١ – پ. د. رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ١١٦

ژمارە (یەک) دەبێتە نیشانەی نەناسراوی بە شێوەی (ێک)یش دێت. وەک: پیاوێک هات.

**٢. ژمارەی ڕیزی(٢)لە رستەدا:**

ژمارەیەکە بە شێوەیەکی تەرتیبی ناو یا جێناوەکە لە ناو هاوچەشنەکانی خۆیدا دیاریدەکات و دەبێتە تەواوکەری لەڕوی ئەرکەوە. وەک:

- ئاریان یەکەمین کچی ماڵە. گ. ژ، تەواوکەری گوزارەیە.
- یەکەمین خوێندکار خەڵاتدەکرێت. جێگری بکەرە.
- دوەمین کەس هات. بکەرە.
- کتێبەکەم دایە دوەمین کەس. بەرکاری دوەمی ڕستە.
- من لەگەڵ چوارەم کەسا ڕۆیشتم. ئاوەڵفرمانی لەگەڵبونە بۆتە تەواوکەری فرمان.

**٣. ژمارەی کەرتی(٣)لە ڕستەدا:**

جۆرە ژمارەیەکە بە شێوەیەکی ناتەواو واتە کەرتی رادەی ناو، جێناوەکان لە ئاخاوتن و رستەیا دیاریدەکات. وەکو: نیوە (١\٢) سێ یەک (١\٣) چوار یەک (١\٤)...هتد نمونە

- پیرۆت چوار یەکی مەڕەکانی کری. ئاوەڵفرمانی ژمارەی کەرتی، بەرکار
- من بە نیوەی خوێندکارەکانم وتوە. ئاوەڵفرمانی ژمارەی کەرتی، بەرکاری ناڕاستەوخۆ
- نیوەیان هاتن بۆ ئێرە. تەواوکەری بکەر
- ئەمانە نیوەن. ئەمانە نیوەیانن. گوزارە
- پارەکە لای نیوەیانە. گوزارە

---

٢ -ه.س، ل ١١٤

٣ – رفیق شوانی، ه.س، ١١٧

- پارەکە نیوە بو. تەواوکەری فرمانی (بو)
- نیوەیان کوردن. نیهادە
- بە سێیەکی بەشەکە رازیم. تەواوکەری بەیاریدە (ناڕاستەوخۆ)
- ئیشی نیوەچڵی نا پەسەندە. تەواوکەری نیهادە

بە زۆری ژمارەی کەرتی یا جۆرەکانی تری ژمارە بێ ناو و جێناو ئەرک نابەخشێت، مەگەر بە دەگمەن ئەویش دیارە دەبنە جێگرەوەی ناو و جێناو ژمێراوەکە، نمونە:

- نیوە لێرەن. نیوە: نیهادە
- نیوە هاتن. نیوە: بکەر

لەم حاڵەتەدا بەپێی شوێنی بەکارهێنان ژمارەکە ئەرکی دیاردەبێت، دەزانرێ نیوە کەسەکان لێرەن یا هاتون.

### ٤. ژمارەی ژمێر راو لە رستەدا:

ژمارەیەکن ڕادەکەیان لەروی چەندێتییەوە دیاریکراوە، بەهۆی پاشگری (ە)ی دارشتنەوە پێکهاتون و لە ژمارەی ئاسایی و بنجییەوە بۆتە ناوی کات(١)و سەردەم. وەک: هەفتە، دەیە، چلە، سەدە... لە ئاخاوتن ڕستەدا ئەرکە جیاوازەکانی ناو دەبینن. نمونە:

- هەفتەکە بە ناخۆشی چوە سەر. هەفتەکە: نیهادە
- بە چلەی هاوین کاردەکات. (ئا. ک) ئاوەڵفرمانی کاتی، تەواوکەری فرمانە.
- چلە تێپەڕی. چلە: بکەرە
- سۆمەریەکان لە هەزارەی چوارەمی پێشزایین کۆچیانکرد. ئا.ک
- کوردە سەدەی بیستەمە. سەدە: تەواوکەری گوزارەیە.
- ئێمە دو دەیەمان تێپەڕاند. دەیە: بەرکاری راستەوخۆ.

---

١ — د.س، ١١٨

# ژمارە لە ڕوی دۆخەوە

١. دۆخی ژمارە واتە حاڵەتی ژمارە لە ڕوی بەکارهێنانەوە لە زماندا، دۆخی تاک و کۆ و ناسراوی و نەناسراوی نییە، چونکە ژمارە خۆی کەرەسەیەکی دیاریکراو و ناسراوە، واتە دەزانرێ چەند یا چۆنە یا تاکە یا کۆیە.

بۆنمونە ژمارە (یەک) نەبێت کە ئەویش نیشانەی نەناسراوایيە بۆیە نیشانەی (ێک) لە حاڵەتی وشەی کۆتای هاتو بە نەبزوێن (ێک) وەردەگرێت و لە بونی بزوێنا (یەک)ە نیشانەی نەناسراوییە وەک:

یەک ←—— یەکێک ناتوانرێ بوترێ (سێیەک) ئەمە نەک وەکو ژمارەی کەرتی، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ناسراوای و نەناسراوییە، بۆیە ناتوانرێت بڵێی: (چوارەکە، سێیەکە، هەشتەکە) چونکە خۆیان دیاریکراون چ وەکو ناسراوی چ وەکو ژمارەی کۆن، بۆیە ناشێت نیشانەی کۆش وەربگرن ئەوەی هەیە کە دەوترێت سێیان، چواران...هتد ئەوە کورتکراوەی سێ جاران، چوار جارانە...هتد وەک بەکارهێنانی: چوار، چوار کتێبانم کڕی. هەڵەیە ناوێک دوجار کۆناکرێتەوە، تەنیا یەکجار نەبێت ئەویش بەهۆی ژمارە تەواوکەرەکەیەوە کە دەچێتە پاڵ ناوێکەوە، وەک:

سێ دانە، دو ماڵ، دە مامۆستا...هتد ناکرێ بکرێنە سێ دانان، دو ماڵان، دە مامۆستایان. وەک سێ دانانم کڕی ←—— سێ دانەم کڕی (دوەمیان دەستوریترە)

٢. ژمنارەی ژمێراو وەک: یەکە، دەیە، سەدە، هەزارە، ملیۆن لەبەر ئەوەی ژمێراون و بونە ناویتری وەک ناوی کات لەڕوی ژمارەوە، ئەوا

دەکرێت و ڕێزمانی و دەستوریشە کۆبکرێنەوە. بەمشەوەیە: یەکەیەکم کڕی، سەدەی بیستەم خۆشبو.

یەکە ← یەکـــان، دەیە ← دەیـــان، ســـەدە

سەدان، هەزار ← هەزاران،

ملیۆن ← ملیۆنان. نمونە لە ڕستەدا:

- دەیان خوێندکار سەرکەوتن. نیهاد
- بۆ ملیۆنان دینار وڵات نافرۆشم.
- بە سەدان ڕۆڵەی کورد شەهیدبون.
- هەزاران کورد ئەنفالکران.

# دۆخی بانگکران لە رستەدا

بـانگکردن لە رسـتەدا بەهـۆی ئـامرازی بـانگکردنەوە ئەنجامـدەدرێت و ئاگادارکردنەوەش دەبەخشن. وەک ئـامرازی: هـۆ، ئەرێ، هێـی، هـێ، هەی، وەی، یـا (١)...هتـد ئەم کەرەسـە ئامرازیـانە بەزۆری دەچـنە تەک نـاو یـا جێناوی کەسەوە، لە بەشی نیهاد و بکەری رستەکەوە دێن. دۆخ حـاڵەتی دیاریکردنی سەر وشە لە ناو، جێناو، ئاوەڵنـاو، یا ئەو کەرەسانەی بەنـدن بە ناو و جێناوەوە وەک ناسراوی نەناسراوی و تاک و کۆ، پـلەی بەراورد و باڵا...هتد ئامادە دەکرێن بـۆ ئەرکبینـین لە رسـتەدا، وەک: نیهـاد و بـکەر، بەرکار و تەواوکەر و گوزارە.

- ئەرێ ئاڤێـــستا نایەیـــت بـــۆ لام. بـــۆ ئاگـــادارکردنەوە و بانگکردنیشە، بکەرە
- هێی زەلام بوەستە.
- هێی کورە وامەکە.
- هەی دیسان هاتیتەوە.
- وەی لەم منداڵە جوانە. بۆ ئاگاداری و سەرسوڕمانیشە| نیهادە
- یاخودا هاوارە. نیهادە
- ئەی تـــۆ نـــاڕۆیتەوە. بەزۆری ئەمەیـــان بـــۆ ئاگـــادارکردنەوە و جەختکردنیشە.
- ئەی کوردینە. ئەی- ینە: هەردوکیان بۆ بانگکردنن.

لەروی بەکار هێنانەوە دۆخی بانگکردن ڕستەی ناوی پێکدێنێ.

---

١ – رفیق شوانی، وشەسازی، ٩٦

لە هەندێ حاڵەتا وەک لە کاتێکا ئامرازی بانگکردنەکە بچێتە سەر ناو و جێناوی کەس نیشانەی بانگکردنی (ە، ۆ، ێ، ی، ینە(٢)) دەچێتە سەر ناو و جێناوەکەوە. وەک:

- کاکە زەردەشت وەرە لەگەڵمانە. (کاک-ە) بۆ تاکی نێرە.
- هۆ خالۆ بگەڕێرەوە بۆ ماڵ. (خاڵ-ۆ) بۆ تاکی نێرە.
- ئەرێ میمی داکەسێ. (میم-ی) بۆ تاکی مێیە.
- پورێ فەرمو نانبخۆ. (پور-ێ) بۆ تاکی مێیە.
- کچینە بۆ هەڵناسن. (کچ- ینە) بۆ مێ و نێرە.

ئەم نیشانانە (ە، ۆ، ێ، ی، ینە) بە تەنیاش بۆ بانگکردن بەکاردێن. بێجگە لەوەی دەچنە پاڵ ناوە بانگکراوەکە، کە ئامرازی بانگکردنی وەک هۆ، ئەرێ...هتد بە تەنیاش بۆ بانگکردن بەکاردێن وەکو چەند نمونەیەکی لێرەدا خستمانەڕو.

## دۆخی بانگکردنی ئاژەڵ لە ڕستەدا

وەک چۆن بانگکردنی مرۆڤ ئامرازی تایبەت بە خۆی هەیە، ئاواش ئاژەڵ و پەلەوەر ئامرازی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ بانگکردنیان بەکاردەهێنرێن. وەک:

ئۆحە، هۆش، یخە، هڕ (هڕە) تەس، گدیگدی، هێش (هێشە) هس (هسە) پش (پشە)، چغ (چغە)، کوت کوت، کوچ کوچ، کس کس، جو جو، کش (کشە) (١)، ...هتد

ئەم ئامرازانە بەزۆری دەچنە پاڵ ناوێکەوە کە بۆ ئاژەڵ یا پەلەوەر لە بانگکردنا بەکاردێن.

- ئۆحە مانگا ڕەش. بۆ هێورکردنەوە و بانگکردنیەتی نەک دەرکردن.

---

٢ -ه.س، ٩٦

١ – رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ٩٧

- هۆش کەرە شین. هەچە کەرە شین. (بۆ لخوڕینی کەرە)
- یخە بزنە قش. بۆ دەرکردن و خستنە دواوەیە.
- هڕکە لەو مەڕە شیر بێتە گوانی، بەشکو چاوکاڵ بیدۆشێ بە پەنجەکانی.
- هڕە مەڕە کوڕیس. (کوڕیس واتە گوێ کورت)
- تەس مەڕە شگێر. (شگێر: جۆرە مەڕێکە)، بۆ لخوڕین و پاڵنانی مەڕە.
- گدی گدی کارە کوڕیس. (بۆ بانگکردنی کارە)
- هێش بزنە قەش. (بۆ وەستانی بزنە)
- هسە مەڕە گەرحە. (گەرحە: جۆرە مەڕێکە دەم و چاوی قاوەییە) بۆ ڕۆیشتنی مەڕە.
- پشە یا پش پش وەرە. (بۆ پشیلەیە)
- چغە سەگە بۆرە. (بۆ دەرکردنی سەگە)
- کوت کوت سەگە سپی. (بۆ بانگکردنی توتکە سەگ و سەگیشە)
- کوچ کوچ وەرە بۆ ئێرە. (بۆ سەگە بانگکردنە)
- کس کس بڕۆ دواوە. (بۆ سەگە یا کس بڕۆ. بۆ دەرکردنە)
- جوجو جوچکە زەرد. (بۆ بانگکردنە نەک دەرکردنی)
- کشە کشە مامرە ڕەشە، میوان شەوێک و دوان خۆشە.
- هۆش کەرە دێزە. (هۆش بۆ وەستانی کەرە)

تێبینی: بە زۆری بانگکردنی ئاژەڵ ڕستەی ناوی پێکدێنێ، لەبەر ئەوەی بانگکردن بە تاکە وشە و گیرەکێکی ڕێزمانی وەک ئامرازی بانگکردن پێکدێت بەبێ فرمان، لە دیاریکردنی مەبەست و دیاریکردنی گوزارە یا فرمان بەکاردێ.

# دۆخی ناسراوی[1] لە ڕستەدا

دۆخێکە ناو بەهۆی نیشانەی ناسراوی (ەکە) لە حاڵەتی نادیاری و نەناسینەوە دەکرێت بە ناسراوی، واتە نـاوەکە دیاریـدەکرێت و، دواتـر لە ئاخاوتنا بەکاردێت و لە ڕستەدا ئەرکی بکەر و نیهاد، بەرکار و تەواوکەر و گوزارە دەبینن. وەک: گوڵەکە، ناوێکی ناسراوە بۆ تاک هێشتا ئەرکی نـاو ڕستەی نییە.

- من گوڵەکەم بۆنکرد. گوڵەکە: لە دۆخی ناسراویدایە، ئەرکی بەرکارە
- گوڵەکە جوانە. گوڵەکە: نیهادە.
- باخچەی گوڵەکە سەرنجڕاکێشە. گوڵەکە: تەواوکەری نیهادە کە باخچەیە.
- من لە باخچەی گوڵەکان بوم. گوڵەکە: تەواوکەری فرمانی (بو)ی ناتەواوە.
- باخچە بە گوڵەوە جوانە. بە گوڵەوە: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی گوزارەیە (جوانە)

---

١ – بۆ ئەم دۆخە جۆراوجۆرانە بڕوانە: رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ٥٧-٥٨

# دۆخی نەناسراوی لە ڕستەدا

دۆخێکی ناوە بەهۆی نیشانەی نەناسراوی (ێک، یەک)ەوە پێکدێت و، لە ڕستەدا ئەرکی جیاوازی وەک: بکەر، نیهاد، تەواوکەر، بەرکار و گوزارە دەبینێ لە ڕستەدا. نمونە:

- مامۆستایەکی کوردە. ناوی ناسراوە، نیهادە.
- مامۆستایەک هات. بکەرە
- ئاڤان مامۆستایەکە. گوزارەیە.
- دیدار مامۆستایەکی بینی. بەرکارە.
- ئاڤێستا مامۆستایەک بو. تەواوکەری فرمانی (بو)ە.
- مامۆستایەکی کوردی دامەزرا. جێگری بکەرە، بکەر نادیارە.

## دۆخی ناوی کۆ لە ڕستەدا (٢)

دۆخێکە بەهۆی نیشانەی (ان) و ڕواڵەتەکانی تری وەک (یان، وان)، ها، ەها، ەوات، (وات، ات)، لەگەڵ (ێل، ەل، یەل) پێکدێت و ئەرکی جۆراوجۆری هەیە لە ڕستەدا. نمونە:

- کوڕان زیرەکن. کوڕان: نیهادی ڕستەی ناوییە.
- کچان هاتن. کچان: بکەرە.
- من شاران گەڕاوم. شاران: تەواوکەری شوێنی فرمانە.
- زەردەشت منداڵانی گەڕەکی خۆشدەوێت. منداڵان: بەرکارە.
- ئەمانە گەنجانن. گەنجان: گوزارەی ڕستەی ناوییە.
- وڵات بە گەنجان پێشدەکەوێت: تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە.
- کوردی وڵاتان پەرەوازەن. وڵاتان: تەواوکەری نیهادی (کورد)ە.

---

٢ -

# ئاوەڵناو

ئاوەڵنــاو وەک بەشـێکی ئاخــاوتن لە ڕســتەدا ئەرکــی تەواوکەری نــاو و جێناو دەبینێت لە ڕوی دەرخستنی سیفەتیانەوە (١) .نمونە:

- کرداری جوان پەسەندە .          ئاوەڵناوە، تەواوکەری نیهادە .
- ئەو ئیشی خراپە .                    ئاوەڵناوە، گوزارەیە .

ئاوەڵناو کە نیشانەی ناسـراوی و نەناسـراوی وەربگرێـت لە بەکارهێنانـا دەبێـتە نـاو. وەک؛ جـوان کە کـوردە . نیهـادە . جـوانێکم دیـت. بەرکـارە . جوانێک هات. بکەرە .

- پاک و پیس وەکو یەکن.          گرێی ئاوەڵناوییە، نیهادە .

ا. ئاوەڵناو نابێتە بکەر چونکە سیفەتە، بەڵام دەبێـتە تەواوکەری بکەر و نیهادیش. وەک:

- منداڵی باش خۆشەویستە .
- خوێندکاری زیرەک سەردەکەوێت. ئاوەڵناوە، تەواوکەری بکەرە .

ب. ئەگەر ئاوەڵناو بـوە تەواوکەری فرمـان. دەبێـتە ئاوەڵفرمـانی وەسفی.

وەک: دییە بە چاکی دەنوسێت. تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە فرمانە .

- یەسنا کانیەکەی پاک کردەوە . بەرکاری راستەوخۆیە .
- ئارینا جوانی نوسی. بۆتە ئاوەڵفرمان، تەواوکەری فرمانە .
- دیـدار کـاری باشـبو. ئاوەڵنـاوە، تەواوکەری فرمـانی نـاتەواوی (بو)ە .

ج. ئەگەر ئاوەڵناو نیشانەی کۆ وەربگرێت، لە ئاخاوتن و ڕستەدا دەبێتە ناو و ئەرکی ناو دەبینێت. وەک:

---

١ – رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دوەم، ٢٠١٤، ٥٨

- چاکانی وڵات خۆشەویستن.
- وڵات بە چاکانی پێشدەکەوێت.

**پلەکانی ئاوەڵناو لە ڕستەدا.** (٢)

ئاوەڵناو لە ڕوی پلەوە، واتە پلەی بەراورد لە ئاخاوتنا بەکاردەهێنرێ بۆ بەراوردکردنی نێوان دو کەس یا شوێن، کە خۆیان لە ڕستەدا وەکو ناو و جێناو دەردەخەن، کە لە سیفەتیشا بەشدارن بەڵام سیفەتی یەکێکیان لەویتر زیاترە. نمونە:

- زاگرۆس لە براکەی زیرەکترە. ئاوەڵناوی پلەی بەراوردە بۆتە گوزارەی ڕستە.
- زەردەشت لەو پۆشتەتربو. تەواوکەری فرمانی ناتەواوی (بو)ە.
- دلۆڤان چاکتر دەخوێنێت. تەواوکەری راستەوخۆی فرمانە.

**ئاوەڵناوی پلەی باڵا:** ئاوەڵناوێکە لە ڕستەدا لە ناو هەمو هاوچەشنەکانی خۆیدا، بە زیادەوە لەوانیتر سیفەتەکەی زیاترە. ئەم ئەرکانەش دەبینێ:

- کەرکوک خۆشترین شارە. ئاوەڵناوی پلەی باڵایە،تەواوکەری وزارەیە.
- من خۆشترین نانم خوارد. تەواوکەری بەرکارە لەڕوی سیفەتەوە بۆتە بەرکار.
- جوانترین کچی پۆلە. تەواوکەری نیهادە کە کەسی سێیەمی نادیارە.
- ئاڵا لە هەمویان زیرەکترە.

د. ئاوەڵناو نیشانەی کۆش وەردەگرێت و دەبێتە ناو بەزۆری گونجاوترە لەگەڵ نیشانەی ناسراویدابێت. وەک: - من شینەکەیانم بە دڵە. سورەکەیان جوانە.

---

٢ – ە.س، ٥٩-٦٠

# ڕەنگ لە ڕستەدا

ڕەنگ لە ئاخاوتن و ڕستەدا وەکو ئاوەڵناو و ناویش بەکاردێت، ئەرکی جیاجیاش دەبینێت، ئەگەر بوە تەواوکەری ناو جێناو وەکو دەرخەر و ئاوەڵناو بەکاردێت.

- ڕەش جوانە. ناو، نیهادە.
- ڕەنگی سپی رونە. ئاوەڵناوە، تەواوکەری نیهادە.
- ڕوی سپی بێت. ئاوەڵناوە، تەواوکەری فرمانی ناتەواوی (بێت)ە.
- ئەو ڕەش و سپی لێکناکاتەوە. بەرکارە.
- ئەمە سپییە. تەواوکەری گوزارەی ناتەواوی (ە)یە.
- ئێوە لە ڕەش و سپی مەپرسن. گرێی ناوییە، بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.
- ڕەش ڕۆیشت، سپی هات. بکەرن.

**تێبینی:**

ا. ڕەنگ ئەگەر نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی وەرگرت دەبێتە ناو. نمونە:

- من سەوزەکەم پێ جوانترە. ناوە، تەواوکەری گوزارەیە.
- ئەو سپییەکی کڕی. ناوە، بەرکارە.
- سورەکەیان باوترە. ناوە، نیهادە.

ب. ئاوەڵناو و وشەی ڕەنگ ئەگەر پاشگری وشەداڕێژی وەک (ی)...، بچێتە کۆتاییانەوە دەبنە ناوی واتایی، نمونە:

- سپیاتی خۆشە. ناوە، نیهادە.

- به ڕەنگ سوری ژیان دەبەمە سەر. ناوە، بەرکاری ناڕاستەوخۆی فرمانە.
- سەوزەکەی جوانە. ناوە، نیهادە.
- باخەوانەکە نەمامەکەی بە سەوزی چاند. ناوە، بەرکارە.
- مامم بە گەورەیی ژنی هێنا. ناوە، بەرکاری ناڕاستەوخۆی فرمانە.
- سپیاتی بۆ تەندروستی چاکە. ناوە، نیهادە.
- ئەو چاوڕونی نەماوە. ناوە، تەواوکەری فرمانە.

ج. هەروەکو چۆن ئاوەڵناو دەبێتە پلەی بەراورد و باڵا، ئاواش ناوی رەنگ لە زمانی کوردیدا بەهۆی نیشانەی پلەی بەراورد و باڵاوە دەبنە ئاوەڵناوی بەراورد و باڵا. وەک:

- سروشت لە بەهارا ڕەنگی سەوزترە.

پلەی بەراوردە، گوزارەیە.

- وەرزی بەهار سەوزترین وەرزە.

پلەی باڵایە، گوزارەیە.

- سوری خوێن سورترین ڕەنگە.

پلەی باڵایە، گوزارەیە.

- من بە ڕەشترین ڕەنگ دەنوسم.

پلەی باڵایە، بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.

د. ئاوەڵناوی نیشانەی

# ڕستەسازی کردەیی

لێرەدا تەنیا باسی چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە دەکرێت، کە بەشێکی کردەییە لە ڕستەسازی ئەرکی. چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە، مەبەست لە شیکردنەوەی کەرەسە جۆراوجۆرەکانیەتی، کە لێرەدا باسیدەکەین.

## چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە:

چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە ئەم بەش و ئاستانە دەگرێتەوە، کە دەکرێت هەر یەکەی بە جیابکرێت، ئەوە زانستیترە، کە نابێتە هۆی تێکەڵکردن و سەر لێشێوان لە نێوان دیاریکردنی کەرەسەکانی رستەدا. وەک لەڕوی ئاساتە جیاوازیەکانیەوە.

چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە

١. شیکردنەوەی دەنگناسی (دەنگی)
٢. شیکردنەوەی وشەسازی ڕستە
٣. شیکردنەوەی ڕستەسازی ڕستە

یەکەمیان مەبەست لە دیاریکردنی بواری دەنگناسی رستەیە، لە ڕوی تۆن و ئاوازدا. دوەمیان بریتییە لە شیکردنەوەی ڕستە لەڕوی دیاریکردنی کەرەسەکانی کە دەبنە هۆی پێکهاتنی ڕستە. سێیەمیان دیاریکردنی ئەرکی بەشە بنجییەکانی ڕستەیە کە ئەرکی جۆراوجۆر لە ڕستەدا هەیە. لە خوارەوە ئەم جۆرانە بەڕونی ڕوندەکەینەوە.

## شیکردنەوەی دەنگناسی ڕستە:

شیکردنەوەی ڕستە لەڕوی دەنگناسییەوە، دەچێتە ناو بابەتی ڕێزمانەوە. ڕێزمانی زمان واتە دەستور و چۆنیەتی ڕێگای کارکردنی زمان بە هەمو ئاساتەکانی دەنگی، وشەیی و ڕستەوە. ئەگەر سەیری سەرچاوە زمانییە عارەبی و فارسییەکان بکەین بە باسی دەنگ دەسپێدەکات، دواتر وشە و ڕستە (١). کەچی لەم سەردەمەدا خەریکە دەبێتە باو لە ڕێزماندا، تەنیا باسی وشەسازی و ڕستەسازی دەکرێت، ئەمە کارێکی نازانستییە دەنگ جیابکرێتەوە لە باسی ڕێزماندا. بنچینەی زمان دەنگە، دەنگ دەبێتە پێکهاتەی وشە، وشەش دەبێتە پێکهاتەی رستە، بەهۆی وشە و ڕستەوە واتاش پێکدێت.

لێرەوە باسی دەنگ و بایەخی دەنگ لە ناو ڕستەدا بە کورتی دەکەین. بە تایبەتی لەو بوارەی کە لە ئاستەکانی دەنگناسی (فۆنۆلۆجی) وەک هێز و ئاواز، کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی جۆری ڕستە، بۆیە هێز لە رستەدا بە یەکەیەکی زمانی و قسەکردن دادەنرێت (٢). بەهۆی گۆرانی چۆنیەتی دەربڕینی ڕستەوە. واتە بەرز و نزمی دەربڕینی ڕستە بە هۆی خستنە سەری هێزەوە، لە شوێنێکی ڕستەوە بۆ شوێنی تری ڕستە وەک لە سەرەتای بەشی یەکەمی ڕستە، یا لە بەشی دوەمی رستەدا، جۆری ڕستە دەگۆڕێت.

---

١ – شهرزاد ماهوتیان، دستور زبان فارسی از دیدگاه دەشناسی، ت: مهدی سمائی، تهران ١٣٧٨، ٢٧٢-٣٣٢

٢ – د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظری، ٢٥٤

**<u>چۆنیەتی دیاریکردنی ڕستە بەهۆی گۆڕانی ئاوازی دەربڕینی ڕستەوە</u>**

## ئاوازی دەربڕینی ڕستەی هەواڵی:

کاتێک ڕستەیەکی هەواڵی دەردەبڕێن لە ئاخاوتندا، بە شێوەیەکی یەکسان هەمو بەشەکانی ڕستە دەردەبڕێت. واتە بەبێ گۆڕینی ئاوازەکەی، بێ ئەوەی هێز (ستریس- stress) بخرێتە سەر لایەکی بە شێوەیەکی جیاواز. نمونە:

١. زاگرۆس هات؟ رستەی پرسیارە هێز لەسەر چۆنیەتی دەربڕینی فرمانی (هات)ە.

٢. زاگرۆس هات! ڕستەی سەرسوڕمانە ئاوازی دەربڕین جیاوازە، هێز لەسەر (زاگرۆس)ە.

٣. زاگرۆس هات. ڕستەی هەواڵی ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە یەکسانە.

بەهۆی گۆڕینی دەنگناسی ڕستەی زمانی کوردییەوە، دەتوانرێ ڕستە و جۆرەکانی جیاواز و دیاریبکرێت. کەواتە دەنگیش هۆیەکە یا ڕێگایەکە لە دیاریکردنی جۆری ڕستەدا.

١. شوانەکان بە سەرما گەڕانەوە. سەرما: واتە سارد و سەرما.

٢. شوانەکان بە سەرما گەڕانەوە. سەرما: واتە سەری مندا بەلای مندا.

لە ڕستەی یەکەمدا هێزی دەربڕین لە رستەی یەکەمدا کەوتۆتە سەر دوا دەنگی (ا)ی وشەی (سەرما)، لە دوەما هێزەکە کەوتۆتە سەر دەنگی یەکەمی هەمان وشە (سەرما) ڕستەکە دو واتای گرتۆتە خۆی واتای سەرەوە (ڕوکەش واتا) و واتای خوارەوە (واتای قوڵ)

١. هات بەسەرما.                     واتە بەلای مندا هات.
٢. هات بەسەرما.                     واتە بە خەیاڵما هات.

تۆن: لە ڕستەی زمانی کوردیدا نییە، واتە بەرز و نزمی دەنگ کە لە کۆمەڵەی (چینی، تبتی)دا هەیە (١). لە کوردیدا لە دەربڕینی لاوک، مەقام و حەیرانا هەیە لە کاتی بەرز و نزمی چۆنیەتی چڕینی گۆرانیەکەدا، وەک:

- ئەرێ ئای ئای، ئای براکەم ئای:                مەقام.
- ئەرێ بابە برادەرینە حەیران:                حەیران. دەلالۆ

دەلێ لێ، کوڕۆ دینۆ، کچۆ دۆتمامۆ: لاوک.

## شیکردنەوەی وشەسازی ڕستە:

هەروەک دیارە بنچینە ڕستە ئەگەر دەنگیش بێت، لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی زماندا دەنگەکان بونەتە ناو بۆ کەرەسەکان، ناویش وشە. تەنانەت لە زمانناسییا بینشی دەنگ (تیۆری دەنگ) جەخت لەم دیادەدە دەکاتەوە.

### کەواتە وشە بنچینەی پێکهاتەی رستەیە:

شیکردنەوەی ڕستە واتە دیاریکردنی وشە جۆراوجۆرەکانی کە لە ناو ڕستەدا هەن و ئەرک دەبینن. بۆ نمونە لە ناو ڕستەدا وشە هەیە: ناوە، ئاوەڵناو یا جێناو و ئاوەڵفرمان ئەمانەش کەرەسەی جۆراوجۆر لە بەکارهێنانا دەگرنە خۆیان و پێکەوە بە پێی ڕێکخستنی زمانەکە ڕستە پێکدەهێنن.

١ – محمد علی الخولی، ە.س، ٢٨٨

بێجگە لەبەشە واتادارەکانی ناو ڕستە کە وشەیە، نیشانە و ئامرازی جۆراوجۆریشیان لەگەڵدا بەکاردێت و دۆخی گەردانی و دانەی زمانی نا سادە و گەورەتر پێکدەهێنن.

بۆیە لە ڕستەدا سێ جۆرە کەرەسەی وشەسازی هەیە پایەی زمان پێکدێنن، وەک:

١. وشە

٢. نیشانە

٣. ئامراز

ئەم سێ بابەتە وشەسازی ئەرکی پێکدێنن، واتە وشەکە گەردانکرا بەپێی نیشانە دۆخ پێکدێنێ، لەگەڵ ئامرازیشا وشە یا کەرەسەی ئەرکی دروستدەکات. لێرەدا دەردەکەوێت پایە زمان لە سێ کەرەسە پێکدێت وەک وشە، نیشانە و ئامراز، دوەم و سێیەمیان لەگەڵ وشەدا و، بەهۆی وشەوە لە ڕستەدا بەکاردێن دوەمیان دۆخی پێدەدات. وەک: دۆخی ناسراوی، نەناسراوی، تاک و کۆ، پلەی بەراورد و باڵا...هتد.

ئامرازیش کەرەسەیەکی ئەرکییە، ئەرکی وشە یا ناو دیاریدەکات. با لێرەوە نمونە بهێنینەوە بۆ شیکردنەوەی ڕستە بەپێی وشەسازی.

ا. شیکردنەوەی وشەسازی ڕستە بەهۆی بەشە ئاخاوتنەوە: لەم جۆرەدا ڕستە بەهۆی دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتنەوە لەناو رستەدا دیاریدەکرێن، کەچی بەشێکە، وەک:

- کوردستان خۆشە.

کوردستان: ناوی تایبەتییە بۆ شوێن بە پێی بەشەکانی ئاخاوتندا.

خۆشە: ئاوەڵناوە لە بەشەکانی ئاخاوتندا

ە: جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک.

لە شیکردنەوەی وشەسازیدا بە هیچ جۆرێک باسی ئەرکی وشە ناکرێت.

**شیکردنەوەی ڕستەکە لەڕوی چۆنیەتی پێکهاتنەوە:**

- کوردستان: ناوێکی دارێژراوە لە ناو+ پاشگری شوێن= کورد+ ستان=

- خۆشە: ئاوەڵناوی سادەیە+ جێناوی کەسی لکاو: خۆش+ ە

ب. شیکردنەوەی ڕستەکە بە دیاریکردنی پۆلە ڕێزمانییەکان (١) (کەتیگۆری)

لە زمانا کەرەسە پێکهاتەکان پۆل پۆلن، چەند پۆلێک سەر بە پۆلێکی گەورەترن و هەمویان کەرەسەی هاورەگەزی وشەسازین.

- کوردستان خۆشە.

کوردستان: لە ناو پۆلی وشەکانا: ناوە، لە ناو پۆلی ناویشا سەر بەناوی شوێنێکی دیاریکراوە، لە پۆلی ناوی تایبەتییە.

لە ڕوی پۆلی ڕەگەزەوە: لە پۆلی ناوی بێ لایەنە

لە ڕوی ژمارەوە: ناوی تاکە.

لە روی پێکهاتنەوە: لە پۆلی ناوە دارێژراوەکانە.

خۆشە: خۆش لە پۆلی ئاوەڵناوی چەسپاوە، لە پۆلی ئاوەڵناوە سادەکانە

ە: لە پۆلی جێناوە، لەناو پۆلی جێناوەکانا، جێناوی کەسی لکاوە، لە پۆلی کەسی سێیەمی تاکە.

ج. شیکردنەوەی رستەکە بەپێی مۆرفیم: لێرەدا بەپێی بینشی مۆرفیم، کەرەسەکانی زمان دیاریدەکات.

نمونە:

---

**١ – رفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ب٢، ١١٩- ١٢٦، بروانە بابەتی پۆلە ڕەزمانیەکان.**

- کوردستان خۆشە.

کوردستان: لە دو مۆرفیمە، کورد مۆرفیمی سەربەخۆیە واتادارە ستان: مۆرفیمی بەندە، پاشگری شوێنە.

خۆشە: لە دو مۆرفیمە، خۆش: مۆرفیمی سەربەخۆ ئاوەڵناوە ە: مۆرفیمی بەندی ڕستەسازییە، جێناوی کەسی لکاوە، لە روی ژمارەوە بۆ کەسی سێیەمی تاکە.

پۆلی ڕێزمانی هەر بەشێکی وشە لە ڕستەدا چوار جۆر دیاریکردنی هەیە، وەک:

١. دیاریکردنی

٢. ئەرکی ڕێزمانی

٣. دۆخی ڕێزمانی

٤. پۆلی ڕێزمانی (١)

هەرچی ئەرکە کە بەندنییە بە وشەسازییەوە، دۆخی ڕێزمانیش سەر بە وشەسازی ئەرکییە و پۆلی ڕێزمانیش وشەسازی داڕشتنە، دیاریکردنیش مەبەست لە دیاریکردنی ناوی یەکە ڕێزمانییەکەیە.

دۆخیش لە شیکردنەوەی پۆلە ڕێزمانیەکانا بەندە بە کەس لە ڕوی ژمارەوە ڕەگەز یا کات و ڕێژەو جۆری فرمان و ئاڕاستەکە دەگرێتەوە (٢).بۆ نمونە بەپێی پۆلە ڕێزمانیەکان با بڕوانینە شیکردنەوەی ئەم ڕستە سادەیە:

- کۆبانی هات.

کۆبانی: لەڕوی جۆرەوە لە پۆلی ناوە، لە پۆلی ڕەگەزا مێیە، لە پۆلی ناوی تایبەتییە بۆ کەس، لە ڕوی پۆلی پێکهاتنەوە سادەیە، لە ڕوی ژمارەوە ناوی تاکە.

---

١ – د. رفيق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ب٢، ٢٠١٤، ١٢٦

٢ – د. رفيق شوانی، ە.س، ە.ل

هات: له ناو پۆله ڕێزمانیەکانا، له جۆری پۆلی فرمانه، له ڕوی دۆخەوه فرمانی ڕابردوه، له ڕوی ژمارەوه تاکه، له ڕوی پۆلی کەسەوه، بۆ کەسی سێیەمه، له ڕوی پۆلی پێکهاتنەوه له فرمانه داڕێژراوەکانه.

شیکردنەوەی وشەسازی ڕستەی: کۆبانی هات.

کۆبانی: به پێی بەشه ئاخاوتن: ناوه تایبەتییه بۆ کەس.

هات: فرمانی ڕابردوه.

Ø: نیشانەی دەرنەکەوتنی جێناوی کەسی لکاوی سێیەمی تاکه له حاڵەتی فرمانی تێنەپەڕدا.

شیکردنەوەی مۆرفیمی ڕستەی: کۆبانی هات.

کۆبانی: مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار، ناوه

هات: مۆرفیمی سەربەخۆی واتاداره، فرمانه، له قەد+ نیشانەی دەرنەکەوتن.

هات+Ø نیشانەی دەرنەکەوتنه له دۆخی کەسی سێیەمی تاکا .ئەو سێ جۆره شیکردنەوەیەی ڕسته وەک: شیکردنەوه بەپێی دیاریکردنی بەشه.

ئاخاوتن که پێکهێنەری ڕستەن بۆ نمونه وەک له ڕستەدا: ناو، ئاوەڵناو، جێناو، ئاوەڵفرمان دیاریدەکرێت. شیکردنەوه بەپێی پۆله ڕێزمانیەکان واته دیاریکردنی بەشەکانی ڕسته به پێی پۆلی وشەکانی که لەچ جۆره پۆلێکن بۆ نمونه وەک: ناو، جێناو ...هتد هەر یەکەیان پۆلێک ناو یا پۆلێک جێناو دەگرنەوه هەرچی شیکردنەوەی رستەشه بەپێی جۆری مۆرفیمەکان کەرەسەکانی دیاریدەکرێن. ئەم سێ جۆره هەرسێکیان دەچنەوه سەر شیکردنەوەی وشەسازی ڕسته واته بەزۆری دیاریکردنی کەرەسەکانی رستەیه خۆی نادا له دیاریکردنی ئەرکی کەرەسەکان. مەگەر له ڕوی ژماره و دۆخەوه نەبێت ئەویش دەچنەوه سەر لێکۆڵینەوه یا بابەتی وشەسازی ئەرکی (علم الصرف الوظيفي) جۆری سێیەم له

شـــیکردنەوەی ڕســـتە، شـــیکردنەوەی ئەرکـــیە کە دەکەوێـــتە بەر زانـــستی ڕستەسازی.

# جۆری سەیەم
# شیکردنەوەی ئەرکی ڕستە

**دیاریکردنی ئەرک لە ڕستەی سادەدا:**

شیکردنەوەی ئەرکی ڕستە بریتییە لە ئەرک و کردەی هەر یەک لە کەرەسە پێکهێنەرەکانی ناو ڕستە، کە پێکهاتەی جیاوازی ناو ڕستەن، کە سەر بە بابەتی وشەسازین و ئەرکی جۆراوجۆری ڕستەسازی ناو رستەیان هەیە. وەک ئەرکی بەشە بنجییەکان کە سیستەمی ڕێکخستنی ڕستەن.

١. لە رستەی ناوی(١): نیهاد، تەواوکەری نیهاد، گوزارە و تەواوکەرەکەی. یا بریتییە لە: نیهاد – گوزارە

٢. ڕستەی فرماندار: بکەر، فرمان، یا بکەر و تەواوکەر، بەرکار، تەواوکەری فرمان.

نمونە بۆ چۆنیەتی دیاریکردنی ئەرک:

- ئاریان قوتابییە. ڕستەی ناوییە

ئاریان: نیهادە، قوتابییە: گوزارەیە، قوتابی: تەواوکەری گوزارەی ناتەواوی (ە)یە، ە: گوزارەیە لەگەڵ قوتابی.

- ئاڤان کچێکی باشە. رستەی ناوییە.

ئاڤان: نیهادە، کچێکی: تەواوکەری ڕاستەوخۆی گوزارەی (باشە)یە، دۆخی نەناسراوە.

باشە: گوزارەیە (باش: تەواوکەری (ە)یە پێکەوە گوزارەی تەواون.

ە: گوزارەی ناتەواوە.

---

**١ – رفيق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵێک گوتار، چاپخانەی داودی- کەرکوک، دەزگای هەواڵ کەرکوک ٢٠٠٩، ل ٩٧-١٠٧**

- ئاڤێستا ڕۆیشت. ڕستەی فرمانییە

ئاڤێستا: بکەرە، ڕۆیشت: فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕە. Ø نیشانەی دەرنەکەوتنی جێناوی کەسی لکاوە لە دۆخی فرمان تێنەپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاک.

- من لەگەڵی چوم. ڕ.ف (واتە ڕستەی فرمانی) ڕ.ن (ڕستەی ناوی)

من: بکەرە

لەگەڵ: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانی (چوم)ە

چوم: فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕە. م: جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک بکەرە.

- دیدار نامەی نوسی. ڕ.ف

دیدار: بکەرە، نامە: بەرکاری ڕاستەوخۆی فرمانە، ی: جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک جێگرەوەی بکەرە. بەبێ ئەم جێناوانە نەک فرمان ڕستە پێکنایەت، چونکە جێناو بزوێنەر و پێکهێنەری ڕستەیە.

- من کوردم. ڕ.ن

من: بکەرە، کورد: تەواوکەری گوزارەی (م)ە، م: گوزارەیە، هەرگیز بەبێ ئەم جێناوە لکاوانە ڕستەی ناوی یا فرمانی پێکنایەت.

- ئەو کوردە. ڕ.ن

ئەو: بکەرە، کورد: تەواوکەری گوزارەی (ە)یە، (ە): جێناوی کەسی لکاوە بۆ سێیەمی تاک گوزارەیە، نەک فرمانی ناتەواو(٢). با پێکەوە سەیری چۆنیەتی گەردانی ئەم ڕستانە لە جێناوەکەیان بدەین:

- من کوردم- ئێمە کوردین م-ین
- تۆ کوردیت- ئێوە کوردن یت-ن
- ئەو کوردە- ئەوان کوردن ە-ن

گوزارەی ڕستەکەن.

- من بەپەلە ڕۆیشتم.

---

٢ - رفیق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵێک گوتار، هەولێر ٢٠٠٩، ١٠٧

من: بکەرە، بەپەلە: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە لەڕوی چۆنیەتی کردنەوە. ڕۆیشتم: فرمانی ڕانەبردوی تێنەپەڕە. م: جێگرەوەی بکەرە، بزوێنەری ڕستەکەیە.

- زاگرۆس بەردی گرتە کۆترەکە.

زاگرۆس: بکەرە، بەرد: بەرکاری ڕاستەوخۆی یەکەمە، ی: جێگری بکەرە.

گرتە: فرمانی ڕابردوی تێپەڕە. کۆترەکە: بەرکاری دوەمە.

- ئازاد و نەوزاد ڕایانکرد.

ئازاد و نەوزاد: بکەرن، ڕایانکرد: فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕە.

- من سوێندم خوارد.

من: بکەرە، سوێندم خوارد: فرمانی ڕابردوی تێپەڕە، لەگەڵ بەرکارەکەیا بۆتە لێکدراو، بۆیە دەبێ بوترێ:

- من سوێندم بە خوا خوارد.

بەخوا: بەرکارە.

- چیای خاڵخاڵان کەوتۆتە ناوچەی شوانەوە.

چیای خاڵخاڵان: نیهادە، کەوتۆتە: فرمانی ڕابردوی تەواوی تێنەپەڕە، ت: جێگری نیهادە، ناوچەی شوانەوە: تەواوکەری ڕاستەوخۆی فرمانە بۆ شوێن. ەوە: پاشگری بەردەوامیە بۆ شوێن.

- ئەو لێرە دەخوێنێت.

ئەو: بکەرە، لێرە: تەواوکەری فرمانە لەڕوی دیاریکردنی شوێنی فرمانەوە.

دەخوێنێت: فرمانی ڕانەبردوی تێنەپەڕە، ێت: جێگری بکەرە (ئەو)

**شیکردنەوەی ئەرکی ڕستەی لێکدراو**

- تۆ هاتیت و ڕۆیشتیت. ڕستەی لێکدراوە لە ڕوی پێکهاتنەوە.

تۆ: بکەری هەردو فرمانەکەیە بۆیە لە ڕستەی دوەما دوبارە نابێتەوە[١].

فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕە.

یت: جێگری بکەرە، و: ئامرازی لێکدەرە بەستەری هەردو فرمانەکەیە بۆ پێکهاتنی ڕستەیەکی لێکدراو. ڕۆیشت: هەمان شیکردنەوەی (هاتیت)ە.

- زستان ساردە بەڵام هاوین گەرمە. ڕ.ن لێکدراو

زستان: نیهادە، ساردە: گوزارەیە، بەڵام: ئامرازی لێکدەری هەردو ڕستەکەیە بۆ پێچەوانە. ڕستەی دوەمیش هەمان شیکردنەوەیە.

- من نەدەیکەم و نە دەیخۆم. ڕستەی لێکدراوە (ڕ.ل)

من: بکەرە، نەدەیکەم: فرمانی رانەبردوە لە دۆخی نەرێدا، لە ڕوی ژمارە و کەسەوە تاکە، بکەرە.

و: ئامرازی لێکدەری ڕستەی لێکدراوە.

نە دەیخۆم: هەمان ئەرک و جۆر و دۆخی فرمانی ڕستەی یەکەمە.

- ئێمە بە فیرۆ دێین و دەچین. (ڕ.ل)

ئێمە: بکەرە، بەفیرۆ: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی هەردو فرمانەکەیە.

دێین: فرمانی ڕانەبردوی تێنەپەڕە لە ڕوی ژمارە و دۆخەوە کۆیە، لە ڕوی کەسەوە، جێناوە کە بۆ کەسی یەکەمی کۆیە، جێگری بکەرە، دەچین: هەمان ئەرک و دۆخی و ژمارەی کەسی و ئەرکە.

- من کارناکەم و نانیش دەخۆم(١). (ڕ.ل) پێچەوانەی یەکترن.

---

١ – رفیق شوانی، نامەی دکتۆرا، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای سەردەم، ٨٨ هەر بەشێکی دوبارە بۆوەی رستەی لێکدراو لە بکەر، تەواوکەر و بەرکار و فرمان لە ڕستەی دووەمدا دوبارە نابنەوە چونکە لەگەڵ بەشی ڕستەی یەکەمدا یەکن.

مـن: بـكەرە، لە ڕوی ژمـارەوە بـۆ کەسـی تـاکە، م: جێگرەوەیەتـی بزوێنەری فرمانەکەیە.

کارنـاکەم: فرمـانی ڕانەبـردوی نەرێـیە، و: ئـامرازی لێکـدەرە بـۆ ڕێکنەکەوتنـی نێـوان دو ڕوداوی دژ بە یەک لە ڕسـتەیەکی لێکـدراوا. یەک بکەر و دو فرمانی هەیە.

نـانیش: بەرکـاری ڕاسـتەوخۆیە فرمـانی (دەخـۆم)، ش: ئـامرازی جەختکردنی ڕودان و کردنی فرمانەکەیە.

دەخـۆم: فرمـانی ڕسـتەی دوەمـی ڕسـتەی لێکـدراوەکەیە، ڕانەبـردوی تێپەڕە.

م: جێناوی لکـاوە بـۆ کەسـی یەکەمـی تـاک جێگـری (مـن)ە بـزوێنەری ڕستەکەیە.

- ئەسـیری هەم شـاعیربو هەمـیش نەتەوەیـی بـو. (ڕ.ل) بـۆ جەختە.

ئەسیری: بـکەرە، هەم: ئـامرازی لێکـدەری ڕسـتەی سـادەی یەکەمە بـۆ جەخت لە بونی فرمانی (بو)

شـاعیر: تەواوکەری راسـتەوخۆی فرمـانی نـاتەواوی (بـو)ی چـاوگی (بون)ە.

هەمیش: ئامرازی لێکدەرە بۆ جەختکردن لە حاڵەتی بکەری رستەکە.

یش: بۆ دڵنیایی بـونە بـۆ جەختکردنـی بـونی فرمـانی (بـو) دوەم، ی: لەبەر ئەوەی ئامرازەکە بە نەبزوێن کۆتایی هـاتوە دەنگـی (ی) وەرگرتـوە، نەتەوەیی: تەواوکەری فرمانی (بو)ە.

---

١ - بۆ ئەم رستانە بڕوانە: رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، دەزگای سەردەم، کتێبی ژمارە ٢٣٩، ٢٠٠٣، ٨٩

- ئێوە مامۆستان یان قوتابی؟ ڕ.ل بۆ پرسە لە جۆری ڕستەی ناوی

ئێوە: لە دۆخی کەسی دوەمی کۆدایە.

مامۆستان: گوزارەیە، ڕستەی ناوی یەکەمە لە ناو ڕستە لێکدراوەکەدا.

یان: ئامرازی لێکدەرە بۆ مەبەستی هەڵبژاردن و دیاریکردنە (٢).

قوتابی: گوزارەی ڕستەی ناوی دوەمە. بەڵام جێناوی (ن)ی کۆ کە گوزارە پێکدێنێ لە ڕستەکەدا تێچوە بۆ ئەوەی دوبارە نەبێتەوە کە جێگری (ئێوە)یە، لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەی، کە ئامرازەکانیان جوتەیە وەک: یا|یان، یان|یا، نە–نە...هتد، ئەگەر بکەر و نیهاد یەکبن لە ڕستەی دوەما تەنانەت فرمان و گوزارەش هەمان کەس و جۆربن دوبارە نابنەوە. ئەمە تایبەتێتی ئامرازە لێکدەرەکانی ڕستەی لێکدراوە لە زمانی کوردیدا.

- چ بابێت چ باران بۆی دەردەچێ وەک بەرزەکی بانان (٣)

چ–چ: ئامرازی لێکدەری ڕستەی لێکدراوە، دو ڕستەی سادە لە سەرەتای هەردو ڕستەکەوە دێن و دەیبەستنەوە بە یەکتر، بۆ مەبەستی بەراوردکردنی دو دیاردە لەگەڵ ئەنجامەکەیدا، نمونە

با: تەواوکەری راستەوخۆی فرمانی ناتەواوی (بێت)ی چاوگی (بون)ە، لە ڕوی ڕێژەوە فرمانی ڕێژە مەرجییە.

بێت: فرمانی ڕانەبردوی مەرجی تێنەپەڕە، لە دۆخی کەسی سێیەمی تاکی نادیاردایە کە (ێت)ە، بکەرە.

چ: ئامرازی دوەمی رستەی دوەمە.

باران: تەواوکەری ڕاستەوخۆی فرمانی ناتەواوی (بێت)ە لەبەر ئەوەی هەمان فرمان و واتای تێچوە و دوبارە نەبۆتەوە.

---

**٢ – رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٣، ٩٤**

**٣ – رفیق شوانی، ە.س، ٩٦**

بـۆی: بـۆ: ئـامرازی پەیوەنـدییە، ی: جێنـاوی کەسـی لکـاوە، جێگـری جێنـاوی کەسـی سـەربەخۆی (ئەو)ە کە بەهـۆی ئـامرازی پەیوەنـدی (بـۆ) جێگیرکراوە بە (ی) جێناوی لکاو. وەک: ئامرازی لێکچونە، بەرزەکی بانان: لەوچوە (مشبەبە)

وەک بەرزەکی بانان: ڕستەی سێیەمە بۆ ئەنجام، لە دۆخی کۆدایە لە روی ژمارەوە

ڕستەی سێیەم لەگەڵ ئەم جۆرە ئـامرازی (چ-چ) ڕسـتەی ئەنجامە بـۆ جەخت.

- کامیان خۆشە؟ شار یا لادێ؟ ڕ.ل بۆ پرسیار

کامیـان: جێنـاوی پرسـە نیهـادە، خۆشـە: گـوزارەیە (خۆشـی: تەواوکەر) (ە) گـوزارەیە. شـار: نیهـادی ڕسـتەی یەکەمە، یـا: ئـامرازی لێکدەری ڕستەی سادەی دوەمە بـۆ هەڵبـژاردن (١). لادێ: نیهـادی ڕسـتەی سادەی دوەمە.

کە بە سادەیی بەمشێوەیەن: ١.شارخۆشە. ٢.لادێ خۆشە.

نمونەی رستەی ئەرکی بۆ ڕستەی لێکدراوی یەک ئامرازی

- نانم خوارد ئەمجا چای دەخۆمەوە (٢). ڕ.ل بۆ کاتی داهاتو.

نـان: بەرکـاری فرمـانی تێـپەڕی (خـوارد)ە. م: جێنـاوی کەسـی لکـاوە بکەرە.

خوارد: فرمانی ڕابردوی تێپەڕی ڕستەی سادەی یەکەمە.

ئەمجا: ئامرازی لێکدەری رستەی لێکدراوە، بۆ بەسـتانەوەی دو ڕسـتەی سادە.

چای: بەرکاری فرمانی دوەمە.

---

١ – رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ١٠١

٢ – ە.س، ٩٨

دەخۆمەوە: فرمانی ڕانەبردوی تێپەرە بۆ دوبارەکردنەوە یا گۆڕینی واتای فرمانەکە.

م: بکەرە

ەوە: پاشگری دوبارەبونەوەیە.

دوای ئەوەی چەند رستەیەکمان لە ڕوی دیاریکردنی ئەرکی کەرەسەکانەوە، بەپێی ڕستەسازی کرەدەیی خستەڕو. ئێستا لە خوارەوە چەند نمونەیەک لەمڕووەوە بۆ دیاریکردنی ئەرک لە ڕستەی ئاڵۆز (ئاوێتە- کۆمپلێکس) دەخەینەڕو.

## دیاریکردنی ئەرکی لەڕستەی ئاڵۆزدا

هەروەکو چۆن ئەرکی کەرەسەکانی ناو ڕستەی سادە و لێکدراو، بەپێی ڕستەی جیاواز دیاریکرد و ڕونمانکردەوە و تێبینیمان لەسەردا. لێرەشدا ئەرکی کەرەسەی رستەی ئاڵۆز دیاریدەکەین. هەرچەندە ئەرک لەهەر جۆرە ڕستەیەکابێت هەر یەکە، بەڵام بۆ ئەوەی جیاوازی نێوانیان لە یەک بکەر یا دو بکەری و دو نیهادی و یا دو گوزارەیی و دو فرمانی نیشانبدەین. پێویستە لە کوێدا جیاوازی ئەرکی لە ڕستەی ئاڵۆزدا هەبێت نیشانیبدەین. نمونە بۆ دیاریکردنی ئەرکی کەرەسەکانی: ١| لاڕستەی ناو(٣)

- تۆ ئاریانت دیت کە نان بخوات. ڕستەی ئاڵۆز (ڕ. ئا) لاڕستەی ناوی:

تۆ: بکەری شاڕستەکەیە و واتەی رستەی دوەم، ئاریانت: بەرکاری ڕستەی یەکەم و بکەری ڕستەی یەکەمە، ت: جێگری بکەری ڕستە|١، دی:

٣ – بۆ ئەم جۆرە لاڕستانە لە ناو شاڕستەدا، بڕوانە: رفیق شوانی: ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، لاپەڕە ١٠٣-١١٣

فرمـانی ڕسـتەی|١، کە: ئـامرازی گەیەنەریجەخـتە لە لاڕسـتەی ناویـدا، واتە ڕستەی |٢، نان: بەرکاری فرمانی (بخوات)ە، بخوات: فرمانی ڕێژە.

مەرجییە بۆ رانەبردوی تێپەڕ. ات: جێناوی کەسی بکەرییە بۆ سێیەمی تاک لە کەس و ژمارەوە، جێگری بکەرە (ئاریان)کە بەرکاری شاڕستەکەیە.

- ئەوەی کە قوتابییەکان بە باشی فێردەکا مامۆستا ئـارامە(١).

ڕ، ئا. لاڕستەی ناوی

ئەوەی: بـکەرە، (جێنـاوی نیـشانەی تـاکی دور+ ی: جێنـاوی کەسـی لکاوە، جێگری بکەرە (ئەو)ە.

کە: ئامرازی گەیەنەر (لەمەودوا: ئا گە) لاڕستە.

قوتابییەکـان: بەرکـاری ڕاسـتەوخۆی فرمـانی فێردەکـایە. لە ڕی دۆخ و ژمارەوە بۆ کەسی ناسراوی کۆیە،

بەباشی: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە لە ڕوی چۆنیەتی دەرخستنی فرمانەکەوە.

فێردەکا: فرمانی ڕانەبردوی تێپەڕە، لە دۆخی تاکدایە.

ا: کـورتکراوەی جێنـاوی کەسـی لکـاوەی (ات)ە بـۆتە بـۆ ئاسانکردنەوەی ئاخاوتن. بۆ سێیەمی تاک جێگری بکەرە.

ئەوە مامۆستا ئارامە: شاڕستەکەیە

ئەوە: جێنـاوی کەسـییە، بـکەرە، مامۆسـتا: تەواوکەری گـوزارەی (ئارام)ە.

ئارامە: گوزارەی شاڕستەکەیە، ە: جێناوی کەسی لکاوی سـێیەمی تـاکە گوزارە ناتەواوەکەیە.

تەواوی بەشـەکانی ڕسـتەکە ئـاوایە: ئەوە (ی) قوتابییەکـان بە باشـی فێردەکا: لاڕستەیە

---

١ - نمونەی ڕستەکانی لاپەڕە کە هی خۆمە بڕوانە: ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، ١٠٤-١٠٥

ئەوە مامۆستا ئارامە: شارِستەیە.

٢. لاڕستەی ئاوەڵناوی: ئەو چاوە کوێربێت کە دوژمنی خۆی نەناسێ.
ئەو چاوە کوێربێت: شارِستە، ئەو چاوە: بکەری هەردو ڕستەکەیە شارِستە و لاڕستە، کوێربێت: فرمانی ڕانەبردوی مەرجییە.
کە دوژمنی خۆی نەناسی: لاڕستەی ئاوەڵناوییە.
کە: ئا گە، دوژمنی خۆی: بەرکاری راستەوخۆی فرمانە.
نەناسی: فرمانی ڕابردوی تیێپەڕە لە دۆخی کەسی سێیەمی تاکدایە.

٣. لاڕستەی ئاوەڵفرمانی کاتی ئەرکی کەرەسەکانی:
- بەیانی کە خۆر هەڵدێ، من بۆ سەر درەو دەچم.
لاڕستەی ئاوەڵفرمانی کاتی: بەیانی کە خۆر هەڵدێ. شارِستەکە: من بۆ سەر درەو دەچم.
بەیانی: تەواوکەری راستەوخۆی فرمانە.
کە: ئامرازی گەیەنەری لاڕستەکەیە بۆ کات.
خۆر هەڵدێ: فرمانی ڕانەبردوی تێنەپەڕە، لە دۆخی کەسی سێیەمی تاکدایە.
من بۆ سەر درەو دەچم: شارِستەکەیە
من: بکەرە، بۆ سەر درەو: تەواوکەری ناراستەوخۆی فرمانە بۆ شوێن.
دەچم: فرمانی ڕانەبردوی تێنەپەڕە، لە دۆخی کەسی یەکەمی تاکدایە، م: جێگری بکەرە کە (من)ە.

٤. ئەرکی کەرەسەی لاڕستەی ئاوەلفرمانی شوێنی
ئێمە کە لێرە دانیشتوین خەڵکی شاری کەرکوکین. ڕ. ئا
ئێمە کە لێرە دانیشتوین: لاڕستەی ئاوەڵفرمانی شوێنی.

ئێمە: بکەری هەردو ڕستەکەیە، لاڕستە و شاڕستە.

کە: ئـا گە ش (واتە ئـامرازی گەیەنەری شـوێنی) لێـرە: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە لە ڕوی دیاریکردنی شوێنی فرمانەکەوە.

دانیشتوین: فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕە بۆ دۆخی ژمارە و کەس کۆ.

ین: ج بکەرە (واتە جێگری بکەرە)

- ئێمە خەڵکی شاری کەرکوکین.

ئێمە: نیهادی رستەکەیە، خەڵکی شار: تەواوکەری ڕاستەوخۆی شوێنی گوزارەیە.

کەرکوکین: گوزارەیە بۆ ناوی شوێن.

٥. ئەرکی لاڕستەی نیازی و مەبەست:

- ئاریان چو بۆ بازاڕ تا شت بکڕێت.

ئاریـان چـو بـۆ بـازاڕ: شاڕسـتەیە، لەمەودوا شاڕسـتەکە شـیناکەینەوە چونکە پێویست ناکات.

تا شت بکڕێت. تا: ئامرازی گەیەنەرە، شـت: بەرکـارە، بکڕێـت: فرمـانی ڕانەبردوی ڕێژەی مەرجییە بۆ دۆخی کەس و ژمارەی تاک.

٦. لاڕستەی شوێنکەوتوی رادە:

- تا پێتدەکرێت خۆتی لێبپارێزە. لاڕستەی رادە: تا پێتدەکرێت

تا: لێرەدا ئا گە بۆ ڕادە، پێتدەکرێت: فرمانی ڕانەبردوی بکەر نادیارە.

٧. ئەرک لە لاڕستەی چۆنیەتیدا:

- ئەسپەکەی کە بەزینەوە بەستامەوە هی خۆم بو.

ئەسپەکە کە بەزینەوە بەستامەوە: لاڕستەی چۆنیەتی

ئەسپەکە: بەرکاری راستەوخۆیە، لە دۆخی تاکی ناسراویە.

کە: ئا گە بۆ چۆنیەتی، بەزینەوە: تەواوکەری ناراستەوخۆی فرمانە بۆ چۆنیەتی.

بەستامەوە: فرمانی ڕابردوی تێپەڕە، بۆ دۆخی کەس و ژمارەی تاکە.

٨. لاڕستەی مەرجی:

- ئەگەر پارەت هەیە شت بکڕە.

ئەگەر پارەت هەیە: لارستەی مەرجی. ئەگەر: ئا گە بۆ مەرج

پارەت: تەواوکەری ڕاستەوخۆی گوزارەی هەیە. ت: نیهادی ڕستەی |١

هەیە: گوزارەی ڕستەکەیە.

٩. لاڕستەی پێچەوانە:

- هەرچەندە زۆر ماندوبوم بەڵام کەمم خوارد.

هەر چەندە زۆر ماندو بوم: شاڕستە، بەڵام کەمم خوارد: لاڕستەی پێچەوانە

بەڵام: ئا گە پێچەوانە، کەمم: تەواوکەری ڕاستەوخۆی فرمانی (خوارد)ە بۆ ڕادە، م: بکەرە، خوارد: فرمانی رابردوی تێپەڕە.

١٠. لاڕستەی دژایەتی و نەرێ:

- هەر چەندم کرد بە منی نەوت

هەرچەندم کرد: لاڕستەی نەرێ، هەرچەند: ئا گە بۆ دۆخی نەرێ.

م: بکەرە، بۆ کەس و ژمارەی تاکە. کرد: فرمانی ڕابردوی تێپەڕە.

١١. لاڕستەی شوێنکەوتوی بەرکاری:

- هەر کەسێک کتێبەکەی داپێت بۆمی بهێنە.

هەر کەسێک کتێبەکەی داپێت: لاڕستەی بەرکاری

هەر کەسێک: ئـا گە، بـۆ دۆخـی نەناسـراوی کەسـی تـاک، کتێـبەکەی: بەرکارە بۆ دۆخی تاکی ناسراو

ی: ئـامرازی پەیوەنـدییە. داپێـت: گرێـی فرمـانییە، تێـپەڕە، پێـت: بەرکارە. واتە (دا بەتۆ) جێگیرکراوە بەهۆی ئامرازی پەیوەندی (بە)ەوە لە (تۆ) بۆ (ێت)

١٢. لاڕستەی خۆزگە:

- خۆزگە دەمزانی کەی دەهاتەوە. دەکرێ بە سـێ ئـامراز پێکبـێ وەک (خۆزگە، کاشکی، بریا)

خۆزگە دەمزانی: لاڕستەی خۆزگە.

خـۆزگە: ئـامرازی گەیەنەری خـۆزگەییە، دەمزانـی: فرمـانی ڕانەبـردوی تێپەڕە، بۆ دۆخی کەس و ژمارەی تاکە، م: جێناوە، بکەرە.

١٣. لاڕستەی گومان:

- بچۆ بۆ لای بەشکو لەگەڵتابێت. (لە ئـامرازی بەشـکو، ئەشـە، لەوانەیە پێکدێ)

بەشکو لەگەڵتابێت: لاڕستەی گومان، بەشکو: ئا گە بۆ گومان.

لەگەڵتا: تەواوکەری فرمانی (بێت)ە، بێـت: فرمـانی ڕانەبـردوی مەرجـی ناتەواوە تێنەپەڕە. بۆ دۆخی کەس و ژمارەی تاکە جێناوەکە. ت: بکەرە

١٤. لاڕستەی لێکچون:

- وەک هات ئەوان لێرە نەمابون

وەک هات: لاڕستەی لێکچونە

وەک: ئا گە بۆ لێکچواندن، هات: فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕە بۆ دۆخی کەس و ژمارەی تاک، نیشانەی بکەر دەرنەکەوتوە لە کەسی سێیەمی فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕدا.

١٥. لاڕستەی جەخت:

بەهۆی ئامرازی (نەک، نەوەک، نەوەکو)

- بڕۆ بۆ لای نەوەکو خۆی بێت بۆ ئێرە.

نەوەکو خۆی بێت بۆ ئێرە: لاڕستەی جەختە

نەوەکو: ئا گە بۆ جەختکردن، خۆی: تەواوکەری (ئەو)ە کە بکەرە بۆ جەختکردن.

بێت: ڕێژەی ڕانەبردوی مەرجییە، بۆ دۆخی کەسی و ژمارەی تاک کەسی سێیەمە (ێت).

بۆ ئێرە: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە بۆ شوێن.

# شیکردنەوەی جۆراو جۆری ڕستە

دوای شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕستە لە ئاستە جیاوازەکانی دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازی ئەرکییەوە لە سەر ڕستەی جۆراوجۆری ناوی، فرمانی، لە ڕوی پێکهاتن و ڕستەی نیازداری و.. خستنەڕو بە شێوەیەکی کردەیی شیمانکردەوە، لەم تەوەرەیا چەند ڕستەیەکی جیاواز لە یەکتر کە لە زمانی کوردیدا هەن بە گشتی هەر ڕستەیەکی جۆرەکانی شیکردنەوە یان لە ڕوی بەشە ئاخاوتن، مۆرفیمی و پۆلە ڕێزمانی و ڕستەسازی و ئەرکییەوە لەسەر جێبەجێدەکەین، بۆ مەبەستی چۆنیەتی دیاریکردن و نیشاندانی سیستەمی ڕستەی کوردی و چۆنیەتی کارکردنی.

**شیکردنەوەی ڕستەی ناوی**

- بەهار سروشتێکی جوان و ڕەنگینە.

شیکردنەوەی وشەسازی ڕستەکە:

بەهار: ناوێکی گشتی، داڕێژراوە، نەناسراوە، لە ڕوی مۆرفیمەوە: مۆرفیمێکی سەربەخۆیە، لە ڕوی پۆلە ڕێزمانییەکانەوە لە پۆلی ناوە، لەناو پۆلی ناودا لە پۆلی ناوی گشتییە، لە ڕوی دۆخەوە ناوێکی تاکە، لە ڕوی ڕەگەزەوە بێ لایەنە.

ئەرکی: نیهادە.

سروشتێکی: ناوێکی گشتی نەناسراوە داڕێژراوە، مۆرفیمێکی سەربەخۆیە، پێکهاتوە لە مۆرفیمی سەربەخۆی: سروشت+ مۆرفیمی بەندی نەناسراوی.

لە ڕوی پۆلە ڕێزمانییەوە: پۆلی ناوە لە ناو گروپی ناودا ناوی گشتییە، لە ڕوی ژمارە و دۆخەوە تاکە، ڕەگەزی بێلایەنە.

ئەرکی: تەواوکەری ڕاستەوخۆی گوزارەی ڕستەکەیە.

جوان و ڕەنگینە: پێکهاتەیەکی ناوییە لە: ئاوەڵناو (جوان)+ ئامرازی پەیوەندی بەستن. ڕەنگینە: ئاوەڵناوی دارێژراو پێکەوە تەواوکەری گوزارەن، ە: جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک، ئەرکی گوزارەیە.

- ئێمە لێرەین. ڕ. ن

ئێمە: جێناوی کەسی سەربەخۆیە. لە ڕوی دۆخی کەس و ژمارەوە: کەسی یەکەمی کۆیە، مۆرفیمێکی سەربەخۆیە، لە ناو پۆلی ڕێزمانیەکانا لە پۆلی جێناوا، لە پۆلی جێناوی کەسی سەربەخۆیە، جێگرەوەی کەسە بۆ کۆ. ئەرکی: نیهادی ڕستەی ناوییە.

لێرەین: گوزارەیە، لە ئاوەڵفرمانی شوێنی نزیکە، لە ڕوی پێکهاتنەوە دارێژراوە.

لە (ئامرازی پەیوەندی: لە+ ئاوەڵفرمانی ئێرە، دوای گۆڕانی دەنگناسی کوردی لەئێرە بۆتە (لێرە)بەهۆی تێچونی دەنگی (ء) کە گرانە لە دەربڕینا.

لەروی پۆلی ڕێزمانییەوە: پۆلی ئاوەڵفرمانە، لە پۆلی ئاوەڵفرمانا پۆلی ئاوەڵفرمانی شوێنییە، لە ڕوی ژمارە و دۆخەوە تاکی نزیکە.

ئەرکی: تەواوکەری گوزارەی (ین). ین: جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ. ئەرکی پێکهاتنی گوزارەیە و بزوێنەری ڕستەکەیە.

- ئەو کوردە. ڕ. ن

ئەو: جێناوی کەسی سەربەخۆیە.

لە پۆلی ڕێزمانی: پۆلی جێناودایە، لە ناو جێناوا پۆلی جێناوی کەسییە، لە ناو جێناوە کەسییەکانە: جێناوی کەسی سەربەخۆیە، لە روی دۆخ و ژمارەوە: بۆ کەسی سێیەمی تاکە.

لە ڕوی مــۆرفیمییەوە: مــۆرفیمی ســەربەخۆی واتــادارە، واتە مۆرفیمی جێناوی کەسییە.

ئەرکی: نیهادی ڕستە ناوییەکەیە.

کــوردە: نــاوی گــشتی، ســادەیە، نەناســراوە، تەواوکەری گــوازرەیە لە ئەرکدا.

جۆری مۆرفیم: مۆرفیمی سـەربەخۆی واتـادارە، مـۆرفیمێکی نـاوییە بـۆ کەس.

ە: جێناوی کەسی لکاوە، لە ڕوی پۆلەوە، پۆلی جێناوە لە نـاو جێنـاوا جێنــاوی کەســی لکــاوە، لە ڕوی دۆخ و ژمــارەوە، کەســی ســێیەمی تــاکی نادیارە.

ئەرکی: گوزارەیە.

- هەمو لەگەڵ یەکن. ڕ. ن (ڕ. ناوی)

هەمو: جێناوی کەسی نادیارە

پۆلی ڕێزمانی: پۆلی جێناوە، لە پۆلی جێناوا، جێناو ڕادەی نادیارە، لە ڕوی دۆخ و ژمارەوە: بۆ کەسی کۆیە.

جۆری مۆرفیم: مۆرفیمی سەربەخۆی جێناوی نادیارییە.

ئەرکی: نیهاد، لەگەڵ ئاوەڵفرمانی لەگەڵبونە، پۆلی ڕێزمانی ئاوەڵفرمانە لە ئاوەڵفرمانا، ئاوەڵفرمانی لەگەڵبونە. مۆرفیمی سەربەخۆی ڕێزمانییە.

ئەرکی: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی گوزارەیە.

یەکن: ژمــارەی بنجــی دیــارە، ســادەیە، پــۆلی ڕێزمــانی ژمــارەیە لە نــاو ژمارەدا ژمارەی یەکانە، بۆ دۆخی کەسی کۆن، ن: جێناوی کەسی سێیەمی کۆی نادیارە لە ڕوی ژمارە و دۆخەوە. لە روی مۆرفیمەوە: مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییە بۆ جێناو،

ئەرکی: گوزارەیە بۆ کۆ.

- خوێندکارەکان هاتن. ڕ. ف (ڕستەی فرمانی)

خوێندکارەکان: ناوی گشتییە، لێکدراوە لە (قەدی چاوگ ( خوێند + ناو (کار)+ نیشانەی ناسراوی+ نیشانەی کۆ)

پۆلی ڕێزمانی وشەکە: پۆلی ناوە، لە پۆلی ناوا لە پۆلی ناوی گشتییە، لە پۆلی ڕەگەزا: ناوی دولایەنە، لە ڕوی دۆخ و جۆر و ژمارەوە: کۆی ناسراوە، مۆرفیمی: سەربەخۆیە لە سێ مۆرفیمی تری پێکهاتوە: مۆرفیمی سەربەخۆ (خوێندکار) مۆرفیمی (قەد+ ناو) واتە (خوێند+ کار) مۆرفیمی ناسراوی (ەکە)+ مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (ن)ی کۆ.

ئەرکی: بکەرە، هاتن: فرمانی داڕێژراوە لە جۆری فرمانی گواستنەوە، ن: جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، پۆلی ڕێزمانی: جێناوە لە ناو جێناوا، جێناوی کەسی لکاوە، لە جێناوە کەسییە لکاوەکانا بۆ کەسی سێیەم و کۆیە لە ڕوی دۆخ و ژمارەوە.

ن: ئەرکی: جێگری بکەرە.

- جوتیار زەوی دەکێڵێت. ڕ. ف (ڕستەی فرمانیە)

جوتیار: لە ڕوی وشەسازییەوە، ناوی گشتی داڕێژراوە بۆ کەسی پیشەدار، لە: ناو+ پاشگری بکەری (جوت+ یار)

لەڕوی پۆلی ڕێزمانییەوە: پۆلی ناوە لە پۆلی ناوا، ناوی گشتیە، لە ناوی گشتییا ناوی پیشەی بکەرییە، لە ڕوی ڕەگەزەوە دو لایەنە.

مۆرفیمی: سەربەخۆیە لە دو مۆرفیم (مۆرفیمی سەربەخۆ+ مۆرفیمی بەند)

لە ڕوی ئەرکیەوە: بکەرە.

زەوی: لە وشەسازیدا ناوی گشتی شوێنە، سادەیە لە پێکهاتنا.

پۆلی ڕێزمانی: ناوە، لە ناو ناوا، ناوی گشتییە، لە گشتیشا: ناوی بەرجەستەیە. ڕەگەزی بێلایەنە، لەڕوی دۆخ و ژمارەوە: نەناسراوە، تاکە.

ئەرکی: زەوی: بەرکاری راستەوخۆی فرمانی تێپەڕە.

دەکێڵێت: فرمانە داڕێژراوە.

پۆلی ڕێزمانی: لەناو پۆلەکانی زمانا، فرمانە، لە ناو فرمانا، فرمانی تێپەڕە، لەڕوی پۆلی هێزەوە، لە پۆلی کاتی فرمانا، رانەبردوە، لەڕوی پۆلی پێکهاتنەوە داڕێژراوە، لە پۆلی واتای فرمانا: پۆلی فرمانی کارکردن و جێبەجێکردنە، لە ڕوی پۆلی ناوەڕۆکەوە لە پۆلی فرمانی هەواڵییە. لە ڕوی دۆخ و کەس و ژمارەوە: جێناوەکەی بۆ کەسی سێیەمی تاکە، لە کۆمەڵەی دوەمی جێناوە کەسیە لکاوەکانا.

- ئێمە کوردین و هەین. ڕستەی لێکدراوی ناوی، بکەر هاوبەشە بۆ هەردو ڕستەکە.

ئێمە کوردین: ڕستەی سادەی یەکەم، ئێمە هەین: ڕستەی سادەی دوەم.

ئێمە: لە بەشی ئاخاوتنا جێناوی کەسی سەربەخۆیە.

نیهادە: لە ڕوی ئەرکی ڕستەیەوە.

لە روی مۆرفیمەوە: ئێمە: مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارە. مۆرفیمی جێناوییە.

لە ناو پۆلی ڕێزمانییەوە: لە پۆلی جێناوە، لە پۆلی جێناودا، پۆلی جێناوی کەسییە، لە ناو پۆلی جێناوە کەسییەکانا، پۆلی جێناوی کەسی سەربەخۆیە. لە روی دۆخی ژمارە و کەسەوە: جێناوی کەسی یەکەمی کۆیە.

لە ڕوی پۆلی ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە: لە پۆلی کەرەسەی ڕستەی ناوییە، نیهادە.

کوردین: کورد: ناوە، لە ناو بەشەکانی ئاخاوتنا، لە ڕوی وشەسازییەوە: ناوی گشتییە، لە وشەسازی ئەرکیدا: دۆخی نەناسراوە.

جۆری مۆرفیمی: مۆرفیمی کەسی سەربەخۆی ناوییە، لە ڕوی شێوە و واتاوە: مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی واتادارە (١). لەروی پۆلی ڕێزمانییەوە، پۆلی ناوە، لە پۆلی ناوا ناوی گشتییە، لە پۆلی ناوی گشتیدا ناوی مرۆڤە دەچێتەوە سەر ناوی ڕەچەڵەک لە ڕیشەناسیدا. لە روی دۆخ و ژمارەوە: ناوی تاکە، ڕەگەزی دولایەنە.

ئەرکی: نیهادە. ین: جێناوی کەسی لکاوە، بۆ کەسی سێیەمی کۆیە لە ڕوی دۆخ و ژمارەوە، مۆرفیمێکی بەندی بێ واتایە بۆ جێناوی کەس، ئەرکی گوزارەیە.

- داهێنانی نوسین دەسکردی سۆمەرییە زاگرۆسیەکانی باوباپیرانی کوردن.

داهێنانی نوسین: گرێی چاوگییە لە چاوگی (داهێنان+ ئامرازی پەیوەندی+ چاوگی نوسین)ناوە بۆ کردەیەک، لە ناو پۆلی ناودا، ناوی چاوگی گشتیە، لە ڕوی ڕەگەزەوە بێ لایەنە، لە ڕوی مۆرفیمەوە، لە دو مۆرفیمی سەربەخۆی وشەیی پێکهاتوە بەم شێوەیە (داهێنانی: مۆرفیمی بەندی وشەسازی (دا)ی پێشگری وشەداڕێژ+ چاوگی داڕێژراو هێنان (ڕەگ + نیشانەی قەد+ نیشانەی چاوگ= هێن+ ا+ ن)+ ئامرازی پەیوەندی (ی) مۆرفیمێکی ڕێزمانییە+ نوسین: چاوگی داڕێژراوە)

**ئەرکی نیهادە**

دەسکردی: ناوی لێکدراوی بەرکارییە، تەواوکەری بە خورتی گوزارەیە لانابرێت و تێناچێت. مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار لە سێ مۆرفیم (دەس + کرد +ی)، نەناسراوە، لە پۆلی ڕێزمانیدا: ناوە، لەناو ناودا گشتییە، لە ڕوی ڕەگەزەوە: بێ لایەنە، لە ڕوی دۆخ و ژمارەوە: تاکە. سۆمەرییە زاگرۆسیەکانی باو باپیرانی کوردن: گوزارەیەکی فراوانکراو لە ناوی گشتی:

---

١ - **رفیق شوانی، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٦، ٢٥**

سۆمەری: ناوی تایبەتی کۆی ناسراوی زاگرۆسیەکان ی: ئامرازی پەیوەندی (بەستن)، باوباپیرانی کورد: ناوی لێکدراوە، کورد: ناوی گشتییە، ن: گوزارەیە بۆ کۆ.

تێکڕای ڕستەکە: سێ بەشی سەرەکییە لە: نیهاد (داهێنانی نوسین+ تەواوکەری بە خورتی (دەسکرد)+ گوزارەیەکی فراوانکراو (سۆمەرییە زاگرۆسیەکانی کوردن).

- ئێمە کە خەڵکی زاگرۆسین کوردین. ڕستەی ناوی ئاڵۆز
- ئێمە خەڵکی زاگرۆسین: لاڕستەی ناوییە، ئێمە کوردین: شاڕستەیە

ئێمە: جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کۆ، مۆرفیمێکی سەربەخۆی جێناوە. لە پۆلی جێناوە کەسییەکانە، ئەرکی نیهادی هەردو ڕستەکەیە، بۆیە دوبارە نەبۆتەوە لە رستەی دوەما، چونکە هاوبەش و یەکن لە دوەما تێدەچێت.

کە خەڵکی زاگرۆسین: لاڕستەیە بۆ ناوی شوێن لە ڕوی پۆلی ڕێزمانییەوە کوردین، گوزارەی ڕستەی دوەمە: ئێمە کوردین. لە ڕوی دۆخ و ژمارەوە ناوی کۆیە بۆ کەسی یەکەم.

# چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە

**لەڕوی پەیوەندی ستونی و ئاسۆییەوە**

لە شیکردنەوەی رستەدا واتە دیاریکردنی کەرەسەکانی کە چی جۆرێکن لە زمانا، بەرچی بەشێکی ئاخاوتن یا پۆلی ڕێزمانی دەکەون و، پاشان ئەرکەکانیان لەناو ڕستەدا بە پێی پەیوەندیان بە شوێنی بەکارهێنانیانەوە دیاریدەکرێت.

لەم ڕووەوە دو جۆر شیکردنەوەی ڕستە هەیە؛ کە هەر یەکەی ڕێبازێکی شیکردنەوەی کەرەسە جیاجیاکانی ڕستە دەخاتەڕو بە تایبەتی لە ڕێزمانی نوێ و هاوچەرخدا پەیڕەو دەکرێن. وەک:

١. پەیوەندی ستونی: واتە وشەیی (پاڕادیگماتیکی- paradigmatic relation) بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان یەکە زمانیەکاندا هەیە، بەوەی هەندێکیان ئەتوان شوێنی هەندێکی تریان لە هەمان بەکارهێنانا بگرنەوە (١). ئەم جۆرە پەیوەندییە لە نێوان یەکە زمانیەکانا پەیوەندی ستونیشی پێدەوترێت. واتە کەرەسەیەکی زمانی بتوانێت شوێنی کەرەسەیەکی زمانی لە بەکارهێنانا بگرێتەوە. بۆ نمونە وشەی (قوتابی) بتوانێت شوێنی وشەی (مامۆستا) بگرێتەوە. یا (کوڕ) شوێنی وشەی (باوک) یا (کچ) شوێنی وشەی (دایک) یا (پۆلیس) شوێنی سەرباز بگرێتەوە. لە هەمان شوێندا و بتوانێت ئەرکە زمانییەکەی لە ڕستە و ئاخاوتندا ببینێت. لە بەرامبەر ئەم جۆرە پەیوەندییە ستونیە، پەیوەندی ئاسۆی هەیە لە ڕستەدا.

---

١ – الدكتور محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظرى، لبنان ١٩٨٢، ٢٠١

لەڕوی پەیوەندی ستونی هاورەگەزییەوە دەکرێت وشەکە بگۆڕێت بۆ ناوی تر وەك: شێرکۆ، سەرکۆ، دیاکۆ... شوێنی بگرنەوە لە ئەرکدا یا هەر جێناوێکیش بێت وەك تۆ، ئەو، ئێمە...هتد

نمونە لە ڕستەدا:
- ئاکام شەهیدبو.
↓
- شێرکۆ شەهید بو.

**دیاکۆ**

**سەرکۆ**

**کاوە، ئەو**

**هەمو ناوەکان بونەتە بکەر.**


**یا لە ڕوی پەیوەندی ئاسۆییەوە هەمو بەشە بنجیەکانی ڕستە لە بکەر، تەواوکەر پەیوەندیەکی ئاسۆییان لە ڕوی شوێنەوە هەیە. واتە پەیوەندی (ئاکام) بە وشەی شەهید و فرمانی (بو)وەوە وایکردوە ئاکام بکەربێ (شەهید) تەواوکەربێت و (بو) فرمانی ڕستەکەبێت. بەم شێوەیە:**

**- ئاکام شەهیدبو. بگۆڕێت بە**

**- ئاکام کورد بو.**

**- ئاکام مرۆڤ بو. وشەی شەهید، کورد و مرۆڤ بە پێی پەیوەندی هاوڕەگەزی شوێنی وشەی (شەهید)یان گرتۆتەوە چونکە ناون و جێگرەوەی یەکترن لە بەکارهێنان و لە ڕستەدا.**

**- زاگرۆس چیایە. ئەتوانرێ چەندین ناوی هاوڕەگەزی خۆی جێگرەوەی بێت وەک:**





**پەیوەندی ستونی وایکردوە وشەکانی کە ناوی (چیا، شاخ)ن شوێنی یەک بگرنەوە لە ئەرک و ئاخاوتنا ببنە نیهادی رستەکە. (چیا، شاخ)یش**

به پێی پەیوەندی ئاسۆیی نێوان وشەی زاگرۆس و چیا. زاگرۆس: نیهادبێت و چیایە: گوزارەبێت.

- من خەباتم کرد.

دەکرێت بکەری ڕستەکە کە جێناوی (من)ە بکرێتە جێناوی تری وەک: (تۆ، ئەو، ئێمە، ئەوان...) یا بە جێناوی تری وەک: (کێ، هین، هەمو، گشت...هتد) بەمشێوەیە.




**پەیوەندی ئاسۆیی (syntagmatic relation)**

بریتییە لە پەیوەندی نێوان یەکەیەکی زمان لەگەڵ یەکەیەکی تر لە هەمان بەکارهێنانا، وەکو پەیوەندی نێوان وشەکانی ڕستەیەکدا١ یا پەیوەندی نێوان دەنگەکانی وشەیەکدا(١)، ئەم جۆرە پەیوەندییەی، پەیوەندییەکی شوێنییە، واتە لە ئەنجامی شوێنی وشەکانی ناو ڕستەیەکەوە کە بەدوای یەکا دێن(٢)ئەو پەیوەندییە پێکدێت کە ئەرکییە. ئەم جۆرە لە بەرامبەر پەیوەندی ستونییە کە لە شیکردنەوەی رستەدا بەکار دەهێنرێن.

نمونە:

دیسان جێناوەکان جێگرەوەی جێناوی (من)ن لە ڕستەی لای چەپدا (کێ، هەمو بە پێی پەیوەندی ئاسۆیی، کە لە ئەنجامی شوێنی


---

١ – د. محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظرى، ٢٨٠

٢ – د. رمزى منير بعلبگى، معجم المصطلحات اللغوية ، ٤٩٢

ڕیزکردنیـــان لە ئاســـتی ڕستەســـازییا شـــیدەکرێنەوە (٣). (مـــن) بـــکەر و (خەبات) بەرکار و (کرد) فرمانی تێپەڕە.

دەکرێت بەرکار واتە وشەی (خەبات) بە پێی پەیوەنـدی ستونی هاوڕەگەزی وشەیتر شوێنی بگرێتەوە، وەک: کار، تێکۆشان..هتـد هەروەهـا فرمـانی (کـرد) بە پێـی هەمـان ڕێگـا و شـێوە بگۆڕێـت بـۆ فرمـانێکیتری هاوڕەگەز لە ڕوی هێز و کاتی فرمانەوە بەم شێوەیە:




لەم ڕستانەدا بە پێـی پەیوەنـدی ستونی هـاوڕەگەزی، وشـەکانی (نـان، ئـاو، نـامە) کە لە هەمـــان ڕەگەزی نـــاون. بـــۆیە شـــوێنی وشـــەی (خەبات)یان گرتۆتەوە چونکە هەمان پەیوەندی ڕەگەزییـان هەیە و بـونەتە (بەرکار) بە هەمان شێوەی وشەی (خەبات).

فرمـــانی (کـــرد) دیـــسان بە پێـــی پەیوەنـــدی ڕەگەزی فرمـــانی (خوارد، خواردەوە، نوسی)شوێنیان گرتۆتەوە.

بە پێـی پەیوەنـدی شـوێنی (تـۆ) بە وشـەی (نـان، ئـاو، نـامە) و بە ڕستەکەشەوە.

تۆ: بکەر و (نـان، ئـاو، نـامە) بەرکـار و (خـوارد، خـواردەوە، نوسـی) فرمانی ڕابردوی تێپەڕبێت. (ت)یش جێگرەوەی بکەری (تۆ)یە.

---

٣ – د. محمد علی الخولی، ه.س، ٢٧٩ واتە شیکردنەوەی ڕستە بۆ پێکهاتەکانی.

سۆمەریەکان نەژادی کوردن. دەکرێت بە شێوەی ستونی ئاوا بگۆڕێ.

پەیوەندی ستونی

گوتیەکان پێشینانی ئێمەن. نیهاد تەواوکەر گوزارە.

مادەکان ↓ هێمای ↓ گشتمانن. ↓

ناوی تایبەتی ناوی گشتی ناو، جێناون

٢. پەیوەندی ئاسۆی رستە لە ئەنجامی پێکدێت و بە پێی چۆنیەتی ڕیزکردنیان ئەرکدەبینن.

- کاوە هات.

بە پێی پەیوەندی ئاسۆی کە لە ئەنجامی شوێنی وشەکانەوە لە ناو ڕستەدا پەیدادەبێت. واتە شوێنی وشەی (کاوە) لەگەڵ شوێنی فرمانەکەدا کە (هات)ە. کاوە: بکەری رستەکەیە، هات: فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕە.

- ئارام لەگەڵ سمکۆ ڕۆیشت. بە پێی پەیوەندی شوێنی وشەکان کە شێوەی ئاسۆییە ئەرکەکانیان

ئارام: بکەرە

لەگەڵ سمکۆ: تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانی (ڕۆیشتن)ە

ڕۆیشت: فرمانی ڕابردوی تێنەپەڕە.

# ڕستەسازی وەچکردن: النحو التوليدي-
# Generative syntax

بـریتییە لەو زانـستەی کە ئەرکـی جێبەجێکردنـی پێکهـاتەی ڕسـتەی زمانێک ڕێکدەخات(١). یا جۆرە ڕێزمانێکە لە سێ جۆرە یاسا و دەستوری ڕێزمانی تێدایە، وەک یاسای پێکهاتەی گرێ و پێکهاتەی وشە و پێکهاتەی دەنـگ گەردانـی (الفونيمـة الـصوتية): ئەم ڕێزمـانە جیـاوازە لە ڕێزمـانی گـوێزانەوە (القواعـد التحويليـة)، ئەم ڕێزمـانی گـوێزانەوەیە جـگە لەو سـێ جـۆرەی کە دیـاریکران، جـۆری چـوارەمی بـریتییە لە یاسـای گـوەزانەوە. جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بە شـێوەی یەک لە دوای یەکدا، دەبێـتە هـۆی بەرهەمهێنانی ڕستە ڕێزمانی دروست(٢).

بـۆ ڕونکـردنەوەی پێویـست و زیـاتری ئەم جـۆرە ڕێبـازی شیکردنەوەیە، لە ڕستەسازی بەرهەمهێنانا (وەچکردن) دەتوانرێت ڕسـتەی زمان بە شێوەیەک شـیبکرێنەوە، دەکرێت هەر کەرەسـەیەکی (یەکە) زمـان لە ناو ڕستەدا فراوان بکرێت بە کەرەسەیتر. واتە لە هەر کەرەسەیەکدا، کەرەسـەی تـری هاوچەشـنی خـۆی لەوە بەرهەم بهێنـرێ، تـا لە ئەنجامـا پێکهاتەیەکی ڕێزمانی گەورەتر پێکدێت. کە لە ئەنجامی چونە پـاڵ یەکـی چەنـدین کەرەسـەی جیـاوازەوە دروسـت بـوە. لەم ڕێبـازەدا ئەم زانیاریـانە پێویستن:

١. ئەم کەرەسـە ڕێزمانیـانە لە ڕسـتەدا ئەرکـی جیاجیـا دەبیـنن. وەک (بکەر، نیهاد، بەرکار، تەواوکەر، فرمـان یـا گـوزارە) دەشـێت هەر یەک لەم

---

١ – رمزي منير بعلبكي، معجم المصطلحات اللغوية، ٢٠٩

٢ – د. محمد علي الخولي، ه.س، ١٠٤،١٠٥

پێکهاتانە شیبکرێنەوە بۆ دیاریکردنی کەرەسەکانی لە گەورەوە بۆ بچوک، کە لە ناو ئەو پێکهاتەیەدایە. نمونە:

- کاوە بۆ لای تۆ هات. بە شێوەی ئاسۆیی

گ.ن بکەر (ناو)

کاوە + بۆ لای تۆ: گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنی + گ.ف (هات + Ø) (١)

کاوە + گ. ئاش(٢): (بۆ + لای + تۆ)

کاوە + ئامرازی پەیوەندی +ئاوەڵفرمانی شوێنی + ئامرازی پەیوەندی + جێناوی کەسی سەربەخۆ.

کاوە + بۆ + لا + ی + تۆ

٢. دەتوانرێ بە پێی یاسای خستنەسەری وەچکردن (بەرهەمهێنان)، هەر یەک لە بەشەکانی ڕستەکە دەتوانرێ کەرەسەی تری بخرێتە سەر و فراوانبکرێتەوە، کە بە شێوەی ستونی ئەنجامدەدرێ.

ڕستەکە:- کاوە بۆ لای تۆ هات.

- کاوە و کاروان پێکەوە بۆ لای تۆ بەیەلە هاتن.

گ.ن٣= بکەر+ ئاوەڵفرمانی لەگەڵبون+ ئا.ش+ ئا. چۆنیەتی+ فرمان+ جێناوی کەسی لکاو

بکەر+ تەواوکەر+ تەواوکەری شوێنی+ تەواوکەری چۆنیەتی+ ف+ ج

ئێوە نانتان خوارد.

گ.ن: ئێوە+ تان+ گ.ن+ گ. فرمانی

بکەر+ بەرکار+ فرمانی ئەپەڕ

فراوانکردنی ڕستەکە بە پێی یاسای بەرهەمهێنان، واتە لە کەرەسەیەکەوە کەرەسەیتر بەرهەمدێنی.

---

١ – Ø نیشانەی دەرنەکەوتنی جێناوی کەسی سێیەمی لکاوە.

٢ – گ. ئاش: گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنی.

- ئێوە و ئەوان دوێنێ بەیانی نانتان خوارد.
گ.ن: بکەر گ. ئا.ک: تەواوکەر+ گ.ن: بەرکار+ فرمانی تێپەڕ

- ئەو گوڵە جوانە. ئەو: جێناوی نیشانە، گ. ئان+ گ. ئال.
- ئەوانە گوڵی جوانن. ئەو+ گوڵە (گوڵ+ە)+ جوانە (جوان+ە)
- نیهاد+ تەواکەر+ گوزارە
- ئەمانە و ئەوانە گولە هێرۆی جوان و ناسکن. ڕستەی فراوانکراو
گ.ج.ن: ئەمانە+ و+ ئەوانە+ گ.ن+ گوزارە
گ.ج.ن: ج+ ئاپ+ ج+ پا)+ ( ناوی لێکدراو+ ئاپ)+ گ ئا (ئاوەڵناو+ ئاپ+ ئاوەڵناو+ جێناو)
نیشانە ئەمانە+ و+ ئەوانە)+ ( گوڵە هێرۆ+ ی) + گ ئا (جوان + و+ ناسک+ن)

٣. لە شیکردنەوەی رستەدا بە هۆی یاسای ڕێزمانی گوێزانەوە، کە ڕێزمانێکە بینشی گوێزانەوە جێبەجێدەکات و یاسای بنچینەیی و یاسای یەکەکانی زمان و یاسای گوێزانەوە و یاسای دەنگی گەردانی جێبەجێدەکات بە دوای یەکدا. دەتوانرێت گۆڕانکاری تیا بکرێت لە ڕوی یاسای لادانەوە (دەرهاویشتن)، دەکرێت لادانی کەرەسەی زیادبکرێت. وەک:
لادان: ئەمانە و ئەوانە گوڵە هێرۆی جوان و ناسکن. ڕستەی فراوانکراو.
لادانی تر: ئەوانە گوڵە هێرۆی جوانن. بە پێی یاسای لادان (ئەمانە، ناسکن) لادران.
- ئەوانە جوانن.

٤. بە پێی یاسای گۆڕان لە ڕستەدا لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا گۆڕانکاری دەکرێت. وەک:
بە پێی لادان: ئاکام بەپەلە دەڕوات بۆ شار.
X- بەپەلە دەڕوات بۆ شار.

یاسای گۆڕان:- ئەو بەپەلە دەڕوات بۆ شار. بکەری ڕستە لە ناوەوە گۆڕا بۆ جێناو.

- پیاوەکە بە شەو دەڕوات بۆ شار. ئەو ← گۆڕا بە ناوی گشتی.

یاسای لادان:- هین دەڕواتە بازاڕ. پیاوەکە ← هین، بە شەو دەڕوات ← دەڕواتە.

یاسای لادان:- X دەڕواتە بازاڕ. بکەر لادرا کە جێناوی نادیارە (هین)

یاسای لادان:- دەڕوات. بەلادانی ئاوەڵفرمان.

٥. نمونە بۆ یاسای خستنەسەر

- ئازاد زۆر بەپەلە دەڕوات بۆ بازاڕ.

- ئازادی برام زۆر بەپەلە دەڕوات بۆ بازاڕ. برام: دیارخەرە (تەواوکەر) خراوەتە سەر ئازاد.

- ئازادی برام لەگەڵ من بەپەلە دەڕوات بۆ بازاڕ.

تێبینی: ئاوەڵفرمانی (لەگەڵ) پێچەوانەی ئامرازی پەیوەندی (و)ە دابڕانە لە بکەر بەڵام (و) کۆکردنەوەیە لەگەڵ وشەکەی پێش خۆی.

٦. یاسای جێگیرکردنی یەکەیەکی زمانی بە یەکتر وەکو یاسای گوێزانەوە:

- من بە تۆم وت.
↓
من پێتم وت. جێگیرکردنی جێناوی کەسی سەربەخۆ بە جێناوی لکاو بەهۆی گۆڕانی ئامرازی پەیوەندی (ب) بۆ (یت)

- من بوم بە مامۆستا. ← من بومە مامۆستا. جێگیرکردنی ئامرازی (بە)بە جێناوی کەسی لکاو. یاسا و نمونەکانی (١،٢،٣،٤،٥) بۆ ڕونکردنەوەی ڕێزمانی گوێزانەوەی، بۆ مەبەستی شیکردنەوەی ڕستە خرانەڕو.

تێبینی: دەربارەی ڕێزمانی گوێزانەوە بەرهەمهێنان:

١. کاتێک بە پێی ڕێبازی بەرهەمهێنان (وەچکردن) پێکهاتەی ڕستەکان فراواندەکرێن، بە شێوەیەکی ئاسۆیی کەرەسەکان زیاد دەکرێن.


٢. لە ئەنجامی شیکردنەوە و دیاریکردنی ئەو پێکهاتانە بۆ کەرەسە جیاواز و هاوجەشنەکانی بە پێی ڕێبازی (ڕێزمانی) گوێزانەوە بە شێوەی ستونی (وشەیی) ئەنجامدەدرێت. واتە کەرەسەیەک دەخرێتە شوێن کەرەسەیەکیتر (مەبەست لە یەکەی هاورەگەز و هاو پۆلە).

نمونە:

- من کەوتم. بە پێی پەیوەندی ئاسۆیی: من: بکەرە، کەوتم: فرمانە

بکەر، فرمانە: کەوت+ م: جێگری بکەرە (من).


گۆڕینی ڕستەکە بە پێی پەیوەندی ستونی:





ئەم یەکانە لەبەر ئەوەی هاوچەشن و هاورەگەزن شوێنی یەک دەگرنەوە.

گۆڕینی فرمانەکە بە هەمان شێوەی ستونی




لە کۆتای چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستەدا، سێ نمونەی جیاواز بە پێی جۆری ڕستەی جیاواز بە نمونەوە دەهێنینەوە. وەک ڕستەی ناوی، ڕستەی فرمان تێنەپەڕ و ڕستەی فرمان تێپەڕ بە پێی شیکردنەوەی ڕێبازی یا ڕێزمانی بەرهەمهێنان.

١. ڕستەی ناوی ئاسایی: لە نیهاد و گوزارە.

- من کوردم.
- تۆ کوردیت.
- ئەو کوردە. بە پێی پەیوەندی ستونی (من، تۆ، ئەو) جێناون بەڵام بەپێی پەیوەندی شوێن واتە (ستونی) نیهادن و (کوردم، کوردیت، کوردە) گوزارەن.

- من کوردم.
- من مرۆڤم.
- مـن مامۆسـتام. کـوردم، مـرۆڤم، مامۆسـتام...هتـد بە پێـی پەیوەندی ئاسـۆیی واتە پەیوەنـدی شـوێنی جێنـاوەکە بە نـاوەکەوە بەشـی دوەم گوزارەن.

٢. ڕستەی ناوی فراوانکراو

- من و تۆ و ئەوان کورد و خەڵکی کوردستانین.

بە پێی پەیوەندی ئاسۆیی: من و تۆ و ئەوان: نیهادە.

کورد و خەڵکی کوردستان: گوزارەیە.

بە پێی ڕێزمانی وەچکردن دەکرێت بە پێی یاسای جێگیـرەوە نیهـادەکە بگۆڕێت بە

- ئێمە و ئێوە و ئەمانە کورد و خەڵکی کوردستانین.

ئازاد و نەوزاد و هەمومان کورد و خەڵکی کوردستانین.

گرێی ناوی فراوانکراو جێگرەوەی نیهادی کەم و دوەمن کە هەر جـارەی بە جۆرێک گۆڕاوە.

٣. ڕستەی فرمان تێنەپەڕ

ناوە: ئاوات ڕۆیشت. ڕستەکە بەشی بکەری بە یاسای لادان جێگـرەوەی ڕێزمانی گوێزانەوە فراوانکراوە.

گرێی ناوین: کاوە و کامەران ڕۆیشتن.

گ.ن. فراوانکراو: دایک و باوک و منداڵەکانیان ڕۆیشتن.

جێناوی ڕادە: هەمویان ــــــــــــــ ڕۆیشتن.

٤. ڕستەی فرمان تێپەڕ

جێناو: من نامەم نوسی.

جێناو: من و تۆ نامەمان نوسی. من: جێناوە+ فرمان

ناو: ئازاد و نەوزاد نامەیان نوسی. ئێمە و ئەوان و ئازاد و مامۆستاکان: گرێی ناوی فراوانکراو بە پێی یاسای گۆڕین لە ڕێزمانی گوێزانەوە.

گ.ن: قوتابیەکان نامەیان نوسی.

چۆنیەتی فراوانکردنی ڕستەکە

١. دەکرێت بە پێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان (وەچکردن) وەک دەستورێکی ڕێزمانی بە شێوەی ئاسۆیی، بەشی نیهاد (بکەر) و گوزارە (فرمان) تا ژمارەیەکی بتەوێ فراوانبکرێن. پەیوەندی ئاسۆیی واتە (ڕستەیی) لە نێوان بکەر و فرمان بە ێی شوێنیان لە ڕستەدا:

من و تۆ: بکەرە. نامەمان نوسی: فرمانە.

- من و تۆ و ئێمە و ئەوان نامەمان نوسی. بەشی بکەر فراوانکراوە بە پێی پەیوەندی ئاسۆیی.


من و تۆ و ئێمە و ئەوان: بکەر، نامەمان: بەرکارە، نوسی: فرمانە.

فراوانکردنی بەشی گوزارە تا بتەوێت بەشێوەی ئاسۆیی:

من و تۆ و ... نامە و یاداشتمان پێکەوە لە ساڵێکدا لە زانستگادا نوسی.

نامە و یاداشت: بەرکارە، من: بکەرە، پێکەوە: ئاوەڵفرمانی لەگەڵبونە، لە ساڵێکدا: ئا کاتییە، نوسی: فرمانی ڕابردوی تێپەڕە لە دۆخ و کەس و ژمارەی کۆدایە.

٢. بە شێوەی پەیوەندی ستونی بە پێی یاسای لادان بەشی بکەر لابرێت، بەپێی پەیوەندی هاوچەشنی (هاوڕەگەز) کەرەسەی هاوچەشنی تری وەک خۆی لە ناو یا جێناو وە جۆرەکانیتری بخرێتە شوێنی. بەم شێوەیە:




بەشی نیهاد گرێیەکی ناوییە هەرجارەی بە شێوەیەکی هاوچەشنی گۆڕاوە بە گرێیەکی تر کە بە پێی یاسای لادانی ڕێزمانی گوێزانەوەیە (Transformational generative grammar)

- النحو التحويلي التوليدي(١)

٢. بە هەمان شێوە و یاسای خاڵی (٢) واتە لادان و جێگرەوە بە کەرەسەی هاوڕەگەزی بە یاسای ڕێزمانی گوێزانەوە (١)بەرکار و فرمانیش بگۆڕێت بە کەرەسەی هاوچەشنی خۆی. نمونە:

- من و تۆ (جێناو) نامەمان نوسی.

- من و تۆ+ یاداشت و نامە و کتێبمان+ پێکەوە لە زانستگادا+ خوێندنەوە.

- من و تۆ+ چیرۆک و ڕۆمان و دیوانمان+ لەگەڵ یەکتریدا+ لە کتێبخانە+ پێیاندا چوینەوە

گ.ن — گ.ن فراوانکراو+ + ئاوەڵفرمان+ گ ئاش+ فرمان.

---

١ – نخبة من اللغويين العرب، معجم مصطلحات علم اللغة الحديث، مكتبة بيروت- لبنان ١٩٨٢، ٩٥

١ – ە.س، ە.ل

# جێگیرکردن لە ڕستەسازیدا

جێگیرکـردن لە زمانـدا بە هـۆی یاسـا و دەسـتوری ڕێزمـانییەوە جێبەجێدەکرێت. واتە بەکارهێنـانی یەکەیەکـی (کەرەسـە) زمـانی لە شـوێن یەکێکیتر بە مەبەستی کورتکردنەوە، یا ئاسـانی دەربـڕین لە ئاخاوتنـا. ئەم یەکە زمانیـــانە لە ڕوی پەیوەنـــدی وشـــەییەوە، واتە پەیوەنـــدی ســـتونی (پارادیگمـاتیکی) هـاوڕەگەزن و لە بەکارهێنانـا شـوێن یەکتـر دەگـرنەوە بە هەمان ئەرک، بەڵام بەشێوەی جیاواز: لێـرەدا جێگیـر و جێگیرکـراو بەزۆری لە ئەنجامی ئەو بەکارهێنانەدا دەگۆڕێت لە ڕستەدا. ئەو یەکانەش بریتین لە ناو بە جێناوی کەسی سەربەخۆ، پاشان بە جێناوی کەسی لکاو و ئـامرازی پەیوەندی بە جێناوی کەسی لکاو لە ڕێزمـانی گـوێزانەوەدا بە پێـی یاسـای لادان و پەیوەندی ستونی هاوڕەگەزی (٢)جێگیربکرێ.

یاساکەی: ١ - ناو بە جێناوی کەسی سەربەخۆ. وەک:

- کاوە کوردە ←———— ئەو کـوردە. کـاوە ←———— ئەو.

ئەمە کوردە.

لادانی ناو بە جێناوی کەسی پاشان بە جێناوی نیشانە:

یاسای: ٢ - جێناوی کەسی سەربەخۆ بە جێناوی کەسی لکاو. وەکو:

- ئەوم بینی. ←———— بینیم. ئەو ←———— ی

- من کتێبەکەم بۆ ئەو هێنا ←———— بۆیم هێنا.

ئەو ←———— ی

یاسای: ٣ - جێگیرکردنی ئامرازی پەیوەندی بە جێناو ئەگەر بکەوێتە پێش جێناوەکەوە، وەکو:

- دیاریەکەم بە ئەو بەخشی. ←———— دیاریەکەم

---

٢ - نخبة من اللغويين العرب، معجم المصطلحات علم اللغة الحديث، مكتبة بيروت- لبنان ١٩٨٢، ٩٥

پێ بەخشی ←———— پێیمبەخشی.

بە ←———— پێ، ئەو ←———— ی

- من لەوانپاڕامەوە. ←———— لێیانپاڕامەوە:

لە ←———— لێ، ئەوان ←———— یان

- ئاوەکەم کردە ناو گۆزەکەوە. ←———— ئاوەکەم تێکرد:

ە ←———— تێ

یاسای: ٤- ئەگەر ئامرازی پەیوەندی بکەوێتە دوای فرمانەوە جێگیردەکرێت بە جێناوی لکاو.

وەکو: من بوم بە مامۆستا ←———— من بومە مامۆستا.

بە ←———— ە

- تۆ بویت بە مامۆستا ←———— تۆ بویتە مامۆستا.

بە ←———— ە

- ئەو چو بۆ بازاڕ ←———— ئەو چوە بازاڕ.

بۆ ←———— ە

- ئاوەکەم لە ناو کرد. ←———— ئاوەکەم کردە ناویەوە.

لە ←———— ە

# سەرچاوەکان

سەرچاوە بە کوردی:


١. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧

٢. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەسازی، بەش|٥، کردار، سلێمانی،٢٠٠٠

٣. د. رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧

٤. د. رفیق شوانی، مۆرفیمی (ە) و شێوەی جیاجیای لە ڕستەدا، گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٨) هەولێر ١٩٩٩

٥. د. رفیق شوانی، زمانەوانی کۆمەڵێک وتار، دەزگای موکریانی، دهۆک، ٢٠٠٩

٦. د. رفیق شوانی، جۆری ڕستە لە ڕوی بون و نەبونی کاتەوە، زمانەوانی کۆمەڵێک وتار، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٩

٧. د. رفیق شوانی، وشەسازی کوردی، ب١، چاپی٢، کەرکوک ٢٠١٤

٨. د. رفیق شوانی، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، هەولێر ٢٠١٦

٩. غازی فاتح وەیس - فازل مجیدە، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی کۆلێجەکانی زانکۆی سەلاحەدین.

١٠. محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٣

١١. مەسعود محەمەد، بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا، ١٩٨٧

١٢. مەسعود محەمەد، بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا.

١٣. مەسعود محەمەد، سوڕی خامە بە دەوری ڕاناودا.

١٤. مەحمود فتح اللـه، كار تەواوكردن لە كورديدا، نامەی ماجستێر، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێجی ئاداب، ١٩٨٨
١٥. نەريمان عبداللـه خۆشناو، زمانەوانی كارەكی، چ١، ناوەندی ئاوێر (٢٩٥) هەولێر، ٢٠١٦
١٦. نوری علی ئەمین، ڕێزمانی كوردی، سلێمانی ١٩٦٠
سەرچاوە بە عارەبی:
١. چومسكی، البنی النحوية، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٧٨
٢. د. رمزی منير بعلبگی، معجم المصطلحات اللغوية، بيروت- لبنان، ١٩٩٠
٣. عبدالقادر الفاسی الفهری، البناء الموازی.
٤. عبدالصبور شاهين، فی علم اللغة العام، موسسة الرسالة، ط٣، بيروت ١٩٨٠
٥. د. علی عبدالواحد وافی، علم اللغة، القاهرة، ١٩٧٢
٦. كارل ديتر بونتج، المدخل الی علم اللغة، ترجمة: دكتر سعيد عيسی بحری، موسسة المختار، القاهرة، ٢٠٠٣
٧. محمد احمد ابو الفرج، مقدمة لدراسة فقه اللغة، ط١، دار النهضة العربية، بيروت ١٩٦٦
٨. محمود السعران، علم اللغة، مصر، ١٩٦٢
٩. د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظرية، بيروت- لبنان، ١٩٨٢
١٠. د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغة التطبيقي، بيروت- لبنان، ١٩٨٥
١١. مصطفی غلفان، بمشاركة د. محمد احمد الملاخ، د. حافظ اسماعيل علوی، اللسانيات التوليدية، عالم كتب الحديث، اربد الاردن، ١٩٩٦
١٢. الدكتور محمد مصطفی ابو مغلی، البسيط فی قواعد اللغة الفارسية، ١٩٨٠
١٣. ميلكا افيتش، اتجاهات البحث اللسانی، ت: دكتور عبدالعزيز، د. وفاء كامل فايدة، ١٩٩٦

١٤. نخبة من اللغويين العرب، معجم مصطحات علم اللغة الحديث، مكتبة بيروت- لبنان ١٩٨٣
١٥. ن. ی. كولنج، الموسوعة اللغوية، المجلد الاول، ت: د. محی الدين حميدی و د. عبدالله الحميدان، الرياض، ١٤٢٠- ١٩٩٩
سەرچاوە بە فارسی:
١. دكتور ابراهيم چگنی، فرهنگ دائرة المعارفی زبان و زبانها، دانشگاه لرستان، ١٣٨٢
٢. شهرزاد ماهوتيان، دستور زبان فارسی، ترجمة: مهدی سمائی، چ٤، تهران ١٣٨٤
٣. شهرزاد ماهوتيان، دستور زبان فارسی از ديدگاه رده شناسی، ت: مهدی سمائی، تهران ١٣٧٨
٤. محمد رضا باطنی، توصيف ساختمان زبان فارسی، تهران ١٣٨٢

الفهرست


زمانناسی....................................................................................................

پێناسەی زمانناسی ............................................................................................

پێناسەی زمان و ئاستەکانی......................................................................................

ڕونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی ئاستەکان ......................................k not defined

چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی زمان ..........................................................

١- شێوە دەنگی (مۆرفۆفۆنیم)..................................................................................

٢- شێوە ڕستەسازی (مۆرفۆ سینتاکس١)..............................................................

جێگۆڕ ڕێزمانی:.........................................................................................................

ڕستەسازی چییە؟.......................................................................................................

جۆرەکانی ڕستەسازی بە پێی جۆری لێکۆڵینەوەکە.......................................................

١- ڕستەسازی بینشی (تیۆری)...................................................................................

٢- ڕستەسازی کردەیی (پراکتیکی)..............................................................................

پێناسەی ئاستەکانی رستەسازی ................................................................................

بزوێنەری پێکهاتنی ڕستە لە زمانا چییە؟..................................................................

پێکهاتەکانی ناو ڕستە...............................................................................................

وابەستە رستە sentence connecter - رابط الجملة ..................................................

پێکهاتەی رستەی کوردی..........
سیستەمی دانان و ڕێکخستنی ڕستە ..........
جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی بونەوە..........
جۆری ڕستە لەڕوی بون و نەبونی کاتەوە لە زمانی کوردیدا*..........
١. ڕستەی باس..........
جۆرەکانی ڕستەی باس..........
تایبەتێتی ڕستەی باس:..........
چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستەی باس..........
فۆرمی (ە) لە کۆتای ڕستەوە دەردەکەوێت چییە؟..........
جۆری ڕستەی باسی ناوی لە ڕوی پێکهاتەوە..........
٢. ڕستەی فرماندار ..........
جۆرەکانی فرمانی ڕابردو ..........
فرمانی کاتی ئێستا ..........
فرمانی داهاتو ..........k not defined
ڕستەی فرمان ناتەواو ..........
جۆری ڕستە لە ڕوی ڕێژەی فرمانەوە..........
ڕێژەی ڕابردوی هەواڵی فرمانی چاوگی (بون)..........
ڕابردوی مەرجی فرمانی چاوگی (بون)..........

ڕانەبردوی مەرجی لە چاوگی (بون).......................................................................
ڕێژەی فرمانی داخوازی...............................................................................
ڕستە لە چاوگی (هەبون) ..............................................................................
ڕستەی فرمانی بکەر نادیار ..........................................................................
جۆرەکانی رستەی فرمان بکەر نادیار لە ڕوی کاتەوە .............................................
جۆری ڕستەی فرماندار بە پێی واتای فرمانەکەی.................................................
١. ڕستەی فرمان ڕوداو:..............................................................................
تایبەتێتی ڕستەی فرمان ڕوداو: ....................................................................
٢. ڕستەی فرمانی گواستنەوە:.......................................................................
تایبەتێتی ڕستەی فرمان گواستنەوە:...............................................................
٣. ڕستەی فرمانی کردەیی (ئیشکردن).............................................................
٤. ڕستەی فرمانی زەینی١ (افعال حسیة)..........................................................
تایبەتێتی ڕستەی فرمانی زەینی:...................................................................
٥. ڕستەی فرمان شوێنی (فعل مکان) locative verb.٢.........................................
تایبەتێتی رستەی فرمانی شوێنی:....................................................................
٦. ڕستەی فرمانی دڵنیایی – فعل الیقین – locative verb.......................................
تایبەتێتی ڕستەی فرمان دڵنیایی: ....................................................................
٧. ڕستەی فرمانی گومانکردن.........................................................................

تایبەتێتی فرمانی گومان:..........................................................................................
٨. ڕستەی فرمانی دەسپێکردن (فعل الشروع) inchoative verb..........................................
تایبەتێتی ڕستەی فرمانی دەسپێکردن:.....................................................................
٩. فرمانی پێچەوانە (فعل انعکاسی- reflexive verb)........................................................
تایبەتێتی فرمانی پێچەوانە:......................................................................................
١٠. ڕستەی فرمانی دوبارەبونەوە (frequentative verb)..................................................
تایبەتەتی ڕستەی فرمانی دوبارەبونەوە:.....................................................................
١٢. فرمانی هەواڵی (فعل اخباری- declarative verb).....................................................
تایبەتێتی ڕستەی فرمان هەواڵی:................................................................................
١٣. فرمانی پێشوازیکردن.............................................................................................
١١. فرمانی نەویست (فعل لاارادی)...............................................................................
تایبەتێتی فرمانەکە:...................................................................................................
١٢. فرمانی بەڕێکردن و ماڵئاوایی...................................................................................
تایبەتێتی فرمانی بەڕێکردن و ماڵئاوایی:......................................................................
١٣. فرمانی تکا و نزا و پاڕانەوە.....................................................................................
ڕستە لەڕوی پێکهاتنەوە.............................................................................................
ئەو ئامرازانەی کە لە ناو ڕستەی سادەدا دێن..................................................................
ئەرکی کۆمەڵەی سێیەمی ئامرازە پەیوەندییەکان٣...........................................................

ئامرازی پەیوەندی پەڕگر و  پێکهاتنی گرێی ئاوەڵفرمانی۱:.....................................
کۆمەڵەی سیەم۱.......................................................................
ڕستەی لێکدراو.......................................................................
تایبەتێتی ڕستەی لێکدراو...............................................................
تایبەتێتی ئامرازی لێکدەری رستەی لێکدراو.................................................
ڕستەی ئاڵۆز  (الجملة المعقدة- complex sentence)........................................
لاڕستەش لە ناو ڕستەی ئاڵۆزا ئەم جۆرانەی هەیە:...........................................
۱. لاڕستەی ناوی۱ و یاساکەی:...........................................................
۴. لارستەی نیاز و مەبەست:.............................................................
۵. لارستەی ئاوەڵفرمانی بۆ ڕادە:.........................................................
۶. لاڕستەی مەرجی:.....................................................................
۷. لاڕستەی پێچەوانە:....................................................................
۸. لاڕستەی دژایەتی و نەرێ: ...........................................................
۹. لاڕستەی بەرکاری:....................................................................
۱۰. لاڕستەی خۆزگە:....................................................................
۱۱. لاڕستەی گومان:.....................................................................
۱۲. لاڕستەی لێکچون:....................................................................
جۆری ڕستە لەڕوی ناوەڕۆکەوە..........................................................

١. ڕستەی هەواڵی (الجملة الخبرية - proposition statement)..............................
٢. ڕستەی پرسیاری: ........................................................................
٣. ڕستەی داخوازی ........................................................................
٤. ڕستەی سەرسوڕمانex. Matory sentence ..........................................
جۆری ڕستە بە پێی جۆری ئامراز٢ (ڕستەی نیازداری)......................................
١. ڕستەی وەڵام (جملة الاستجواب بواسطه ادوات الاستجواب).............................
٢. ڕستەی بانگکردن: ........................................................................
٣. ڕستەی نیازداری خۆزگە: ..................................................................
٤. ڕستەی ئامرازی نیازداری گومان: .........................................................
٥. ڕستەی نیازداری لێکچون: .................................................................
٦. ڕستەی نیازداری بێجگە: ...................................................................
٧. ڕستەی نیازداری جەختکردن: ..............................................................
٨. ڕستەی نیازداری مەرجی: ..................................................................
٩. ڕستەی نیازداری ئاگادارکردنەوە یا وریاکردنەوە: ..........................................
١٠. ڕستەی تکا و نزا: .........................................................................
١١. ڕستەی نیازداری بۆ سەرزەنشتکردن: ......................................................
١٢. ڕستەی نیازداری بۆ سوێندخواردن: .......................................................
ڕستە لە ڕوی ئەرێنی و نەرێنییەوە .............................................................

ڕسته لە ڕوی هێزی فرمانەوە.......................................
٢. ڕستەی فرمان تێپەڕ:.......................................
جێناوی کەسی سەربەخۆ لە رستەدا.......................................
جێناوی کەسی لکاو.......................................
جێناوی کەسی نادیار لە ڕستەدا.......................................
جێناوی نیشانە لە ڕستەدا.......................................
جێناوی خۆیی لە ڕستەدا.......................................
دۆخی خستنەسەر لە رستەدا.......................................
ڕستەی جێناوی پرس.......................................
چاوگ لە ڕستەدا (ڕستەی چاوگی).......................................
جۆری ڕستە لە ڕوی ئەرکی ناوەوە.......................................
جۆری رستە لە روی دۆخی ناوەوە.......................................
ئاوەڵفرمان لە ڕستەدا.......................................
١. ئاوەڵفرمانی کاتی لە رستەدا:.......................................
٢. ئاوەڵفرمانی شوێنی لە ڕستەدا:.......................................
٣. ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی لە ڕستەدا:.......................................
٤. ئاوەڵفرمانی وەسفی لە ڕستەدا:.......................................
٥. ئاوەڵفرمانی ڕیزبەندی:.......................................

٦. ئاوەڵفرمانی جەختکردن:...........................................................
٧. ئاوەڵفرمانی ڕادە لە ڕستەدا:...........................................................
٨. ئاوەڵفرمانی دیاریکردن (هەڵبژاردن) لە ڕستەدا:...........................................................
٩. ئاوەڵفرمانی هۆیی  لە ڕستەدا:...........................................................
ژمارە لە رستەدا...........................................................
ژمارە لە ڕوی دۆخەوە...........................................................
دۆخی بانگکران لە رستەدا...........................................................
دۆخی بانگکردنی ئاژەڵ لە ڕستەدا...........................................................
دۆخی ناسراوی١ لە ڕستەدا...........................................................
دۆخی نەناسراوی لە ڕستەدا...........................................................
دۆخی ناوی کۆ لە ڕستەدا٢...........................................................
ئاوەڵناو...........................................................
ڕەنگ لە ڕستەدا...........................................................
ڕستەسازی کردەیی...........................................................
چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە...........................................................
شیکردنەوەی دەنگناسی ڕستە...........................................................
شیکردنەوەی وشەسازی ڕستە...........................................................
شیکردنەوەی ئەرکی ڕستە...........................................................

شیکردنەوەی جۆراو جۆری ڕستە......
چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە......
ڕستەسازی وەچکردن: النحو التولیدی- Generative syntax......
جێگیرکردن لە ڕستەسازیدا......
سەرچاوەکان......
سەرچاوە بە کوردی:......
سەرچاوە بە عارەبی:......
سەرچاوە بە فارسی:......